حکومەتی هەرێمی کوردستان-عێراق

وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی

زانکۆی سلێمانی

کۆلێجی زمان/ بەشی زمانی کوردی

# شێوازەکانی گێڕانەوە لە ڕۆمانی( داگیرکردنی تاریکی)ی بەختیارعەلیدا

نامەیەکە

دیمەن عبدالله صالح

پێشکەشی بەشی زمانی کوردی-کۆلێجی زمان- زانکۆی سلێمانی کردووە و بەشێکە لە پێداویستییەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی ماستەر لە ئەدەبی کوردیدا.

سەرپەرشت: پ. د. مەریوان عومەر حەسەن

(٢٧٢٢)کوردی (٢٠٢٢)زاینی

نامەی{شێوازەکانی گێڕانەوە لە ڕۆمانی( داگیرکردنی تاریکی)ی بەختیارعەرلی دا}، لەلایەن خوێندکار ( دیمەن عبدالله صالح )، بەسەرپەرشتی من لە زانکۆی سلێمانی ئامادە کراوەو بەشێکە لەپێداویستییەکانی پلەی ماستەر لە ئەدەبی کوردیدا.

ناو: پ. د. مەریوان عومەر حەسەن

ڕۆژ:

بەپێی ئەم پێشنیارە، ئەم نامەیە پێشکەشە بەلیژنەی هەڵسەنگاندن دەکەم .

ناو:پ.ی.د.محمد عمر عول

سەرۆک بەشی زمانی کوردی

ڕۆژ:

**ئێمە ئەندامانی لیژنەی گفتوگۆو هەڵسەنگاندن، ئەم نامەیەمان خوێندەوەو لەگەڵ خوێندکارەکەدا گفتوگۆمان لەبارەی ناوەڕۆک و لایەنەکانی تری کردو بڕیارماندا، کەشایەنی ئەوەیە، بەپلەی (            ) بڕوانامەی ماستەری لەئەدەبی کوردیدا پێبدرێت.**

**ناو :**

**ئەندام :**

**ڕۆژ :**

**ناو :**

**سەرۆکی لیژنە :**

**ڕۆژ :**

**ناو :**

**ئەندام :**

**ڕۆژ :**

**ناو :**

**ئەندام وسەرپەرشت :**

**ڕۆژ :**

**ناو :**

**ڕاگری کۆلێجی زمان:**

**ڕۆژ :**

سوپاسنامە:

- سوپاسێکی بێ پایانم ئاراستەی بەشی کوردی و سەرۆکی بەش، دکتۆرمحەمەد عومەر دەکەم بۆ دڵسۆزی و خەمخۆریان.

- سوپاسی بێ پایانی  پرۆفسۆر دکتۆر مەریوان عومەر حەسەن دەوڵەت دەکەم، کە کاری سەرپەرشتیی باسەکەی ئیمەی گرتە ئەستۆ و بەتێبینی و سەرنجە جوانەکانی هاوکارێکی باشی ئێمەبوون.
- سوپاسی هاوسەرو هاوژینم دەکەم بەردەوام لەگەڵماندا لەکۆششدا بوو.
- سوپاس بۆ هەموو ئەو مامۆستاو هاوڕێیانە، کە لەهەر پلەو پایەیەکدابن هاوکارم بوون.

## پێڕست


| لاپەڕە | ناوەڕۆک |
|---|---|
| ٣-١ | پێشەکی |
| ٨-٤ | بەشی یەکەم: گێڕانەوەو شێوازەکانی لەڕووی تیۆرییەوە<br>پاری یەکەم: چەمک و زاراوەو پێناسەی گێڕانەوەو ئەرک و گرنگی گێڕانەوە لەنێو ڕۆماندا<br>١- چەمک و زاراوەو پێناسەی گێڕانەوە |
| ٨- ١٠ | ٢- ئەرک و گرنگی گێڕانەوە |
| ١١-١٣ | پاری دووەم: شێوازی گێڕانەوەو ڕۆڵی گێڕەرەوەو ئیستاتیکای گێڕانەوەو گرێچن لە نێو ڕۆماندا<br>١- شێواز-style : |
| ١٣-٢٠ | ٢- شێوازی گێڕانەوە لەڕۆماندا |
| ٢٠-٢٧ | ٣- ئیستاتیکاو ئیستاتیکای گێڕانەوە |
| ٢٧-٣٠ | ٤- گرێچن(plot ): |
| ٣٠-٣٦ | ٥- گێڕەرەوە |
| ٣٧-٤٢ | پاری سێیەم: تەکنیکەکانی فلاشباک و وەسف لەنێو ڕۆماندا<br>١- تەکنیکی فلاشباک( Flash back ) |
| ٤٣-٤٤ | أ- فلاشباکی ناوەکی |
| ٤٤-٤٥ | ب- فلاشباکی دەرەکی |
| ٤٥ | ج- فلاشباکی ئاویتە |
| ٤٥-٤٩ | ٢- تەکنیکی وەسف لە ڕۆماندا |
| ٤٩-٥٠ | أ- وەسفی جوڵاو |
| ٥٠ | ب- وەسفی وەستاو |
| ٥١ | ج- وەسفی ناوەکی |
| ٥١-٥٢ | د- وەسفی دەرەکی |
| ٥٣-٦١ | بەشی دووەم:<br>پێوەندی گێڕانەوە بە ڕەگەزە هونەرییەکانی دیکەی نێو ڕۆمانی (داگیرکردنی تاریکی)ی بەختیارعەلیدا<br>پاری یەکەم: کورتەیەک لەناساندنی دەقی ڕۆمانەکە |
| ٦٢-٦٣ | پاری دووەم: پێوەندیی گێڕانەوە بەڕەگەزە هونەریەکانی وەکو : (ڕووداو، کارەکتەر، کات، شوێن، زمان)<br>١- پێوەندیی گێڕانەوە بە ڕووداوەوە |
| ٦٣-٦٥ | أ- بنیاتی زنجیرەیی |

| | |
|---|---|
| ب- بنیاتی تێکهەڵکێش | ٦٥-٦٧ |
| ج- بنیاتی نۆرەیی | ٦٨-٦٩ |
| د- بنیاتی بازنەیی | ٦٩-٧١ |
| ٢-پێوەندیی گێڕانەوە بەکارەکتەرەوە | ٧١-٧٣ |
| أ- کارەکتەری سەرەکی | ٧٣-٧٥ |
| ب- کارەکتەری لاوەکی | ٧٥-٧٩ |
| ٣- پێوەندیی گێڕانەوە بەکاتەوە | ٧٩-٨٠ |
| أ- کاتی مێژووی (واقیعی) | ٨١-٨٣ |
| ب-کاتی دەروونی | ٨٣-٨٦ |
| ج-کاتی خورافی (ئەفسانەیی) | ٨٦-٨٩ |
| ٤-پێوەندیی گێڕانەوە بەشوێنەوە | ٨٩-٩١ |
| أ-شوێنی ئاشنا | ٩١-٩٣ |
| ب- شوێنی نائاشنا | ٩٣-٩٥ |
| ج- شوێنی کراوە | ٩٥-٩٧ |
| د- شوێنی داخراو | ٩٧-٩٩ |
| هـ- شوێنی واقیعی | ٩٩-١٠١ |
| و- شوێنی خەیاڵی | ١٠١-١٠٣ |
| ٥- پێوەندیی گێڕانەوە بەزمانەوە | ١٠٣-١١٠ |
| بەشی سێیەم:<br>شێوازە جۆراوجۆرەکانی گێڕانەوە لەنێو ڕۆمانەکەدا:<br>پاری یەکەم: شێوازی گێڕانەوەی دیالۆگ ومۆنۆلۆگ و خودی وبابەتی لەنێو ڕۆمانەکەدا: | ١١١ |
| ١- شێوازی گێڕانەوەی دیالۆگ | ١١١-١١٤ |
| أ- دیالۆگی ڕاستەوخۆ | ١١٥-١١٩ |
| ب- دیالۆگی ناڕاستەوخۆ | ١٢٠-١٢٢ |
| ج- دیالۆگی بێدەنگ | ١٢٢-١٢٥ |
| ٢- شێوازی گێڕانەوەی مۆنۆلۆگ | ١٢٦-١٢٩ |
| أ- مۆنۆلۆگی ڕاستەوخۆ | ١٢٩-١٣١ |
| ب- مۆنۆلۆگی ناڕاستەوخۆ | ١٣١-١٣٥ |
| ٣- شێوازی گێڕانەوەیی بابەتی (objective ) | ١٣٦-١٤٠ |
| ٤- شێوازی گێڕانەوەی خودی | ١٤٠-١٤٦ |
| پاری دووەم: شێوازی گێڕانەوەی درامی و مونتاجی و ڕەمزی لەنێو ڕۆمانەکەدا<br>١- شێوازی گێڕانەوەی درامی | ١٤٧-١٥٤ |

| | |
|---|---|
| ٢- شێوازی گێڕانەوەی مونتاجی | ١٦٠-١٥٤ |
| ٣- شێوازی گێڕانەوەی ڕەمزی | ١٦٧-١٦٠ |
| ئەنجامەکان | ١٦٩-١٦٨ |
| سەرچاوەکان | ١٧٨-١٧٠ |
| پوختەبەزمانی عەرەبی | ١٧٩ |
| پوختە بەزمانی ئینگلیزی | ١٨٠ |

# پێشەکی

گێڕانەوە و شێواز لەبنەما هەرەگرنگ و ستوونە سەرەکییە هونەرییەکانی ژانری ڕۆمانە، کە ئەرکی بنچینەیی خۆی هەیە لە دروستەی تێکستی ڕۆماندا ورۆڵێکی کاراشی لەبەهێزکردن و دەوڵەمەندکردنی هێڵی پانی چیرۆکەسەرەکییەکەی نێو ڕۆماندا، هەیە دەکرێت ڕۆماننووس چەند شێوازیک بەکاربهێنێت. هەر ئەمەشە وایکردووە ڕۆماننووسێک لە ڕۆماننووسێکی دیکە جیابکرێتەوە، لەهەمان کاتدا گێڕانەوە ڕۆڵێکی بەرچاوی، لە نێو دەقی ڕۆماندا دەبێت، کە ئەرکی گەیاندنی زانیاری و چێژە بە خوێنەر.

گێڕانەوە هەر لەسەرەتای دروستبوونی ژیانی مرۆڤایەتییەوە تاوەکو ئێستا ئاوێنەی ژان وخەیاڵی زانستی ئازار و خۆشی ماجەرای ژیانی مرۆڤ بووە، چونکە بەهۆی گێڕانەوە مرۆڤ دەگاتە ئەنجامی ئەوەی دەیبیستێت، گێڕانەوە دەبێت هەمیشە ڕابردوو بگێڕێتەوە، چونکە ئەگەر ئێمە ڕووداوێکی یەک کاتژمێر بەر لە ئیستا بگێڕینەوە دەبێتە ڕابردوو، واتە ڕووداوەکان کاتێک بەسەریاندا تێپەڕدەبێت، ئینجا دەگێڕدرێتەوە جائەگەر ڕووداوەکە واقیعی بێت یاخود چنراوی ئەندێشە وخەیاڵی بێت، جگە لەوە، کە گێڕانەوە پێوەندییەکی توندو تۆڵی هەیە لەگەڵ ڕەگەزە هونەرییەکانی دیکەی وەک (ڕووداو، کارەکتەر، کات، شوێن، زمان) هەموو ئەم ڕەگەزانەش لە ڕێگەی گێڕانەوە دەخرێنە ڕوو و بنیات دەنرێن.

(بەختیارعەلی) یەکێکە لە ڕۆماننووسە دیار و بەرچاوەکانی نێو ئەدەبیاتی چیرۆک و ڕۆمان لەجیهان بەگشتی و لەکوردستان بەتایبەت، و تەنانەت ئێستا بەختیار عەلی بووەتە ناوێکی پرشنگدار و وەک باڵوێزێکی ئەدەبەکەمانە لەجیهاندا، یەکێک لەشاکارە بەناوبانگەکانی ڕۆمانی (داگیر کردنی تاریکی)یە، کە ماستەرنامەکەی ئێمەی لەسەربەندە، بەختیارعەلی لەنێو ئەم ڕۆمانەیدا هاوشانی گرنگیدان یەکجار زۆر بەزمانی کوردی دەدات، کە لە کاتێکدا تائێستاش دوژمنانی کورد بەگشتی و دەوڵەتی ڕاسیزم و فاشیزمی تورک هەوڵی کپکردنی زمانی کوردی و شێواندنی ناسنامەکەی دەدات.

## __پێکهاتەی توێژینەوەکە:__

سەرەتا ناونیشانی توێژینەوەکە بریتییە لە {شێوازەکانی گێڕانەوە لە ڕۆمانی (داگیرکردنی تاریکی)ی بەختیارعەلیدا}، ئەم توێژینەوەیە لە سێ بەش پێکهاتووە، کە هەر بەشەی چەند پارێک لە خۆ دەگرێت. بەشی یەکەم بریتییە لە شێوازەکانی گێڕانەوە لە ڕووی تیۆرییەوە، کە پێکهاتووە لە سێ پار پاری یەکەم بریتییە لە چەمک و زاراوەو پێناسەی گێڕانەوەو ئەرک و گرنگی گێڕانەوە لە نێو ڕۆماندا. پاری دووەم بریتییە لە شێوازی گێڕانەوەو ڕۆڵی گێڕەرەوەو ئیستاتیکای گێڕانەوەو گرێچن لە نێو ڕۆماندا.

پاری سێیەم بریتییە لە تەکنیکەکانی فلاشباک و وەسف لەنێو ڕۆماندا.

بەشی دووەم بریتییە لە پێوەندی گێڕانەوە بە ڕەگەزە هونەرییەکانی دیکەی لە ڕۆمانی (داگیرکردنی تاریکی)یدا، کە لەدوو پار پێک هاتووە پاری یەکەم بریتییە لە کورتەیەک لەناساندنی دەقی ڕۆمانی (داگیرکردنی تاریکی)ی بەختیار عەلی. پاری دووەم بریتییە لە پێوەندی گێڕانەوە بەڕەگەزە هونەرییەکانی وەکو (ڕووداو، کارەکتەر، کات، شوێن، زمان)لە ڕووی تیۆریی وپراکتیکییەوە.

بەشی سێیەم بریتییە لە شێوازە جۆراو جۆرەکانی گێڕانەوە لەنێو ڕۆمانەکەدا، کە لەدوو پار پێکهاتووە پاری یەکەم بریتییە لە شێوازی گێڕانەوەی دیالۆگ و مۆنۆلۆگ و خودی و بابەتی لەنێو ڕۆمانەکەدا. لە ڕووی تیۆری و پراکتیکییەکەیەوە، پاری دووەم بریتییە لە شێوازی گێڕانەوەی درامی و مۆنتاجی و ڕەمزی لەنێو ڕۆمانەکەدا لە ڕووی تیۆری و پراکتیکییەوە. لەکۆتاییدا ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان خراوەتە ڕوو لەگەڵ پوختەی بابەتەکە بەزمانی کوردی و عەرەبی و ئینگلیزی.

## **<u>هۆی هەڵبژاردنی توێژینەوەکە :</u>**

هۆکار هەڵبژاردنی ئەم ناونیشانە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی، کە شێوازی گێڕانەوە لە نێو ڕۆماندا پێگەیەکی بەرز وکاریگەری هەیە دەتوانین بڵێین کۆڵەکەی ڕۆمانە، هەروەها لە زۆربەی نامەکاندا، کە لەبارەی گێڕانەوە وە توێژینەوەی لەسەر کراوە، تەنها یەک یان دوو شێواز دیاریکراوە، کە لەڕاستیدا بەیەک شێواز یان دوو شێواز ڕۆمانێکی درێژ پێکنایەت. ئەگەر پێکیش بێت خوێنەر هیلاک و وەڕس دەکات. هۆکارێکی دیکەی هەڵبژاردنی ئەم ناونیشانە دەگەڕێتەوە بۆ بەهێزی و بەتوانایی ڕۆمانی: (داگیر کردنی تاریکی)ی بەختیارعەلی، کە تێیدا بەرگریکردنە لەمانەوەی زمانی کوردی و نەتەوەی کورد، کە هەمیشە لەلایەن داگیرکەران هەوڵی بنەبڕکردنی زمانەکە دەدرێت.هەربۆیە بەپێویستمان زانی بخرێتە بەر دیدی خوێنەران.

## **<u>گرفتی توێژینەوەکە:</u>**

لە ڕاستیدا هیچ توێژینەوەیەک بەبێ کێشەو گیرو گرفت نابێت یەکێک لەو گرفتە سەرەکییانەی، کە ڕووبەڕوومان بۆتەوە لەنوسینی توێژینەوەکە بریتیی بوو لە کە می سەرچاوە هەروەها کەمی کات

## **<u>ڕێبازی توێژینەوەکە</u>**:

لە ڕۆمانەکەدا زێتر ڕێبازی ڕەخنەیی (وەسفی و شیکاری) بەکارهاتووە بەم پێیەش ئەم ڕێبازە پێویستیی بەبەشی تیۆری و پراکتیزەکردن هەیە، بۆدیاریکردنی شێوازەجۆراوجۆرەکانی گێڕانەوە.

## ئامانجی توێژینەوەکە:

ئامانجی توێژینەوەکە، بریتیە لە دەستنیشانکردنی هەموو ئەوشێوازانەی، کە ڕۆماننووس لەنێو ڕۆمانەکەیدا بەکاری هێناوە. هەروەها گرنگی و ڕۆڵی گێڕانەوە لەنێو ڕۆمانەکەدا، کە وەک کۆڵەکەی ڕۆمان بیناسێنین.

## سنووری توێژینەوکە:

سنووری کاری ئەم توێژینەوەیە دیاریکردنی ئەم شێوازە جۆراو جۆرانەی گێڕنەوەی ڕۆمانەکەیە، کەدەست نیشانمان کردوون تەنها، لەسنووری ڕووداوەکانی نێو ڕۆمانی(داگیرکردنی تاریکی)دا، کە تاوەکو نووسینی ئەم توێژینەوە لە ساڵی (٢٠٢٢)دواهەمین ڕۆمانی بەختیارعەلییە

# بەشی یەکەم:

## گێڕانەوە و شێوازەکانی لە ڕووی تیۆرییەوە :

### پاری یەکەم :چەمک و زاراوەو پێناسەی گێڕانەوەو ئەرک وگرنگیی گێڕانەوە لە نێو ڕۆماندا .

### پاری دووەم :تەکنیکەکانی فلاشباک و وەسف لە نێو ڕۆماندا .

### پاری سێیەم: شیوازی گێڕانەوەو ڕۆڵی گێڕەرەوەو ئیستاتیکای گێڕانەوەو گرێچن لەنێو ڕۆماندا

**بەشی یەکەم: گێڕانەوە و شێوازەکانی لە ڕووی تیۆرییەوە:**

**پاری یەکەم: چەمک و زاراوەو پێناسەی گێڕانەوەو ئەرک وگرنگیی گێڕانەوە لە نێو ڕۆماندا.**

## بەشی یەکەم: گێڕانەوە و شێوازەکانی لە ڕووی تیۆرییەوە:

## پاری یەکەم: چەمک و زاراوەو پێناسەی گێڕانەوەو ئەرک وگرنگیی گێڕانەوە لە نێو ڕۆماندا.

### ١- چەمک و زاراوەو پێناسەی گێڕانەوە:

گێڕانەوە یەکێکە لە هونەرە سەرەکیەکانی ئەدەب، کە لەهەموو پلەکانی ئەدەب دا سەروەرە، هەروەها شێوازی گێڕانەوە ئیستاتیکاو تایبەتمەندی خۆی هەیە، ئینجا ئەم گێڕانەوەیە لە چیرۆکدا بێت یان لە ڕۆمان یان لە ژیانی ڕۆژانەدابێت ((لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا کاتێک کەباسی گێڕانەوە دەکەین، وشەی گێڕانەوە پەیوەندی بە فرمانی یان کرداری (گێڕەرەوە) هەیە، هەروەها لە جێگەی خۆیەتی ئاماژەش بکەین، کە گێڕانەوە تەنها پەیوەندی بە ڕۆمان و نووسینی مێژووییەوە نییە، بەڵکو پەیوەندی بەکرداری گێڕەرەوە هەیە، چونکە کاتێک باسی ڕووداوێک دەکەین لەهەر شتێک بێت، بۆ نموونە کەسێک دەربارەی شتێک بگێڕێتەوە یان هەواڵ بێژێک لە ڕادیویەک، مامۆستایەک لە قوتابخانە، هاوڕێیانی قوتابخانە، هاوڕێیانی سەرنشین لە شەمەندەنەفەرێک، ئاژانسێکی هەواڵ، پەیامنێری تەلەفزوێنێک یان گێڕەرەوەی ڕۆمانێک، کە ئێمە چێژ لە گێڕانەوەکەی دەبینین، کەواتە ئێمە هەموومان گێڕەرەوەین لە ژیانی ڕۆژانەماندا))(١، ٢٠٠٩، Fludernik).

ئەو ڕووداوانەی، کەڕۆژانە بەسەر ئێمەدا دێت یاخود کەسانی دیکە کەم تا زۆر کاریگەری جێدەهێڵێت لەسەرمان بۆیە دەکەوێنە گێڕانەوەی ڕووداوەکە لە بەرامبەردا گوێگر ئامادەیی هەیە.بەم پێیە ئێمە گێڕەرەوەی ژیانین لە ئەدەبیشدا ڕۆماننووس یان کارەکتەر گێڕەرەوەی ڕۆمانە. لەفەرهەنگی زاراوەی ئەدەبیدا هاتووە (دەشێ لەزمانی کوردی گێڕانەوە هاوتایەکی زۆر گونجاوی Narration بێت، کە لە زمانی عەرەبی هاوتاکەی (السرد) بێت ئەمەش قۆناغ بە قۆناغ سەردەم بە سەردەم هاتووە گۆڕانی بەسەرداهاتووە، وەک چەمکی ڕەخنەیی و ئەدەبی نوێ، وەک کێشەیەکی ئەدەبی ئاڵۆز، کە هەردەم دەمانگەڕێنێتەوە بۆ مەسەلەی ژانرەکانی ئەدەبی، لەناو ئەدەبی ڕۆژهەڵات و ئەدەبی کوردی، مێژوویەکی کۆنی هەیە بەچەند هەنگاو وەرچەرخان و گۆڕانگاریدا تێپەڕیوە)(عومەر، ٢٠٠٥،٨١-٨٢)

ئەم زاراوەیە هەر بەو ئاسانییە پەیدانەبووە لە نێو ئەدەب و ڕۆماندا، بەڵکو ڕەگوڕیشەیەکی کۆنی هەیە. هەربۆنموونە کاتێک ڕووداوێک ڕوودەدات چەندین کەس ئامادەن لە بینینی ڕووداوەکەدا، بەڵام لەکاتی گێڕانەوە هەریەکەو بەشێوازێک بەپێی کاریگەری ڕووداوەکە لەسەرخۆی.. ڕووداوەکەمان بۆ دەگێڕێتەوە، ئەمەش لە ڕۆماندا بەهەمان شێوازە گێڕانەوەی ڕۆماننووسێک لە ڕۆماننووسێکی دی جیاوازە هەر ئەم جیاوزییەش وای کردووە ڕۆماننووس لە هاوتایەکی دیکەی

خۆی جیاکردبێتەوە لەگەڵ ئەوەشدا )هەروەها((ئەم زاراوەیە پەیوەندی بەبواری گێڕانەوەوە هەیە. لە سەدەی بیستدا فراوانترین زاراوەیە، کە گفتوگۆ و توێژینەوەی لەلایەن ڕەخنەگرانەوە لەبارەوە کرابێت. زۆربەی ڕەخنەگران پەیدا بوونی ئەم زاراوەیە بۆ ڕەخنەگر تزفیتان تۆدۆرۆف دەگەڕێتەوە، کە ساڵی ١٩٦٩دا بۆ ناونانی زانستێک، کە گێڕانەوناسیNarratology بوو، پێشنیازی کرد زاراوەکە لە دوو بەش پێکهاتووە بەشی یەکەم Narrato، کە لە زاراوەی Narrative وە بەواتای چیرۆک و گێڕانەوە دێت. بەشی دووەم logy بەواتای زانست دێت. واتە دەبێتە زانستی گێڕانەوە ئەم زاراوەیە بۆ یەکەم جار لە کتێبی دەستوری ڕێزمانی دیکامیرۆنای تزفیتانی تۆدۆرۆف دا لە ساڵی ١٩٦٩دا بەکارهاتووە هاوکات بەشێکی دیکە لە ڕەخنەگران ئەم زانستە بۆ کتێبە بەناوبانگەکەی ڤلادیمێر پرۆپ بەناوی مۆرفۆلۆجیای حیکایەت لە ساڵی ١٩٢٨دا دەگەڕێننەوە. هەرکامیان بێت گرینگ ئەوەیە ئەم زانستە لە بواری ڕەخنەو توێژینەوەی گێڕانەوە دابووە بەزانستێکی سەربەخۆ تۆدۆرۆف ئەم زاراوەیە بەواتای خوێندنەوەی چیرۆک بەکار دەهێنێت.))(مەنتیک، ٢٠٢١، ٧))هەروەها ڕایەکی دیکە هەیە، کە دەڵێت: ((گێڕانەوە بریتییە لە خستنە ڕووی ڕووداوێکی بە دوای یەکدا هاتوو، کە ڕووداوێکی ڕاستەقینەیە یان خەیاڵی، کە بەهۆی زمانەوە خراوەتە ڕوو یان بەشێوازێک نوسراوەتە و لە چوارچێوەی کاتێکی دیاری کراودا)) (عثمان، ٢٠٠٨، ٨).

لەگەڵ ئەوەشدا دەتوانین بڵێین گێڕانەوە لە هەموو بابەتێکدا زیندووە، چونکە گێڕانەوە لەگەڵ ڕەوتی ژیاندا دەڕوات بە بەردەوامی،کە ژیانیش بەردەوام پڕ ڕووداو کارەساتە ((گێڕانەوە وەکو پرۆسەی گوزارشت کردن و درکاندن گرنگی ژیانی مرۆڤی پێکهێناوە، هەروەها بنەمایەکی سەرەکی یە لە بنیاتی دەقی ڕۆماندا. ئەم تەکنیکە لە ئەفسانەو حیکایەتی مللیەوە سەری هەڵداوەو وردە وردە بەرەو پێشچووە، تاوەکو ئەم شێوە هونەرییەی ئێستای لەناو ژانیرە ئەدەبیەکاندا وەرگرتووە، واتە گێڕانەوە لەگەڵ مێژووی مرۆڤ دەستپێدەکات و لە هیچ شوێنێک گەلێ بێ گێڕانەوە بەدی ناکرێ ...بێ ئاوڕدانەوە لە جیاوازی نێوان ئەدەبی باش و ئەدەبی خراپ، گێڕانەوە بابەتێکی نێو نەتەوەیی و ئەوپەڕی مێژوویی و ئەو پەڕی کەلتوری یە گێڕانەوە ڕێک وەک ژیان وایە هەمیشە هەیە))(خاڵە دێوە، ٢٠١٠، ١٤٩) مرۆڤ هەر لەوساتەی لە دایک دەبێت چیرۆکی ژیانی دەست پێدەکات وردە وردە ڕووداوەکانی نێو ژیانی پەرەدەسێنێت هەر بەم شێوەیەش گێڕانەوەکان دەستپێ دەکات.

((ڕیشەی ئەم گێڕانەوەیە بۆ سەردەمی (ئەفلاتۆن و ئەرستۆ) دەگەڕێتەوەوە، بەڵام سەرهەڵدانی گێڕانەوە دەبێت زۆر لەم مێژووە کۆنتر بێت، لەگەڵ پێکەوە هەبوونی مرۆڤ لەسەر گۆی زەوی لە سەردەمی شارستانییەتە کۆنەکانەوە گێڕانەوەش هەبووە، کاتێ لە ڕاوو شکار گەڕاونەوە بۆ ناو ئەشکەوتەکان دەستیان کردووە بەوێنە کێشانی ئەو ئاژەڵ و گیان لەبەرانەی، کە لێیان ترساون یان هۆگریان نەبوون یان لێیان مردوون لەسەر دیواری ئەشکەوتەکە، جگە وێنەکێشانی کەرەستەی ڕاوو

نێچیرەکان، یان زۆر جار لە (فلیمە) بەڵگە نامەییەکاندا بینراوە مرۆڤ ڕووی لەوحە هونەرییەکانی بەش بەشکردووە و هەر بەشێکی بە وێنەیەکی هەڵکەنراو بە یارمەتی ڕۆخە تیژو لارەکەی ڕووەکی (بردی) پڕدەکردەوە))(موفتی، ٢٠١٢، ١١).

مرۆڤ هەر لەسەرەتای ژیانەوە ویستویەتی ئەوەی دەیبینی یان دەیبیستێ بیگەیەنێت بەبەرامبەرەکەی، کەواتە گێڕانەوە تاوەکو ئەم کاتە مێژوویەکی کۆنی هەیە، بەڵام قۆناغ بە قۆناغ گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە.

مەبەست لە چەمکی گێڕانەوەیە ((لە ڕووی هونەرییەوە، واتە ئەوکاتەی کە بەشێوەیەکی هونەری باس لە گێڕانەوە کراوە... چەمکی (گێڕانەوە) لە ڕووی تێوەرییەوە بە گرنگترین لایەنی پێکهاتەی دەق دادەنرێت و پەیوەندی پتەوی، لەگەڵ سەرجەم لایەنە هونەریەکانی دیکەی دەقدا هەیە، بەتایبەت ئەو پەیوەندییەی لەگەڵ زمان لەلایەک و کات لە لایەکی دیکەوە هەیەتی، لەگەڵ یەکتری گوتاری دەق بەرهەم دەهێنێت بۆ چەمکی (گێڕانەوە) زۆربەی ڕەخنەگران لەسەر ئەوە کۆکن هەوڵە بەردەوامەکانی (ڤلادمیر پرۆپ) لەسەر ڕاڤەکردنی حیکایەتی فۆلکلۆری دەکرێتە هەوڵی بەرایی ئەو یاسایانەی لەسەر گێڕانەوە خراوەتە ڕوو لە شیعری فۆلکلۆریشدا لە سەردەستی یەکێک لە پێشەنگەکانی فۆرمالیستەکانی ڕوسیا (ئەلیکسەندەر شکلۆڤسکی) یەوە بووە. سەرنجەکانی ئەم نووسەرە لەسەر شیعری فۆلکلۆری بوون پەی بە بچوکترین یەکەی گێڕانەوە برد))(ئیبراهیم، ٢٠٠٧، ٤).

پێناسەکانی گێڕانەوە:-

سەبارەت بەپێناسەی گێڕانەوە چەندین پێناسەی جۆراو جۆر بۆ گێڕانەوە کراوە و یەکێک لەم پێناسانە گێڕانەوەی وا پێناسەی کردووە دەڵێت: ((لێرەدا هەندێک دەخەینە ڕوو((گێڕانەوە وەکو پرۆسەیەکی ئاخاوتن ڕوویەکی فراوانی لە ژیانی مرۆڤدا داگیر کردووە، چونکە هەر لەگەڵ پەیدا بونی مرۆڤ و لە هەموو کۆمەڵگاکاندا دەرکەوتووە. هەروەها لەزمانی ئاخاوتن و لە زمانی نوسراودا و تەنانەت لە زمانی هێما و ئاماژەکردن و لە هونەری شێوەکاری و لە مێژووشدا بوونی هەیە. واتا گێڕانەوە شتێکی گشتی وجۆراو جۆرە هەموو ئەو ڕەگەزە ئەدەبیانەی، کە پشت بە رگەزەی گێڕانەوە دەبەستێ وەکو ئەفسانەو پڕو پووچ و چیرۆکی میللی و چیرۆکی هونەری و ڕۆمان ... هتد، لە گێڕانەوە پەیدا بوونە شێوەی خۆیان وەرگرتووە هەر مرۆڤێکیش لە گێرانەوەدا شێوازیی بە خۆی هەیە))(سەعید، ٢٠٠٦، ٤)گێڕانەوە کردەیەکی گفتوگۆیە لە نێوان مرۆڤەکان، کە ڕاڤاکردنو گواستنەوە و گەیاندنە بە گوێگر.

((گێڕانەوە بریتیە لەو قسەیەی، کەپشت دەبەستێت بە دوو کۆڵەکەی سەرەکی ،کە یەکەمیان بریتیە لەوەی، کە: ئەو قسەیە خاوەن چیرۆکێک بێت، کە کۆمەڵێک ڕووداو لە خۆ بگرێت. وە

دووەمیان ئەو ڕێگەیە دیاریبکرێت، کە چیرۆکەکەی پێدەوترێت، وە بەم ڕێگەیە دەوترێت گێڕانەوە))(الحمداني، ٢٠٠٣، ٤٥). لێرەداکەسێک هەیە خاوەن چیرۆکەو قسەکەرە، کە گێڕەرەوەیە کۆمەڵێک ڕووداو دەگێڕێتەوە بەشێوەیەکی هونەری.

جمال میر صادقی لە پێناسەی گێڕانەوەدا دەڵێت: ((گێڕانەوە، بریتییە لە جۆرێک بەیانکردن لەگەڵ کرداردا، کە ڕێڕەوی ڕووداوەکانی ژیان لەگەڵ کاتدا لە جوڵەدایە و دەبێت جۆش و خرۆشی لەگەڵیاندا هەبێت، گێڕانەوە ئەو پرسیارە وەڵام دەداتەوە ئایە لە نێو چیرۆکەکەدا چی ڕوودەدات و دەیگێڕێتەوە))(میرصادقی، ١٣٨٨، ١٧٢). گێڕانەوە دەبێتە وەڵام دەرەوەی هەموو ئەو پرسیارانەی، کە لای خوێنەر دروست دەبێت لەگەڵ ڕەوتی ڕۆمانەکەدا دەڕوات زانیارییە کان دەگەیەنێت.

لەگەڵ ئەوەشدا (( فۆرمالیستەکان وای دەبینن، کە گێڕانەوە بریتییە لە گەیاندنی چیرۆکێک بۆ گوێگر یاخود خوێنەر بە میانگیرو ناوەندگیری چیرۆکبێژ و گێڕەرەوە لە نێوان کەسایەتیەکانی ناو چیرۆکەکەوە بۆ وەرگر ڕولان بارت ئاماژە بەوە دەکات، کە دەکرێت ئەم گێڕانەوەیە لە ڕێگەی زارەوە یاخود لەڕێگەی نووسینەوە، یان لە ڕێگەی وێنەیەکی جێگیر یاخود جوڵاوەوە بێت))(یقطین , ١٩٩٧ , ١٩).

دکتۆر عزالدین اسماعیل لە پێناسەی گێڕانەوەدا دەڵێت: ((گێڕانەوە بریتییە لە گواستنەوەی ڕووداو لە وێنەی واقعیەوە بۆ وێنەی زمانەوانی))(اسماعیل، ٢٠١٣، ١٠٥). لێرەدا ئاماژە دەکات بە ڕووداوە ڕاستەقینەکانی نێو ژیان، کە بە زمان دەگێڕدرێنەوە، بەڵام محمود هلال بەم شێوەیە پێناسەی گێڕانەوەی کردووە ((گێڕانەوە بریتییە لەو دەستەواژەییەی، کە ڕووداوێک یان چەند ڕووداوێک یان هەواڵێک یان چەند هەواڵێک دەگرێتەوە ئەگەر لەحەقیقەتەوە وەرگیرابێت یان دەرهاویشتەی خەیاڵ بن))(محمد،٢٠١٨، ٦٤). لێرەدا مەبەستی ئەوەیە ڕووداوێکی خەیاڵی یان واقیعی دەگێڕدرێتەوە..

گێڕانەوە بریتییە لە ((ڕووداوێک یان هەواڵێک (وەک بەرهەمهێن و کردەوە ئامانج و کار و بونیاد و کردەی بونیادە) زیاتر لە یەک ڕووداوی واقیعی یان ئەندێشە (چیرۆکێک) لەلایەن یەک کەس یان زیاترەوە دێتە بەرهەم))(محمد، ٢٠٠٣، ٤٧).

بەپێی فەرهەنگی ئۆکسفۆرد گێڕانەوە بە دوو واتا خراوەتە ڕوو ((یەکەم کردەیەک یان پرۆسەیەکی پێوتن (گێڕانەوە ی) چیرۆکەکانە بەتایبەتی لە ڕۆمان و (فیلم)و شانۆگەریەکان، دووەم یان دەکرێت بڵێین وەسف کردن ڕووداوێکە لەڕێگەی قسەکردنەوە لە ڕۆمان و (فیلم)و شانۆگەریەکان)) (Hornby، ٢٠٠٥ ، ٨٤٦ )بەم شێوەیە گێڕانەوە کردەیەکە لەڕێگەی زمانەوە ئەنجام

دەدرێت، ئینجا گێڕانەوەکە شانۆ بێت فلم بێت یان ئیشێکی ئاسایی یان ڕووداوێک بێت ڕۆمان، چیرۆک هەموویان دەگێڕدرێتەوە.

((گێڕانەوە کارێکی هونەریی و هەواڵگەیاندن ، چونکە زنجیرەیەک ڕووداو دەگوێزرێنەوەو ئەرکی گەیاندنی پێسپێراوە پێیدەوترێ (نێرراو) و بۆ (وەرگر) بۆ چنینەوەی ئەو ڕووداوانەو داڕشتنەوەیان لەقاڵبێکی زمانی، کە پەرۆشی بەهای جوانی دەقەکەبێت))(الونسة، ٢٠٠٤ و ٢). گێڕانەوە، کە یەکی لە ئەرکەکانی گەیاندنە ئەم گەیاندنە لە کەسێکەوە بۆکەسێکی دیکە بەپێی کاریگەری هەواڵەکە دەگۆڕێت.

(جان لۆفیف) سەبارەت بەپێناسەی گێڕانەوە دەڵێت: ((هەر پەیڤێک، کە جیهانێک دەگەڕێنێتەوە بۆ زەین، کە لە هەردوو ڕەهەندی جیهانی مادیی و مەعنەوییەوە بە جیهانێکی ڕاستی وەرگیرابێت و دەکەوێتە شوێن و کاتێکی دیاریکراوەوە و زۆربەی کاتیش بەهەڵگەڕاوەیی لە ڕێگەی گۆشەنیگای کارەکتەرێک یان زیاتر پێشکەشدەکرێت، سەرباری گۆشەنیگای گێڕەرەوە بە جیاوازی لەگەڵ شیعردا))(سەعید، ٢٠٠٩، ٢٣-٢٤).

گێڕانەوەپێویستی بەگێڕەرەوە هەیە،چونکەئەو کەسەی، کە بەکاری گێڕانەوە هەڵدەستێ پێی دەگوترێت گێڕەرەوە((گێڕەرەوەش بریتی یە لەو کەسەی، کە چیرۆکێک دەگێڕێتەوە یان هەواڵێ لەسەر دەدات ئەگەر ڕاستی بێت یان خەیاڵی بێ مەرج نیە ناوێکی دیاری کراوی هەبێ، وەرگر لە ڕێگەی دەنگ و زمانەوە ڕووداوەکان وەردەگرێ))(فرخی و عرجون، ٢٠١١، ٥). کەواتە زمان ڕۆڵێکی سەرەکی هەیە لە گێڕانەوەدا ئەو وێنەیەی، کە دروست دەبێت تەنها بەزمان دەگوازرێتەوە.

## ٢-ئەرک و گرنگیی گێڕانەوە:

گێڕانەوە لەهەر بابەتێکدابێت ڕۆڵی و گرنگ و تایبەتمەندی خۆی هەیە. بۆ نموونە گێڕانەوە لە شیعردا ئەرکی جیاوازە وەک گێڕانەوە لە ڕۆماندا، چونکە ((گەر گێڕانەوە بێتە ناو هەر شیعرێکەوە پێویستە بنەما سەرەکییەکانی شیعر لەبەرچاوبگرێت ... بنەما سەرەکییەکانیش لە داڕشتن و سەدمەی ئیستاتیکی و وێنە و ڕیتم و چڕکردنەوە و تەکنیک و شێوازدا خۆی ئەبینێتەوە ... بەهیچ جۆرێک قبوڵ نییە بەزمانی ئاسایی قسەکەرەوە گێڕانەوە خۆی بهاوێتە ناو هیچ شیعرێکەوە، پێشتر ئەبێ ئەو بنەماو کۆڵەکە سەرەکییانە لە پێشچاو بگیرێت و ئەوکات تەوزیف کردنی دابڕێژێت .. بۆیە هەمیشە گێڕانەوەی زمانی سروشتی و گێڕانەوە لە شیعر و چیرۆک و هونەرەکانی تردا جیاوازن))(ڕەزا، ٢٠٠٧، ٨١-٨٢)، هەروەک چۆن لەشیعردا گێڕانەوە ئەرکی هەیە بەهەمان شێوەش لە ڕۆماندا ئەرک و خەسڵەتی خۆی هەیە.

یەکێ لە ئەرکەکانی ((ئەو ڕێکخستنەی، کە لەواقیعدا هاتووە ڕووداو پێشکەش ناکات، بەڵکو ڕووداوەکان پێش و پاش دەکات، هەندێکیان بەکورتی هەندێکیان بە درێژی

باســـدەكات بۆزیـــاتر بەرجەســـتەكردنی دیمـــەنێك، لایـــەنێك، بابـــەتێك لـــە دوورەوەبێـــت یـــان نزیكـــەوە. ئـــەركێكی دیكـــەی گێڕانـــەوە دیارخســـتنی هـــەموو ئـــەو شـــتانەی نووســـەر دەیزانـــێ لـــە بـــارەی كارەكتـــەرەوە هەوڵدانیـــەتی بـــۆ چوونـــە نـــاخی شـــاراوەی كارەكتـــەر زۆرینـــەی تایبەتمەنـــدی و ســـــیفەتەكانی))( مـــــوفتی،٢٠١٢، ١٣). واتـــــا ئەوســـــیفەتانەی،كەلەكاركتەرەكانداهەیە لەڕێـــــگەی گێڕانەوەكە بۆخوێنەر ئاشكرا دەبێت، كە هەڵگری چی سیفەتێكە.

هەروەها ((ڕۆمان تەنیا بە ناوەڕۆك دیاری ناكرێت، بەڵكو بەشێوە و ئەو ڕێچكەیە دیاری دەكرێت، كە ناوەڕۆكەكەی پێ پێشكەش دەكرێت. ئەم ڕێچكەیەش هونەری گێڕانەوەیە، كە بەرهەمی بەدەستهاتووی زمانە لە زنجیرەیەكی خەیاڵی نەبچڕاودا، چارەسەری ڕووداوە خەیاڵییەكان دەكات لە زەمەنێكی دیاریكراودا داهێنانی مەزنترین شاكاری ئەدەبی لە ڕێگەی گێڕانەوە))(خاڵەدیوە، ٢٠١٠، ١٥٠). لێرەدا زیاترتیشك دەخاتە سەر گێڕەرەوە لەچۆنیەتی شێوازو گەیاندنەكەی بەشێوەی هونەری، كەزمان ڕۆڵی تێدا دەبینێت و جوانی دەنوێنێت.

گێڕانەوە ((ئەم توخمەیە خاسیەت و تایبەتمەندییەكی گرنگی بنەماكانی چیرۆك دادەنرێت، چیرۆكیش بریتییە لە گێڕانەوەی كۆمەڵە ڕووداوێك بەشێوەیەكی هونەری كەوا قەومانتێك یان چەند قەومانتێكی ژیان. یان سروشت دەكاتە مایەی سەرنج ڕاكێشان و براواندنی هەستی جوان پەروەری و پێگەیاندنی لێكدانەوەی گوێگر یان خوێنەر بەرامبەر ژیان وانا گێڕانەوە شێوەیەكی هونەری گەیاندنی چیرۆكە بە خوێنەر یان گوێگر، كە سەرنجیان ڕابكێشێت و سەرسامیان بكات و هەستیان ببزوێنێت، سەرەڕای ئەمەش دیاردە گێڕانەوەش دووبارە باسكردنەوەی ئەو ڕووداوانەیە كە ڕوویانداوە، ئینجا ڕووداوەكان واقعی بن یان خەیاڵی، هەروەها گواستنەوەی بەسەرهات كە گێڕەرەوە ئەنجامی دەدات بۆ وەرگر (بۆ گێڕراو)، دەكرێ بوترێ گێڕەرەوە، قسەكەرەو، بۆ گێڕراو گوێگرە كەواتە لە نێوان گێڕەروە و بۆگێڕراو پەیوەندییەك هەیە وەگێڕانەوە كاری ئەم پەیوەندییە جێ بەجێ دەكات. ئەویش گەیاندنی پەیامێكە لە گێڕەرەوە بۆ بۆگێڕەوە، كە تەكنیكی ساكار و خێرایی هەواڵدەریی ڕووداوەكانە))(حمد امین، ٢٠١٢، ٨).

ئەگەر سەرنج بدەین ((ئەمڕۆ گێڕانەوە بەیەكێك لە گرنگترین بنەماكانی بینای هونەری تیكستی چیرۆكێك دادەنرێت و مەرجی سەركەوتنی هەركارێكی ئەدەبیش تاڕادەیەكی گەورە دەبەسترێتەوە بە جۆری ئەو ڕێگایەی كەرەستەكەی پێ ڕێك دەخرێت و دەگێڕدرێتەوە، چونكە لەئەدەبدا ڕووبەڕووی ڕووداو شتەكان نابینەوە لە شێوە سەرتاكەیدا، بەڵكو ڕووبەڕووی ئەو ڕووداوانە دەبینەوە، كە بەشێوەیەكی دیاریكراو پێشكەش دەكرێن هەموو شتێكیش گشت دیاردەكانی بەبێ ئەو دیتنەی لێ یەوە پێشكەش دەكرێت دەست نیشان دەكرێت.))(سابیر، ٢٠٠١، ٢١١-٢١٢).

یەکێکی دی لە گرنگییەکانی گێڕانەوە بریتییە لە چێژبەخشین بە خوێنەر یاخود گوێگر،کە ئەوەش لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر جیاوازە، چونکە ((گێڕانەوە، هەر ئەوەندە نیە کە بەشێوەیەکی ئاسایی و زمانێکی ساکار و ڕووداوێک بگێڕدرێتەوە، بەڵکو پێویستە گێڕەرەوە لەگێڕانەوەدا لێهاتووبێ بنوسێت لە تەوزیفکردنی ڕەگەزی چێژ و خەیاڵ تاکو بۆ گێڕەرەوە (المسرود لە) بەهەمان چێژ و پەرۆشیەوە بابەتی گێڕانەوەکە وەربگرێت لەمەوە بۆمان دەردەکەوێت کە گێڕانەوە هونەرە نەک زاست. لەم بارەیەوە(ڕۆلان بارت)، پێیوایە کە گێڕانەوە پەیوەست نییە بەچاکی و خراپی ئەدەبەوە، چونکە گێڕانەوە شتیکی جیهانیەلە مێژووش باڵاتر))(سەعید، ٢٠٠٩، ٢٥) زۆرجار لەگێڕانەوەکەدا گرینگی بە درێژکردنەوە، یاخود سستکردنەوە دەدرێت لەلایەن ڕۆماننووسەوە ئەمەش مەبەستی ڕۆماننووسە لە بەکار هێنانی ئەم تەکنیکەدا، کە پشوویەک بە خوێنەر دەدات.

((گێڕانەوە ناسنامەی هونەری زمانی دەقێک لە خۆ دەگرێت، ئەو زمانە هونەریەش لە ڕستە و دەربڕینی جۆراوجۆر پێکدێت، ڕستەو دەربڕینەکانی گێڕانەوەش خاوەن خەسڵەت و تایبەتمەندی خۆیانن، کەنابێت درێژدادڕی و زۆر لە خۆکردنیان پێوە دیاربێت مەرجیش نیە گێڕانەوە تەنها باس لە کەسێتیەکانی ناو چیرۆک و ڕۆمان بکات، جاری واهەیە گێڕانەوە تەنها باس لە شوێن و ڕووداو یان دیمەنێکدەکات، دەکرێت کەسێتیەکەش لە خۆیەوە دەست بە گێڕانەوە بکات و خۆی ڕووداو وبەسەرهات و شتەکان بگێڕێتەوە، بێ ئەوەی پێویستی بەکەسێکی تر یان گێڕەرەوە هەبێت))(ئیبراهیم، ٢٠٠٧، ٥-٦).

گێڕانەوە گرنگیی دیمەنەکان لە ڕووداودا نیشاندەدات و، ئەمە جگە لەوەی ئەرکی شوێن و کارەکتەرەکان لە خۆ دەگرێ، چونکە ((گێڕانەوە تایبەتمەندە بەپشت بەستن بەواتا شوێن و کاتەکان، لەبەرئەوەی بەستنەوەی گێڕانەوە بەکاتەوە وای لێدەکات زیاتر چێژ بەخشبێت، هەموو ڕووداوەکان ڕێکدەخات کە چیرۆکەکە لە خۆ دەگرێت ڕووداوەکان لە گێڕانەوە لە ڕۆماندا بەشێوەیەکی زنجیرە و ڕێکخراون بەشێوەیەکی لۆژیکی، لە ڕێگەی سێ قۆناغەوە کە بریتیە لە: ڕووداوە سەرەتاییەکان، ڕووداوە لەناکاوەکان، ڕووداوەکۆنەکان. گێڕانەوە زۆرێک لەخاڵی پێکەوەبەستن هاوبەشی دیاریکراو لە خۆ دەگرێت کە کاردەکاتە لە سەر بەستنەوەی ڕووداوە گۆڕاوەکان بەیەکەوە بەپێی ئەو ڕێگەیەی کە نووسەر بەڕاستی دەزانێت، پێویستە ڕووداو و کردارەکان بەشێوەیەک زنجیرەیی ڕێک بخرێن، کە گونجاوبن لەگەڵ کات و ساتی گونجاودا))(طعمة، ٢٠٢٠، سطور) گێڕانەوە ڕۆڵ و ئەرکێکی گرنگی بینی لە ڕێکخستن و بەدواییەکداهاتنی ڕووداوەکان و گونجاندنی کات و شوێنی کارەکتەرەکان.

## پاری دووەم: شێوازی گێڕانەوەو ڕۆڵی گێڕەرەوەو ئیستاتیکای گێڕانەوەو گرێچن لەنێو ڕۆماندا:

### ١- شێواز – style:

وشەی شێواز بەپێ ماناى فەرهەنگی و ڕەهەندیی مێژوویی و ڕەگوڕیشەی وشەکەوە گەلێک ڕاو بۆچوونی جیاواز لەخۆدەگرێت: ((وشەی شێواز – style – زاراوەیەکی کۆنە، لە سەرەتای سەرهەڵدانی بیرە ئەرێنیەکانەوە سەری هەڵداوە، لە وشەی (stylus)ی گریک، لاتینی یەوە هاتووە ستیلۆس لە زمانی یۆنانیدا بەئالەتێک دەوترا، یان تیغێکی مەعدەنی یان دارێک یان پارچەی جێ، کە لەکۆندا وەک شێوەی قەڵەم دروست دەکرا لەسەر پارچە مۆمێکی پانکراوە نووسین ووێنەیان پێدەکێشا))(کاکی، ٢٠٢٠، ١٣) هەروەها ((لەفەرهەنگی (هەنبانە بۆرینە)ی هەژار موکریانیدا وشەی شێواز بە واتای (شکڵ / تەرح / ڕاهاتن) بەکارهاتووە لە فەرهەنگی (شیرین)ی نویَ دا بە واتای (چۆنێتی/ ڕەفتار / شێوەزار/ سەمت/ شێوە) هاتووە))(صالح، ٢٠٢٠، ١٩).

هەرچەندە شێواز ((لەناو ڕەخنەی ئەڵمانیدا، لە سەرەتای چەرخی نۆزدە، لە فەرهەنگی (Grimm) بەکارهاتووە، بەپێی فەرهەنگی (ئۆکسفۆرد) بۆ یەکەمجار وەک زاراوە لە ساڵی (١٨٤٦) لەزمانی ئینگلیزیدا بەدیار کەوت، بۆ یەکەمجاریش لەساڵی (١٨٧٢) وەک زاراوە چووە ناو فەرهەنگی فەرەنسایی لە ئینسکلۆپیدیای فەرەنسایی دوو ئامانج، کە خاوەنی دووجەمسەی ئەرکن، بۆ زاراوەی شێواز دیاریکراون، جەمسەری یەکەم لەناو بابەت و بەرهەمەکاندا، سیستەمی ڕێکی و یاساکانە کارکردن و کورتکردنەوە دەگەیەنێت، جەمسەری دووەمیش لە هەڵگرتنی شێوازێکی چاکدا، ئامادەیی سیمایەکی بەرچاو دەنوێنێت))( مەحموود، ١٠٩- ١١٠).

لای(ریڤاتیر) شێواز((نیشاندانی پلەی بەرزی وئاستی لوتکەیی دەنوێنێت. گشت فۆڕمە تاکەکانی شێواز، وەک سروشتی زمان سیمای ئاخاوتن لەخۆ دەگرن، بۆ داڕشتن و سیماییێکی تایبەت، بوار دەڕەخسێنن بۆئەوەی نووسەر سەبارەت بەکاریگەری تایبەتی لەبابەتی دەربڕین و ئەدەبیدا ڕەگەزەکانی زمان بەکاربهێنێ. لە ڕەگەزی شێوازگەری ئەدەبیدا، لە سیستەمی ناوەکیەکی بەهادەبێت، هەر بۆیە چەمکی شێواز لای (ریڤاتێر) بەنیازی چێژی ئەدەبی، هەموو بەرهەمێکی نووسراو دەگەیەنێت پاشان پانتایی وقوڵایی سەرجەم نیشاندان و قەبەکردن و یان دڵنیابوونێک، چ گوزارشتی، یان سۆزی بێت دەگرێتەوە، کە جوانکارییەک بگەیەنێت و بخرێتە سەر ئەو زانیارییانەی، کە لە لایەن بونیاتی زمانەوە دەگوازرێنەوە بێئەوەی کار لەواتا بکات)) (هەمان سەرچاوەی پێشوو، ٢٠٠٩، ١٢١).

لەگەڵ ئەوەشدا هەرچەندە، کە شێواز هەم وەک زانستێک و هەم وەک پێوەندیی لەگەڵ زماندا ئەوە باسدەکرێت، کە ((زانستێکی نوێیە پەیوەندی لەگەڵ ڕەخنەی ئەدەبی و زانستی زمان هەیە گرنگی دان بەم زانستە بۆ بەرهەمە بەناوبانگەکەی (churls bally – ١٨٥٦ –١٩٤٧) یەکێکە لەخوێندکارانی فیردیناد دی سۆسیر دامەزرێنەری زانستی شێوازو شێوازگەری))(محەمەد، ٢٠١٦، ٦).

شێواز یان ستایل ((لەئەدەبدا لە وشەی لاتینی (stilus)وە هاتووە، کە بەواتی (ئۆچ) دێ، کەنامەی پێ نوسراوە، یان شێوەی نامەیە. ستایل پەیوندیەکی بتەوی سیستمی وێنەیە، ئامێری هونەریی دەبڕینە، کە تایبەتمەندی کەسی داهێنانی نووسەری، تەنیا بەرهەمێ ڕێبازێ، قوتابخانەیەکی ئەدەبی، ژانرێک، یان ئەدەبی نەتەوەو قۆناغێک نیشاندەدات.))(هاڵبێرگ، ٢٠١٠، ١٧٩).

بێگومان پێناسەکردنی لە ڕوانگەی بوارەجیاوزەکاندا جیاوزدەبێت، چونکە شێواز لە شیعردا یان ئەدەب یان هەرشتێکی تردا نووسەر بەپێی ئەزموون و بوارەکەی خۆی پێناسەی بۆ دەکات بۆ نموونە مۆریە دەڵێت: ((شێواز بەگوێرەی ئێمە هەڵوێستێکە لە بوون، شێوەیەک لە شێوەکانی قەوارەی مرۆڤ))(ئەحمەد، ٢٠١٤، ٢٧) هەروەها شێخ نوری شێخ صالّح دەڵێت: ((ئەسلوب بەوتەرزی مەخسوسی بەیانیە دەڵێن، کە هەر خەتیبێک ئەوەی لە دەماغییەتی ئیفادەی ئەکات، هەموو خەتیبێک ماڵێکی تەواوێکی مەخسوسی بەیانە))(هەمان سەرچاوەی پێشوو، ٢٨).

(دالامپێر)یش پێناسەی شێوازمان بۆ دەکات، کە بەپسپۆری لێهاتووی نووسەر دەی بەستێتەوەو دەڵێت: ((شێواز وەسف کردنی تایبەتییەتی وتارە، ئەوەش کارێکی زۆر گران ودەگمەنە، چونکە تۆمارکاری بلیمەتی و بەهرەیی نووسەرە))(هەمان سەرچاوەی پێشوو، ٢٩).

بەم شێوەیە ئەم لێهاتوویە و بەهرەیەش لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر جیاوازە و تایبەتە بەخودی واتا هەرکەسە وشێوازو زیرەکی خۆی هەیە. ((کەواتە دەتوانین بڵێین شێواز بریتییە لە هەوڵ و تەقەلای نووسەرەکەیەتی بۆ ڕازیکردنی زمان و ئاخاوتن بەیەکسانی شێواز و کۆشش و خەباتی نووسەرە بۆ خۆگونجاندن لەناو پۆلی زمانەوانی، هەموو نووسەرێک دەخوازێ، لە ڕێگای پێکهێنانی ئاخاوتنەکانی خۆیدا وتنەکانی خۆی دەربخات، کاتێکیش ئەمە دەکات بەدەنگ فشارەکانی ڕابردوە نەبینراوەکەدا دەچێت، کە ئەو ڕابردووە نەبینراوە تەقەلا دەدات دەچێت، تا خۆی بخزێنێتە نێو گشت زمانەکەوە))(محەمەد، ٢٠١٦، ١٠).

((شێواز، بە شێوە گشتیەکەی، پێکهاتەیەکی وێنەیی و فیکری و دەربڕینیە، خاڵی کۆکردنەوەیان بریتیە لە ئەزموونێکی ڕاستەقینەی هونەری و هێزێکی لۆژیکی و توانایەکی داینەمیکی و گرێدانی ڕووداوەکان و بابەتەکان))(کەریم، مەستی، ٢٠١٨، ١٢).

دروستکردنی شێواز لە ڕێگەی  زمان ئەنجام دەدرێت، هەر بۆیە ناکری ئەرکی زمان لەشێوازدا پشتگوێ بخرێت. ((شێواز ناسی تەنها گرنگی بەزمانی ئەدەبی و پێدراوە گوزارشت کراوەکانی دەدات))(بودوخە، ٢٠٢١، ١٢)، کە ئەمەش تایبەتمەندی شێواز دەردەخات. هەروەها (( لەکاتی دەستنیشانکردنی وتەکان و پێکەوە ڕێکخستنیان لە فۆرمێکدا، کە شوێنەواری و مۆرکی خۆی هەیە، لە بەرئەوەی ڕێکخستنی وتەکان ... پەیویستن بۆ هەستکردنمان بە قوڵایی بیرو بۆچونەکەوە ئەمەش، کە لە بیرو بۆچونەدا هەیە، دەبێت نووسەر ڕوون بنوسێت، تاکو خوێنەرەکانی تێبیگەن و شێوازەکەش بەهێزبێت ،مەبەستی کاریگەری دانان لە سەر خوێنەرەکەی))(خزر، ٢٠١٧، ٦٦- ٦٥). هەر بەم شێویە شێواز هێزی نووسەرەکە نیشاندەدات.

## ٢- شێوازی گێڕانەوە لە ڕۆماندا:

هەربابەتێک، کە دەگێڕدرێتەوە شێوازی جۆراو جۆری هەیە بۆ گێڕانەوە، کە هەرچەند ئەگەر چەندنووسەرێک یان ڕۆماننووسێک یەک بابەت بگێڕێنەوە هەریەکێکیان بەشێوازێکی جیا باسی دەکات و هیچیان لەهیچیان ناچێ لە گێڕانەوەکەدا، بەواتا هەریەکەیان شێوازی تایبەت بەخۆیان هەیە هەر وەکو چۆن ئەرستۆ لە شێوازی لاسایکردنەوەی شیعردا دەڵێت: ((هەموو جۆرە بابەتێکە بەنموونە دەشتی هەمان وەسیلە بۆ لاسایکردنەوەی هەمان بابەت بەکار بێنێ، بەڵام بەشێوەی جیا جیا بۆی هەیە هەندێکی بەگێڕانەوە بکاو هەندێکی لەسەر زمانی کەسانی تربێ))(ئەرستۆ، ٢٠٠٤، ١٩). لێرەدا ئەگەر بابەتێکمان هەبێت بۆ گێڕانەوە لەهەر بوارێکدا بێت گوزارشتەکەی لە نێوان کەسەکاندا لەسەر هەمان بابەت جیاواز دەبێت.

(شێواز ئەگەر تاقە ڕەگەز نەبێت ئەوا ڕەگەزێکی سەرەکییە لە فۆرمی ڕۆماندا، ڕۆمان لە وشە پێکهاتووە، ئەمەش مانای وایە ئەو ڕێگەیەی ڕۆماننووس وشەکانی زمانی پێهەڵدەبژێرێ و دروستی دەکات و ڕێکیاندەخات، دەبێتە فاکتەرێکی یەکلاییکەرەوە بۆ ئەوەی لەڕۆماند هێزی قەناعەت پێکردنیان هەبێت) (یۆسا، ٢٠٠٨، ٤٣). لێرەدا کاتێک ڕۆماننووس وشەکان هەڵدەبژێریت، ڕێکیان دەخات، کە لەگەڵ کارەکتەرەکان دەیگونجێنێ هەڵبەتە ئەم کارکردنەش شێوازی ڕۆماننووس دیاری دەکات، چونکە هەڵبژاردنی وشەو دەستەواژەکان لەنێوانیاندا جیاوازە شێواز لە((بەرهەمی ئەدەبی ڕەنگدانەوی کەسێتی نووسەرە، وەک ئاوێنەیەک وایە، وینەی نووسەرو ڕوخسارە تایبەتییەکەی تێدا دەبینرێت. بۆیە کاتێک نووسەر بەڕاستگۆیی گوزارشت لە کەسێتی خۆی دەکات، ئەوا وەسفی ئەزموون و ململانێ و میزاج و ڕێگاکانی پەیوەندی کردنی بەژیانەوە دەکات، تا کاردەگاتە ئەوەی شێوازێکی ئەدەبی وا بەکار بهێنێت، کە پەیوەست بێت بە چۆنێتی بیرکردنەوەو وێناکردن و گوزارشت کردنەوە، ئەم شێوازەش لە عەقڵ و سۆز و ئەندێشەو زمانی نووسەرەکە پێکهاتووە، واتە خودی خۆیەتی لەبەر ئەوەی مرۆڤەکان لە ڕەوشت و ڕەفتار و تەبیعەت و بەهرەی عەقڵی و سۆزی و خەیاڵییەکانیانەوە

جیاوازن، بۆیە زۆرجار ئاساییە شێوازەکانیشیان، کە گوزارشت لە کەسایەتیان دەکات، لەیەک جیاوازبن))(ئەحمەد، ٢٠٠٩، ٤٨-٤٩).

بەم شێوەیە ئێمە دەبێت ((ئەو زمانەی کە ئەو بەرهەمە ئەدەبییانەی پێ دەنووسرێت دەبێ زمانێکی سۆزی و هەستی بێت. زمانی ئەدیب و شاعیران سروشت وتایبەتیەکی هەیە، کە هەست وسۆز دەجولێنێ و بەوشە و زاراوەی ئاوازەدار و نەغمەو دەنگی مۆسیقی گوزارشت بیرەکانیان دەکەن، شاعیر لەبەرهەمەکانیدا پەنادەباتە بەر هەڵبژاردنی وشەی بەهێزوکاریگەر، بەشێوەیەک لەگەڵ مەبەستەکانیدا بگونجێ بەپێی شوێنە وشەکان هێز و نرخیان پێ دەبەخشێ، هەر لێرەوە ئەو بایەخ ونرخە دەردەکەوێ، کە دەدرێ بە هەڵبژاردنە و گۆڕانکاریانەی بەسەر وشەو زاراوەکانیان دێنن. شاعیر ونووسەران بەم کارەیان شێوازێکی تایبەت و دیار بە خۆیان و بەرهەمەکانیانەوە دیاری دەکەن، تاڕادەیەک ئەم هەڵبژاردن تاوتوێکردنی وشەیە لەلای شاعیرو نووسەران بایەخی پێ دەدرێت وا لە ڕەخنەگرانی ئەدەب دەکەن، کە بایەخ بدەن بەرهەم و لایەنی واتاکان یا (فرە مانایی تێکستە ئەدەبییەکان)..))(کاکی، ٢٠٢٠، ٣٤).

لەگەڵ ئەوەشدا، ئەگەر سەرنج بدەین لایەنی کۆمەڵایەتی و دەروونی ڕۆماننووس کاردەکاتە سەر ئەوشێوازەی بەکاری دەهێنێت لەنێو دەقی ڕۆمانەکەدا. ((زمان بنچینەیە لەدروست بوونی شێوازدا وەک مەرجێکی سەرەکی، چونکە ڕنگدانەوەی بیر لە ڕێگەی زمانەوە ئاشکرا دەبێت، لە پای ئەمەش دا گەلێ هۆکاری تر هەن بۆ دروست بونی شێوازی نووسەر وەک وشیاری و کۆمەڵایەتی، کە پەیوەندی بە دەروونی نووسەرەوە هەیە لە ڕووی ئاڵۆزی و سادەیی تێکەڵ بوونی بە لایەنی فیکریەکان. هەروەها پەیوەندی بە شێوە جیا جیاکانی قسەکردنی زمانەوە هەیە، شێوازی نووسەر پەیوەندی بەڕەنگدانەوی ئەو تێکەڵ بونەی نووسەرەوە، هەیە لەگەڵ شتە نزیکەکانی دەوروبەری نووسەر و ڕەنگدانەوەی چەشەی دڵی نووسەر بەرامبەر بەشتە کاریگەرەکان، ڕێباز و قوتابخانەی ئەدەبی کاریگەری خۆیان هەیە لەسەر دروست بوونی شێوازی نووسەر)) (ساڵح، ٢٠٠٥، ٤٣-٤٤). ئەمە جگەلەوانە سەردەم وبارودۆخ کاریگەری هەیە لەسەر شێوازی ڕۆماننووس،((شێواز ئەو (مارکە) جیاوازو ناسراوو باوەڕپێکراوەیە، کە چیرۆکنووسێک لەویتر جیادەکاتەوە و دەیکات بەخاوەنی قەڵەم و کەسێتیی خۆی. شێواز (ستایل) ڕۆڵی هەرەگرینگ لەسەرسامی وڕاکێشانی زەینی وەرگر، یان خوێنەردا دەگێڕێت، چێژی لێ دەبنێت و پێی ڕادێت. تاوای لێ دێت، دەبێتە خوێنەری هەمیشەیی ئەو نووسەرە و لێی دانەبڕێ بە شوێن بەرهەمەکانیدا بگەڕێت. دیارە ئەو نووسەرەیشی لاسایی ئەم و ئەو بکاتەوە، نابێتە خاوەنی شێوازی تایبەت بەخۆی))(حەسەن، ٢٠١٢ ،١٦٥).

شێواز چ لە ڕۆماندا بێت یان چیرۆک یان شیعر جیاوازەو تایبەتمەندی خۆی هەیە، ئەگەر سەرنج لە ڕۆمانی کوردی بدەیت، چ لە ئێستادا یاخود ڕابردوودا ئەوا ئەو شێوازە جیاوازانە بەدی دەکەین لە

ئاستی تەکنیکی گێڕانەوەدا بۆ نموونە ((شێوازی گێڕانەوە لە ڕۆمانی کۆندا، یەک قاڵب ویاسای بۆ گێڕانەوە هەبوو. شێوازی نوسینی ڕۆمان لەکەسێکەوە بۆ کەسێکی دیکە دەگۆڕێت، وەکو دەڵێت لەشێوازەکانی نووسیندا لەدایک دەبێت و لەگەڵ کۆتا پێهاتنی کۆتایی دێت. شێوازی نووسینی ڕۆمان لەکۆندا، باوەڕیان بەیەکێتی شێواز هەبوو، هەروەها لەم شێوازەدا (شێوازی کۆن) چیرۆکەکان سنووردارن و لە ڕووی کارەکتەرو ڕووداو پلۆت و مەبەستەکان، هەیە بونیادی شێوازی گێڕانەوەی کۆن گرنگی بە ڕۆمانی ڕوون دەدات بریان زیاتر زمانێکی وەسفی بوو. یەکێک لە خاسیەتەکانی ڕۆمانی نوێ فرەییە لە شێوازی گێڕانەوەدا واتە بوونی چەند شێوازێکی گێڕانەوە لە یەک دەقدا. ئەم فرەییەش هەم پەیوەندی بەزمانی گوێڕانەوەوە هەیە، هەمیشە بە گۆشەنیگای وەرگێڕ و کارەکتەرەکان، چونکە کاتێک فرەیی لە زماندا دێتە ناوەوە، ئەوا چەند شێوە زمانێک لە ڕۆمانەکە بونیان دەبێت))(مەنیک، ٢٠١٣، ١٨٤)، شێواز ڕۆڵ و گرنگی تایبەت بە خۆی هەیە لە گێڕانەوەدا، هەر ئەمەش وایکردووە ڕۆمانووسێک لە ڕۆمانووسێکی دیکە جیابکاتەوە، شێوازی گێڕانەوە ((ئەو شێوازەیە، کەتێدا لە ڕێگەی چەن ڕستەیەکەوە دەگەڕێتەوە بۆ ڕابردوو، لەڕێگەی ئەم ڕستانەوە، ڕابردوو لەناو شیعرەکەدا پەخش ئەکات، یاخود بریتییە لە گێڕانەوەی ڕووداوەکانی ڕابردوو، یان ئەو ڕووداوانەی، کە لەخەیاڵزای خۆیدا لەئایندەدا دەیانبینێت و باسیان دەکات))(ڕەئوف،٢٠٢٢، ٩٢).

دەتوانین بڵێین هەم شاعیر هەم ڕۆمانووس شێوازی گێڕانەوەی تایبەت بە خۆیان هەیە. ((شێواز، هەرچەندە بەتەنیاو خۆ بەخۆیی ناکاتە ڕەگەزێکی سەربەخۆ و زیندوو وبەدەم گێڕانەوەی ڕووداوەکەوە مەوزوعییەت پەیدا دەکات، بەڵام ئەوەندەی دینامیکیەت تیایە کەبتوانێت کار لە شێوەی گێڕانەوەی بەشەکانی ڕووداوەکە و لەئەنجامدا کار لە بونیادی ڕووداوەکە بکات، ڕووداوە سەرەکیترین و دینامیکیترین ڕۆمانە نووسەر بەمەبەستی گێڕانەوەی ڕووداو ڕۆمانەکە دەنووسێت. زمان و شێواز، گیان وڕۆح بە ڕووداو دەبەخشن. بەڵام ڕووداو دەبێت جۆرە گونجان و هاو ئاهەنگییەکی سەرەتایی تێدابێت، چونکە بەبێ ئەو گونجان و هاوئاهەنگییە ڕۆمان نایەتە ئەفراندن و هونەرییەت وەرناگرێت.))(عارف، ٢٠٢١، ١٢٩-١٣٠) .

شێوازی گێڕانەوە تەنیا هەرلە ژانری ڕۆماندا بەدیناکرێت و تایبەت بێت بە یەک جۆری ئەدەب و هونەر، بەڵکو ئەم شێوازی گێڕانەوەیە لە داستان و چیرۆک (حکایەت) شیعر و وەک ئەوەی ئاماژەمان پێدا گێڕانەوە و شێوازەکانی تەنانەت لە ژیانی ڕۆژانەشدادەبینرێ بۆ نموونە لە بابەتی شیعریشدا دەبینرێت. ((بنەما سەرەکییەکانی شیعر لەبەرچاو بگرێت. بنەما سەرەکییەکانیش لە دارشتن وسەدمەی ئیستاتیکی و وێنەو ڕیتم و چڕکردنەوەو تەکنیک و شێوازی خۆی ئەبینێتەوە... کەواتە بەهیچ جۆرێک قبوڵ نییە بەزمانی ئاسایی قسەکەرەوە گێڕانەوەیەک خۆی بهاوێتە ناو هیچ شیعرێکەوە، پێشتر ئەبێ ئەو بنەماو کۆڵەکە سەرەکییانە لە پێشچاو بگرێت و ئەوکات تەوزیف کردنی

دابڕێژێت. بۆیە هەمیشە گێڕانەوەی زمانی سروشتی و گێڕانەوە لەشیعرو چیرۆک هونەرەکانی تر جیاوزن))(ڕەزا، ٢٠٠٧، ٨١-٨٢).

ئەم شێوازی گێڕانەوەیە لەهەر بوارێکدا بێت ئەدەب یان ژیانی ڕۆژانە ئەوا قسەکەر یان ڕۆمانووس یان. ڕۆڵێکی بەرچاوی دەبێ لەنەخشاندن و ڕازاندنەوەی وشەکان و ڕێکخستنیان، ئەوەش واڵە خوێنەردەکات گوێ شل بکات بۆ ئەم گێڕانەوەیە شێوازی واش هەیە دەبێتە هۆی بێزاری خوێنەر. کەواتە شێواز لەڕۆماندا سەرکەوتنی ڕۆمانووس دەردەخات. ڕۆماننووس لەکاتی گێڕانەوەکەیدا ((ئەگەر توانی بە گێڕانەوەکەی خوێنەرانی بخاتە نێو دونیای ئەندێشەو خەیاڵ و ڕازی بکات بەوەی، کە دەیگێڕێتەوە بەشێکە لە واقیع و دوورە لە وەهم و خەیاڵ، ئەوا بێگومان کەسێکی سەرکەوتووەو توانیویەتی زۆر جوان مامەڵە لەگەڵ ئەم هونەرە بکات و حەقی خۆی بداتێ، هەروەها بیکاتە چەمکێک بۆ گەیشتنی ئەو پەیامەی، کە چیرۆکنووس دەیەوێ لە ڕێی چیرۆکەکەیەوە، بیگەیەنێتە خوێنەر))(محمد، ٢٠١٥، ١٢).

لەگەڵ ئەوەشدا هاوکات ((گێڕانەوە لە ڕۆماندا بریتی یە لە و ڕێگەی، کە چیرۆکی پێدەخرێتە ڕوو، کە زۆرێک لە شێوە هونەرە ئەدەبییەکان پشتی پێ دەبەستن وەک ڕۆمان و چیرۆک و شانۆگەری، وە بریتییە لە پەیڕەوێکی تایبەت، کە بەکاردێت لە پێناو گواستنەوەی چیرۆکێک بۆ خوێنەرلن و وەرگێڕان بەشێوەیەکی گشتی، یاخود بە شێوەیەکی دیکە بریتییە لە بەکارهێنانی کۆمێنت و تێبینییە دەربڕاو و نووسراوەکان بۆ گواستنەوەی ڕووداوەکانی چیرۆکێک بۆ گوێگران و وەرگران، بەشێوەیەک، کە گێڕانەوە هەڵدەستێت بە بەستنەوەی ڕاستیەکان یاخود ڕووداوێک بەخاڵێکی دیاریکراو، هەروەها هەڵدەسێت بۆ دروستکردنی پێکەوەبەستەری لۆژیکی لەگەڵ ڕووداو و کەیسەکانی دیکەدا))(طعمة، ٢٠٢٠ , سطور).

لێرەدا ئاماژەدەکات، کە پێوەندییەکی ڕاستەوخۆ لە نێوان واقیع و ڕووداودا دروست دەبێ. ((هەروەها لە ڕێگەی گێڕانەوە نووسەر دەتوانێت، کە ئەزموونێک لە چوارچێوەی شوێنی و کاتیەکی دیاریکراو دەربکات و بیرێژێتە ناو یادەوەریەکی ناکۆتا، کە بریتیە لە یادەوەری هەموو مرۆڤایەتی، و لە ڕێگەی ئەم گێڕانەوەیە خوێنەر دەچێتە نێو چەندین جیهانی جیاوازەوە لە ڕووی شارستانییەتەوە بە ئەگەرێکی زۆرەوە لەوانەیە زانیاری لە بارەیانەوەنەبێت))(هەمان سەرچاوەی پێشوو، ٢٠٢٠).

هەر بەهۆی ئەم شێوازی گێڕانەوەیە لە ڕۆماندا، کە نووسەر خۆیەتی، کە چۆن دەی نەخشێنێ و بابەتەکەی پێ ڕەنگاوڕەنگ دەکان بۆ چێژێکی زیاتر. ((گێڕانەوە بەشێکی گرنگی ژیانی ڕۆژانەی مرۆڤ پێک دەهێنێت و هەر لەسەرەتای پەیدابوونی مرۆڤەوە دوای قوناغی کۆمۆنەی سەرەتایی و خۆگونجاندنی مرۆڤ لەگەڵ دەوروبەر، دیاردەی گێڕانەوەش وەک پرۆسەیەکی گوزارشت کردن گواستنەوە ڕووبەرێکی فراوان لە ژیانی مرۆڤدا داگیر کردووە، چونکە گێڕانەوە بە شێوەو شکڵی

جۆراوجۆر و بێ ئەژمار لە هەموو سەردەم وشوێن و کۆمەڵگایەکدا ئامادەیە. گێڕانەوە، لەگەڵ مێژووی مرۆڤ دەست پێدەکات ... گێڕانەوە بابەتێکی نێو نەتەوەیی و ئەوپەڕی مێژووی و ئەوپەڕی کلتووری یە))(حمد أمین، ٢٠١٢، ٧).

لەژیانیشدا ئەو ڕووداوانەی ڕوودەدەن بەتەواوەتی دوای تەواوبوونە کاریگەرییەکەی هەر دەمێنێتەوەو دەگێڕدرێتەوە، بۆیە وەک مێژوو یان کلتور مامەڵەی، لەگەڵدا دەکرێ ئەگەر یەک کاتژمێریش بەسەر ڕووداوەکەدا تێپەڕێت هەر ڕابردووە.

((کاتێک مرۆڤ ڕووداوێک دەبینێت یان بەسەرهاتێکی تووش دەبێت ڕێگایەکی هەیە بۆ باسکردنی ئەم ڕووداوە وبەسەرهاتە، کە ئەویش گێڕانەوەیە، واتە لە ڕێگای گێڕانەوەوە مرۆڤ ڕووداوو بەسەرهاتەکانی ژیانی دەگێڕێتەوە، لەگەڵ ئەمەشدا دیاردەی گێڕانەوە لە ئاخاوتن ونووسین و ومێژوو دێنەو ... هتد بوونی هەیە، چونکە ئەو دیاردانەی پەیوەندیان بەژیانەوە هەیە، لە ڕێگەی گێڕانەوەوە گوزارشتیان لێدەکرێت و گێڕانەوە تێیاندا بوونی هەیە و ئەم دیاردانە نەوە دوای نەوە دەیگێڕنەوە گێڕانەوەش هونەرێکی دێرینە یەکێکە لەو هۆیانەی، کە ڕۆژانە مرۆڤ بەهۆیەوە بەسەرهاتەکانی ژیانی بۆ هاوەڵەکانی گێڕاوەتەوە، چونکە لێدوان و قسەکردن و دەربڕینی بۆچوون دەربارەی ڕووداو بەسەرهاتەکانی ژیان لە ڕێگەی گێڕانەوەوە دەبێت، لەبەر ئەوەی گێڕانەوە شتێکی گشتی و جۆراو جۆرە و هەموو ئەو ژانرە ئەدەبیانە، کە پشت بە گێڕانەوە دەبەستن وەکو ئەفسانە حیکایەت و چیرۆکی فۆلکلۆری و چیرۆکی هونەری ڕۆمان ... هتد لەگێڕانەوەوە پەیدا بوونە))(هەمان سەرچاوەی پێشوو، ٧).کەواتە گێڕانەوە پێوەندییەکی توند و تۆڵی بەژیانەوە هەیە. دەتوانین بڵێین ژیان هەمووی گێڕانەوەیە.

لەگەڵ ئەوەشدا ((سەبارەت بەو تیۆرانەی، کە لە لێکۆڵەری ڕوسی (میخائیل باختین ١٨٩٥-١٩٧٥) لەم مەیدانەدا ئەنجامیاندان . واتە بە دیاریکراوی لە سەرەتای حەفتاکانی سەدەی بیستەم بەدواوە . کۆمەڵێک لەوتارە تیورەی و پراکتیکیەکانی، کە دەربارەی ڕۆمان بوونە. کۆکردنەوەو لە کتێبێکدا بەناوی (وشەلە ڕۆماندا) بڵاو کردەوە ئەم شیکردنەوانەشی بە شێوازی ڕۆمان ناوبرد. کە تێیدا داوای دەکرد لە (گوتن – ئاخاوتن) بکۆڵرێتەوە. نەک لە ڕوانگەی زمانەوانییەوە، بەڵکو لە چوارچێوەی پێوەندی دایەلۆگی، واتە لە ڕێی واقیعی کردەییەوە بەم کارەشی توانی قۆناغی فۆرماڵیستە ڕووسەکان تێپەڕێنێت، کە تەنیا گرنگیان بە زمان دەدا. چونکە (باختین) داوای دەکرد، کە (شێوازگەری) بەتایبەتی بە بواری شیکردنەوەی ئاخاوتنی ڕۆمانەوە پەیوەست بکرێت واتە(باختین) جەختی لەوە کردەوە، کە (شێوازگەری) واتە شیکردنەوەی ئاخاوتنی ئەدەبی، پێویستە لە پشت زمانەوانیەوە (ماوراء الالسنة) دامەزرابێت. نەک لەسەر خودی زمانەوانی، چونکە لێکۆڵینەوە پشت زمانەوانییەکان ڕێگە دەدات، کە لێکۆڵینەوە دەربارەی ئاخاوتنی کۆمەڵایەتی ئەنجام بدرێت.))(صالح،

٢٠٢٠، ٦٣-٦٤) .لێرەدا باختین زێتر جەخت دەكاتەوە لەسەر كردەی گفتوگۆكان لە نێو رۆماندا، كە لەسەر بنەمای زمانەوانی بێت.

بەم شێوەیە باختین ((گرۆتین و وزەیەكی نوێی بە ڕۆمان بەخشی و ڕێگە یەک بوو، تاكو وەرگر لە میانەی دیالۆگەوە پەی بە ڕەهەندی دەروونی كەسایەتیەكانی نێو ڕۆمان ببات و ئاشنای لایەنە شاراوە و نهێنیەكانیان و سروشت و هەڵسوكەوت و چۆنیەتی بیركردنەوە و بڕیاردانیان بێت، ئەمەش بێگومان لە دوو توێی دیالۆگی كەسایەتیەكانی نێو ڕۆماندا بەرجەستە دەبێت بۆ یە فرەدەنگی شێوازێكی تازەیە و داهێنانێكی تایبەت بە دیسكۆفسكیە، پێش ئەو هیچ نووسەرێ بەوفراوانییە، یان بەو دەست ڕەنگینیە ڕۆمانی نەنوسیوە. فرەدەنگی پەیوەستە بەكەسێكی پاڵەوان و بەمانی دروستبونی گفتو گۆیەكی زیندوو لە ناو ناخی یەک پاڵەوان دەبێت))(هەمان سەرچاوەی پێشوو ،٦٣ -٦٤).

ئەگەر سەرنج بدەینە ئەرک و ڕۆڵی شێواز لە نێو ڕۆماندا گرینگە، چونكە دەبێتە هۆی ناسێنەوەی نووسەر لەنێو دەقدا. ((لە ڕوانگەی لێكۆڵینەوەی شێوازگەریەوە، ڕۆمان كەوەكو بونیادێكی گشتی دەردەكەوێت، دەتوانرێت پارچە پارچە بكرێت یاخود بكرێت بە یەكەی بچوک بچوک، بەڵام لە چوارچێوەی یەكێتییە گشتییەكەی ڕۆماندا نابێت دەربچێت. ئەوەی دەبێتە ئامرازێک بۆ ئەم كارە ڕێگە خۆش دەكات، ئەو گێڕانەوە جیاوازانەیە، كە لە ڕۆماندا وینا دەكرێت، كەخۆی لە چەمكی (فرەدەنگی) لای (باختین) دادەبینێتەوە. هەروەها گونجاویشە، كە ئەم یەكانە وەكو پێوەریكی هونەری لە جیاكردنەوەی ڕۆمانەكاندا بەكاربهێنرێت بەو واتایەی ئەم فرەدەنگییە وەكو سیماو خەسلەتێک لە ڕۆمانی نوێ دا دەردەكەوێت و خاڵێكی جیاكەرەوەیە لەگەڵ ڕۆمانی كۆندا))(هەمان سەرچاوەی پێشوو، ٦٦).

هەرچەندە دنیای ڕۆمان جیاوازە لەژانرەكانی دیكەی ئەدەب، چونكە ڕۆمان سودی لە ڕووداوەكانی ژیان وەرگرتووە ((ئەگەر سەرنجێكی فراوانی ڕۆمان بدەین، كە بۆ خۆی جیهانێكی تایبەتە و خاوەنی خەسڵەت و ڕەگەزی جودایە لە ژانرەكانی دیكە، چونكە ئەم ژانرە توانیویەتی سوودێكی زۆر لە هونەرەكانی تری وەک سینەما و شانۆ و وێنەكێشان و هەروەها ژەنرە ئەدەبییەكانی وەكو شیعرو چیرۆک ... هتد وەربگرێت وەكو ڕستەیەک لە بونیادی خۆیدا بەكاریان بهێنێت. جگە لە توزیفكردنی (مێژوو، ئەفسانە، ئاین، فەلسەفە) لە ڕۆماندا بۆیە هەموو ئەم لایەنانە لەخزمەتی ڕۆماندایە و ڕۆماننوس دەبێت بەوریاییەوە مامەڵە لەگەڵ ئەو شێوازەدا بكات، كە هەڵیدەبژێرێت. چونكە ڕۆماننووسی سەركەوتوو دەتوانێت لە ڕێگەی مامەڵەكردنێكی هونەرییانەی وردە لەگەڵ كەرەستەكاندا، داهێنان ئەنجام بدات و شاكاری هونەری و ئەدەبی بخولقێنێت))(هەمان سەرچاوەی پێشوو، ٦٧).

بەشێوەیەکی گشتی ((شێواز بریتییە لە ڕێگەیەکی تایبەت، کە نووسەر یان شاعیر بە هۆیەوە لە دارشتنێکی تایبەت بە خۆی ڕۆمانەکەیەوە بیرەکانی پێ دەردەبڕێت و بەپێی بابەت و نووسەر دەگۆڕێت، هەروەها مامۆستا حەمە نوری عمر کاکی لە نامەی ماجستێرەکەیدا ئاماژەی پێکردووە و د. فازیل مەجیدیش چەند برگەیەکی خستوتە سەرو دەڵێت: بەڕای ئێمە نەک تەنیا بەپێی بابەت و نووسەر بەڵکو بەپێی سەردەم و جێگاش دەگۆڕێت))(محمد، ٢٠٠٨، ١٧٧).

دەتوانین بڵێین: زۆر سەردەم و بارودۆخی ژیان گۆڕاوە ڕەنگە لەو سەردەمەی شاعیر یان ڕۆماننووس، کەتێیدا ژیاوە سەردەمێکی سیاسی و سانسۆر بووبێت یاخود سەردەمەکەی هەژاری و نەداری بووبێ و بەواتە پێوەندی بەبژێویی و گوزەرانەوە هەبووبێت، کە ئەمانەش وای کردووە شاعیر یان ڕۆماننووس مۆرکی بەرهەمەکەی ڕەنگدانەوەی ئەو سەردەمە بووبێت، زۆرجاریش ڕوخساری کردووەتە قوربانی لە پێناو ناوەڕۆکێکی باش و تائەوەی پەیامە هزرییەکەی خۆی بگەیەنێت.

((هەر وەک وتمان شێواز لە سەر بنەمای شیعرییەتەوە ئەویش لە سەر هەردوو ئاستی (هەڵبژاردن و دانان)، واتە هەردوو خشتەی هەڵبژاردن و دانان پێویستیان بە هاوسەنگی هەیە، چونکە لەلایەک (ئاخاوتن) ڕۆڵی خۆی دەبینێ نەک زەمان لە ڕووی هەڵبژاردنی وشەوە دەستەواژەی نووسراوی سەربەخۆ لە یەکێکەوە ئاراستەی یەکێکی تر دەکرێت، وەک ئامرازی لە یەکتر گەیشتن لە ژیانی مرۆڤایەتیدا، دواتر زمانەکەش لە ڕووی (دانان)ی یاسا ڕێزمانییەکانە، واتە ناکرێ پێناسەی شێواز لە دەرەوەی (ئاخاوتن) دا ئاماژەی پێ بکرێت دواتریش هەردوو ئاست لە ڕووی دەلالیەوە فیکرەی نووسەر یان شاعیر بەپێی بابەت و سەردەم و جێگا دەگۆڕێت، چونکە شێواز پرۆسەیەکی هۆشمەندانەیە و بەڕای ئێمەش شێواز جیهانیکی دەلالی نووسەر یان شاعیرە لە سەر هەدوو ئاستی ئاسۆیی و ستوونی دەخوڵقێنێت، چونکە لە لایەک ئاخاوتن بەشداری دەکات و لەلایەکی تریشزمان واتە لە وتاری ئەدەبیدا ئەرکی شیعری دەبێتە ڕوویەکی زاڵی وتارەکەو خوڵقاندنی (شێواز)ەکە))(هەمان سەرچاوەی پێشوو و ١٧٧) بۆ ئەوەی بەبونیادی ڕۆمان ئاشنا بیت، دەبێت ڕۆڵی شێواز لە دەقەکەدا لەبیرنەکەیت، هەرچەندە شێواز لە هەربوار وبابەتێکدا ڕۆڵ و گرنگیی تایبەتی خۆی هەیە، بەڵام دەبێ ئەوە لەبیرنەکەیت چەند ئەرکیکی گرنگی هەیە، چونکە ((لە ڕێگەی داهێنان و شێواز و توانای نووسەر جۆرێ بەرهەم مەبەستی گەیاندن جێ بەجێ دەکات، زمان بەبێ شێواز هیچ ئیلتیزامێکی کۆمەڵایەتی و پەیامێک ناگەیەنێت هەر بەهۆی شێوازەوە ئاسۆی زمان فراوانتر و لەبارتردەبێت بۆ تێکەڵاوبونی کۆمەڵایەتی لایەنەکانی تری ژیان وەک ئابوری، سیاسی، ئاینی، نەتەوەیی ... هتد))(صالح، ٢٠٠٥، ٥٩).

لەگەڵ ئەوەشدا ((زۆر جار شێواز لە چوارچێوەی هونەری دەچێتە دەورو مەبەست دەرناخات ئەوکاتە ئەرکی نووسەر تەنیا ئەوە دەبێت، کە لاسایی یەکێکی تر بکاتەوە بێ پەیڕەوی کردن هیچ

ڕێبازو ڕێنماییەک، زمان و شێواز دوو پەیوەندی ئاسۆیی وستونین، زمان ئاسۆییەو شێواز بە ستونی لە سەری وەستاوە لە ڕێگەی شێوازەوە نوسەرو زمان بەیەک دەبەستێتەوە، شێواز پێویستیەکی نوسەرە لە بەکارهێنانی میزاجی بەرامبەر بە زمان کە ئەمەش پەیوەندی بە مێژووی زمان و چاخەوە هەیە لەلایەک بەکەرەستەی دەربڕین لەلایەکی ترە شێواز پەیوەندی نێوان داهێنان و نووسەر و کۆمەڵە بیرکردنەوەی نوسەر لە ڕێگەی بەکار هێنانی ڕۆخسارێک لە شێوازدا نوسەر ئەدەبیدا، هەر لە ڕێگەی شێوازەوە نوسەر جولانەوەی جۆراو جۆری کۆمەڵ بەگوڕتینێکی ترەوە دەخاتە ڕوو))(هەمان سەرچاوەی پێشوو،٥٩ -٦٠). هەر بۆیە ئەو بیرو فیکرەی، کە لای ڕۆماننووسێک هەیە جیاوازە لە بیرو فیکرەی، کە لای ڕۆماننووسێکی دیکە هەیە.

## ٣-ئیستاتیکاو ئیستاتیکای گێڕانەوە:

سەبارەت بە ئیستاتیکاو جوانیی لە ئەدەب و هونەردا بەتایبەتی لە ڕۆماندا ئامانجێکی سەرەکی و جیاوازە، چونکە لێهاتووی و سەرکەوتنی ڕۆمانووس دەر دەخات لەگەڵ ئەوەشدا جوانی هەر بەرهەمێکی ئەدەبی لە چۆنیەتی و چنین و پێداچوونەوە و شێوازی نووسین ئەندێشەکەیدایە بەشێوەیەکی ئیستاتیکی. ((شکلۆفسکی لە بابەتەکەیدا لە چەمکی جوانی کاری ئەدەبی و وێنەکاری شیعر دەدوێت و دواتر دێتە سەر ئەوبابەتەی وادەکات کاری ئەدەبی بابەتێک لە قاڵبێک و کلێشەیەکی سوواوە بکاتە دیاردەیەکی نوێ و گیانێکی زیندووی بەبەردا بکاتەوە ئەم باسەی شلکۆفسکی لەدەمی خۆیدا و تا ئێستاش بناغەیەکی پتەوە بۆ ڕوانینە دەق بەشێوەی هەڵسەنگاندن بەپێی بنەمای جوانناسی))(کەسنەزانی، ٢٠١٢، ٢٤٨). ئیستاتیکا لە هەموو بابەتێک دا ڕۆڵی تایبەتی خۆی هەیە پێویستە گرنگی بەم لایەنە بدرێت و فەرامۆش نەکرێ.

ئاشکرایە ڕۆڵ و گرنگیی ئیستاتیکا لە بەرهەمی ئەدەبی کارێکی گرنگە، چونکە دەبێتە پردێ لە نێوان خوێنەر و نووسەر، ئینجا نووسەری ڕۆمانووس بێت یان، چیرۆکنووس ... هتد ((جوانی بریتیە لە لێکۆڵینەوە لە تێگەیشتنی مرۆڤ لە جوانی، هەستکردن بەو جوانییە، هەروەها هەڵسەنگاندن. بۆئەوەی بگەینە قۆناغی هەڵسەنگاندنی ئەوشتەی تێیگەیشتووین، پێویستە قۆناغەکانی پێشووتر ببڕین، کە دەبن بە بنەما بۆ هەڵسەنگاندنەکە، ئەوانیش بریتین لە تێگەیشتنمان بۆ جوانی و بنەماکانی، هەروەها هەستکردن بەو جوانییە))(یاقووب، ٢٠٢١، ٤٢٦) خوێنەر لەکاتی خوێندنەوەی هەر دەقێک هەست بە جوانی دەکات. بۆیە خوێنەر بەهیچ شێوەیەک هەست بەوەڕسی یان ماندوویی ناکات و بە پێچەوانەشەوە ئەگەر دەقەکە هیچ ئیستاتیکایەکی تێدانەبێ ئەوا لەوێدا خوێنەر وەرس و ماندوو دەکات. ((کۆنترین سەرچاوە کە باسی جوانناسی، واتا ئیستاتیکای کردبێ دیالۆگی-هیبیاس – ی ئەفلاتوونە، ئەفلاتوون هونەر و جوانییەکانی هونەر بەڕەوشتەوە دەبەستێتەوە. وە پەیوەندی هەردووکیان بە خوڵقێنەری جیهانەوە باس دەکات))(ئاشنا، ٢٠٠٧، ٦٠).

بەم پێیە جوانی لەهونەردا یان لەئەدەب، بەتایبەت لە گێڕانەوەدا ڕێژەییە، چونکە هەندێ لە شێوازە گێڕانەوەییەکان ئیستاتیکی پڕاوپڕ دەدات بەبەرهەمەکە هەندێکی دیکە بەپێچەوانەوە. هەروەها سەبارەت بە ئیستاتیکا فیکتۆر باش دەڵێت: ((زانای ئیستاتیکی تەنها بەهیوا بوون کارەکەی لەناو زانینی هەستیدا گەمارۆ نادات، هەروەک چۆن هونەرمەند نییە بەهۆی سروشتی هونەرییەوە لەکارەکەیدا سەرکەوێت، بەڵکو ئەو زانایە و کارەکەی لە تێگەیشتنی دیاردە ئیستاتیکیەکان و کارکردن لەسەر ڕوونکردنەوەی زەینماندا گەمارۆدەدات زانای ئیستاتیکی باسی ڕووداوێک یان کێشەیەک یان بەهایەکی ئیستاتیکی دەکات، یاخود کردارە ئیستاتیکیەکان شیدەکاتەوە پشت بە پرۆگرامەکانی بۆساغبونەوە و ئەزموون دەبەستێت بەمجۆرە کاری زانای ئیستاتیکی لەگۆڕینی ئەوزانیاریانیە ئەزموونییەی، کە هونەرمەند یاخود داهێنەر هەیەتی بۆ زانیاری تێوەری چڕ دەبێتەوە، چونکە ئیستاتیکا لە بنەڕەتدا گرنگی بەبنەماو کێشە تێوەرییەکانی جوانی دەدات))(عومەر، ٢٠٠٩، ٢٤ – ٢٥).

ڕۆماننووس بۆ ئەوەی بەهایەکی ئیستاتیکی بەڕۆمانەکەی بدات زانیارییەکانی بەپێی ئەزموونی خۆی داهێنانی تێدا دەکات و جوانی یان ئیستاتیکی تایبەتی خۆی پێ دەبەخشێت ئەمە جگە لە ڕۆماندا لە شیعریشدا جوانی پلەیەکی بەرزی هەیە ((بۆیە ئەندێشەی ئیستاتیکی بەهای تایبەتی خۆی هەیە لە ڕازاندنەوەی جوانی دەقی شیعری بە شێوەیەک ببێتە بنەمای سەرنج ڕاکێشانی خوێنەری دەقە شیعرییەکە))(مەولود، ٢٠٢١، ١٦٦).

ئیستاتیکا بەتەنها لە شیعردا یان ڕۆمان یان چیرۆک هتد ... بەس نی یە، بەڵکو هەموو بەشەکانی ئەدەب و جۆرەکانی پێویستی بە ئیستاتیکا هەیە. چونکە جوانی چێژ دەبەخشێ بە خوێنەر وای لێ دەکات زیاتر خوێنەر پەلکێش بکات بۆ ناو بابەتەکە، کەواتە ئیستاتیکا ((ئامانجی هەموو ئەدەبێکە، جوانناسی واتە شێواز و داڕشتن، ئەمەش کێشەیەکی سەرتاپاگیری هەموو ئەدەبێکە، چونکە هەموو بنیاتنانێکی وەبەرهەم هێنانێکی لە پێناوی بنیاتنانی ڕوانین و ئامانجێکی جوانی ناسانەیە))(عومەر، ٢٠٢٢، ١٠٩).

دەکرێت بڵێین ڕۆڵی ئیستاتیکا لە ڕۆماندا گرنگەو ئامانج تێیدا سەرکەوتنە. لەمبارەیەوە کانت دەڵێت: ((جوانی پاراو لە ڕوخساری پاراودا خۆی دەنوێنێت، جوانی لەو شێوانەدا دەردەکەوێت کە هەموو ناوەڕۆکی تێداون دەبێت))(حسێن، ٢٠٠٨، ٥٦) لێرەدا ناوەڕۆک گرنگی و تایبەتی خۆی هەیە کە دەبێت جوان بێت ئەمەش ئەوەناگەیەنێت، کە ڕوخسار گرنگ نی یە ئەمە نەک تەنها بۆ بابەتێکی شیعر ئاوایە، بەڵکو لە ژیاندا یان لە ڕۆمانیش هەر ئاوایە هەر وەکو چۆن جێنماری گویو باسیدەکات و دەڵێت: ((تایبەتی ترین تایبەتییەکانی هونەرمەند ئەوەیە، کە کاریگەری جوانی لەسەرە، هیچی کەمتر نییە لە کاریگەری ڕووداوەکانی ژیان، بەڵکو زیاتریشە، تەنانەت جوانی بەلایەوە خودی واقیعە))(هەمان سەرچاوەی پێشوو، ٦٦).

هەروەک چۆن پێشتر ئاماژەمان بە ئیستاتیکا کرد، کە لە هەر بوارێکدا بێت پێویستەو ئامانجی چێژ بەخشینی هەبێت و بەتایبەت لەڕۆماندا ((ئەگەر چی گێڕانەوە ڕەگەزێکی هاوبەشە لە نێوان دەقی ڕۆمان و حیکایەتدا، بەڵام گێڕانەوە لە ڕۆماندا ڕەهەندێکی ئیستیکی وەردەگرێت، بەومانایەی چەند دەبێتە جێگەی تێڕامان و سەرنجی خوێنەر ئێمە گوێبیستی حیکایەتێکی میللی و فۆلکلۆری دەبین، ڕەنگە تەنیا ئەوەمان بەلاوە گرنگ بێت، کە ڕێڕەوی گێڕانەوەکە، بەکوێ دەگات و دەگەینە خاڵی کۆتایی. بەڵام لە ڕۆماندا گێڕانەوە چێژو جوانییە. جۆرێکە لە دروستکردنی شیعر بەتی گێڕانەوە، کە دەبێتە جێگەی سەرنجی خوێنەر و چێژی لێ وەردەگرێت، چونکە داڕشتنی بنیادی زمان لە دەقی ئەدەبیدا فۆرمێکی جیاواز تری هەیە کەم نین ئەو ڕۆمانانەی نووسەرەکانیان بەهەمان زمانە میللییەکە، ڕووداوەکان دەگێڕنەوە. بۆیە لەمیانەی خوێندنەوەیاندا، هیچ جوانییەک بەدەقە کەنادەن گێڕانەوە لە ڕۆماندا، ڕەگەزێکی سەرەکییە و هونەرە. پانتایی سەرەکی ڕووداوەکان لە ڕۆماندا لە ڕێی وەسف و گێڕانەوەوە دەگەنە خوێنەر، بۆیە ئەگەر ئەو گێڕانەوەیە لە ئاستێکی هونەری باڵادانەبێت خوێنەر هیچ چێژێکی لێ نابینێت))(سەعید ڕەواندزی، ٢٠٢١، ١٤٩).

لەڕاستیدا گێڕانەوە و ئیستاتیکا وزەو هێز بەنووسەر دەدات. وا لەخوێنەر دەکات تاکۆتایی ڕۆمانەکە بەردەوام بێت. ئەمەش سەرکەوتنی ڕۆماننووس دەردەخات لە ڕۆمانکەدا. کەواتە لەزەتی ئیستاتیکا چ لە مرۆڤدابێت یان هەر بابەتێکی هونەری و ئەدەبی گرنگە و دڵ و ڕۆح دەکاتەوە، چونکە لە بینینی مرۆڤدا هەر بەرهەمێک ،کە هەست بە لەزەتی ئیستاتیکا دەکەین ڕاستەوخۆ مرۆڤ هەست بەو گەشانەوەیە دەکات، بۆیە بە ئەرکێکی سەرەکی دادەنرێت لە ڕۆمانیشدا، کە پێویستە ڕۆماننووس پەنای بۆ بەرێت.

ئەرستۆ دەڵێت: ((شتی جوان چ بوونەوەرێکی زیندووبێ و چ ماددەیەک بێ و لەچەند بەشێک پێکهاتبێ، پێویستە نەک هەر ڕێکخستنی بەشەکانی ڕێک و پێک بێ، بەڵکو دەبێ قەبارەیەکی گونجاویشی هەبێ. چونکە جوانی پێویستە بەڕێکخستن و قەبارەیەکی تایبەتییەوە بوونەوەری هەرەبچووک ناشێ جوان بێ، چونکە بینینەکەی کاتێکی وای ناوێ و ناتوانین بەڕوونی دەرکی پێبکەین، هەروەها شتی هەرەزلیش، وەکو شتێ کە بۆ نموونە هەزار میل درێژ بێت، چونکە چاو ناتوانێ هەمووی بەیەک جار وەربگرێت، ئیتر تەماشاکەر هەست بەیەکێتی وە تەواوییەکەی ناکات. بەم جۆرە، چۆن بونەوەری زیندوو، یان ئەو پێکهاتەیەی لە چەند بەشێک درووست بووە، دەبێ قەبارەیەکی دیاری هەبێ بۆ ئەوەی چاو بەیەک سەرنج وەری بگرێ))(ئەرستۆ، ٢٠٠٤، ٣٤-٣٥).

جوانیی بابەتێکی گرنگە لەئەدەبدا، چونکە جوانی لایەنێکی هونەرییە بەپێیەش هونەر لەڕۆماندا پێویستە ((هەستیاری هونەرمەند و نووسەری بەهرەدار (وێژە بۆ وێژە) ئەنجام دەدات. هەروەکو چلۆن بولبول ئاوازی خۆش دەخوێنێ و گولی بۆنی عەتر بڵاو دەکاتەوەو جۆگەلەو ڕووبارو دەریا

ئاوازی خۆش پەخش دەکەن و هیچ مەبەستێکیان لەوەدا نییەو چاوەڕێی پاداشت ناکەن، هەستیاری هونەرمەند و نووسەری بەهرەدار، بیانەوێ یان نەیانەوێ هەردەبێت سروشتیانە ئەرکی هونەری سەرشانی خۆیان بهێننەدی و لە بەجێهێنانی ئەم ئەرکەدا چاوەڕێی هیچ شتێ ناکەن، ئەوە نەبێت کەبوونی ڕاستینەی خۆیان دەربڕیوە و بەس، ئەو دەربڕینەش ئاوێنەی جوانی خواییە و کەمالی هۆشمەندی و بیری خۆشگوزەرانی و عەقڵ دەنوێنێ))(بەسیر، ٢٠١٥، ٢٢٨).

پەرناسەکانیش گرنگی زۆر بەجوانی دەدەن بەجۆرێک، کە ((جوانی بەتاقە ئامانجی وێژە دادەنێت و ئەم جوانییە بە قیبلەو پەرستگەی وێژە لەقەڵەم دەدات و دووپاتی دەکاتەوە، کە وێژەی ڕاستینە جوانی پەرستییە))(هەمان سەرچاوەی پێشوو، ٢٢٨)، ئەم جوانییە پاکییەکی بێگەردەو لەهەناو و ناخی نووسەر دێتە دەرەوە و گەشەدەکات، کە ئاوازو مۆسیقا بەدەقی شیعر یان ڕۆمان دەبەخشێ.

((بابەتی جوانی لای ڕۆمانتیکەکان و دواتریش بەزەقی لە بەرهەمی پەرناسەکاندا، بەزیادەڕەوییەکی زۆرەوە خرایە ڕوو. بانگەشەی هونەر بۆ هونەر، لە پێناوە دوورخستنەوەی ئەدەب وهونەر لەهەموو پێداویستی و داواکارییەک، بەخشینەوەی ئە رکی سەرەکی بە هونەرە، کەجوانییە، هەنگاوێکی گرنگی هزریانەبوو، بۆ سەرلەنوێ خوێندنەوە و پێداچوونەی جوانی و سەرهەڵدانەوەی کۆمەڵێک پرسیاری گرنگ، لەباری سوودی ئەدەب، سوودی جوانی جییەتی هەر یەک لەمانە پەرناسەکان باوەڕیان بەسوربەخۆیی هونەر هەبوو، لە کاتێکدا هونەر دەکرێت بەرهەمی بیرکردنەوە و تێڕوانینی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئاینیش بێت، بەڵام ڕوانین هەموو ئەمانەی ڕاماڵی و لەبەرامبەری هونەری سوودمەند و پەیامدار و ئامانج داردا زاراوەی هونەر لە پێناوی هونەریان هێنایە ئاراوە))(کاکی، ٢٠٢١، ٥١).

لەگەڵ ئەوەشدا هونەری جوانی وئیستاتیکا لە کارێکی ئەدەبیدا پەیوەستە بە سەردەم و بارودۆخی سەردەمەکەوە، چونکە لەهەندێ سەردەمدا هونەری ئیستاتیکا فەرامۆش کراوە لە پێناوی گەیاندنی مەبەست و ئامانج یان هەرهۆیەکی دیکە لەهەندێ سەردەمیشدا گرنگی وبایەخێکی یەکجار زۆری پێدراوە هەربەم شێوەیە ((ڕەوشتی هاتنەناوەوەی جوانیناسی بۆ ناو ئەدەبیات، لە بنەڕەتدا ڕەوشێکە پەیوەندی بەجوانی و شێوەی بەرهەمەوە هەیە، وەک لەبابەتی ناوەخنی یان زەمینەیی وەک سیاسەت، جوانیناسی کەکاری لێکۆڵینەوە لە جوانی و سرووتە لەئەدەبییات و هونەرەجوانەکاندا، دوو ڕەوتی تیۆری دەگرێتەوە: توێژینەوەی فەلسەفیانەی بنەڕەتی جوانی وپێناسەکردنی. دووەمیش توێژینەوەی دەروونناسییانەی پەیبردن و ڕەگەکان و کاریگەری هۆشەکی جوانی لێرەوە ڕوانین لە ئەدەبیات لە دیدی ئیستاتیکاوە، دەبەسترێتەوەوە بەدیدی ئەدەبناسی سەردەمەکانەوە لەهەندێک سەردەمدا جوانی ئەدەبی لە فۆرم و شێوەو، چۆنێتی ڕێکخستن و یەکخستنی یەکە پێکهێنەرەکانی بەرهەمەکەدا خۆی دەبینێتەوە، کە زیاتر لەدەوری پەیامداری ئەدەبدا دەمێنێتەوە. پەیوەندی بە

پاکژکردنەوەی دەروونەوە هەیە، بەو جۆرەی بەرهەمی کاملی جوان نەفرنیزاو، بەهۆی نەزم و ڕێکخستنی ناوەڕۆک و شێوەوە، کاردەکاتە سەر وەرگر و دەروونی پاکژ دەکاتەوە. ئەم جوانییە لە ڕێکخستن و هاوسەنگی ڕاگرتندا دێتەدی))(هەمان سەرچاوەی پێشوو، ٥٣)، لێرەدا ئەم جوانییە جۆش وخرۆشێک بەخوێنەر یان گوێگر دەدات. هەر بۆیەش پەرناسەکان هەمیشە لەگەڵ جوانی دابوون پێیان وابوو جوانی سەرچاوەی هەموو شتێکە.

((لە سەدەی نۆزدەدا و لە ئەوروپادا شۆڕشێکی هونەری ئیستاتیکی وەها بەرپابوو ڕەونەق و ڕەواجی بە ئەفسانە، وەکو فۆرمێکی هونەری، بەخشیەوە. ئیدی ڕۆمانتیکەکان لەمەشیان تێپەڕاند و بە جۆری مۆدەی ئەفسانەبوو، کە بەسەرچاوەی هەرە ڕەسەنی هونەرو ئاین و مێژوویان لە قەڵەمدا و کردیان بەسەرچاوەیەکی هەرە دەوڵەمەند و بەرهەمەکانیان لێوە هەڵدە هێنجا))(عارف، ٢٠٠٩، ١٠٠) هەر بەم جۆرە لەم سەردمەدا جوانی پلەیەکی دیکەی وەرگرت لەنێو بەرهەمە ئەدەبییەکان. ((لە ڕاستیدا نووسەری سەر بەم ڕێبازە، بەونیازە دەنووسێت وەرگر تەنها چێژ لە جوانی هونەرەکەی وەربگرێت. واتە نووسەر ڕۆڵی مەعریفی و پەروەردەیی و ئایدیۆلۆگی ئەو دەقە ڕەتدەکاتەوە لە دۆخی وەهایشدا هونەرمەند یان نووسەر لە دۆڵێک قەتیس دەمێنێت و وەرگر، یان کۆمەڵ لە دۆڵێکی دیکە. ئەم ڕێبازە گرینگی بە شێوە زیاتر دەدات هەتا نێوەڕۆک ئەگەر ئەم جۆرە زەین وڕوانینە، بۆ هونەری شێوەکاری تا ڕادەیە کیش گونجاو بووبێت ئەوا لە چیرۆک و ڕۆماندا بێهودەییە))(حەسەن، ٢٠١٢، ١٧٦) .

ئیستاتیکا، چ لەڕۆماندابێت یان لە چیرۆکدا بێت سەرچاوەی هێزو دەسەڵاتی نووسەرە،لە بەکار هێنانیدا، چونکە ڕۆماننووسە ئەرکی ڕازاندنەوەکە بەرجەستە دەکات لە نێو خودی دەقەکەدا. ئەگەر سەرنج بدەین ((هۆمیرۆس یەکەمجار لە شیعردا وشەی جوانی بەکارهێناوە لە دوو لایەنەوە بۆی چووە لایەنی یەکەم لەوشتە واقیعیانەدا کە هەستیان پێ ئەکەین و لە ڕێی حەواسەوە نرخ و چۆنیەتییان دائەنرێت. دووەم بریتییە لە بەهرەیەکی خودایی لەلایەنی دووەمدا هۆمیرۆس تەواو ئەچێتە بەرەی لێکدانەوەی ئایدیالیستیانەوە تۆ جوانی، چونکە فەلسەفەی ئایدیالیستی جوانی بێ سنوور ئەوپەڕی کەمال و گەورەیی لە زاتێکدا نەبینێ کەزاتی خودایەو مرۆڤ ئەو خۆشەویستی و جوانییە لەدڵیدا هەڵئەگرێ و ئەیپارێزێت ئەمە کەمتر بە لای مێشکدا ئەچێت واتە ئەبی بەکارێکی ڕۆحی و لە عەقڵ دوور ئەکەوێتەوە))(ئاشنا، ٢٠٠٧، ٢٦).

سەبارەت بە ئیستاتیکا(کرۆچیە) دەڵێت: ((جوانی تەعبیرە و لەکارە هونەریەکەدایە))(هەمان سەرچاوەی پێشوو، ٢٦). هەر لەگەڵ ئەو هەموو گرنگی پێدانەی نووسەران و فەیلەسوفان بەبابەتی ئیستاتیکا، چ لە شیعردا، چ لە ڕۆماندا ئەمە وای کردووە ئیستاتیکا بەشێکی گەورەی لە هونەری گێڕانەوەشدا داگیرگردبێت .

ئەمەش وادەکات ،کە خوێنەر زێتر چێژ وەربگرێ، چونکە ((کاتێک خوێنەر ددان بەوەدا دەنێت، کە لە شێوازی دارِشتنی کارەکتەرەکان، یا تەکنیکی گێرِانەوەی رِۆمانەکەو یاریکردن بە زەمەنەکە ناگات، مانای ئەوەیە لە دیوە هونەرییەکەی رِۆمانەکەوە ناگات . ئەمەش دواجار، ئەوە دەگەیەنێت، کە خوێنەر ناتوانێت پەیوەندییەکی نزیک لە نێوان شێوەی بیرکردنەوەی خۆی و نووسەرەکە دابمەزرێنێت. یەکێک لە هۆکارە سەرەکیەکانی ئەم بێتواناییە لەوەدایە، کە خوێنەر زیاتر سەرنجی خۆی لە گەرِان بەدوای پەیامەکەی نووسەر چرِدەکاتەوە، نەک سروشت و ئیستاتێکای بەرهەمەکە. بۆیە دەتوانین بڵێین، رِۆمان ئەوکاتە دەتوانێت بیرۆکەو مەبەستی خۆی بگەیەنێت، کە بایەخ بە ئیستاتێکا بدات، بە دیوە هونەرییەکان، بە دروستکردنی نێوەرِۆکێکی بەهێز))(یاقووب، ٢٠٢١، ٤٣٠).

ئیستاتێکا هەروەک هەوێنی بەرهەم وایە بۆ نموونە ئەگەر وێنەیەک بکێشی هەتا گرنگی بە بەها ئیستاتیکاکەی بدەیت ئەوا زێتر سەرنج رِاکێشی دەکەیت و زیندووی دەکەیتەوە بەئاراستەی رِاکێشانی سەرنجی بینەر هەرچەندە ((ئیستاتێکا لە رِۆماندا، بەبەراورد لەگەڵ هونەرەکانی تردا، بابەتێکی ئاڵۆزە هۆکارەکەش ئەوەیە، کەجوانی فۆرم و هەستکردن بە جوانی لە ئەدەبی پەخشاندا، بە ئاشکرا دەرناکەوێت وەک لە شیعرومۆسیقا و نیگارکێشیدا دەردەکەوێت. لە رِۆماندا، تەمومژی لە دەربرِین و نێوەندی ئەفسووناوی لە گەیاندن و مۆسیقا و رِیتم، بەو شێوەیە نییە، کە لە شیعردا هەیە، بەڵام بەومانایە نییە، کە هیچ کام لەمانای تێدا نییە ئەگەر وێنەیەک یا تابلۆیەکی هونەری لەرِێگەی هێڵ و رِەنگ و رِووناکی و سێبەرەکانەوە هەستی بینین لە لای بینەر بجوڵێنێت، مۆسیقاش لە رِێگەی رِیتم و تۆنە جیاجیاکان کاریگەرێتی خۆی بەسەر هەست و سۆزی گوێگرەوە بەجێ بێڵێت، ئەگەر واقیعی سەر تەختەی شانۆ و نواندن، کە پاساو بۆ ئامادەبوونی ئەکتەر دێننەوە، کۆی ئیستاتێکای شانۆ پێک بێنێت ئەوا هێزی رِۆمان لەوەدایە، تاچەند دەتوانێت لەرِێگەی تەکنیکەکانی گێرِانەوەو شێوازی بەرخورد کردن لەگەڵ رِەگەزەکانی رِۆمان لە زەمەن و شوێن و کارەکتەر و رِووداو کاریگەرێتی بەسەر خوێنەردا بەجێ دێڵێت و هەستی دەجوڵێنێت. ))(هەمان سەرچاوەی پێشوو، ٤٣١).

ئیستاتیکا پابەند بە هیچ یاساو رِێسایەک نابێت لە ئەدەبدا ئەوەی گرنگە خوێنەر هەست بەئیستاتیکا بکات، لە نێو دەقەکەدا تا چێژی لێ وەربگرێت. ((مەبەست لە ئیستاتێکا ئەوەنییە، کە بە شێوەیەکی ئەبستراکتی یان تیوریی چەند یاسایەک دابرِێژرێت و چەند مەرجێک بخاتە پێش هونەر تاوەکو پەیرِەویان بکات و جێبەجێیان بکات، بەڵکو وەک لە کتێبی (ئەلف و بێی ئیستاتێکا = A.B.C .Aesthetics) دا پێناسەکراوە ئیستاتیکا بریتییە لە دۆزینەوە و بەدەرخستنی یاسا ئیستاتیکییەکانی جوانی. واتە ئەو یاسایانە لە خودی هونەردا هەن و ئەرکی ئیستاتیکایە تەنیا دۆزینەوەو پیشاندانیانە نەوەک چەند یاسایەک لە دەرەوەی کاری هونەریدا دارِێژێت، کە خودی هونەر نامۆ بن و داوای پراکتیزە کردنیان بکات. هەموو مرۆڤێک هەست بەجوانی دەکات و چێژی

لێوەردەگرێت، بەڵام ڕەنگە هیچ لەبارەی ئیستاتیکاوە نەزانێت، واتە هەستکردن بەجوانی ناچێتە خانەی زانستی ئیستاتیکاوە، هەروەها وشەی ئیستاتیکا مانای جوانی ناگەیەنیت – پێچەوانەکەیشی هەر ڕاستە – بەڵکو جوانی بۆتە مەیدانێک بۆ ئیستاتیکا))(حسێن، ٢٠٠٨، ٢٠). ئەمەش دەتوانین بڵێین پێوەندی بە سەلیقەی کەسەکە یان ڕۆماننووسەوە هەیە. لە چۆنیەتی داڕشتنی بەرهەمەکەیدا تا ئەوەی هونەرییانە و جوانیبەخش بێت و زێتردەقەکە ڕوو لە سەرکەوتن دەکات. ئەم جوانییە لە ئەدەبدا پێویستی بە هێچ یاساو ڕێسایەک نییە، بەڵکو پێوەندی بەسەلیقەی ڕۆماننووس هەیە لەبەکارهێنانیدا.

هەر سەبارەت بە ئیستاتیکا ئێمبێرتۆ ئیکۆ دەڵێت: ((دەق وەکو ئامێرێک وایە، کە خاوبێتەوە کاردەکات. بۆیە پێویستە خوێنەر، بەڕادەیەکی زۆر بەشداری تیادا بکات بۆ ئەوەی بۆشاییەکانی نێو دەقەکە پڕبکاتەوە. بێگومان بۆشاییەکان، سەبارەت بە ڕۆمان بریتین لەو قسانەی، کە ڕۆماننووس نەیکردوون و خوێنەر لە خوێندنەوەی ڕۆمانەکەدا، هەوڵ دەدات پڕیان بکاتەوە، چونکە قسەکانی نێو دەقێکی ڕۆمان زیاتر لەو قسانەی ڕۆماننووس دەیانکات. سەرچاوەی کاریگەریێتی دەقەکە و ئەو هەستەی لە ئەنجامی ئەم کاریگەرێتییە لای خوێنەر دەیوروژێنێت لێرەدایە .ڕۆمان چیرۆکێک لە خۆدەگرێت و دەقی چیرۆک، بەتەواوی ئەوە دیاری ناکات، کە مرۆڤ پێویستە چۆن تێی بگات، هەروەها ناچێتە ژێر باری هەموو لێکدانەوەیەکیش. بۆیە پێویستە لێکدانەوە و دیاریکردنی مانا، کە دواجار دەبێتە بنچینەی ئیستاتێکا، ئەو مەودا کراوەیە بگرێتەوە، کە دەقی چیرۆکەکە دەیخاتە بەردەم خوێنەر بۆ تێگەیشتن هەروەها ئەو سنورانەش بگرێتەوە، کە لەبەردەم دیاریکردنی مانادان)) (یاقووب، ٢٠٢١، ٤٣٢-٤٣٣).

هەروەک ئاشکرایە ئیستاتیکا جوانیی و فۆرمی نوێ دەدات بەدەستەوەو، کەلەخودی دەقەکاندا ئەفراندن چێدەکات ((بەرهەمهێنانی ئیستاتێکا لە هەر دەقێک، واتای شکاندنی فۆرمێکە. فۆرمیک، کە لەواقیعدا بوونی هەبووە، چونکە ئەگەر ڕۆماننووس هەمان وێنە و دیاردەکانی نێو دەقمان بگێڕێتەوە، کەواتە نەیتوانیوە واقیع تێکشکێنێت. فرەدەنگیش هەوڵدەدا واقیع لە دەقدا تێکشکێنێ، تاکو ئیستاتیکایەک بەرهەم بێنێت. هەرچەندە شێوازی ڕۆمانی فرەدەنگین بەهۆی فرەیی لە کارەکتەرەکان و هەبوونی دیارلۆگ و زمانی ئاخاوتن، ڕەنگە لە واقیعدا بوونی هەبێت، یان نەبێت، بەڵام هەرگیز واقیع نییە، چونکە لە ڕۆمانی فرەدەنگیدا دەشێ مردوو قسەبکات، دەشێ مرۆڤ بفڕێت، بەلام لەهەمان کاتدا پیشاندانی واقعێکی دیکەیە، بە شێوەیەکی ئیستاتیکی))(مەنتیک، ٢٠١٣، ٢٠٤).کەواتە لێرەدا نیشاندانی واقیعە بە شێوەیەکی ئیستاتیکی.

لەگەڵ ئەوەشدا ((هەبوونی خاڵی ئیستاتیکی لە هەموو بەرهەمێکی ئەدەبیدا دەمانخەنە بەرامبەر کۆمەڵێک پرسیار، بەواتایەکی دیکە ورووژێنەری پرسیارن لەلای خوێنەر. بێگومان ئەم حاڵەتە لە خوێنەرێکەوە بۆ خوێنەریکی دیکە دەگوڕێت. لەڕۆماندا بەهۆی ئەم تەکنیکەوە خوێنەر هەمیشە

بەرامبەر کارەکتەرەکان، جووڵەکان دەکەویتە ڕامان، چونکە خوێنەر خۆی تێدا دەبینێتەوە، هەست دەکات ئەو واقیعەیە، کە ئەو تێیدا دەژیەت هەرچەندە ئەمە پەیوەندی بە چۆنیەتی تێگەیشتنی خوێنەرەوە هەیە، لێرەدا ئیستاتیکا دەگۆڕێت. ئیستاتیکا گرنگی دەدات بە دۆزینەوەی ماهیەتی جوانی و ڕوونکردنەوەی دیاردەکانی جوانی و (فۆنیمەکانی) لە بابەتەکەداو جیاوازییەکانی لە سرووشت و دیاردەکانی تری ژیان بەلای مرۆڤەوە. کاتێک خوێنەرە لەناو دەقی ڕۆماندا ئەو جوانییانە دەدرۆزێتەوە، کە جیاوازە لەو جوانییانەی لە ژیانی واقیعدا هەن))(هەمان سەرچاوەی پێشوو، ٢٠٥).

ئیستاتیکا لە ڕۆماندا دەکەوێتە سەر هێزو توانای گێڕەرەوە و بەپێی شارەزایی و لێهاتووی ئەم کارە ئەنجامدەدات بۆ بەرهەم هێنانی ئیستاتیکایەکی پڕاوپڕ لە جوانی ئەمەش کاریگەری ئەبێت لەسەر خودی خوێنەر، چونکە هەمووشتێکی جوان یان هەموو بەرهەمێکی جوان و کاریگەربەخشە کاریگەریی لەسەر کەسەکە جێدەهێڵێت بە جۆرێ دەبێتە هۆی بەردەوامبوونی خوێنەر.

## ٤-گرێچن (plot):

پلۆت بەشێوەیەکی گشتی بریتییە لە چنین وڕێکخستنی ڕووداو چ لە چیرۆک بێت یان ڕۆمان، جا بۆئەوەی زێتر لەچەمکی پلۆت بگەین پێویستە لەزاراوەکەی تێبگەین، کە لەچییەوە سەرچاوەی گرتووە ((زاراوەی پلۆت بۆ ڕەگەزێک لە ڕەگەزە بنەڕەتییەکانی بونیاتی چیرۆک چەسپاوە. خودی زاراوەکە چەمکێک دەگەیەنێت، بریتییە لە نەخشەو هێڵکاری ئامادەکراوی نووسەر بۆ بونیادنانی چیرۆک لەسەر بنەمای ئەو بیرە گەلاڵەبووەی لایەتی))(کەسنەزانی، ٢٠١٢، ١٦).

لەنووسینی ڕۆماندا پێویستی بە ڕێکخستن و پلان هەیە، بۆ ئەوەی ڕووداوەکام بەشێوەیەکی ڕێک بەدوای یەکدابێن، لە ڕۆماندا نەبوونی پلۆت دەبێتە هۆی ئاڵۆزی لە نێو ڕۆماندا، چونکە ڕووداوەکان تێکەڵ بەیەکتر دەبن. ((ڕووداو ئەگەر چی وەک بەشێکی سەرەکی لە ڕەگەزەکانی ڕۆمان دەردەکەوێت، بەڵام لە ناوخۆیدا شێوەی پێکهاتەیەکی سەربەخۆی هەیە و وەک ڕەگەزێک لەچەند شێوەو بەشا خۆی نمایش دەکات، کەواتە ئەو ڕووداوانەی ڕۆمانووس هەڵیان دەبژێرێت، تاکو بونیادی ڕووداوی ڕۆمانەکەی لەسەر دابمەزرێنێت پێویستیان بەڕێکخستن هەیە، چونکە ڕۆمان نووس ئەو ڕووداوانە بەڕووتی وەک خۆیان چۆن هەیە وەرناگرێت، بەڵکو گیانی ئەو ڕووداوانە وەردەگرێت دووبارە بەسەریان دا دێتەوە و دەستکارییان دەکات و گۆڕانیان بەسەردا دێنێت بەپێی مەرجە هونەرییەکان ڕێکیان دەخات و دایان دەڕێژێتەوە))(صالح، ٢٠٢٠، ٣٣٣).

لە ڕۆماندا ڕووداوەکان زۆر چڕو پڕن ڕۆماننووس پێویستی بەوردی و شارەزایی و سەلیقەیەکی زۆر هەیە لەچۆنێتی چنینی ڕووداوەکاندا لە دانانی چەندین پلانی هونەری هەر وەکو چۆن ئەندازیار لە دروستکردنی بینایەک بناغە دادەنێت و ڕێکخستن و پلان دادەنێ، بەم شێوەیەش

ڕۆماننووس لەکارەکەیدا ئەبێت ئەو هەنگاوانە بنێت، بۆئەوەی زێتر لەچەمکی پلۆت شارەزابین ((پێویستە هەڵوەستەیەک لەسەر بیروڕاکانی چیرۆک نووس و ڕەخنەگری ئینگلیزی (ئیدواردمۆرگان فۆرستەر) بکەین، کە جیاوازی لە نێوان پلۆت و چیرۆکدا دەکات، بەوەی، کە پلۆت زنجیرەیەک ڕووداوە، کە لە ڕیز بونیاندا تەرکیز دەخرێتە سەر هۆو ئەنجامەکانیان. ئەگەر وترا پاشا مرد، پاشان شاژنیش مرد، ئەمە حیکایەتە یاخود چیرۆکە، بەڵام ئەگەر وترا پاشا مردو، شاژنیش لە خەفەتی ئەودا مرد، ئەمە چنین(پلۆت)ە واتە چنین بێبەش نییەلە ڕەگەزەکی هۆکاری))(هەمان سەرچاوەی پێشوو، ٣٣٤).

ئاشکرایە لە ڕۆماندا چەند گرنگە نووسەر بایەخ بە ئیستاتیکا بدات ئەوەندەش گرنگە کەبایەخ بە چنین و ڕێکخستنی ڕووداو بدات. ((گریچن یاخود (چنین)یش پێ دەوترێت، لە چیرۆکدا گرنگییەکی ئەوتۆی هەیە، کە بەبێ گرێچینی گونجاو کێشمەکێش لە کاریگەری دەکەوێت، نووسەر لە چاودێری و سەرپەرشتی ئەم ڕگەزەدا بەرەبەرە کاریگەریی چیرۆکەکەی خۆی زیاد دەکات و خوێنەر ئامادە دەکات تا درک بەکاریگەری تەواو لوتکە بکات، بێگومان ئەم ڕەگەزە زۆر گرنگە و نووسەری لێهاتوو کارامە بەشی هەرە زۆری چیرۆکەکە بۆ ئەو ڕەگەزە تەرخان دەکات، چونکە نووسەری گەورە لەوێدا بلیمەتی خۆی بەتەواوی دەنوێنێت، ئاشکرا دەکات. پرۆژەی ڕێکخستنی ڕووداو، بەشێوەیەکی هونەری، کاتێک چیرۆکنووس، باس لە ڕووداوەکان دەکات لە چیرۆکەکەیدا، دەبێت بەبەردەوامی جموجوڵیان پێبدات و بەشێوەیەکی هونەرییانە بیانچێنێت، گرێچن ئەو خاڵە دەنوێنێت، کە ڕووداوەکانی چێرۆک تیایدا لێکدەئاڵێن وهەروەها پلانی چیرۆکەکە لەناوی ڕوودەدات و بەسەر کارەکتەرەکاندا دێن یان بەهۆی ئەوانەوە ڕووداو ڕوودەدات))(فەرەج، ٢٠١٢، ١٠٩).

ئەمە نەک تەنها لەچیرۆکدا ئەم ڕۆڵەی هەیە بگرە لە ڕۆمانیشدا بەهەمان شێوەیە، بەڵام ڕۆمانووس زیاتر پێویستی بەوردی و شارەزایی هەیە، چونکە لە ڕۆماندا ڕووداوەکان ئاڵۆزترو بەیەکدا چوون و زۆرن هەروەها دەبێت گرێچن ((زۆر بەهێزو مانا بەخش بێت، چونکە یەکێکە لەو ڕەگەزانەی خوێنەر بۆ لای چیرۆک کێش دەکات، گرێچنی ئاڵۆز (الحبكه المعقد)، سەرەنجامی هەبوونی زیاتر لە ڕووداوێکی سەرەکییە. نکۆڵی لەوە ناکرێت کە سەرچاوەی دروستبوونی هەر گرێچنێک لە چیرۆکێکدا، بوونی کێشەیەکە، یان گەورەبوون و پەرەسەندنی ڕووداوێکە بۆ لوتکە. بەواتایەکی تر کاتێک ڕووداوەکان گەورە دەبن و پەرە دەسێنن، دەبنە هۆی لە دایکبوونی گرێچێک، کە ئەمیش دروست بوو پێویستی بەچارەسەرکردن دەبێت بۆ ڕووداوەکان بۆیە ڕووداوەکان لەبەردەوامی گەرموگوڕیدا دەبن تاوەکو گرفتەکە چارەسەر دەبێت چیرۆکەکە دەگاتە کۆتایی))(هەمان سەرچاوەی پێشوو، ١١٠).

گرێچن لەگەڵ گێڕانەوەدا پێوەندییەکی توند وتۆڵیان هەیە، چونکە گرێچن. هەروەک روونە پلۆت ڕەگەزێکی هونەریی گرنگیی گرێدراوی گێڕانەوەیە و لەداڕشتنی ژانرەکانی ئەدەبدا ڕۆڵی بنیاتنەریی هەیە ((بنیاتی گێڕانەوەش لە شانۆو چیرۆک و ڕۆمان بە چنینی دەق ناو دەبرێت، بۆیە بنیاتی

گێڕانەوە - پلۆت sujet لە گۆشەنیگایەکی دیاریکراو پێشکەش دەکرێت. پلۆت بابەتی سەرەکی چیرۆکە، ئەو ڕێگایەیە کە چیرۆک وێنە ماناکانی پێکەوە لەگەڵ یەکتر دەڕۆن. ئەوەشمان لەبیر نەچێت پلۆت گرنگترین بنەماکانە شانۆگەرییە لای (ئەرستۆ)، کە تێبینیەکانی خۆی لەسەر بنیات ناوە، بەڵام دەبێت ئاگاداری ئەوەبێن، کەچیرۆک تەنها لەسەر بنەمای گفتوگۆ نییە وەک لەشانۆدا هەیە، بەڵکوکۆمەڵێک بنەمای تایبەتی هەیە، کە چیرۆکەکەی لەسەر بنیات دەنرێت))(سعید، ٢٠١٣، ٥٢-٥٣).

گێڕانەوە لەگەڵ گرێچن بابەتێکی سەرەکی و سەربەخۆیە جیاوازە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پێوەندییەکی توند هەیە لەنێوانیاندا، دەکرێ گرێچن لە چیرۆک یان ڕۆمان ببێتە بنەمای بنیاتی گێڕانەوە و...هتد.

((ڕەگەزێکی سەرەکی ناو ڕەگەزەکانی تەکنیکە، بەو واتایەی دەتوانین بڵێین پلۆت لە تەکنیک جیانییە، ناشبێت تەکنیک تەنها لە پلۆتدا کۆبکرێتەوە، بەڵکو ڕەگەز گەلێکی دیکەی وەک (کەسێتی، دیالۆگ، شوێن، کات ...) هاوتا لەگەڵ پلۆتدا دەبنە پێکهێنەری تەکنیک یانیش ئەمانە بەشە بونیادییەکانی چیرۆکن، ئەم بابەتە لەهەندێک سەرچاوەدا بەجۆرێک تێکدەشکێن، کە نە چەمکەکەو نە زاراوەکە لەجێی خۆیدا مەبەستێک نابن، بۆنموونە لەکتێبی (درامای کوردی لەناو درامای جیهاندا) لە شیکاری پێکهاتەی دەقی دراmadا چەند توخمێک دیاری دەکرێت، کە یەکەمیان نووسراوە (تەکنیک techniqur- واتە چنین (الحبکە)، جگە لەوەی حوبکەی عەرەبی بۆ تەکنیک بەکارهێناوە لە بەشێکی دیکەدا (پلۆت و گرێ)ی بەیەک شت داناوە و وەک هاوتای یەک ئاماژەی پێکردوون. لە پێناسەی تەکنیکدا، کە مەبەست لە پلۆتە هاتووە تەکنیک گیانێکی هونەرییە بەبەری پەیکەری دراmadا دەکرێت و هێزو تین دەخاتە ناو دەمار ولەشی دراماوە و دەیکات بەپارچە هونەرێکی جوان و زیندوو))(کەسنەزانی، ٢٠١٢، ٢٧-٢٨) .

هەرچەندە دروستکردنی پلۆت پێویستی بە وریاییە ئاگایی هەیە، بۆ ئەوەی ڕووداوەکان تێکەڵ بەیەکدی نەبن ئەوەندەش کات گرنگە، چونکە کات لە ڕێکخستندا ڕۆڵ دەبینێت. ((لای ئەرستۆ زنجیرە بەندی کات، بۆ دروستکردنی هەر پلۆتێک گرنگە و ئەو زنجیرە بەندییە لە سێ خاڵدا بە ڕاستەو خۆ بە ڕووودانی ڕووداووە پەیوەستە. بۆ بەردەوامی بەخشینیش بەپلۆتەکە، دوو جۆر پلۆتە دەستنیشان دەکات. سادەو داڕێژراو هەندێک چنین سادەن و هەندێکی تر داڕێژراون، هۆی ئەمەش ئاشکرایە، ئەویش ئەوەیە، ئەو کردەوەی چنینە کە لاسایی دەکاتەوە، چ سادەیە چ داڕێژراوە. مەبەستم لەکردەوەی سادە ئەوەیە کە کردەوەکە تاک و، بەردەوام بێت بەو واتایەی پێشتر باسمان کرد هاوکات بەبێ وەرچەرخان و ناسینەوە چارەنووسی پاڵەوانەکەی تێدا بگۆڕێت، کردەی داڕێژراویش ئەوەیە کە گۆڕانکارییەکە، یان ناسینەوەی لەگەڵدابێت یان وەرچەرخان و یان هەردووکیان ئەمەش دەبێت لەبنیاتی چنینەکە خۆیەوە گەلاڵە ببن و ئەنجامی شتێکی پێشەوە ڕوودەدات لەگەڵ ئەوەی هەر

تەنیا ئاوا بەدووای شتێ پێش خۆیدا دێت، جیاوازییەکی زۆر هەیە پلۆت وەک ڕێکخستنی ڕووداوەکان بەو سیانە دەبێت و لەگەڵیشیدا دروستبوونی ڕووداوەکان.))(کەسنەزانی، ٢٠١٢، ٣٧-٣٨) .

ئەگەر سەرنج بدەین لە ڕۆماندا هەڵبژاردنی کارەکتەرەکان و گونجاندنی لەگەڵ ڕووداو ڕێکخستن یان کارێکی گرنگە، چونکە ((گرێچن لە وێنەکێشانی شەخسیەتەکان و، ململانێدا پێ ئەگات، ئەگەر پاڵەوانەکە دووچاری گیروگرفتێکی بنەڕەتی بێ لە سەرەتاوە. یان بەدی هێنانی شتێکی وای مەبەست بێ کە ئاسان نەڵێت، ئەمەش هێڵی بنەڕەتی چیرۆک گەرییە لە زۆربەی ڕۆمانەکاندا تەقەلای بێ وچانی بەرەو ئەنجام. لەگەڵ ئەوەندەی سەرکەوتویت یا سەرکەوتو ئەبیت. ناوەڕۆکی گرێ چنیەکەدروست دەکات پێویست وایە، کە شەخسیەتە سەرەکیەکانت ئاراستەبکەیت بۆ ئەو سنورەی، کە بۆیان دیاری کراوە، لە کاتێکا بمانەوێ ئەوە ببینین، کە چەندیان لە ڕاستی بە خۆیانەوە گرتوە وەتەنگوچەڵەمەی سەرئەنجام چیرۆکی بەهێز بەرەو پێشکەوتن ئەبات))(بلشن، ١٩٨٢ ، ٣٨).

ئەرستۆ لەکتێبەکەیدا بەناوی هونەری شیعری دەربارەی چنینی ڕووداوەکان دەڵێت: ((یەکێتی چنین، وەکو هەندێ کەس بۆی دەچن، لەوەدانییە، کە بابەتەکەی لە بارەی یەک کەسەوەبێ. لەوانەیە یەک تاکە کەس زۆرشت، یان بەبێ پەی و سنوور شتی لێ بقەومێ، لەگەڵ ئەوەشدا ئەوشتانە هیچ جۆرە یەکێتییەک دروست ناکەن، بەهەمان چەشنیش، بۆی یەک تاکەکەس زۆر کردەوە ئەنجام بدا، بەڵام ئەوکردەوانە هیچ تاکە کردەوەیەکی یەکگرتوویان لێ بەرهەم نەیە))(ئەرستۆ، ٢٠٠٤، ٣٥).

## ٥-گێڕەرەوە :

گێڕەرەوە بەو دەنگە دەوترێ، کە ڕۆمانەکە دەگێڕێتەوە، کە بنچینەیەکی بەهێزی هەیە لە هونەری ڕۆمان و ئەدەبدا ئینجا لەگەڵ ئەوەشدا دەبێت ((گێڕانەوە بەزنجیرەی سروشتی خۆیدا بڕوات، دەبێ ئامرازێک هەبێت ئەو گێڕانەوەیە ئەنجامبدات و بیگەیەنێتە دەست وەرگر ئەو ئامرازەش ناوی گێڕەرەوەی لێنراوە، بوونی گێڕەرەوە بەمەرجێک دانراوە دەست بەرداربوون لێی مەحاڵە))(موفتی، ٢٠١٢، ١٤).

ئەوەش زێتر مەبەست لەوەیە، کە هیچ ڕۆمانێک یان چیرۆکێک بەبێ گێڕەرەوە پێکنایەت لەگەڵ ئەوەشدا گێڕەرەوە ڕۆڵ و ئەرکێکی قورس دەکەوێتە سەرشانی، چونکە دەبێت ڕۆڵ و ڕۆڵی ئەو کارەکتەرە ببێت، کە لە ڕۆمانەکەدا دەخرێتە ڕوو زۆرجار ڕۆڵەکە ڕۆڵێکی دەروونییە و یاخود ڕۆڵێکی هەستی و هەڵچوونە ئەمەش دەکەوێتە سەر گێڕەرەوە چۆن ئەمانە دەگەیەنێ بە خوێنەر بوونی خۆی لە ڕۆمانەکەدا دەردەخات، هەرچەندە ((ئەوەی لە سەر گێڕەرەوە پێویستە ئەنجامی بدات، گاڵتە نەکردنە بەتواناو زیرەکی وەرگر، گێڕەرەوەش ئامرازێکی تەکنیکییە لە دەستی ئەوکەسەی چیرۆک یا

ڕۆمانەکەی بەکاردەهێنێ، بەپێی ناولێنانی بارت کە دەڵێت: دروستکراو لە کاغەز))(هەمان سەرچاوەی پێشوو، ١٥).

گێڕەرەوە، کە هەڵدەستێت بە گەیاندنی ڕووداوەکان بەخوێنەر ئەرکێکی زۆر قورسی لەسەر شانە، چونکە ئەوەی دەیگەیەنێت لەسەر کاغەزە نەک ڕووبەڕوو ((هەندێک پێیان وایە واتای چەمکی گێڕەرەوە ناوەوەی دەقەکە دیاری دەکات))(١، ٢٠١٢ ،Margolin) ،لە نێو ڕماندا، کەهەموو ڕەگەزەکان ناوەڕۆکی دەقەکەدیاری دەکەن لە ڕێگەی گێڕەرەوە دەگات بە خوێنەر. هەرسەبارەت بە حیکایەت و گیرەڕەوە ((گرنگی و ڕۆڵی حەکایەتخوان لە گێڕانەوەی ڕۆماندا زۆرجار دەبێتە هۆی ئەوەی کە تەنانەت ئەوکەسەی، کە حەکایەتەکەش دەخوێنێتەوە، بەشداری ئەم گێڕانەوەی حەکایەتخوانەکە دەکات، بۆیە حەکایەتخوان هەموو کاتێک ئەوبارە چێگیرەی خوێنەر یان گوێگر دەوروژێنێ و لەو بارە دەروونییە دەری دەکاتەدەرەوە بەمەش گێڕانەوە دەخاتە ڕێچکەیەکەوە، کە لە سەری دەڕوا بۆ مامەڵە کردن لە پەراوێزی وەرگرتن و کاردانەوە، لە نێوان زمان و زەیندا، هەر بۆیە گێڕانەوە بەم شێوازە دەسەلاتێکی ورووژێنەروو خۆسەپێنەرەو کاردەکاتە سەر بارە دەروونییە جێگیرەکانی خوێنەر، ...، واتە هەموو ڕووداو و حەکایەتێک لەکاتی گێڕانەوەدا کاتێک بەشێوەیەکی ڕوون دەخرێنە ڕوو، هۆیەکە بۆ پێکهاتنی هونەری حەکایەتخوانی، بەلام ئەم حاڵەتەی، کە حەکایەتخوان لە حەکایەتخوانی تایبەتی خۆیدا کە لەوکاتەی لە بارەی حەکایەتەکە دەدوێت جیادەکاتەوە کاتی گێڕانەوەی دەقی حەکایەتەکە ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ، کە حەکایەت و گێڕانەوە پێکهاتەی پێویستن بۆ هەموو گێڕەرەوەیەک))(حوسێن، ٢٠٠٧، ١٦) .

لەگەڵ ئەوەشدا زۆرجار، کە ((ڕۆماننووس کەسایەتیەکانی تر وەک سیمایەکی حەکایەتخوانی لە پێگەی حەکایەتخوتنێکدا دەناسێنێ. بەپێی ئەو زمانەی کە گێڕانەوەی پێ ئەنجام دەدرێت، لەوکاتەدا بەهای ئەو ڕووداوانەی، کە دەگێڕرێنەوە لەلایەن هەرکەسایەتییەک بێت دەگاتە بەهای بەحەکایەتکردن، چونکە بەحەکایەت کردن دەچێتەناخی شتەکانەوە، پەیوەستێکی بنەڕەتی لەگەڵ مانادا دروست دەکات و لەهەمووشی گرنگتر سنوورێک بۆ زەمەنی چەسپاو ڕووداوی دروست کراو دادەنێت و تەنها سنوورەکانی کاریگەرییان لە بەردەم خولقاندنی مانا دەکەنەوە تەنها شێوەو جووڵەیان لە جوانکاری وێنەو زماندا دەخەنە کارو سیفەتی گێڕانەوە بە حەقایتکردنی ڕووداو دەگۆڕن بۆ شێوەی بەحەکایەتکردنی ئاماژەو دەلالەتەکتن، ... واتە ئاڵوگۆڕییەک لەلایەن حەکایەتخوانەوە، لەکاتی گێڕانەوە وبەحەکایەت کردنی ڕووداوەکان و ئامۆژگاری و پەندەکاندا دروست دەبێت، چونکە سیفەتی ڕێکخستنی ڕووداوو زمانەوانی ئەرکێکە گێڕانەوە دەیگرێتەخۆ))(هەمان سەرچاوەی پێشوو، ١٦٠-١٦١). دەبێت ئەوە لە بیر نەکەین دەنگی گێرەرەوە لە ڕۆماندا گێڕەرەوە زۆرجار ڕۆماننووسە، یاخود کارەکتەرەکانن، واتە دەکرێت گێڕانەوەکە لەسەر زاری ڕۆماننووس،یاخود کارەکتەر بێت.

دکتۆر حەمە مەنتک سەبارەت بە گێڕەرەوە دەڵێت: ((وەگێڕ بوونێکی زیندووی ناو دەقە))(مەنتک، ٢٠١٨، ١٩) مەبەست لەمەش ئەوەیە، کە خوێنەر لە کاتی خوێندنەوەی ڕۆماندا هەمیشە هەست بەبوونی گێڕەرەوەیەک دەکات، کە هیچ کات ئەم هەستە نامرێت، کە ئەم گێڕەرەوەیەش ((تەنیا لە نێو دەقدا هەیە وەگێڕ ئەو دەنگەیە کە داستان دەگێڕێتەوە بە درێژایی خوێندنەوە لە ڕێی هێندێک نیشانە، هێندێک تایبەتمەندی دەخرێتە پاڵی. وەگێڕ توخمێکی سەرەکی گێڕانەوەیە، بەبێ وەگێڕ پرۆسەی گێڕانەوە ئەنجام نادرێ. بەرپرسیاریەتییەکی گرنگی لەسەر شانە، چونکە نابێ کێماسی لە گێڕانەوەدا هەبێ، دەبێ زۆری ئاگا لەلانی هونەری گێڕانەوەبێ، هاوکات باوەڕ و قەناعەت لە کن خوێنەر سەبارەت بەوەی دەیگێڕێتەوە دروست بکات. واتە وەگێڕ لە کولتوورو فەرهەنگی ئەو جیهانەی چیرۆکنووس هەوڵی دروستکردنی داوە ئاشنامان دەکات. وەگێڕ هەمیشە ڕۆڵی لە هەڵسوڕاندنی ڕووداوو کارەکتەرو بیرکردنەوەیان هەیە، چونکە تەنێ ئەرکی گێڕانەوەی لە سەرشان نییە، بەڵکو بەشدارییەکی کارای لە جوڵاندنی ڕووداوەکاندا هەیە.))(هەمان سەرچاوەی پێشوو، ١٩-٢٠).

لەگێڕانەوەدا دەبێت ئەوەش لەبیرنەکەین، کە گێڕەرەوە گڕوتین و هێز بە ڕۆمانەکە دەدات، چونکە ڕۆڵێکی سەرەکی هەیە لە بەرەوپێش بردنی ڕووداوەکان و جوڵەی ڕۆمانەکەدا مانەوەی بە زیندووی. ((گێڕانەوە هەردەم لەسەر زاری یەکێکە ئەمەش بەگوێرەی جۆری ئەدەبەکە و سەردەکە دەگۆڕێ هەڵبەتە لێرەوە جیاوازی بکەین لە نێوان گێڕەرەوە (یان حیکایەتخوان) و دانەری کتێبەکە، ئەمانە هەمان کەس نین ئەگەر چی لە ڕوانگەی ڕەخنەی فینۆ مینۆلۆژی جیاوازی ناکرێ لە نێوان نووسەر و ڕۆماننووس. گێڕەرەوە لەناو تێکست خۆی حەشارداوە))(عومەر ، ٢٠٠٥، ٨٣).

گێڕەرەوە دەنگێکی گرنگە لە نێو دەقی ڕۆماندا، چونکە هەموو ڕەگەزاکانی نێو ڕۆمان لەڕێگەی گێڕەرەوەوە دەگات بە خوێنەر. ((دامەزراندنی پرۆسەی گێڕانەوە لەژانرە گێڕانەوە بەندەکاندا پشت بە گێڕەرەوە دەبەستێت بۆیە بەبێ گێڕەرەوە ناکرێت پەیکەری ڕۆمان بونیاد بنرێت. واتە گێڕەرەوە بە هۆکارێک دادەنرێت، کە ڕۆماننووس لە ڕێیەوە ڕەگەزەکانی تری وەک (ڕووداو، کەسایەتی) یەکان بەوەورگر دەگەیەنێت، بەڵام لەپرۆسەی گێڕانەودا گێڕەرەوە بە هاوکاری دوو ڕەگەزی تر کە بریتین لە (گێڕدراو، بۆ گێڕەوە) شێوازی بونیادی گێڕانەوەی نێو ڕۆمان دیاری دەکەن بەم پێیە گێڕەرەوە کەسێکە ڕووداو و بەسەرهاتەکان دەگێڕێتەوە. واتە گێڕەرەوە ئەرکی لە ئەستۆگرتنی پرۆسەی گێڕانەوە لە ئەستۆدەگرێت گێڕدراوەش بریتییە لە خودی حیکایەت یان ڕۆمان، کە گێڕەرەوە بەرهەمی دێنێت واتە گێڕدراو دەقە بەرهەم هاتووکە دەگەیەنێت. بۆ گێڕەرەوەش ئەو لایەنەی نێو ڕۆمانە، کە هەر دەربڕینێک لەلایەن گێڕەرەوە دەربچێت وەریدەگرێت جا ئەگەر خاوەنی ناسنامەیەکی دیاری کراو بێت یاخود بوونەوەرێکی نادیار بێت))(صالح، ٢٠٢٠، ١٨٤-١٨٥).

گێڕەرەوە ئەرک و ڕۆڵی تایبەتی خۆی هەیە. لە ڕۆماندا یان چیرۆکدا زۆر جار هەست بەبوونی گێڕەرەوە دەکەین، کە تێکەڵ بەقوڵایی ڕووداوەکانی نێو ڕۆمانەکە دەبێت واتە گێڕەرەوە زانیاری دەربارەی ڕوودا و کارەکتەرەکان دەزانێت و دەیخاتە بەردەم خوێنەر. ((ڕووداو گێڕدراوەیە، کە لە لایەن کەسی ئاگادار و گشتزانەوە، ڕاستەوخۆبێت یان ناڕاستەوخۆ، تەشەنە بەو ڕووداوانە دەدات یان خوێنەر کەمتر هەست بە بوونی ئەو گێڕەرەوەیە(ڕاوی) دەکات و خودی خۆی لە جێگەی ئەو دادەنێت و بەشداری وتاری ڕووداوەکان دەبێت. دیسان ئەم خالەش ئاماژەیە بۆ زرنگی و لێوەشاوەیی بنووسان، چ لە بەشداری پێکردنی خوێنەرو چ بەیتکردنی فرەدەنگی (هارمۆنی) کەسێتییەکان))(سەراج، ٢٠١٢، ١٠).

وەک چۆن ڕەگەزە سەرەکییەکانی دەقی ڕۆمان پێویستیی گرنگیی ڕووداوگەلن لەپانتایی تێکستدا، کەواتە: ((کارەکتەرو کات و شوێنەکان ڕووداوەکان دەخوڵقێنن، گێڕەرەوێک پێویستە بیانگێڕێتەوە، کەواتە پەیوەندییەکی پێویستە جەمسەری گێڕەرەوە هەبێت و جۆری گێڕەرەوە (حیکایەتخوان)شێوەی گێڕانەوەی ڕووداوەکان دەستنیشان دەکات))(عوسمان، ٢٠١٣، ٢١).

زۆر جاردەشێ یان دەکرێ گێڕەرەوە ئەو توانایەی نەبێت لەگەیاندنی ئە و چێژەی، کە بە خوێنەری دەبەخشێت، بۆیە ((دەگوترێت فڵانەکەس ئەو حیکایەتە زۆر خۆش دەگێڕێتەوە. یاخود فیسارەکەس بیتام دەیگێڕێتەوە دەشێ کەسیک هیچ شارەزایی نەبێت لە هونەری گێڕانەوەو نەخوێندەوار بێت، بەڵام زۆر بەچێژو بە شێوەیەکی سەرنجڕاکێش ڕووداوێگ دەگێڕێتەوە. ئەم ڕووداوەش جاری واهەیە دەماو دەم بۆ کەسی گێڕەرەوە ماوەتەوە جاری واش هەیە کەسی گێڕەرەوەکە خۆی لە ناو ڕووداوەکە بووە. دەکرێت هەموو ڕووداوێک وەک چیرۆک بگێڕدرێتەوە))(جەمال، ٢٠١٢، ١٥) لێرەدا تام و چێژ گێڕەرەوە دروستی دەکات و دەیگەیەنێت بە خوێنەر هەر ئەم چێژەشە وا لە خوێنەر دەکات بەردەوام بێت لەگەڵ ڕەوتی ڕووداوەکانی نێو ڕۆمانەکە.

سەبارەت بە گێڕەرەوە (تۆدۆرۆف) دەڵێت: ((گێڕەرەوە بکەرێکە لە هەموو پرۆسەیەکی بونیادناندا هەیە))(حمد أمین، ٢٠١٢، ١٢) ئەمە نەک هەر لەبواری ئەدەبدا، بەڵکو لە هەموو بوارەکانی ژیاندا پەیرەو دەکرێ ((گێڕانەوە پەیوەندی بەهەموو توخمەکانی دەقی چیرۆکەوە هەیەو بێ گێڕانەوە چیرۆک دروست نابێت، چونکە لە گێڕانەوەدا پێویستە گێڕەرەوەیەک هەبێت، کە کرداری گێڕانەوەکە جێ بەجێ بکات کەواتە گێڕەرەوە گرنگی و بایەخی خۆی هەیە))(هەمان سەرچاوەی پێشوو، ١٢).

دەبێت ئەوەش بووترێت، کە لە ڕۆماندا فرەگێڕەرەوە بوونی هەیە، کە هەر هەمووی کەوتوونەتە خزمەت ڕێڕەوەی هێڵی پانی چیرۆکە سەرەکییەکە ((لەبەر ئەوەی لە چیرۆکدا گێڕەرەوەی جۆراو جۆر بونیان هەیە و چیرۆکنووس لە دروستکردن و دارشتنیاندا ڕۆڵێکی سەرەکی هەیە، بۆیە لە چیرۆکدا گێڕەرەوە جڵەوی گێڕانەوەو باسکردنی کارەکتەرو ڕووداوەکان و بەسەرهاتەکانی ناو

چیرۆکەکەی دەدرێتەدەست، تا لە ڕێگەیەوە کارەکتەرو ڕووداوەکان پێشکەش بە خوێنەر یا گوێگر بکات، لەبەرئەو دەبێت چیرۆکنووس هەر لە سەرەتاوە شوێنێک بۆ گێڕەرەوە دیاری دەکا، تا لێیەوە سەیری ڕووداو بەسەرهاتەکان بکات، چونکە گێڕەرەوە لە گۆشەنیگایەکی دیاری کراوەوە شتەکان دەبینێت و هەستیان پێدەکات و وەریان دەگرێت بەهۆی ئەمانەوە هەڵوێستی دیاریکراوی خۆی دەنوێنێت و شوێنی لەناوەوە یا دەرەوەی چیرۆک، ڕووداو وەردەگرێت چێرۆکنووس بۆ گێڕانەوەی ڕووداوەکان پەنا دەباتە بەر گێڕەرەوە، چونکە گێڕەرەوە ئەوکەسەیە، کە چیرۆک دەگێڕێتەوە، ئینجا چیرۆکەکە خەیاڵی یان ڕاستەقینە بێت.))(هەمان سەرچاوەی پێشوو، ١٢). گێڕانەوە لەنیو دەقی ڕۆماندا پێویستی، بەگێڕەرەوەیە، کە زۆر جار گێڕانەوەکە لەسەر زاری ڕۆماننووسە زۆر جاریش لەسەر زاری کارەکتەر ئەنجام دەدرێت.

گێڕەرەوە لەگۆشە نیگای خۆیەوە گێڕانەوە، کە ئەنجام دەدات ((بەگشتی ڕەخنەگران سێ جۆریان دەستنیشان کردووە هەریەکە لەم جۆرانەش تایبەتمەندی خۆی هەیە و لە جۆرێکی تر جیادەکرێتەوە باوترین دابەشکردنی گۆشەنیگا تا ئێستا دابەشکردنی (جان بۆبون)ە کەبەم شێوەیە دابشیکردووە ،بینین لە دواوە، بینین لەگەڵ، بینین لە دەرەوە))(هەمان سەرچاوەی پێشوو، ١٧٩)، کە هەریەکەیان لەوی تریان جیاوزە، ئەگەر سەرنج بدەین لە گۆشە نیگای بینین لە دواوە لێرەدا گێڕەرەوە ڕۆڵێکی زۆری هەیە، چونکە ئاگاداری هەموو زانیارییە شاراوەکانی کارەکتەرەکانە.

((زانیاری گێڕەرەوە لە بارەی کارەکتەرەکەوە بە زانیاری کارەکتەرەکە زیاترە لەبارەی خۆیەوە، چونکە گێڕەرەوە سەربەستییەکی تەواوی هەیەو دەتوانین بەناو دڵ و دەروونی کارەکتەرەکاندا ڕۆبچێتە خوارەوەو هەست و سۆزو بیرو بۆچوونەکانیشیان بخوێنێتەوە، بێئەوەی کارەکتەرەکە خۆی ئاگاداری ئەو بارودۆخەی خۆی بێت. بەم پێیە گێڕەرەوە لەم جۆرە گۆشەنیگادا پێیدەوترێت (گێڕەرەوەی هەمووشتزان)، کە یەکێک لە تایبەتییە گرنگەکانی ئەوەیە، کە ناچارنییە سەرچاوەی ئەو هەموو زانیارییە مان پێڵێت کە دەیزانێت. گێڕەرەوەی هەمووشتزان لە گێڕانەوەدا جێناوی کەسی سێیەمی نادیارە (ئەو) بەکاردەهێنێت و زیاتریش لە ڕۆمانی تەقلیدیدا بەکارهاتووە و بەرهەمێکی زۆری لە جیهاندا پێ نووسراوە))(هەمان سەرچاوەی پێشوو، ١٨١).

لەم جۆرە گۆشەنیگایەدا پێویست ناکات گێرەرەوە هەموو زانیاریەک بدرکێنت، چونکە سەربەستە لە گێڕانوەکەدا. ((گێڕەرەوە خۆی بەئارەزووی خۆی ڕێژەی ئەوزانیارییە دەستنیشان دەکات، کە دەیدات بە گێرەوە بێئەوەی کەس بتوانێت ناچاربیکات زانیاری زیاتر ببەخشێت))(هەمان سەرچاوەی پێشوو، ١٨١).هەر بەم شێوەیە گێڕەرەوە ڕۆڵێکی بەرچاو دەبینێ، چونکە هەرخۆیەتی هەموو شتێک پێشکش دەکات.

سەبارەت بە جۆری دووەمی گۆشە نیگا (بینین لەگەڵ) لێرەدا زانیاری گێڕەرەوە بەقەدر زانیاری کارەکتەرەکەیە، ئەمەش پێدەگوترێ گێڕەرەوەی هەمانشتزان ((کارەکتەر یان ڕۆماننووس کاتێک و چیرۆکێک باس دەکات، دەبێتە گێڕەرەوەی دەقەکە))(٢، ٢٠٢١ ، Jahn) واتە کارەکتەر هەم ڕۆماننووس گێڕەرەوەن، بەڵام زانیارییەکانیان سەبارەت بە ڕووداو کارەکتەرەکان یەکسانە.


گێڕەرەوە لێرەدا((کە ڕۆڵێکی تایبەتی هەیە وە بێژەرێک یان هەواڵ بێژێک ڕووداوەکان کارەکتەرەکان هەتا وای دەگوازێتەوە بۆ گوێگر، یان خوێنەر. وە سەرکەوتن و هێچ بەخشینی کارەکەش دەکەوێتە سەر جۆرو توانای گێڕەرەوە. ڕۆمانەکە لە ڕووی چەندێتییەوە یەکسانە، واتە زانیاریی هیچیان لە زانیاری ئەوی تر نەکەمترە نە زیاتر یشە، بەڵکو شانبەشانی زانیاری یەکتر دەڕۆن، سەرچاوەی پەیداکردنی زانیارییەکانی گێڕەرەوەی هەمانشتزان هەر کارەکتەرەکان خۆیانن. بۆیە ئەم گێڕەرەوەیە ناتوانێت هیچ شتێکیش ئاشکرا بکات ئەگەر کارەکتەرەکان خۆیان ئامادەنەبن بیدرکێنن. بۆیە توانای ئەوەشی نییە، کە پێش یان پاش ڕووداوەکان بکەوێت و بەئارەزووی خۆشی لە ئاستی (کات و شوێن) ەوە هەڵسوکەوت بکات، چونکە ڕەگەزەکانی ڕووداو کارەکتەر و کات و شوێن هەموویان لەڕێگەی گۆشەنیگای یەکێک لە کارەکتەرەکانی ناو ڕۆمانەکەوە پێشکەشدەکرێن))(سەعید، ٢٠٠٩، ١٨٥) .

لەڕۆماندا زۆرجار گێڕەرەوەی سەرەکی ئەرکەکانی خۆی لەڕیی جێناوەکەسییە جۆراوجۆرەکاندا دابەشی سەر کەسێتییەکانی نێو چیرۆکە سەرەکییەکەی رۆمانەکەی خۆی دەکات ((ئەو جێناوەی، کە گێڕەرەوەی هەمانشتزان بەکاریدەهێنێت جیاوازن . هەنێکیان بە جێناوی کەسی یەکەمی قسەکەرە (من) ی دەبەستنەوە کە گرگنگترین تایبەتمەندییەکانی، بریتییە لەوەی کەتەنها ئەو شتانە دەبینێت، کە بەر هەست و هۆشی شاکەسی ڕۆمانەکە دەکەوێت لە ڕووی بینینی تایبەتییەوە، واتە گێڕەرەوە بەزارو مێشکی شاکەس قسەدەکات و بیردەکاتەوە))(هەمان سەرچاوەی پێشوو، ١٨٦) .

لێرەدا گێڕەرەوە وەکو کەسێتییەکی سەرەکی یان پاڵەوانی نێو ڕۆمانەکە دەردەکەوێ((گێڕەرەوەکانیش لە ساکارترین شێوەیاندا، هەر شاکەس و کارەکتەرەکانی ڕۆمانەکە خۆیانن، کە هەر یەکەیان بە نۆبەت بە سەرهات و ڕووداوەکانی ژیانی خۆی دەگێڕێتەوە، یان هەموویان یەک چیرۆک دەگێڕنەوە، بەڵام هەریەکەو لە گۆشەنیگای تایبەت وجیاوازی خۆیەوە. لە ڕۆماندا بەم دیاردیە دەوترێت (ڕۆمان لەناو ڕۆماندا) لەگەڵ ئەوەشدا مەرج نییە، کە (ڕۆمان لەناو ڕۆماندا)، پەیوەست بێت بە فرەیی گێڕانەوەکانەوە، بەڵکو یەک گێڕەرەوە بەپێی ئەو گۆشەنیگایەی کەهەیەتی، دەتوانێت پەیوەندی لە نێوان بەشە جیاوزەکانی حیکایەتدا درووستبکات. بەم شێوەیە دەبینین یەک گێڕەرەوە چەندین گۆشەنیگا دەهێنێتە بەرهەم))(هەمان سەرچاوەی پێشوو، ١٨٨).

سەبارەت بە جۆری سێ یەمی گۆشەنیگا (بینین لەدەرەوە) ((زانیاری گێڕەرەوە لە زانیاری کارەکتەرەکانی ناوڕۆمانەکە کەمترە، بۆیە بەگێڕەرەوەکەشی دەوترێت (گێڕەرەوەی کەمشتزان)، کە زیاتر پشت بە وەسفی دەرەکی دەبەستێت. واتە وەسفی جووڵە و دەنگی کارەکتەرەکان و هەرگیز توانای ئەوەی نییە بەناخی کارەکتەرەکاندا ڕۆ بچێتە خوارەوە و بزانێت چیان لە دڵ و دەروونی هەیە، سەرچاوەی سەرەکی پەیدا کردنی زانیاریی ئەم گێڕەرەوەیە تەنها هەردوو هەستەوەری بینین و بیستنە، چونکە گێڕەرەوە لە ڕێگەی هەستەکانیەوە نەبێت، ناتوانێت هیچ شتێکمان پێشکەشبکات، تەنها ئەوشتانە نەبێت، کە دەبینرێت و دەبیسترێت، ئەگینا هیچ ڕێگەیەکی ترمان لە پێشدا نییە تا بزانین چی لەدڵ و دەرونی کارەکتەرەکاندا هەیە))(هەمان سەرچاوەی پێشوو، ١٩٢).

بۆ زیاتر تێگەیشتن لە جۆرەکانی گۆشەنیگا دەتوانیت ئەم هێڵکارییە بەکاربهێنین :




هەرسەبارەت بەگێڕەرەوە علی عوسمان یاقووب لە دیدارێکدا دەربارەی پەیوەندی نێوان ڕۆماننووس و گێڕەرەوە دەڵێت: ((ئەم مەسەلەیە یەکێکە لەمەسەلە هەرە ئاڵۆزەکانی ڕۆمان. من پێم وایە هەموو ڕۆمانی دونیا بە یەک بابەت دەوروژێنن، کە دواجار، بریتییە لە ململانێی نێوان دوو هێز. ئەم ململانێ و ئەم هێزانە شێوەی جیا جیا وەردەگرن، بەڵام ئەوەی زیاتر بوار بۆ داهێنان دەڕەخسێنێ شێوازی گەیاندنی ململانێی نێوان ئەو هێزانەیە، واتە شێوازی گێڕانەوەکەیە ئەمەش پەیوەندی بە چیرۆکخوان یا چیرۆکخوانەکانەوە هەیە، واتە ئەوەی یا ئەوانەی چیرۆکەکە دەگێڕنەوە، کە ڕۆماننووس بڕیار لە سەر بەکارهێنانیان دەدات. هەنگاوی یەکەم بۆ تێگەیشتن لە ڕۆمان و ئەوەیە، بزانین کێ چیرۆکەکە دەگێڕێتەوە و لە چ گۆشەنیگایەکەوەو دەگێڕدرێتەوە ئەم گۆشەنیگایە فۆرمی ڕۆمان دیاری دەکات))(سدیق، ٢٠٢٠، ١١٢-١١٣) دەتوانین بڵێین گۆشەنیگاکان پەیوەندییەکی توند و تۆڵ دروست دەکەن لەنێو گێڕەرەوەو کارەکتەردا.

## پاری سێیەم تەکنیکەکانی فلاشباک و وەسف لە نێو ڕۆماندا.

## ١-تەکنیکی فلاشباک (Flash back):

فلاشباک تەکنیکێکە لەتەکنیکەکانی گێڕانەوە، لێرەدا نووسەر هەموو ڕووداوەکان یان هەندێ لە ڕووداوەکان دەگێردرێتەوە، کە لە ڕابردوودا ڕوویانداوە بەشێوەیەکی گشتی زەمەنی کۆن ئەکات بە زەمەنی ئێستا (فلاشباک تەکنیکێکی گێڕانەوەی چیرۆک و ڕۆمانە لە ڕووی دەرکەوتن و بەکارهێنانەوە مێژوویەکی کۆنی هەیە و ئەم تەکنیکە لەداستانی ئەلیادەی هۆمیرۆس، کە سەرەتاکەی لە ناوەڕاستی چیرۆکەکاندا حەشارداوە و پاشان حیکایەتخوان لە ڕێی تەکنیکی فلاشباکەوە دەگەڕێتەوە بۆ گێڕانەوەی ئەو ڕووداوانەی، کە لەڕووی کاتەوە پێش خاڵی یەکەمی گێڕانەوەی ڕۆمانەکە کەوتوون، بەڵام وەکو زاراوە زاراوەیەکی نوێیە وە بۆ یەکەم جار لە هونەری سینەمادا بەکارهێنراوە دواتر هاتووەتە ناو ڕەخنەی ڕۆمانەوە. ئەگەر مرۆڤ لەبیرەوەری ڕووداوە ڕابردووەکانی دابماڵرێت بریتی دەبێت لەکایەیەکی بەتاڵ، کە هیچ وجودێکی نابێت هەموو شتێک مێژوویەکی هەیە واتا ڕبردوویەکی هەیە مرۆڤ بێت یاخود شوێن، کە دەکرێ مێژووی ئەوشوێنە یان ئەم مرۆڤە بگێڕدرێتەوەلە ڕێگەی گەڕانەوە بۆڕابردوو.ئەم بوونەوەرە بۆ زیندووکردنەوەی بیرەوەرییەکانی پشت بە هۆکارێک دەبەستێت بەناوی گێڕانەوە، گێڕانەوەش هونەری دووبارەکردنەوەیە، لە بنچینەشدا لە ڕوانگەی گەڕانەوە بۆ گۆمەڵێک ڕووداو پێشکەش دەکرێت هەر بۆیە گێڕانەوە بەپلەی یەکەم پشت بە گەڕانەوە دەبەستێت، گەڕانەوەش لە زینی یادەوەرە (ذاکرة) بۆ ڕابردووی دوور یان نزیک ئەنجام دەدرێت، واتا کاتێک حیکایەتخوان لە ڕۆمانێکدا هەڵدەستێت بە گێڕانەوەی زانیارییەکان و ڕەوتی بەرەو پێشچوونی ڕووداوەکان بۆ پێشەوە هەنگاو دەنێت، حیکایەتخوان زەمەنی بەرەو پێشچوونی ئێستای گێڕانەوەکان ڕادەگرێت دەگەڕێتەوە بۆ ناو زەمەنی ڕابردوو)(مەجید، ٢٠٢١، ٦٢-٦٣-٦٤). وەستاندنی ڕووداوەکان کاریگەری دروست دەکەن لەسەر خوێنەر، چونکە بە تامەزرۆییەوە دەیەوێت لەڕێگەی گەڕاندنەوەکە لەڕووداوەکانی ڕابردوو بگات.

لەگەڵ ئەوەشدا ((لەکاتی نووسینی کارێکی خەیاڵیدا، نووسەرێک دەتوانێت خوێنەر لە چیرۆکی ئێستا دەربکات و باز بداتە سەردەمێکی پێشتر (ڕابردوو) لە ژیانی کارەکتەرێکدا ئەم ئامرازە گێڕانەوە بەفلاشباک ناودەبرێت ... فلاشباک زیاتر قوڵی چیرۆکەکان دەردەخەن لە ڕێگەی ئاشکرا کردن و چوونە ناو ووردەکاری کە یارمەتی خوێنەران دەدات بۆ تێگەیشتن لە هاندەری کارەکتەرەکە ... نووسەران فلاشباک وەک ئامرازێکی ئەدەبی بەکاردێنن بۆ یارمەتی دانی خوێنەران بۆ تێگەیشتن باشتر لە توخمەکانی ئێستای چیرۆکەکەیان زیاتر فێربوون دەربارەی کارەکتەرێک))( Master class ,٢٠٢١).

بەکارهێنانی ئەم جۆرە تەکنیکە لەلایەن ڕۆمانووسەوە ئامانجی تایبەتی خۆی هەیەو یەکێک لەو ئامانجانەی ئەوەیە، کەخوێنەر ئاشنایی هەندێ وردە ڕوداوی نێو ڕۆمانەکە بکات سەبارەت بەکارەکتەرەکان ((کەواتە فلاشباک گێڕانەوەی ڕووداوی ڕابردووە لە ڕێی زەینەوە و هێنانەوەی بۆ کاتی ئێستای گێڕانەوە، ئەم کردارەش لەلایەن حیکاتخوان یان کارەکتەرەکەوە ئەنجام دەدرێت بەمەبەستی چالاکی بەخشین بە پرۆسەی گێڕانەوەکە لە لایەک، لەلایەکی دیکەشەوە ڕوونکردنەوەی ڕووداوەکانی ڕابردوو لەلای خوێنەرەوە بەسەرچوونەوەی ئەو ڕووداوانەی، کە حیکایەتخوان بەئەنقەست باسی نەکردوون یان بەسەریان تێپەڕیوە))(خاڵەدیوە،٢٠١، ٢٢٤). هێنانەوەی ئەو ڕووداوانەی، کە زەمەنێک بەسەریدا تێپەڕیوە لەلایەن ڕۆماننووس لێرەدا زێتر بۆئەوەیە جموجۆڵێک بخاتە نێورۆمانەکە. ئەمە لەلایەک لەلایەکی دیکەش مەبەستییەتی شرۆڤەی ڕووداوەکان بکات. بێخاتە بەر دیدەی خوێنەر.

(د. عەدنان خالید) دەڵێت : ((پێشبینی لە چیرۆکدا بریتییە لە ڕێکخستن و پیشاندانی ڕووداوەکان لە چیرۆک و شانۆدا بە جۆرێک، کە خوێنەر ئامادەبکات بۆ خوێندنەوەی، یان دیتنی ڕووداوەکانی دواتر))(هەمان سەرچاوەی پێشوو ،٨). واتا لە ڕێگەی ئەم تەکنیکە خوێنەر دەتوانیت پێشبینینێک بکات بۆ ڕووداوەکانی داهاتوو لە ڕێگەی ئاشنابوون بەڕووداوەکانی ڕابردوو

((گێڕەرەوە =چیرۆکنووس باسی بەشێکی ژیانی ڕابردووی و بەستنەوەی بە ئێستاوە، واتە کاریگەری ڕابردوو بەسەر ئێستاوە دەکات، گێڕانەوە لەڕێگەی حیکایەتخوانەوە کە نووسەر هاتووە بەشێوەیەکی هونەری گێڕانەوەی لەم ڕێگەیەوە ئەنجامداوە گەڕانەوە بۆ ڕابردوو لە ڕێگەی فلاشباکەوە تەکنیکێکی سینەماییە... کەسایەتییەکە بیرەوەری یادەوەریەکانی خۆی بۆ خوێنەر دەگێڕێتەوە وباس لە ڕابردوو دەکات))(عوسمان، ٢٠٠٩، ١٣).

زۆرجار ڕۆماننووس لە ڕێگەی ئەم تەکنیکەوە هەوڵدەدات بەرچاو ڕوونییەک یان هەندێک زانیاری پێشکەش بە خوێنەر بکات سەبارەت بەو ڕووداوانەی، کە لە ڕابردوودا بەسەر کارەکتەرکەدا هاتوون ئەمە ((جگە لەوەی فلاشباک گرنگە بۆ تێگەیشتن لە ڕووداوەکانی چیرۆک، لەڕووی پێشکەشکردنی زانیاری زیاتر بە خوێنەر کە یارمەتی دەدات لە چۆنێتی بەرەوپێشچوونی و پێشکەشکردنی ڕووداوەکانی ڕابردوو بەخوێنەرو یارمەتیپێدانی بۆ تێگەیشتن لە بەرەو پێشچوونی ڕووداوەکاندا دەکرێ بڵێین ئەم تەکنیکە هۆکارێکەکە حیکایەت خوان لەپەنایدا کۆمەڵێ ڕووداوی دەقی ڕۆمانەکەمان بۆ دەگێڕێتەوە. هەندێک لێکۆڵەرو ڕەخنەگرتەکنیکی هێنانە پێشچاو لە فلاشباک جیادەکەنەوە، بەڵام ئەم تەکنیکە هیچ جیاوزیەکی نیە لە ڕووی ئەرک و خاسییەتەوە . لەگەڵ فلاشباکدا، بەڵکو هەمان ئەرک دەبینێ لە وەبیرهێنانەوەی ڕووداوەکان جا لەلایەن حیکایەتخوان یان لەلایەن کارەکتەرەوە ئەنجام بدرێت))(خاڵە دیوە، ٢٠١٠، ٢٢٥).

هەر بەم شێوەیە دەبینین گێڕەرەوە ڕۆڵی هەیە لەم جۆرە تەکنیکە، کە هەوڵدەدات ئەوەی لەڕبردوودایە بیهێنێتە ئیستا ((فلاشباک بەشێوەیەکی گشتی بە دوو شێواز پێشکەش دەکرێت، نووسەر ڕاستەوخۆ خۆی یان لە ڕێی بیرکردنەوە ی کارەکتەرەکانەوە بەسەرهاتێک لە ڕابردووەوە دەهێنێت و پێشکەشی دەکات، واتە فلاشباک یان لە ڕێی حیکایەتخوانی هەموو شتزانەوە، یاخود لە لایەن خودی کارەکتەری ناو ڕۆمانەوە پێشکەش دەکرێت))(مەجید، ٢٠٢١، ٦٤).

زۆر جار ڕۆمانووس کاتێک درکی بەوە کرد ڕۆمانەکەی کەموکوڕی دەکەوێتە نێویەوە، ئەوا پەنادەباتە بەر فلاشباک بۆ ئەوەی لە ڕێگەی ئەم جۆرە تەکنیکەوە هەوڵبدات درێژە بەڕۆمانەکەی بدات و چارەسەری ئەم گرفتەی پێبکات، کە دەکەوێتە نێو ڕۆمانەکەیەوە.

((حاڵەتێکی دیکەی ئەم پرۆسەی گەڕانەوەدا بۆمان دەردەکەوێت /شیکردنەوەی ڕابردووە/، گەڕانەوە هەڵدەستێت بە شیکردنەوەی مانای ئەو ڕووداوانەی دەکەونە پێش / ئەو ئێستایەی لە گێڕانەوەدا پێگەیشتووین / (یان وەک وتمان دەرخستنی مانا دیارەکات) لە سەروو ئەمانەشەوە تەواوکەری سوڕی گشتی ڕووداوەکانە لێرەدا پێویستمان بەکردنەوەی کەوانەیە بۆ تێگەیشتن لەم لایەنەی پرۆسەی گەڕانەوە لەسەرەتای بەشێک لەچیرۆک و ڕۆمانەکاندا، خوێنەر درک بەوە دەکات، کە ڕووداو حاڵەتەکان بەیەک دیوە ئاڵاوون، یان بڵێین تێکەڵاوبونێک لە نێوان ڕووداو باسکراوەکاندا بوونی هەیە، پرۆسەی گەڕانەوە وەک پرۆسەیەکی تەفاسیلدەر بە ڕووداوەکان سوڕی گشتی چیرۆکەکان ئەمەش جۆرە ئاشناکردنێکی خوێنەرە بە/ ڕابردووی کەسایەتی و شوێنەکان / کەبەهۆی پرۆسەی گەڕانەوە مەیسەر دەبێت))(ئەحمەد، ٢٠٠٤، ٣٨-٣٩).

هەرچەندە ئەم تەکنیکە گرنگی و تایبەتمەندی خۆی هەیە لە ڕووی ئەرکەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ((بۆ خوێنەر زۆر گرنگە، چونکە بەتەواوی لە هەلومەرجە ئاڵۆزو تەمومژاوییەکەی چیرۆکە سەرەکییەکە دەگا. کاتێک ئەم تەکنیکە بەشێوەیەکی ڕێک و پێک بەکاردێ، زیاتر قوڵایی دەبەخشێتە ململانێی کارەکتەرە سەرەکییەکە و بینینێکی ڕوونتر دەربارەی ڕەفتارو کاردانەوەکانی، بەتایبەتی لەبارەی دەرونیەوە دەخاتە ڕوو))(سدیق، ٢٠٢٠، ١٠٥).

لێرەدا ئەم زانیاریانە دەخاتە ڕوو کە کارەکتەرەکە پێدا تێپەڕبوە، کە چەند قۆناغێکی ژیانی دەگێڕێتەوە لەگەڵ ئەوەشدا تەواوی زانیاریەکان نابێت زۆر ورد بکرێتەوە تاوەکو خوێنەر چاوەڕێی زانیاریەکانی دواتریش بێت و چێژ لەم زانیاریانە وەربگرێ، هەروەها ئەم زانیاریانەش ((دەبێتە پاڵپشت بۆ ئاڕاستەی چیرۆکەکە، چونکە خوێنەر، بەلەبەرچاوگرتنی ئەو ڕابردووە، بەرچاوی ڕوون دەبێ دەربارەی ڕەفتاری کارەکتەرە یان ئەو بڕیارەی کارەکتەرەکە دەیدا هەموو مورۆڤێک لە ژیانیدا بەچەند دۆخێکی وا تێپەڕبوە، کە کاریگەرێتی بەسەر ئێستای ئەو کەسەوە هەبێ، نووسەر لەبری بەکارهێنانی شێوازی ڕاستە هێڵ ئاسا لە گێڕانەوەدا لەکاتی پێویست پەنایان بۆ دەبا. بەمەش

چیرۆکەکە سەرنج ڕاکێشترو ڕاستەقینەتر دەردەکەوێ لەسەرێکی ترەوە فلاشباک وا لەخوێنەر دەکات زیاتر لەکارەکتەرەکە بگا، چونکە ناخی کارەکتەرەکەی بۆ دەخاتە ڕوو))(هەمان سەرچاوەی پێشوو، ١٠٥-١٠٦).

بەم شێوەیە دەبێت ڕۆماننووس یان چیرۆکنووس لە بەکارهێنانی ئەم تەکنیکەدا ئاگادار بیت و بەشارەزایی و لێهاتوویی بەکاری بهێنێت، چونکە بەکارهێنانی بە ڕێگایەکی دیکە یان دیوێکی دیدا، کە شارەزای نەبێت ئەوا دەبێتە هۆی بێزارکردنی خوێنەر لەکاتی خوێندنەوەی ڕۆمانەکە لەگەڵ ئەوەشدا لەوانەیە ببێتە هۆی ئەوەی واز لە خوێندنەوەی بهێنێ و بەردەوامی پێ نەدات. فلاشباک ((ڕێگایەکە کارەکتەر لە ڕێگای بیرهاتنەوە بەکاریدەهێنێت بۆ باسکردنی ڕووداوێک کە لە زەمەنێکی بەر لەزەمەنی گێڕانەوەدا ڕوویداوە بەم شێوەیەش لادان یان تێکشکان لە زنجیرەی زەمەنی پرۆسەی گێڕانەوەکەدا دروستدەکات. ڕەخنەگران چەندین زاراوەی دیکەیان بۆ ئەم چەمکە بەکار هێناوە وەکو (ڕفاندن لە پشتەوە – الخطف خلفا و فلاشباک)، کە بریتییە لە بڕینێک لە زنجیرەی زەمەنی لۆجیکی کارەکەو ئامانجێکی گواستنەوەیە، کە تیایدا دەگەڕێتەوە بۆ باسکردنی ڕووداوەکانی ڕابردوو بەمەبەستی ڕوونکردنەوەی شتە لێڵەکانی هەڵوێستێکی دیاریکراو. ئەوەی، کە جێگای سەرنجە پێویستە ئاماژەی بۆ بکەین و بەسەریدا تێنەپەڕین، ئەوەیە کە زاراوەی (ڕفاندن لە پشتەوە – الخطف خلفا) ،بەهیچ شێوەیەک لەگەڵ چەمکی گەڕاندنەوەی هونەریدا یەکناگرێتەوە، چونکە لە زمانی عەرەبیدا (الخطف خلفا ) واتە (خطف وانتزاع الشيئ من الخلف بخفة وسرعة)، دیارە لەزمانی کوردیشدا (ڕفاندن لە پشتەوە) هەمان واتاو چەمکی هەیە، ئەمەش بەبڕوای ئێمە زیاتر لەگەڵ چەمکی (دزی) دا دەگونجێت تاوەکو گەڕاندنەوەی هونەری.))(سەعید، ٢٠١٣، ١٨٠-١٨١).

بەم شێوەیە لە ((گەڕانەوەی هونەری یاخود گەڕانەوە بۆ دواوە، بریتییە لە کۆتایی پێکهێنان لە زنجیرەیەکی کاتی یاخود شوێنی لە ڕۆماندا، یاخود لە چیرۆک و شانۆگەریدا لە پێناو هێنانی دیمەنێکی ڕابردوو یاخود کۆمەڵێک دیمەن، بەشێوەیەک کە تیشک دەخاتە سەر هەڵوێستێکی دیاریکراو و هەڵدەستێت بە کۆمێنتدان لە سەر، ڕابردوو پوخت کردنەوەی هونەری سینەما، کە ناسراوە بە فلاشباک، بەڵام نووسەران سەرکەوتووبون لە کارپێکردنی لە شانۆگەری و ڕۆمان و چیرۆک و هۆنراوە بەتایبەتی لەڕۆمانی پۆلیسیەکاندا، کە لە کۆتایی ڕووداوەکانی چیرۆکەوە دەستپێدەکات و پاشان دەست دەکات بەگەڕانەوەی ڕووداوەکان و شیکردنەوەیان))( Dowling , ١٩٩١ ,٤٦). هەر وەکو ئەو ڕووداوانەی، کە ڕوودەدەن کاتێ پۆلیس دەگات کۆتا ڕووداو دەبینیت، کە ڕوویداوە لە و کاتەدا دەکەوێتە کۆکردنەوەی زانیاری خاڵی سەرەتا لە کاتێکدا کۆتاڕووداو دەزانیت.

((ئەم زاراوەیە لەفەرهەنگی دەرهێنەرە سینەماییەکانەوە هاتووە، پاش تەواو بوونی وێنەگرتن، تێکەڵکردنی وێنەکان دەست پێدەکات و ئیشی تیادا دەکرێ بۆ پێش و پاش خستنیان بێ ئەوەی

کارەکە نارێک بێت. بەزۆری لە چوارچێوە هونەرییەکەوە خستنە ڕوویەکی شکۆداردا دەمێنێتەوە))(موفتی، ٢٠١٢، ٩٦).

ئەگەر سەرنج بدەین چ کارەکتەری سەرەکی یاخود لاوەکی لە ((پرۆسەی گێڕانەوەی هونەریدا پشت بە بیرهاتنەوە دەبەستێت، چونکە یادگە یارمەتی گێڕەرەوە دەدات لە بیرۆکەکان تاکو بە شێوەیەکی ڕێکو پێک هەموو ئەو ڕووداو کارەکتەرانەی لە ڕابردوودا بەسەری هاتوون و تێپەڕبون، بهێنێتەوە یادی خۆی. هەر لەمیانەی ئەم یادگایەشەوە کە ڕێکخستنێکی تایبەتی بۆ پێدراوە ناتەواوەکان ئەنجام بدات کە ڕۆژ بەڕۆژ دەردەکەون، هەر خۆشیەتی (واتە یادگار تویژەر) بوار بە لێک گەیشتنی ڕووداوەکان و سەرلەنوێ زیندووبونەوەیان دەدات خوێنەر زۆر بە پەرۆشەوە بەدوای ڕێڕەوی ئەزموونەکانی کارەکتەری گێڕەرەوەدا دەڕوات. هەروەها یادگەبەئەڵقەی پەیوەندی نێوان ئاگایی و نا ئاگایی دادەنرێت، کەوا لە گێڕەوە دەکات کە بە جێناوی کەسی یەکەم ڕووداوەکانی ڕابردوو بە ئێستاوە گرێ بدات و ئەزموونەکانی خۆی لەم ڕێگەیەوە لە بەرگێکی واقعیدا پیشانی بدات))(سەعید، ٢٠١٣، ١٨٢-١٨٣).

هەر بەم شێوەیە کارەکتەر کاتێ سەردەمی منالی خۆی بیردەکەوێتەوە یاخود ڕووداویک، کە لەکۆندا بەسەریدا هاتووە دێتە بیری ئەوا پەنا دەباتە بەرئەم جۆرە تەکنیکە و، کە گەڕانەوەیە بۆ دواوەی ژیانی خۆی لەڕێگەی بیرەوەریەکانیەوە گێڕانەوەی بیرەوەرییەکانی خۆی دەخاتەڕوو .

((گەڕاندنەوەی هونەری، لەگەڵ خۆنواندن و مۆنۆلۆگ لەوەدا یەکدەگرێتەوە کە قسەکەر قسەکانی ئاراستەی خودی خۆی یان لە بارەی خۆیەوە دەکات، بەلام جیاوازی سەرکێشیان لە شێوەی دارشتنی زەمەنیدا هەیە، کە لە گەڕانەوەی هونەریدا قسەکردن لە بارەی ڕووداوێکەوە دەبێت کە لە ڕابردوودا ڕوویداوە، لەکاتێکدا قسە بۆ خودی خۆی دەکات. دەبێت ئەوەش بڵێین، کە گەڕاندنەوە لە جەوهەردا، بریتییە لەگەڕانەوەیەکی هونەرییانەی ئەو واقیعەی کە لەکاتی بەرپابوونی ڕووداوی (ئێستا) دا، نا ئامادەیە، ئەمەش لە ڕێگای هەڵچونێکی تایبەتییەوە دەبێت، کە تیایدا ڕابردوو دەورووژێنرێت هەروەها ویست (أرادە) یش ڕۆڵی خۆی لە بیرهاتنەوەدا هەیە، بەواتای ئەوەی، کە ئێمە لەبەردەم پرۆسەیەکداین، کە سەربەستی دەچێتە ناو چنینەکەیەوە.))(هەمان سەرچاوەی پێشوو، ١٨٢).

بەم پێیە ئەم تەکنیکە لەڕێی هزری نووسەر و کارەکتەرەکانەوە دادەرێژێت، واتا ((هەندێ جار لە ڕێگەی گێڕەرەوەوە و هەندێ جاریش کارەکتەر لە ڕێی بەکارهێنانی زەینی خۆی دەدوێت بۆ ئەوە زیاتر ڕۆشنایی بخاتە سەر ڕووداوەکانی ڕابردوو لە کاتی ئێستادا، بۆ ئەوەی خوێنەر بەو ڕۆڵەی، کە کەسایەتییەکان لەناو گێڕانەوەکەدا دەیگێڕن ئاشنا بکات ئەم پەنابردنەی گێڕەرەوە بۆ تەکنیکی داخراو و بۆ ئەوەبووە لەکاتی خۆیدا نەیتوانیوە ڕووداوێک بگێڕێتەوە لەبەر هاوکاتبوونی لەگەڵ ڕووداوێکی دیکە))(موفتی، ٢٠١٢، ٩٧).

هەربەم شێوەیە لەڕیی گەڕانەوە بۆدواوە و بۆزەمەنی ڕابوردوو لەدیدێکی دی گەیاندنی واتایە، چونکە خوێنەر لەڕێگەی گەڕاندنەوەی ڕووداوەکانی ڕابردوو تێدەگات لە واتاو دەلالییەکان، یاخود ئەو کەلێنەی دەکەوێتە ڕۆمانەکەوە ڕۆماننووس بەم ڕێگەیە چارەسەری دەکات. یاخود وەبیر هێنانەوەی ڕووداوێکی گرنگە ((گەڕانەوەیەش بەمەستی ئەوەیە کەوا چیرۆکنووس یان گێڕەرەوە ڕووداوێک لە ڕابردوودا ڕوویداوە بگەڕێنێتەوە کە گێڕەرەوە فەرامۆشی کردووە یان پەراوێزی خستووە یان جێی هێشتووە یان لە بیری کردووە یان هەر هۆکارێکی تربێت، یاخوود ئەوەمان بۆ دەگێڕێتەوە کەپێشتر ڕوویداوە واتە گەڕانەوەی ڕووداوەکانی ڕابردووە بۆ ئێستای چیرۆکەکە. گێڕەرەوە بەپێی ئەو مادەیەی کەوا دەیگێڕێتەوە گەڕانەوەمان بۆ ئاشکرا دەکات هەموو گەڕانەوەیەکیش بۆ ڕابردوو بەنیسبەت گێڕانەوە وبیرهاتنەوەیەک پێکدێنێت کە یادگارییەکانی تایبەت بە ڕووداووێکی تاییەتی کەپێی هەڵدەستێت))(سەعید، ٢٠١٣، ١٥١). ئینجا ئەو یادگارییەیان ئەو ڕووداوەی، کە کارەکتەر بیربکەوێتەوە ڕەنگە تراژیدی بێت یاخود کۆمیدی گرنگ ئەوەیە گەڕاوەتەوە بۆ ڕابردوو.

((بەکارهێنانی فلاشباک کاریگەرتردەبێ، کاتێک دیمەنەکە یا ڕووداوەکە بە تەواوی دەخرێتە ڕوو و بەشێوەیەک بەکاربێ، کە سەرنجی خوێنەر ڕابکێشێ زۆربەی ڕۆماننووسەکان لە دوای دیمەنێکی بەهێزی ڕۆمانەکەیان پەنا بۆ ئەم تەکنیکە دەبەن بۆ ئەوەی ڕاستەوخۆ کاریگەرێتی بەسەر ئەو دیمەنەوە هەبێ. بێجگە لەمەش، دارشتنی فلاشباک لە بارەی زمانەوە، بەتایبەتی ئەوزمانەی بۆ ئەم مەبەستە بەکاردێ، گرنگە بۆ ئەوەی خوێنەر بەڕوونی لە سەرەتاو کۆتایی فلاشباکەکە بگاو لەگەڵ زەمەنی چیرۆکە سەرەکییەکە تێکەڵی نەکات هەندێک ڕۆماننووس زۆر بەوریاییەوە ئەم تەکنیکە بەکاردێنن، کاتێک بەر لەبەکارهێنانی تەکنیکەکە، خوێنەر تووشی جۆرێک لە ڕاڕایی یا نیگەرانی دەکەن سەبارەت بەو کارەکتەرە یا ئەو ڕووداوەی ئەو ڕۆماننووسە دەیخاتە ڕوو . ئەمە وا لە خوێنەر دەکات زیاتر تێکەڵی دنیای ناو ڕۆمانەکە بێ))(سدیق ،٢٠٢٠، ١٠٨).

لەبەکارهێنانی ئەو جۆرە تەکنیکە ڕۆماننووس ئەبێت زۆر لێهاتوو و شارەزا بێت وە زیاتر گرنگی بە ڕووداو کارەساتە بەهێزەکان بدات پیشانی خوێنەری بدات بۆ ئەوەی زیاترتامەزرۆی ناسینی کارەکتەرەکە بێت و هەوڵی بەردەوام بوونی خوێندنەوەی ڕومانەکە بدات هەر بەم پێیە (((جیرار جینێت) گەڕانەوەی بۆ سێ جۆر دابەش دەکات))(صالح، ٢٠٢٠، ٥٢٩) کە بریتین لەمانی خوارەوە :-

## أ-فلاشباکی ناوەکی

ئەو جۆرە فلاشباکەیە، کە ڕۆڵ و گرنگی و تایبەتمەندی خۆی هەیە لە ڕۆماندا و  دەتوانین بڵێین ئەو ڕووداوانە دەگێڕێتەوە، کە ڕۆماننووس دەرفەتی گێڕانەوەیانی نەبووە بەوەش دەتوانین بڵێین لە ڕۆمانی نوێ و مۆدێرندا زێتر بەدی دەکرێ، چونکە پابەندە بەتەکنیکەکان و زنجیربەندیی ڕووداو لە ڕۆماندا.

((گێڕانەوە ڕووداو لە ڕێی ئەم تەکنیکەوە هۆکارێکە بۆ گێڕانەوەی ئەو ڕووداوانە، کە لە چوارچێوەی پرۆسەی دەقدا لە ڕابردوویەکی نزیک ئەنجام دراوە، بەڵام حیکایەتخوان بەسەریاندا تێپەڕیوە، بۆیە لەکاتی ئێستادا دەیگێڕێتەوە، تاکو خوێنەر زیاتر شارەزای ڕووداوەکان بێت))(خاڵەدیوە، ٢٠١٠، ٢٢٦).

لەڕێگەی ئەم جۆرە تەکنیکەدا خوێنەر کۆمەڵێک زانیاری دەستدەکەوێت لەئێستادا، کە خۆدی زانیارییەکان کاتێکی بەسەردا تێپەڕیووە ((گێڕانەوەی حیکایەتی یەکەم ڕادەگیرێ، یان زەمەنەکە هەڵدەپەسێرێ و گەڕانەوە بۆ زەمەنی ڕابردوو دەست پێدەکات))(ئەلوەنی،٢٠١١، ٢١) ئەم جۆرە فلاشباکە، کە لەڕۆماندا بەکاردێت و ڕۆمانووس پشتی پێ دەبەستێ لە ڕێگەی ڕووداوەکانەوە ((حیکایەتخوان لە ڕووداوەکانەوە دەگەڕێتەوە بۆ ڕابردوویەک، کە دوای سەرەتای ڕۆمانەکە کەوتووە، لێرەدا پێشکەشکردنەکەی دواکەوتووە، ئەم جۆرە فلاشباکە بەکەمی لە ڕۆمانی تەقلیدیدا دەرکەوتووە، ئەمەش بواری زیاتر بۆ ڕۆمانووس دەخوڵقێنێ بەوەی بەناو ئاراستە جیاوازەکانی کاتدا هاتوچۆبکات))(مەجید، ٢٠٢١، ٧٤) بەم شێوەیە ڕۆمانووس لەم جۆرە تەکنیکەدا ((گێڕانەوەی حیکایەتی یەکەم ڕادەگیرێت یان زەمەنەکەی هەڵدەپەسێرێ و گەڕانەوەبۆ زەمەنی ڕابردوو دەس پێ دەکات))(ئەلوەنی، ٢٠١١، ٢١).

ئەم جۆرە تەکنیکە، هەرچەندە ئەم تەکنیکە گرنگی وتایبەتمەندی خۆی هەیە لە ڕووی ئەرکەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەوە زۆر گرینگە بۆ خوێنەر ((چونکە بەتەواوی لەهەلومەرجە ئاڵۆزو تەمومژاویەکەی چیرۆکە سەرەکییەکە دەگات. کاتێک ئەم تەکنیکە بوشێوەیەکی ڕێکوپێک بەکاردێ، زیاتر قوڵایی دەبەخشێتە ململانێی کارەکتەرە سەرەکییەکەو بینینێکی ڕوونتر دەربارەی ڕەفتارو کاردانەوەکانی، بەتایبەتی لەبارەی دەرونیەوە دەخاتە ڕوو))(سدیق، ٢٠٢٠، ١٠٥).

لێرەدا حیکایەتخوان، چ خودی ڕۆمانووس بێت، چ یەکێک لەکارەکتەرەکان ئەم زانیاریانە دەخاتەڕوو، چەند قۆناغێکی ژیانی دەگێڕێتەوە لەگەڵ ئەوەشدا تەواوی زانیاریەکانی نابێت زۆر ورد بکرێتەوە تاوەکو خوێنەر چاوەڕێی زانیاریەکانی دواتریش بێت و چێژ لەم زانیاریانە وەربگرێ هەروەها ئەم زانیاریانەش ((دەبێتە پاڵپشت بۆ ئاراستەی چیرۆکەکە، چونکە خوێنەر، بەلەبەر چاوگرتنی ئەو ڕابردووە، بەرچاوی ڕوون دەبێ دەربارەی ڕەفتاری کارەکتەرە یان ئەو بڕیارەی کارەکتەرە دەیدا هەموو مرۆڤێک لە ژیانیدا بەچەند دۆخێکی وا تێپەڕیوە، کە کاریگەرێتی بەسەر

ئێستای ئەو کەسەوە هەبێ. نووسەر لەبری بەکارهێنانی شێوازی ڕاستەهێڵئاسا لە گێڕانەوەدا لەکاتی پێویست پەنایان بۆ دەبات. بەمەش چیرۆکەکە سەرنج ڕاکێشترو ڕاستەقینەتر دەردەکەوێ لەسەرێکی ترەوە فلاشباک وا لە خوێنەر دەکا زیاتر لە کارەکتەرەکە بگا، چونکە ناخی کارەکتەرەکەی بۆ دەخاتە ڕوو))(هەمان سەرچاوەی پێشوو، ١٠٥-١٠٦).

بەم شێوەیە دەبێت ڕۆماننووس لە بەکارهێنانی ئەم تەکنیکەدا زۆر بەشارەزایی و لێهاتوویی بەکاری بهێنێت، چونکە بەکارهێنانی بەڕێگایەکی دی یان بەدیوێکی دییدا، کە شارەزایی نەبێت ئەوا دەبێتە هۆی بێزارکردنی خوێنەر لەکاتی خوێندنەوەی ڕۆمانەکەدا لەگەڵ ئەوەشدا لەوانەیە ببێتەهۆی ئەوەی واز لە خوێندنەوەی بهێنێ و بەردەوامی پێنەدات.

حەمەمەنتک سەبارەت بەم جۆرە فلاشباکە دەڵێت: ((بریتییە لەو هێنانەوانەی، کە ماوە و فراوانبوون کاتی گێڕانەوە نەبەزێنێ و تێپەڕی نەکات))(مەنتیک، ٢٠٢١، ١٠٦) مەبەست لەمەش ئەوەیە، کە گێڕەرەوە کاتێ دەگەڕێتەوە بۆ ڕابردوو بۆ گێڕانەوەی ڕووداوەکان پێویستە سنوری هەبێت لە ڕادەی خۆی تێنەپەڕێت بەجۆرێک خوێنەر هەست بە ماندووی و بێزاری بکات یاخود ببێتە هۆی نەمانی چێژی ڕۆمانەکە، چونکە گەڕانەوەی گێڕەرەوە بۆ ڕابردوو زەمەنێکی دیاریکراوە نابێت لە ڕابردوو بمێنێتەوە نەگەڕێتەوە .

## ب- فلاشباکی دەرەکی :

ئەم جۆرەی فلاشباک ڕۆڵ و گرنگی تایبەتی خۆی هەیە لەدەست کەوتنی کۆمەڵێک زانیاری ورد دەربارەی کەسەکان و ڕووداوەکان و شوێنەکان، بەڵام لەڕووی زەمەنەوە دەگەڕێتەوە بۆ ڕابردوو دوور لە ئێستا ((لەم جۆرەیاندا حیکایەتخوان لە ڕێی ئەم تەکنیکەوە دەگەڕێتەوە بۆ پێشکەشکردنی کۆمەڵێک زانیاری، کە لە ڕووی کاتەوە کە دەکەونە پێش سەرەتای ڕۆمانەکە لە ڕۆمانی کلاسیکدا ئەم پرۆسەیە لە ڕێی دەنگی حیکایەتخوانی دەرەکییەوە ئەنجام دەدرێت، کەچی لە ڕۆمانی نوێی (شەپۆلی هۆش)دا ئەم ئەرکە زیاتر بەکارەکتەری ناو ڕۆمان دەسپێرێ))(مەجید، ٢٠٢١، ٧٣-٧٤). هەروەها هەر بەم شێوەیە ((مەبەست لەم تەکنیکە، گێڕانەوەی ئەو ڕووداوانەیە کە دەکەوێتە دەرەوەی گێڕانەوەی پرۆسەی دەقی ڕۆمان، کە حیکایەتخوان کاتی ئێستای گێڕانەوەکە ڕادەگرێت و دەگەڕێتەوە سەر باسکردنی ئەو ڕووداوانەی پێشووتر ڕوویانداوە بەمەبەستی پێشکەشکردنی زانیاری زیاترلە بارەی کارەکتەرو ڕووداوەکانی دەقەوە))(خاڵەدیو،٢٠١٠، ٢٣١).

لێرەدا مەرج نییە ئەوزانیاریانەی ڕۆمانووس دەیگەیەنێت لە بەخشینی زانیاری لە سەرکارەکتەر یان هەر ڕووداوبێت،بەڵکو دەتوانێت زانیاری سەبارەت بە شوێنیش لە ڕێگەی ئەم تەکنیکەوە بگوازرێتەوە بۆ خوێنەر بۆ ئاشنا بوونی خوێنەرو بەرچاو ڕوونی بداتێ سە بارەت بە سنوور و جوگرافییای شوێن بە تایبەتی لە شوێنە واقیعیەکاندا. ((گەڕانەوەی دەرەکی دەتوانێت یارمەتی وەرگر

بدات وزانیاری زیاتری ببەخشێت بۆ تێگەیشتنی ئەو ڕووداوانەی، کە ڕوویانداوە، یاخود ڕوودەدەن. دیارە بەبیر هێنانەوەی ئەو ڕووداوانە لە ئێستادا، بەمانای کاریگەربوونی گێڕەرەوەیە بە چۆنێتی ڕوودانی ئەو ڕووداوانەی لە بارێکی تایبەتدا))(صالح، ٢٠٢٠، ٥٣٠).

## ج- فلاشباکی ئاوێتە :

ئەم جۆرەی فلاشباکبریتییە تێکەڵکردنی هەردوو جۆرەکەی فلاشباک واتە جۆرێکە لەئاوێتەکردنی فلاشباکی ناوەکی و دەرەکی بە مەبەستی گێڕانەوەی ڕووداوەکان لە ڕابردووەوە بۆ ئێستا و ئایندە. ((مەبەست لەم جۆرە فلاشباکە تێکهەڵکێژکردنی ڕووداوەکانی کاتی ڕابردوو، و ئێستایە بەمەبەستی بەرەو پێشچوونی گێڕانەوەکە بەرەو داهاتوو، واتە لەو حاڵەتە کاتی ئێستێ گێڕانەوەکە لەلایەن حیکایەتخوانەوە وردەگیرێت بۆ گێڕانەوەی هەندێ بەسەرهاتی ڕابردوو، هێنانەوەی بۆ کاتی ئێستا کەبەرەو پێشچوونی پرۆسەی گێڕانەوەکە، ئەم ئاوێتەکردنەی ڕووداوەکان دەخوازێت))(خاڵەدیو، ٢٠١٠، ٢٣٦).

هەر سەبارەت بە فلاشباکی ئاوێتە د. دیار فایەق مەجید دەڵێت: (کۆکردنەوەی هەردوو جۆرەکەیە زۆر جاریش وەکو جۆرێک لە بەراورد کردن لە نێوان دوو حاڵەت یان دوو دیاردە دەردەکەوێت لە دووکاتی جیاوازدا، ئەوانیش کاتی پێش سەرەتای ڕۆمانەکە و کاتی دوای سەرەتای ڕۆمان))(مەجید، ٢٠٢١، ٧٤) کەواتە لەم جۆرەی فلاشباکدا جۆرە تێهەڵکێشییەک لەهەردوو زەمەنی ئێستاو ئایندەدا دروست دەکات.

## ٢- تەکنیکی وەسف لە ڕۆماندا:

یەکێک لەتەکنیکە گرنگەکانی نێو ڕۆمان بریتییە لە وەسف، واتە وەسفکردنی هەموو ئەو ڕەگەزە سەرەکییانەی، کە لە ڕۆماندا ڕۆمانووس بەکاری دەهێنێت ئەمەش دیسان لە ڕۆمانووسێکەوە بۆ ڕۆمانووسێکی دیکە جیاوازە مەبەستی ئەم جۆرە تەکنیکەش زیاتر بۆ دیاریکردنی شێوازی گێڕانەوە و درێژەپێدانی ڕۆمانەکەیە، لەهەمان کاتدا ناساندنی کارەکتەرەکانە یان ڕەگەزەکانی ترە لە ڕۆمانەکەدا.

((واتە نووسەر کاتێک سوود لەم تەکنیکە وەردەگرێت و دەیەوێت وەسفی کارەکتەرو شوێن وشەکانی دەیکەی ناو دەقەکەی پێبکات، دەبێت زۆر بەدیقەتەوە مامەڵە لەگەڵ ئەو کارەدا بکات و زۆر درێژدادڕی تێدا نەکات خوێنەر توشی بیزاری بکات و لەڕووداوەکانی ناو دەکەی ببچڕێنێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کاتێ، کە ڕۆمانووس دەست بەگێڕانەوەی ڕووداوەکان دەکات سەرەتا پێویستی بەوەهە یە، کەوەسفی شوێن و ڕوخسارو ڕواڵەتی کەسیەتیەکان بکات بۆ ئەوەی وێنەیەکی ژینگەو باری ئابوری و کۆمەڵایەتی ئەوان بخاتە بەرچاوی خوێنەران ئەمەش دەورێکی زۆرگرنگی هەیە لە

ڕاگرتن و دواخستنی گەشەکردنی خێرای ڕووداوەکان))(سابیر، ٢٠٠٩، ١٠٠)، چونکە ڕۆماننووس زۆرجار دەیەوێت ڕووداوەکان دوابخات، بە بەکارهێنانی وەسفی کارەکتەرەکان یاخود شوێنەکان، چونکە ((بایەخێکی زۆری دەبێ بۆ ئەوەی زەمینە خۆش بکات بۆ ناسینی ئەو کەسیەتیانەی کەئەم دەیەوێ باسی ژیان و بەسەرهاتی ئەوان بکات دیارە گرنگی دان بە خەسڵەتە تایبەتەکانی کەسایەتی کارەکتەر و وێنەکێشانی لە چوارچێوەی شوێنێکی دیاریکراودا زیاتر بەرهەمەکە لە واقیع نزیکدەکاتەوە، لەبەرئەوە ئەو بایەخدانەی، کە لە ڕۆماندا بەشێوەیەکی ئاسایی بەبەخشینی تاکێتی بە کەسایەتیەکان و هەروەها وەسفی دوورو درێژی دەوروبەریان دەدرێ، دەبێتە هۆی جیاکردنەوەی بێ مشتومڕی ڕۆمان بە ژانرەکانی دیکە زیاتر وادەکات ئەم ژانرە لە چاو ژانرەکانی دیکە سیمایەکی واقعی بەخۆیەوە ببینێت))(هەمان سەرچاوەی پێشوو، ١٠٠).

ئەمە جگە لەو وەسفە دوور و درێژەی، کە ئاماژەمان پێکرد وەسف ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێت لە خاوکردنەوەی ڕووداوەکان لە نێو ڕۆمانەکەدا یان بە پێچەوانەوە بەرەو پێش بردنی ڕووداوەکانە ئەمەش ڕۆمانووس خۆی هەڵدەستێت بەئەنجام دانی ئەم تەکنیکە کاتێ زانی پێویستی بەوەیە درێژە بە ڕۆمانەکەبدات لە ڕێگەی تەکنیکی وەسفەوە درێژە بەبابەتەکە دەدات هەرکاتی زانی یان هەستی بەوەکرد پێویستە ڕووداوەکان خێرا تێپەڕێنێ ئەوا لە ڕێگەی هەر ئەم تەکنیکەوە بەئەنجامی دەگەیەنێ.

((وەسف شتەکان بەباشی نیشان دەدات و ڕۆدەچێتە نێو وردەکاری شتەکان لە چەندین گۆشەی جیاوازەوە وە کامێرایەکی فۆتۆگرافی وێنەکانمان بۆ دەگرێت، وەێنەگرتنی هەر نووسەرێک جیاوازە لەنووسەرێکی دیکە. لە نێو ژانرەکانی ئەدەب دا شیعر بایەخێکی زۆری بە وەسف داوە، بەڵام لە نێو چیرۆکدا قورساییەکی زۆرتر دەکەوێتە سەر وەسف، چونکە چیرۆک نووس گرنگی بە مۆسیقانادات وەک شیعر، بەڵکو گرنگی بەداڕشتن و وەسف دەدات. لە ڕێی وەسفەوە خوێنەر چێژێکی زۆر لە چیرۆک وەردەگرێت بەتایبەت وەسفی ورد، کە مێشکی خوێنەر لە خاڵێک کۆدەکاتەوە و نایەڵێت پەرش وبڵاوبێت وەسف تەنیا شتە مادیەکان ناگرێتەوە، وەسف دارو بەرد و ئاسمان و کەش وهەواو شوێن و...هتد، بەڵکو وەسفی لایەنی دەروونی کارەکتەرەکان و کێشەو ململانێش دەگرێتەوە.))(موفتی ٢٠١٢، ١٧١). هەر بەم پێیە وەسف لە نێو ڕۆماندا ئاشناکردنی خوێنەرە بە هەموو ئەو شتانەی، کە لە نێو ڕۆمانەکەدا هەیە. لەگەڵ ئەوەشدا ((ئەو چیرۆکە دەگێڕدرێتەوە، خەیاڵی بێت یان واقیعی، بۆ ئەوەی بە جوانی بگاتە وەرگر، پێویستی بە ڕێگاکانی گێڕانەوە هەیە ئەم ڕێگایانەش بریتین لە وەسف و دایەلۆگ، بەبێ ئەمانە کرداری گێڕانەوە ناتەواو دەبێت لە جێبەجێکردنی دیارترین ئەرکی بنیاتنان، چونکە پەنابردنە بەر وەسف لەلایەن گێڕەرەوە مانای ئەوەیە کارەکتەرو شوێن وشتەکان بایەخی تایبەتییان پێبدرێت واتا هیچ یەک لەمانە لەوەسفکردن پشت گوێ نەخرێن))(هەمان سەرچاوەی پێشوو، ١٧١-١٧٢).

هەرچەندە وەسف بۆ سەرنج ڕاکێشانی خوێنەر بەکاردێت، کەزۆرێک لە ڕۆمانووسان ئەم جۆرە تەکنیکە دەگرنە بەر، بۆ نموونە لەوەسفی کارەکتەردا دەیەوێت لایەنی کۆمەڵایەتی و ئایدیۆلوجی و کەسێتی بۆ خوێنەر بەرجەستە بکات ئاشنایەتیەکی توندو تۆڵ لە نێوان کارەکتەر و خوێنەر دروست بکات سەرنجی خوێنەر ڕابکێشێت و ((لێرەدا دەبێ ئاگاداری ئەوەبین وەسفی شتەکان لەدەمی گێڕانەوەی لە چوارچێوەیەکی هونەریدا بێت. واتە نابێ وەسفەکە هێندە درێژ و زۆر و بۆر بێت، چونکە ئەوە کاریگەری خراپ لەسەر لایەنی هونەری دەقەکە دادەنێ، هاوکات لاوازی توانای نووسەریش نیشان دەدات لای ڕەخنەگرانی سەدەی نۆزدە، خەوشی سەرەکی دەق لەوەدا کۆدەبووە، کە سیستەمێک و سنوورێکی دیاریکراوی نییە و هەموو شتێک دەکەوێتە بەر ڕوانینی نووسەر))(مەنتک، ٢٠١٩، ١٠١-١٠٢).

هەر لەڕێگەی وەسفەکەوەیە، کە بەهۆی زمانەکەوە ئەنجامدراوە، ڕۆمانووس توانیویەتی وێنەیەکی جوان و پڕ واتا لە ڕۆمانەکەدا نیشانبدات، هەڵبەتە ئەمەش لە ڕۆمانووسێکەوە بۆ ڕۆمانووسێکی دی جیاواز دەبێت... هەندێک جاریش ((کەوەسفێکی ڕووتیان کراوە دەکەوێت واتە وەسفەکان زۆر کورتن ئەمیش بۆ پتر چالاککردنی جوڵەی گێڕانەوەیە. ئەم کردەوانە هەوڵێکن بۆ خێراکردنی ڕەوتی گێڕانەوە، تاکو بەزووترین کات گوزارشت لە وێنەی شتەکان بکات. هاوکات هەر ئەم وەسفە و خێراکردنەکەی ڕەوتی گێڕانەوەیە شیعرییەت بە دەقەکە دەبەخشێت، چونکە لەکاتی وەسفکردنی کەسەکان شوێنەکان و ڕووداوەکاندا جۆرێک بریسکەی ئیستاتیکی لە زەینی خوێنەردا دروست دەبێت هەرچەندە زۆرجار ڕەنگە وەسفەکەیش زۆر واقعییانە بێت، بەڵام ئەمە کاریگەری لەسەر درووستکردنی فەنتازیا لای خوێنەر نابێت یەکێک لە لایەنە ئیستاتیکییەکانی وەسف لە دەقی هەقایەتی ئەفسانەی فۆلکلۆری کوردیدا کورتی وەسفە، چونکە وەسفی درێژ گێڕانەوە لە ناوچەی سفر نزیک دەکاتەوە و جوڵەی گێڕانەوە نامێنێت، کە ئەمەش چێژی هەقایەت لای خوێنەر ناهێڵێت بەتایبەتی ئەگەر وەسفەکە بەزمانێکی ڕەوانبێژی بەرز نەنووسرابێت))(هەمان سەرچاوەی پێشوو ،١٠٢ - ١٠٣).

بەم شێوەیە وەسف دەتوانی ڕۆڵی ڕازاندنەوەی لە دەقدا هەبێت، لەگەڵ ئەوەشدا ئارامییەک بە خوێنەران دەدات بەتایبەتی دوای گێڕانەوەی چەندین ڕووداو کارەساتی دەڵتەزێن یان وروژێنەر کەوا لە خوێنەر دەکات لە حاڵەتی نائاساییی بگەڕێتەوە دۆخی ئاسایی خۆی.

د.جەلال ئەنوەر لە باسی وەسفدا دەڵێت: ((وەسف ئەرکێکی دیکەی گرنگی گفتوگۆیە. نووسەر لە میانەی دیمەنەکانی ناو ڕۆمان و لەسەر زاری کارەکتەرەکانیدا، گفتوگۆ گەلێکی وەسفی ئەنجام دەدات، کە گوزارشت لە گۆشەنیگای کارەکتەرەکان دەکات. ئەمەش بەپێی ئەو هۆکارەی (من)ە دەبێت کە بەشداری لەوەسفکردنەکە دەکات، چونکە خودی گۆشەنیگاکان لە وەسفکردنی شتەکاندا جیاوازن،

واتە مەرج نییە ئەوەی بەلای کارەکتەرێکەوە جوان یان دزێو بێت، لە لای کارەکتەرەکانی دیکەشدا هەمان شت بێت. بۆیە دەکرێت بڵێین وەسف جۆرێکە لە گوتار جەخت لە سەر هەرشتێکی جوگرافی یان شوێنی یان شتبینی یان سیمایی ... هتد دەکاتەوە جەخت کردنەکەش چ لەسەر ناوەوە بێت یان لە دەرەوە))(سەعید، ٢٠١٣، ٦٥).

بۆ ئەمە دەتوانیی بڵێین، کە وەسف گرنگی خۆی هەیە و ((پانتاییەکی گرنگە لە ڕۆمان و چیرۆکەکاندا داگیردەکات، و تەکنیکەکە بۆ ناساندنێکی دەرەکییانەی (کەسایەتی و شوێنەکان و شتەکان) بە دیوێکی دیکەدا (وەسفکردن) خولقێنەری جۆرە حەسانەوەیەکی خوێنەرە لە جوڵە بەتایبەت لە ڕۆماندا ناتوانێت ڕۆمانەکان بەیەکجارو بێ وەستان بخوێنینەوە. بەم واتایەش (وەستان بۆ وەسفکردن) دەبێتە جۆرێک لە پشوودان بە خوێنەرەکان، شەوقدانێک بۆ بەردەوام بوون. لێرەدا دەبێت ئەو پارچانەی بە وەسفکردن چنراون بە (شیعرەکانی ناو ڕۆمانەکانی ناوبەرین) هەم لەبەر ئەوەی لەوەسفکردندا لە ناو ڕووداوەکاندانین، بەڵکو لەبەردەم تابلۆیەکداین جا تابلۆی کەسایەتێکانبێت یاخود وەسفکردنی وردەکارێکانی شوێنێکبێت (تابلۆی شوێنەکان) یان هەڵدانەوەی سیفەتی شتەکانبێت لەوەسفکردنەکاندا بواری زەمەنی بەرەو پێشچونی ڕووداو، و جوڵەکان بەجێدە هێڵین و دەچینە بازنەیەکی ئیستاتیکاوە وەسفکردنەکان نیگاری ناو ڕۆمان و چیرۆکەکان))(ئەحمەد، ٢٠٠٤ ،١٧٩ - ١٨٠).

لەپاڵ ئەو گرنگییانەی وەسف ((بەشێکی دانەبڕاوە لە بینایی ڕۆمانەوە لە خزمەتی ڕووداوەکەدایە، ئەرکی تەفسیری و ڕەمزی دەبینێت، لە لایەکی تریشەوە تایبەتمەندی خاوکردنەوەی گێڕانەوە دەپارێزێت، چونکە کاتی گێڕانەوە دەوەستێت، یا لە چاوەڕوانیدا دەبێت تا وەسفی کۆتایی دێت، ئینجا درێژە بەرەوتی ئاسایی خۆی دەدات بەگێڕانەوەی زنجیرەی ڕووداوەکانی ڕۆمانەکە)) (ئیسماعیل، ٢٠٠٩ ،١٩)، وەسف ڕۆڵێکی یەکجار گرنگ دەبینێ لە بەرەوپێش چوون. جوڵەی ڕووداوەکان لەهەمان کاتدا ڕۆڵی وەستانی ڕووداوەکانیش دەبینێ لە هەردوو ڕۆڵەکەشدا نووسەر ڕۆڵی سەرەکی دەبینێ. دوو جۆر وەسف بەدی دەکەین، کە لە تەکنیکی خاوکردنەوەدا بەکار دێت(جیل دۆلۆز) ئەم دوو جۆری دیاری کردووە دەڵێت:((وەسف دوو جۆری هەیە: وەسفی ئۆرگانی و وەسفی فیزیاوی – ئەندازەیی دەربارەی وەسفی دووەم، کە وەسفێکی بینایی و دەنگی تەواو دەگرێتەوە ئالان ڕۆب گریە دەڵێ: ئەم جۆرە وەسفە خودی شتەکە نی یە، بەڵکو جۆرە وەسفێکە، کەدەیەوێت شوێنی ئەوشتە بگرێتەوە هەروەها شتە ماتریالە بەردەستەکە دەسڕێنەوە و تەنیا چەند سیمایەکی دەهێڵێتەوە وە لەهەمان کاتدا توانای هاتنە پێشەوەی کۆمەڵێ وەسفی تر دەخولقێنێ کە کۆمەڵێ هێڵ و سیمای تر دەپارێزێت، کە هەمیشە ساتەوەختی یە جێی گومانەو لادەبرێ دەگۆڕدرێت ...))(ئەلۆەنی، ٢٠٠٤، ٣٠٥-٣٠٦).

هەر بەم شێوەیە ڕۆمانووس لە ڕێگەی وەسفی کارەکتەرەکانیان شوێن و وەسفی ڕووداوەکان درێژە بە ڕۆمانەکەی خۆی دەدات. ((گێڕەرەوە گێڕانەوەی ڕووداوەکان ڕادەگرێت، لە پێناوی خستنە ڕووی هەندێک لایەنی وەسفی هەندێک جار بەهۆی ڕاگرتنی گێڕانەوە پەنا دەبردرێت بۆ وەسف کردن، بۆ ئەوەی گێڕەرەوە پشوویەک وەربگرێت، بەڵام ئەم کاتە وەسفی تێدا دەکرێت، نازانرێت ماوەی چەند دەخایەنێت؟ لەم بارەدا کاتەکە یەکسان دەبێت بەسفر. وەسفرکردن هۆکارێکە بۆ دروستبوونی لەکارخستنی گێڕانەوە، ئەم تەکنیکە کاردەکات بۆ هێورکردنەوەی جوڵانەوەی گێڕانەوە بۆ ئەوەی خوێنەر وابزانێت گەشەکردنی گێڕانەوە بەتەواوی وەستاوە، یان کاتی گێڕانەوە و کاتی ڕووداوەکانی چیرۆک وەک یەکیان لێهاتووە))(مستەفا، ٢٠٢١، ٢٩).

هەر بەوپێیە ((وەسف ئامراز و هۆکارێکی کاریگەرە، بەدەست ڕۆمانووس، تا بتوانێت لەم ڕێگەیەوە زانیاری گرنگ و ورد بە خوێنەر ببەخشێت، لە هەمانکاتدا یارمەتی دەرێکی باشی خوێنەریشە بۆ شارەزا بوون و ناسینی ئاکارو خەسڵەتی کارەکتەرەکان، بەو واتایەی وەسف لە ژێر باڵی ڕووداوەکاندایە، جگە لەوەی پشوودانێک و حەسانەوەیەکی بەتام و چێژ بۆ خوێنەر، تاوەکو گوڕ و تینی زیاتری پێ ببەخشێت، توندتر پەلکێشی نێو دنیای ڕۆمانەکەی بکاتەوە، بەتایبەت دوای ئەوکاتانەی ڕووداو وگێڕانەوەکان ماندوویان کردووە))(ڕەسوڵ، ٢٠١٣، ٦٤).

وەسف لە ڕۆماندا ڕۆڵ و ئەرکێکی گرنگی هەیە هەر بۆیەش ((ڕەخنەگرانی کۆن، داوایان لە لایەنگرانی خۆیان دەکرد کە زۆر بایەخ بە وەسف بدەن . لەم بارەیەوە پوالۆی ڕخنەگری فەرەنسی لە کتێبی (هونەری شیعری)دا ئامۆژگاری لایەنگرانی دەکاو دەڵێت: لە گێڕانەوەدا زۆر کورتبڕ و لە وەسفدا درێژدادڕ))(ئەلوەنی، ٢٠١١، ٩٩) کەواتە بەم شێوەیە ڕۆمانووس لە ڕێگەی وەسفەکەوە توانی درێژە بە ڕۆمانەکەی بدات لە هەمان کاتدا پشوویەکی بەخوێنەر دا، کەواتە بەشێوەیەکی گشتی چوارجۆر وەسف دیاری دەکەین لەڕۆماندا.

## أ-وەسفی جووڵاو :

وەسفی جووڵاو ئەو وەسفەیە، کە لەگەڵ ڕەوتی ڕووداوەکانی نێو ڕۆمانکە دەڕوات جولەیەکی بەردەوامە لە کات وشوێنی جیاوازدا. ئەو وەسفە ((نووسەر نایە بە شێوەیەکی دوورو درێژ وەسفەکەمان بۆ بکات و دیالۆگەکانی نێوان کارەکتەرەکان ڕابگرێت، بەڵکو هەردووکیان تێکەڵ بە یەکتری دەکات، ناوە ناوە وەسف دەکات و پاشان دیالۆگی ئەکتەرەکان دێتەوە ناو، واتە وەسفی کارەکتەرەکان ناکات لە دۆخێکی وەستاوداین، بەڵکو لە دۆخێکدا وەسفیان دەکات، کە دەجولێت و کردارەکان ئەنجامدەدەن، بەواتەیەکی تر هەر کاتێ بەیەکدا چوون هەبوو لە نێوان وەسف و گێڕانەوەدا ئەو شێوازە پێی دەگوترێت (وێنەی گێڕدراوە)، کە بریتییە لەو وێنەیەی کە تێبینیەکان لەکاتی جوڵانەوەیاندا دەخاتە ڕوو))(ئەحمەد، ٢٠٢١، ١٠٦).

بەم شێوەیە لەم جۆرەدا ڕۆماننووس شانبەشانی ڕووداوەکان وەسفەکە بەڕێوەدەبات و بەردەوامی دەکات. ((دروستکردنی ئاوازی گێڕانەوەیە و بە تێپەڕینی بە سەر توخمەکانی کات و جوڵانەوە لە شوێنە جیاوازەکاندا))(جەمیل، ٢٠٢١، ٢٥٣). هەروەها (لەوەسفی جوڵاودا، هەروەکو لەناوەکەیدا دیارەکە کاتی وەسفکردنی کەسەکاندا جۆرە جوڵانەوەیەک لە ناو پارچە وەسفکراوەکە بەدی دەکرێت و ئەم جۆرە وەسفە لەگەڵ گێڕانەوە تێکەڵ دەبێت لێرەدا وەسفکراوەکە لەباری وەستاوی دانیە، بەڵکو هەست دەکرێت جوڵانەوە و گڕوتینی تێدایە))(سابیر، ٢٠٠٩، ١٠٢). بەم شێوەیە لەم جۆرە وەسفەدا چەندین کرداروجوڵە بەدی دەکرێت.

## ب- وەسفی وەستاو:

ئێمە لەتەکنیکی وەسف لە ڕۆماندا ئاماژەمان پێکردووە و بەشێوەیەکی گشتی هەردوو جۆرو ئەرکمان خستۆتە ڕوو، بەڵام بۆ زێتر ڕوونکردنەوە لەم جۆرەی وەسفدا بە شێوەیەکی گشتی بەجیا باسیان لێوە دەکەین ((بە پێچەوانەی وەسفی جوڵاوە، کە بەشێوەیەکی تەفسیری و درێژ وەسفی شتەکان دەکات و لەبارەی وەستانیاندا، لەکاتێکدا کەوەسفی شتێک یان شوێنێک یان ڕووکاری دەرەوەی کارەکتەرەکە بێت، بەبێ ئەوەی ئەو وەسفە گوزارشت لە ڕووداوەکان بکات، بۆیە چیرۆکەکە بەتەواوی دەوەستێت. هەروەها لەو کاتەدا بەئاسانی دەڕوانرێتە وێنەی وەسفی وەستاو یان وەستانی وەسفی جیابکرێتەوە یان دەربهێنرێت لە بنیاتی ڕۆمانە تەقلیدی و واقیعیەکان بێ ئەوەی ئەو جیاکردنەوەیە کاربکاتە سەر جوڵەی گێڕانەوە وپەرەسەندنی ڕووداوەکان وێنەی وەسفی وەستاو تەکنیکێکە لە شێوازی گێڕانەوەی بابەتیانە وتێڕوانینی دەرەکی لەبنیاتی ڕۆمانی نوێ سەرچاوەی گرتووە. کەواتە وەسفی وەستاو بریتییە لە وەستانی بەرەوپێش چوونی ڕووداوە پەرەسەندووەکان، بەئامانجی پێشکەشکردنی دیمەنێکی مەبەستداری بیرکردنەوە یان شتێکی لەو شێوەیە، دیارە هەموو وەستان و جوڵانێک مەبەستێکی نووسەری لە پشتەوە نابێ بە چاوێکی کەم و بێ بایەخ تێبڕوانرێت))(ئەحمەد، ٢٠٢١، ١١١-١١٢)، چونکە زانیاریمان دەداتی سەبارەت بە کارەکتەرەکان و هەموو وەسفکراوەکان، کە لە نێوڕۆمانەکەدا ڕۆماننووس پێوەی هەڵدەستێت.

بەم شێوەیە((وەسفی وەستاو ئەمجۆرە وەسفەیە، کە نووسەر کەسەکان و شوێنەکان و شتەکان لەباری وەستاو و جێگیریدا وەسف دەکات، لێرەدا ئەمانە هیچ جۆرە جووڵەیەکیان تێدا بەی ناکرێت و کاریش دەکەنە سەر خاوکردنەوە وهێواشکردنەوەی کاتی گێڕانەوە)) (سابیر، ٢٠٠٩، ١٠٢) بەم شێوەیە لەم جۆرە وەسفەدا شتەکان سییستیەک دەکەوێتە نێوانیان ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ نووسەر لەسەر بەکارهێنانی ئەم جۆرە چی ئامانجێکی هەیە .

## ج- وەسفی ناوەکی:

ئەم جۆرە وەسفە قووڵ بوونەوەیە بەناوەوەی شتەکان و وردبوونەوە لێیان ئەمەش یەکێکی ترە ((لەو وەسفانەی، کە نووسەرانی ڕۆمان بەکاری دەهێنن وەسفی ناوەکییە، کەتیایدا نووسەر هەڵدەستێت بە وەسفکردنی ناوەوەی کارەکتەرو شوێن و شتەکانی نێو ڕووداوەکان، چونکە وەسفی شوێنەکان و کەسێتیەکان هیچی کەمتر نییە لە گێڕانەوەی ڕووداو کردارەکان، لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت، کە هەموو وەسفکردنێک کردەیەکی هەڵبژاردنەو دەکەوێتە ژێر هەژموونی سروشتی ئەو واتایەی کەوا وەسف دەیەوێت دروستی بکات و پشتگیری بکات. لەوەسفی ناوەکیدا گرنگی زۆر دراوە بە لایەنی دەروونی کەسێتییەکان، چونکە لایەنی دەروونی شوێن و شوێنەواری قووڵ بەجێدەهێڵێت لە سەرکارەکتەر))(ئەحمەد، ٢٠٢١، ١١٨-١١٩).

لێرەدا کاتی ڕۆمانووس دەست دەکاتە بە وەسفرکردن، ڕەچاوی هەموو وردەکارییەکانی ئەو شتە دەکات، کە وەسفی لە بارەوە بۆ دەکات هەروەها بەئەندازەیەک ڕۆدەچێ بەناخی شتەکاندا ئەم جۆرەی وەسفە ((بەیەکێک لە وەسفە گرنگەکان دادەنرێت و بەهیچ شێوەیەک ڕۆمانووسان ناتوانن دەستبەرداری بن، چونکە ئەم وەسفە هۆکارو ئاماژەیەکی بەهێزە بۆ ئەوەی بچێتە نێو جیهانی تایبەتی وردەکاری شتە دیارو شاراوەکانی کەسێتییەکان، چونکە لەمیانی وەسفەکانی تردا ناتوانین لەم جیهانە تایبەتییە نزیک بکەوینەوە، بەڵام کاتێ دەکەوێتە بەرامبەر وەسفێکی ناوەکی تەواو، لەو کاتەدا ڕاستەوخۆ نزیک دەبینەوە لە ژیانی گەرم گوڕی کەسێتییەکە، ئارەزووەکانی، هیواو ئاوات و هەڵوێست و هەڵس وکەوتەکانی ڕۆژانەی وەسفی ناوەکی تەنها وەسفی ناوەوەی کەسێتییەکان ناگرێتەوە، بەڵکو وەسفکەر دەتوانێت شۆڕببێتەوە بۆ دیوی ناوەوەی هەموو شتەکانی دیکەی نێو ڕۆمانەکە، وەکو شوێن و شت و سروشت ... تاد))(هەمان سەرچاوەی پێشوو، ١١٩). لەم جۆرە وەسفەدا نزیکی ڕۆمانووس ئەوەندە بەهێزە ئاشنایەتی لەگەڵ هەموو ئەمشتانەدا هەیە.

## د- وەسفی دەرەکی:

ئەم جۆرە وەسفە ڕۆڵ و تایبەتمەندیی خۆی هەیە لەڕۆماندا، کە گێڕەرەوە ڕۆناچێت بەقوڵای شتەکان تەنها وەسفەکە ڕووکەشی ئەنجام دەدات. ((لێرەدا مەبەستمان وەسفی دەرەکییە یان وەسفی ڕووکاری دەرەوەی وەسفکراوە، دیارە ڕووکاری دەرەوە هەموو شتێک خاوەنی تایبەتمەندی خۆیەتی، کە لەوانەیە شتێکی هاوشێوەو هاوڕەگەزەکەی ئەو تایبەتمەندیانەی نەبێت، بەپێچەوانەشەوە کە ئەو خاوەنی ئەو خەسلەتانە نەبێت، کە بەرامبەرەکەی هەیەتی، کەواتە هەرشتەو تایبەتمەندی خۆی هەیە، بۆیە پێویست دەکات کە ئەو خەسلەت وتایبەتمەندیانە بەباسکردن و وەسف کردن لەلایەن وەسفکەرەوە بەجوانی بەخوێنەر بناسێنرێت بۆی ڕوون بکاتەوە، بۆئەوەی زانیاری پێشوەختەی

لەبارەی وەسفکراوەوە هەبێت، چونکە لە زۆر هەڵوێست و کاتدا ڕووکاری دەرەوە کەسێتی کاریگەری خۆی لە سەردەروون و هەڵچوون و سۆزو بڕیار و هەڵوێستەکانی هەیە، بەڕای هەندێ زانا و لێکۆڵەر ئاکارو شێوەی دروستبوونی دەموچاو و جەستە، بەتایبەتی ئاکاری دەرەوەی مرۆڤ لە جوانی و ناشرینی لە سەر ناخی کارەکتەر ڕەنگدەداتەوە، مەرجیش نیە ئەم بڕیارە ڕاست بێت و شێوەیەکی ڕەها بسەپێنن بەسەر هەموو کەسێکدا، چونکە ناتوانین ئەم ڕایە بگشتێنین بەسەر هەموو کەسێکدا))(هەمان سەرچاوەی پێشوو، ١٢٥). ئەمە جگە لەوەی باسکردنی ئەم جوانی وناشرینیە وادەکات خوێنەر ڕابکێشێت بۆ بەردەوامبوونی لە خوێندنەوەی ئەو ڕۆمانە و ئەوکەسە بەجوان وەسفکراوە یان ناشرینە بەچی دەگات زۆرجار ڕۆماننووس، یان گێڕەرەوە وەسفێکی دەرەوەی کارەکتەرێک دەکات. بەڕوخسارێکی شێواو یان، بڵێین ناشرین، کە وەسفێکی دەرەکیکردوە ڕەنگەئەم ڕووخسارە ڕەنگ دانەوەی ناخی نەبێت.

## بەشی دووەم:

## پێوەندیی گێڕانەوە بەرەگەزە هونەرییەکانی دیکەی نێو ڕۆمانی: (داگیرکردنی تاریکی)ی بەختیارعەلیدا

### پاری یەکەم: کورتەیەک لەناساندنی دەقی ڕۆمانەکە :

### پاری دووەم: پێوەندیی گێڕانەوە بەرەگەزە هونەرییەکانی وەکو: ( ڕووداو، کارەکتەر، کات، شوێن، زمان)

## بەشی دووەم:

# پێوەندیی گێڕانەوە بەڕەگەزە هونەرییەکانی دیکەی نێو ڕۆمانی: (داگیرکردنی تاریکی)ی بەختیار عەلیدا

## پاری یەکەم: کورتەیەک لەناساندنی دەقی ڕۆمانەکە:

سەرەتا ڕۆمانەکە ڕۆمانێکی مێژوویی سیاسیو فەلسەفیو دەروونییە دەربارەی زمانی کوردیو بارودۆخی کورد لە ناوچەکانی باکووری کوردستان، هەروەها ئەو زوڵم و ستەمەی دەکرا بەرامبەر بەکورد لە لایەن تورکی فاشیزم بۆ سڕینەوەی کورد وەک نەبیندراوێک لە تاریکییدا ،کە هەر لەسەرەتای ڕۆمانەکەوە ئەیەوێت ئەو تاریکییە بگرێت، کە هەرگیز ئەم تاریکییە خۆی نادات بەدەستەوەو داگیرناکرێت، ئەو تراژیدییەی، کە بە سەر میللەتی کوردا هاتووە ڕۆماننووس زۆر بەجوانی دەیخاتە ڕوو، کە چۆن وا لەکوردەکان دەکەن چیدی کورد نەبن هەمیشە وەک نێچیرێک لە کوردانی ڕوانیوە و ویستویانە ڕاوی بکەن تاوەکو ئەم زمانەی، کە ناویان ناوە زمانی قەلەباچکە بنەبڕی بکەن!، بەڵام نەک هەر بیرناچێتەوە، بەڵکو زمانی مردووەکانیش زیندوو دەبێتەوە. هەموویان مردوو یان زیندوو هەوڵی ئازادی و سەربەستی دەدەن بۆ زمانەکەیان وەک هەموو زمانێکی دیکەی جیهانی بۆیە ((داگیرکردنی تاریکی هەنگاوێکی گەورە بەرەو قوڵاییەکانی ئازادیبوونی کورد، ڕووە وێرانەیی و چەسپێنراوی مۆڤێتی نەتەوەیەک چووەتەوە، کە زمان وەک پایەدارترین ماف و بنچینە و سومبولی ناسنامەی سروشتی و ئۆنتۆلۆژییانەی مرۆڤ بەگشتی، تێیاندا دەکوژرێت بێدەنگ دەکرێ و نکۆڵیلێدەکرێت))(عەلی، ٢٠٢١، ١٣)، کە بەهەموو شێوەیەک ئەیانەویست ڕەگوڕیشەی ناسنامەی کورد بسڕنەوە لەلایەن حکومەتەڕەگەزپەرست وفاشییە یەکلەدواییەکانی دەوڵەتی تورکی داگیرکەرەوە، دەبێت ئەوە لەبیرنەکەین فاشیزم بەواتای زانستییەکەی بریتییە لە ڕژێمێکی دیکتاتۆرییانە، کە لەسەر بنەمای زۆرداری و کوشتن و ملهوڕی دادەمەزرێت، هەروەها دەستدرێژکارترین شێوە ئیمپریالیستە.

هەربەم شێوەیە ڕۆمانەکە زۆر بەڕوونی ئەوە دەخاتە ڕوو، کە تورکە فاشیزمەکان بەهیچ شێوەیەک ڕێگەیاننەداوە بەزمانی کوردی قسەبکەنو تەنانەت لەکاتی کڕین و فرۆشتنیش بۆیان نەبووە بۆیە وەک کەڕوڵاڵ ئەم زمانەیان بەکارهێناوە، کە پێیان وایە زمانێک نییە بەناوی زمانی کوردی بەجۆرێک زۆر لە دەسەڵاتەباڵاکان بەناوهێنانی گشت گیانیان تێکداچوو هەر بۆیە بەهەموو شێوەیەک ناوی کورد جلی کورد قەدەغەبوو ڕۆمانەکە بەم شێوەیە درێژە دەدات بە چۆنیەتی سڕینەوەی کورد یەکێ لە و پرسیارانەی ئاراستەی بەختیارعەلی کراوە وەکو نووسەری ڕۆمانەکە ئەوەیە ((داگیرکردنی تاریکی بەسەرهاتی گۆڕانی فۆڕمی سزادانی زمانە لە جەستەوە بۆ سایکولۆژیا و زەین، لە ئەندامەوە بۆ خەیاڵ؟))(هەمان سەرچاوەی پێشوو، ٢٣٤).

ڕۆماننووس و ئەدەبناسی کورد بەختیارعەلی لە وەڵامدا دەڵێت: ((یەکێک لە کێشە هەرەگەورەکانی داگیرکەرانی وەک تورکە فاشیستیەکان ئەوەیە بەوردی نازانن چییان لەژێر دەستەکانیان دەوێت. لەسەرێکەوە دەیانەوێ تۆ کوردنەبیت و تورک بیت، لە سەرێکی تریشەوە دەیانەوێ تۆ هەرگیز نەگەیتە ئەو پلەی خۆت بەهاوڵایەتییەکی تورکی بەراورد بکەیت . بەسەرێک دەیانەوێت ئەوەت لێدروستبکەن، کە دەیانەوێت، واتە وەک ئەوان بیت. بەسەرێکیش نایانەوێت هەرگیز وەک ئەوانبیت بەکورتی فاشیزم لە دواپلەکانی وەحشییەتیداجۆرێکە لە لیسەندنەوەی هەموو شوناسەکان))(هەمان سەرچاوەی پێشوو ،٢٣٤) بەجۆرێک، کە کوردەکان نەیاندەتوانی بەزمانی خۆیان لە دەرەوە یان لە نێو ماڵەکانیان قسەی پێبکەن، هەموو کوردەکان ترسی ئەوەیان هەبوو، کە نەوەکانیان زمانی دایکیان بیربچێتەوە، بۆیە لە نیوەی شەودا وانە بە منداڵەکانیان دەوترایەوە، کەپێی دەوترا: (زمانی دووی نیوەشەو) ،لەم ڕۆمانەدا گێڕانەوە، کە بە شێوەیەکی فلاشباک دەگەڕێتەوە بۆ ڕابردوو بەشێوەیەک باس لە ڕووداوەکان دەکات وەک لە ئێستا دا ڕووی دابێت و بەردەوام بێت، کە کورد هەرلەم بارودۆخو ستەمەدا دەژیت، یەکێک لەکارەکتەرەکانی نێو ڕۆمانەکە ناوی: (عیسمەت ئۆکتای)بوو، ڕۆژێک عیسمەت لەماڵەکەی خۆیدا هەڵدەستێ بەیانی زوودەبێت زمانی تورکی بیردەچێتەوە ڕۆمانەکە لێرەوە دەستپێدەکات (عیسمەت ئۆکتای) هەرچەندە دەیەوێ بە تورکی قسەبکات، تا داوا لە خێزانەکەی بکات، کە بەرچایی ئامادەبکات، بەڵام ئەم وشانەی کە لەدەمی ئەهاتە دەرەوە شتێکی دی بوو یان بڵێن زمانێکی دی بوو، بۆیە (ئویزار) کە خێزانی بوو هیچ لێی تێنەدەگەیشت. هەر زوو هەستی کرد، کە بارودۆخی باش نییە بۆیە زوو بردییە خەستەخانەبۆ چارەسەر لێرە بەدواوە عیسمەت ئۆکتای دەکەوێتە دۆخێکی مەترسیدارەوە بۆ نموونە گێڕەرەوە دەڵێت: ((**حاڵی عیسمەت ئۆکتای و چیرۆکەکەی هەر زوو لە شارۆچکەیەکی بچوکی وەک نوشەهیردا بڵاوبووەوە، ئەوەی لەناکاو کەسێک بەیانی لەخەو هەستاوە و زمانی باوباپیرانی خۆی بیرچۆتەوە، شتێکی ئاسایی نەبوو. خزم و کەسی عیسمەت شتی وانادەچوو بەعەقڵیاندا**))(عەلی، ٢٠٢٠، ١١)دوا بەدوای ئەوە کارەکتەرێکی سەرەکی بەناوی (عەلی ئیحسان) ڕۆڵێکی گرنگی لە ژیانی عیسمەت ئۆکتایدا دەبێت، چونکە تاکە کەس بوو، کە زمانی کوردی دەزانی و تەرجومانی بۆ تورکەکان دەکرد هەرچەندە تورکەکان پێیان نەوت تەرجومان، بەڵکو دەیانووت زمانی ئاژەڵەکان دەزانێ.

یەکێکی دیکە لە کارەکتەرەکانی نێو ڕۆمانەکە ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێ لە ڕۆمانەکەدا تاریق ئاکانسۆ، کە باوکی عەلی ئحسانە، کە دوژمنی سەرسەختی کوردەکان بوو لەلایەن تورکە فاشیستەکانەوە ئەرکیشیان پێدابوو. تابۆ بەمەبەستی چەسپاندنی زمانی تورکی و پاکردنەوەی زمانی تورکی لە وشەو زمانی بێگانە ڕەوانەیان کردبوو بۆ باشووری خۆرهەڵاتی ئەنادۆڵ. کاتێ تاریق ئەکانسۆ لە دیاربکر نیشتەجێ بوو هەرکەسێ لەهەرشوێنێ بازاڕ یان ماڵ بەجل و بەرگی کوردی بیبینیایە!، ئەوا بەبێ بەزەییانە بەقامچی دەکەوتە گیانیان، یەکێ لەکوڕەکانی بەناوی ئەرسین هەمیشە

هەولێدەدا مێژووی ئەم ناوچەیە بزانێ، بەڵام باوکی نەی دەویست کوڕەکانی هیچ شتێ دەربارەی ئەم ناوچەیە بزانن، لای ئاکانسۆ زمانی تورکی ئەوەندە گەورە بوو هەتا مەلا ئاینییەکانی ڕاسپاردبوو بەزمانی تورکی وتار بخوێننەوە و واش لە خەڵک بگەیەنن، کە زمانی قیامەت زمانی تورکییە ئەوەی زمانی تورکی نەزانێت ناتوانێت لە پردی سیرات بپەڕێتەوە و هەر مەلایەکیش ئەمە جێبەجێ نەکات! ئەوا لەسەرکار لادەبرا بۆ نموونە گێڕەرەوە دەڵێت: ((**ئارسین، عەلی ئیحسان هەردوو کوڕە ئازیزەکەی خۆم ... ئەوەتەی هاتووین بۆ دیاربەکر من سەرقاڵم، ڕەنگە هەمیشەش سەرقاڵ بمێنمەوە، ئەرکیکی گەورەم لەسەر شانە و ناتوانم فەرامۆشیبکەم و ئاسان تەماشاییبکەم، دروستکردنی وڵاتو نیشتیمان ئەرکێکی گرانەو قوربانی دەوێت**))(هەمان سەرچاوەی پێشوو، ٩٧) یەکێک لەکارەکتەرە سەرکییەکان بەناوی عیسمەت ئۆکتای، کە ڕۆڵێکی سەرەکی لەنێو ڕووداوە سەرەکییەکاندا هەیە و زمانی تورکی بیر چوبویەوە بۆئەمەش چەندین نموونەی دیکەی وەکو عیسمەت هەبوون، بۆیە خەستەخانەیەکیان دروستکردوو ئەوانیان تێدا کەرەنتینەدەکرد.

یەکێک لە کارەکتەرەکانی دیکە بەناوی دیدەم شاهێن، کە بەڕێوەبەری خەستەخانەکە بوو و زۆر بەخراپی مامەڵەی لەگەڵ بەندکراوەکاندا دەکرد دەیویست بزانێ بەندکراوەکان بەچ زمانییێک قسەدەکەن لەسەر فایلی ئەوانەی بەزمانی ئەرمەنی قسەدەکەن دەنوسرا ئەرمەنی و ئەوانەی بەزمانی گریکی قسەیان دەکرد دەنوسرا (زمانێکینەزانراو) عەلی ئیحسان، کە تاکە تەرجومانی ئەم دۆخەبوو بەناوی خەستەخانەی (ئالازیگ)، کە پڕبوو لە کورد بەهەموو شێوەیەک ئەشکەنجە دەدران عەلی ئیحسان یەکێک بوو لە کوڕەکانی تاریق ئاکانسۆ، جگە لەم ئەرسین کوڕە گەورەکەی بوو هەمیشە ئەیویست وا پەروەردەی بکات تورکێکی ڕەسەن و بەغیرەت بێت، بەڵام ئەرسین هەمیشە پێچەوانەی باوکی بیری دەکردەوە ..تاریق ئاکانسۆ ئەم دوو کوڕەی منداڵ بوون، لەگەڵ خۆیدا دەیبردن بۆ بینینی دیمەنی ئەشکەنجەدانی کوردەکان بۆ ئەوەی تێیان بگەیەنێ لەسەر چی وایان لێ دەکەن بۆ ئەوەی بیبانکات بە تورک یان کوردبوونیان بسڕێتەوە، ئەرسین بەرگەی ئەم دیمەنە دڵتەزێنەی نەدەگرت و هەمیشە لەهۆشخۆی دەچوو (دەبورایەوە) ئەرسین لەسەردەمی منداڵیدا کەوتە داوی خۆشەویستیی کچێکی کوردی نێو گوندێکی لای دیاربەکر، بەڵام تاریق ئەکانسۆ هەرگیز ڕازی نەبوو خوێنی تێکەڵ بەم بنەماڵە کوردە بکات بۆیە هەمیشە هەوڵی دەدات لە مێشکی ئەرسینی دەربکات، بەڵام ئەم هۆکارەو چەندین هۆکاری دی وای کرد ئەرسین ڕابکات و ماڵەوە بەجێ بهێڵێت لە گوندێکی زۆر دوور و سەخت نیستەجێ بوو لە لای بنەماڵەیەکی کورد بەناوی (جەوهەر سیزار)، کەلەوێ لەلایەن مامۆستا چەتین فێری زمانی کوردیبوو، هەر لەوکاتەدا عەلی ئیحسانیش تەرجومانێکی هەبوو کورد بوو بەناوی (مەهدی) هەرچەندە تاریق ئاکانسۆ ئەم تەرجومانەی خۆش نەدەویست، بەڵام دەیەویست منداڵەکانی فێری ئەم زمانە بکات تاوەکو کاری تەرجومانیان پێ بکات لە سەرێکیشەوە ئەوەندە ڕقی لە و زمانە بوو، حەزی نەدەکرد هیچ وشەیەک ببیستێ، ئارسین لە لایەن ئەم خانەوادەوە ناوی گۆڕا بۆ

ئەوەی نەدۆزرێتەوە ناویان نابوو (یەنار سیزار). تاریق ئەکانسۆ لە ونبوونی کوڕەکەی زۆر نیگەران بوو بەجۆرێک زۆر پەشۆکابوو، هیچ شوێنێک نەمابوو بۆی نەگەڕێت هەتا ئیمرانی ڕاوچی ڕاسپاردبوو، کە لە گوندە دوورە دەستەکان شاخ و چیاکان بگەڕێت، چونکە ئەو ڕاوچیەکی شاەزابوو، ئیمران ئەرسینی دۆزیەوە، بەڵام نەیگەڕاندەوە بۆ باوکی، چونکە باوەڕی بەباوکایەتی ئەو نەبوو هەروەها پێشتر لە ڕاوێکدا پڵنگی توونی ڕاو کردبوو تاریق ئەکانسۆ پاڵەوانیەکەی بۆ خۆی تۆمار کرد، بۆیە ئەم ڕاوچیە زۆر دڵشکاو بوو. بەڵام ئیمران بەتەنیا گفتو گۆی لەگەڵ ئەرسیندا کرد، چونکە ئەرسین زۆر پەشۆکابوو بۆ نایگرێت ئیمران پێی وت من ناتگرم، بەڵام دەبێت بەڵێنی ئەوەم بدەیتێ شاهیدم بۆ بدەی، کە پێگەیشتووە من ڕاوم کردووە بەهەمووانی ڕابگەیەنی شکۆم بۆ بگێڕیتەوە ئەرسین بەڵێنی پێدا کەی ویستی ئامادەدەبێت.

دوای ماوەیەک لە ڕووداوێکی دیکە ئەو مامۆستایانەی، کە دەیانەویست زمانی کوردی بیرنەچێتەوە وەکو مامۆستا (چەتین) لەلایەن ڕژێمی تورک دەگیرێت و ئەویش مەلایەک دەنگی لەسەردابوو لە کاتی کڕینی چەند دەست نووسێکی کوردی کە ئەمان خەریکی کۆکردنەوەی دەستنووسە کوردیەکانن گیران و، بەڵام لە زیندانی دیاربەکر بوون گرتنی ئەوان دڵی جەوهەرو ئارسینی زۆر تەنگ کردبوو ئەوان هەرچونێبێ بە جەوهەریان ڕاگەیاندبوو، کە هەرچی زووە دەستنووسەکان بگوازنەوە بۆ شوێنێکی تر نەوەک بگیرێت و لە ناوبچێت. کاتێ ئەرسین ئەوەی بیست نامەیەکی بۆ باوکی نووسی، کە تیایدا تکای کردبوو ئازادیان بکات ئەویش لەپای ئەوەدا دەگەڕێتەوە ماڵەوە هەروەک گێڕەرەوە دەڵێت: ((**لەلای ئەو خێزانە سادەیە فێربووم لەهیچ میللەت و لەهیچ زمانێک نەترسم و بێهۆ وەک دوژمنی خۆم سەیریان نەکەم. لەبەر ئەوەی من تورکم کەس لەم خێزانە بچکۆلەیەدا وەک دوژمنی خۆی سەریی نەکردم، منیش ئەوانم وەک دوژمنی خۆم سەیر نەکرد. زۆرجار بیرم لێکردۆتەوە، چەند جوان بوو لەهەموو شارێک و لەهەموو جێگایەکی تری دونیا ژیان بەوجۆرە بووایە. هەندێ کەس لەوانە فێری زمانی کوردییانکردم، ئێستا لەزیندانەکانی تۆدا لەژێر ئەشکەنجەدان. من سوێندت بۆ دەخۆم گەر لێبگەڕێیت ئینان بۆران و چەتین پۆلات ئازادبن و ئازادانە تورکیا بەجێبهێڵن، من دەگەڕێمەوە و هەر شتێک تۆ بتەوێت دەیکەم، ئەوە وەعدێکە لەمنەوە بەرپرسم بەرامبەری و جێبەجێیدەکەم**))(هەمان سەرچاوەی پێشوو، ٣٣١-٣٣٢) .

ئەم نامەیەی ئەرسین تاریق ئاکانسۆی زێتر تورەکرد، چونکە بیری کردەوە، کە کوڕەکەی پشتگیری لەو کەسانە دەکات، کە دوژمنی سەرسەختی وڵاتی تورکیان، ئیمران بۆ ئەوەی شکۆ بۆ خۆی بگەڕێنێتەوە پێویستی بە کەسێ بوو لە پشتی بێت وەک دەسەلات بۆیە داوای لە نەجیب فەتحی غالیب کرد ئەویش بەڵێنی دایە تاوەکو نزیکی هەڵبژاردن بوەستێ ئەوکاتە تارق ئاکانسۆ لە زەوی دەدات، بۆ کاتی هەڵبژاردنەکان ئەو کارەیان کرد، کە لە گۆڤار و ڕۆژنامەکان ئەوەیان بڵاوکردەوە، کە

تارق ئەکانسۆ درۆزنێکی گەورەیە بەشاهیدی ئارسینی کوڕی هەموو ئەمانە وایان کرد تاریق ئەکانسۆ لە ئیشەکەی شکست بهێنێ و بۆئەمە دووریان خستەوە هەموو دەسەڵاتێکیان لێ سەندەوە، باردۆخی تارق ئەکانسۆ هەتا دەهات خراپتر دەڕۆیشت، بەجۆرێ زەینەب یەڵمازی ژنیشی جێهێشتبوو. بەمجۆرە تاریق ئاکانسۆ وەک شێت کەوتە دەشت وچیاکان.

یەکێکی دیکە لە ئەکتەرەکان بەناوی (زەکی ڕەزا باکلانی)، کە زۆر بەپەرۆش بوو فێری زمانی کوردی بێت، هەرچەندە ئەو لەبنەڕەتدا کورد بوو، بەڵام باوکی لەبەر تورکەکان و دەوڵەتی عوسمانی زیانی پێ نەگەیەنن تەنها زمانی تورکی فێرکردبوون، بەڵکو تاوەک تورکێکی ڕەسەن دەرکەون ،مناڵەکانی، کە وەکو خۆی بەڕێوەبەری تەرجومانەکان بوو لە دەوڵەتی تورکیدا زمانی ئینگلیزی وەردەگێڕا کاتێ داوای لە عەلی ئیحسان کرد ،کە زمانی کوردی فێر بکات عەلی ئیحسان بردی بۆ دیاربەکر بۆ لای مامۆستاکەی خۆی بەناوی (مەهدی)، بەڵام مەهدی ئامادەنەبوو تاکو (زەکی) دەست لە کار نەکێشێتەوە، چونکە بەهۆی ئەوەی، کە عەلی ئیحسانی فێری کوردی کردبوو چەندین کوردی بێتاوان خرابوونە کونجی زیندان یان لەناوچوون. سەرئەنجام زەکی باکلان دەست لەکارکشانەوەی خۆی هێنا و مامۆستا مەهدی کەوتە وانە وتنەوەبە (زەکی)، کە لەماڵەکەی تاریق ئاکانسۆ دەستیان کرد بە وانە لەوکاتەدا عەلی ئیحسان هەمیشە لە ترس و دوودڵی دابوو هەمیشە دەیگوت جەنگ بەڕێوەیە وەک باوکی بۆنی خوێنی دەکرد ڕۆژێک کاتێ ئەرسین برای عەلی ئیحسان، کە بە کۆڵانی ئەنکەرەدا تێدەپەڕی جەنگی بینی کارەساتی بینی، کە چۆن تورکەکان بێڕەحمانە کەوتوونەتە گیانی ئەرمەنو گریکەکانو کوردەکان هیچ شتێکیان بۆ گرنگ نەبوو ماڵەکانیان دەسوتاندو دەکەوتنە گیانی گەنجەکانیان بە پیسترین ئازار دایک وخوشکی ئەوانیان ڕووت دەکردەوە لە شەقامەکاندا جنسیان لەگەڵدا دەکردن، بەواتە هەرچی خراپ بوو بەرامبەریان دەکردن.

وەک گێڕەرەوە دەڵێت: ((**نزیکی شەشی ئێوارە وەک لەشکرێکی ترسناک بەفەرمانێکی نهێنی مۆڵەتی پەلاماری پێدرابێت، سەرەتا بەدەیان، سەرەتا بەسەدان، دواتر بەهەزاران و دواتر بەدەیان هەزار ڕژانە کوچەو کۆڵانەکانەوە. لەشکرێکی پڕ چەک بەشیش و تێڵاو چەقۆ. سەرەتا دوکان بەدوکان، هەر جێگایەک موڵکی گریک و ئەرمەن و جووەکان بوو، کەوتنە شکاندنی قوفڵ و دەڕابەو جامخانەکانیان**))(هەمان سەرچاوەی پێشوو، ٤١٣).

کاتێ ئەرسین ویستی بەرەو ماڵی گریگۆریۆس هەڵبێت، کە لەبنەڕەتدا گریکی بوو هەرسەرەتای هاتنی ئەرسین بۆ ئەستەنبوڵ ئەم یارمەتی دابوون لەوەی بمێنێتەوە، هەرچی دەستنووسەکانی کوردیشە لە وێدا لەم ماڵەدا شاردبوویانەوە بۆیە بەپەلە ڕایکرد، کەبینی بەشەق و لەقە کەوتوونەتە گیانی گریگۆریۆس و خێزانەکەی هاواریان دەکرد، کە ئەم ژنە ڕووت کەنەوە لە بەرچاوی خەڵکەوە

جنسی لەگەڵ بکەن دلۆڤان هاواری دەکرد حەیوان ئەوە لەتەمەنی دایکتە، کە دلۆڤان یەکێک بوو لە کوڕەکانی (جەوهەر) لەگەڵ ئەرسیندا لە ڕێکخراو کاریان دەکرد بۆ کوردەکان.

لەڕۆژێکی سپی بەفراوی دا عەلی ئیحسان دەگەڕایەوە بۆ کۆشکەکەی، بەڵام لەپڕ لەتەرماییەکدا هەستی کرد پێنج کەس بانگی دەکەن تۆزێ وەستا، کە بینی پێنج کەس، کە هەموویان سەرو دەمیان پێچابووە بە عەلی ئیحسانیان وت بێزار نەبوویت لە ئازاردانی کورد لە زیندان و کوشتنیان بەناهەق ها عەلی ئیحسان لە ترسا، وەک شتێ قوڕگی گرنبێ هیچی نەوت تەنها ئەوەنەبێ ڕەنگی تێکچوو پەشۆکا یەکێکیان پێی وت، کە پەنجەی باتێ ئەویش دەستی دایەو پەنجەیەکی بڕی وتی ناتکوژین، بەڵام هەرکات سەیری دەستت کرد ئەوەتبیربێتەوە واز لەوە بێنە بگەڕێوە شوێنی خۆت عەلی ئیحسان ئەم پێنج کەسەی لە بەرچاو ون بوو لە تەرماییەکەدا خوێن دڵۆپ دڵۆپ ئەتکایە سەر بەفرە سپییەکە و سوری دەکرد، هەر ئەم پێنج کەسە بوون، کە بەجلو بەرگی کوردییەوە تەقەیان لە ئەسپەکەی ئاکانسۆ کرد کاتێ ئاکانسۆ لە ڕاو بوو، هەر ئەمەش بوو ترسێکی قوڵی خستە دڵی تاریق ئاکانسۆوە. کە کەوتبووە ڕاوکردنی ئاژەڵی ماڵی وکۆکردنەوەی ئێسک و پروسکی ئاژەڵەکان لە ماڵەکەیدا، کە بە (ئیمران)ی دەوت رۆحێکی نەبینراو لە م سروشتەدا هەیە لەتاریکی دا قەت ڕاوناکرێ لێرەوە ئیتر تاریق ئەکانسۆ باری دەروونی تێک چوو داوای لە ئیمران دەکرد، کە ئیتر ئەو ناتوانێ ڕاو بکات بەڵام ئەو چی ڕاو کرد بە تاریق ئاکانسۆی بفرۆشێتەوە هەرچی بێت گۆشتی بخورێت یان نەخورێ.

عیسمەت ئۆکتای ئەو پیاوەی، کەزمانی تورکی بیرچویەوە وە بەردەوام لەعەلی ئیحسان دەپاڕایەوە، کە نامەیەک بەرێتە دەرەوە، بۆئەوەی هاوڕێ کەی بەناوی ژەنەراڵ هەقی، کە پێکەوە ئەندامی گورگە بۆرەکان بوون ڕزگاری بکات، بەڵام عەلی ئیحسان دەیزانی ئەگەر ئەوە بکات ئەوە ژیانی سەدان کورد دەکەوێتە مەترسی، چونکە گورگە بۆرەکان لەگەڵ ناوهێنانی کورد ئەبوون بە دڕندەیەک و نەیان دەهێشت بژین، بەڵام عیسمەت توانی یەکێک لە کارمەندەکانی چێشتخانەی زیندانەکە ڕازی بکات نامەکەی بۆ بنێرێ، کاتێ نامەکە گەیشتە دەستی (هەقی) چوو بۆ بینینی عیسمەت، بەڵام بەپێچەوانەوەی ئەوەی، کە عیسمەت بیری لێ ئەکردەوە ئەو وەک خیانەتکار سەیری دەکر بەبێ هیچ سۆزێ هاواری دەکرد چۆن تورکی ڕستەی تورکی بیردەچێتەوە ئیتر لێرەوە عیسمەت زانی ئەوەش بێ سوودە، کە ئەمە خۆشی و کوردەکانی خستە کێشەوە، چونکە خۆی دەیزانی گورگەبۆرەکان ئاوا دانانیشن هەموویان دەکوژن.

ئەم نەخۆشخانەی (ئالازیک) نهێنی بوو پڕپڕ لە کوردن بوو ئەوەی کوردی بیر دە چۆوە لەوێ گلیان دەدایەوە، بەڵام ئێستا ئاشکرا بووە ئەم خەستەخانەیە بۆگورگە بۆرەکان پێیان زانی بۆیە فرمانیاندا، کە لە نزیکترین کاتدا هەموویان بکوژن و هێرش بکەنە سەریان، بەڵام عەلی ئیحسان زۆر

دڵ تەنگ بوو هەستی کرد کە ئەوان هێرش دەکەن چەند جارێکبە بەڕێوەبەری خەستەخانەکەی وت، کە ژمارەی پاسەوانەکان زیاد بکەن، بەڵام بێ سود بوو دواجار داوای لە ئەرسینی برای کرد بۆ هاوکارییان ئەویش بێ سود بوو بۆیە ڕۆژێ گورگە بۆرەکان هێرشیان هێنا، بەڵام عەلی ئیحسان داوای دەکرد هەرچی شت هەیە بهێننە دەرێ بۆ ڕاڕەوەکە، بۆ ئەوەی کاتێکیان پێ بچێ تا دەگەنە لایان ئەویش تلفون بۆ سوپای زێتر بکات، بەڵام لەم کاتەدا کوردەکان بەچەکەوە کەوتنە مقاوەمە، ئەو لەوشەڕدا گورگە بۆرەکان شەهیدیاندا، بەڵام لەم کاتەدا یەکێک لە کوردەکان هێرشی کردە سەر عەلی ئیحسان و برینداری کرد، کە پێی وتبوو پێشتر وازیان لێبهێنێ تۆ جاسوسی هەتا دوایی.

هەروەک چۆن گێڕەرەوە ڕووداوی هێرشەکەی ئالازیک دەگێڕێتەوە و دەڵێت: ((**سێ چوار ڕیز بەخێراییەکی سەیر دروستکران. کاتێکی پێچوو تا گورگەبۆرەکان لەوسەری ڕاڕەوەکەوە دەرکەوتن، یەکەم ڕیزیان بەئاراستەی ئەوانە تەقاند دەیانویست ڕێگاکە بگرن. هەموو لەترسی دەستڕێژ و هاواری گورگەبۆرەکان خۆیانکردەوە بە ژوورەکاندا. عەلی ئیحسانیش بەترسەوە خۆی کرد بە نزیکترین ژووردا و لەپەنجەرەکەوە کەوتە سەیرکردن. لەعەلی ئیحسانەوە دیارنەبوو ئاخۆ کەس پێکرابێت، بەڵام وەک هەموو ئەوانەی لە ژوورەکانەوە سەیریان دەکرد پێنج چەکداری بینی بەئاراستەی ناوەوەو بەنیازی کوشتن تەقەدەکەن. عەلی ئیحسان بینی لەشوێنی کوردەکانی ئەوبەرەوە چەند کەسێک ڕادەکەن و بەرەو ئەو ژوورانەی پشتەوە دێن بەئاراستەی ئەو جێگایەی ئەوی لێیەبینی گورگەبۆرەکان بەئاراستەی ئەوان چەندین دەستڕێژ دەنێرن، هەستی نەکرد کەس پێکرابێت، بەڵام هەموو بە جۆرێک خۆیان دانەواند ئیتر لەبەر محاجەرەکە لە عەلی ئیحسانەوە دیارنەبوون**))(هەمان سەرچاوەی پێشوو، ٥٩٧-٥٩٨).

بەم شێوەیە لە ئەنجامدا عەلی ئیحسان لە نەخۆشخانە مایەوە بەزۆر ڕزگاری بوو وە عیسمەت ئۆکتایش ڕایکردبوو بۆ ماڵی بەرێوەبەری خەستەخانەکە، کە یارمەتەتیاندا، بەڵام دوای چاکبوونەوەی عەلی ئیحسان دکتۆرەکە پێیوەندیی بە عەلی ئیحسانەوە کرد، کە عیسمەت ئۆکتای لە ماڵەکەیدا لابات تاتووشی کێشە نەبووە کاتێ عەلی ئیحسان بردی ویستی بیبات بۆ ماڵەوە لای ژن و مناڵەکانی، ژنەکەی ڕازی نەبوو بەهیچ شێوەیە بمێنێتەوە دەرگای داخست بەسەریدا دواتر بردیە لای براکەی ئەویش ترسی هەبوو وتی کەناتوانێ لەوێ بمێنێتەوە، چونکە تورکەکان بەردەوام بەدوایدا دەگەڕێن، بەڵام تاکە پرسیار، کە عیسمەت ئۆکتای لە براکەی کرد دایکی وباوکی بوو، ئەویش لە وەڵامدا وتی، کە باوکی زۆر ئازاری دایکی داوە کە بزانێت بۆ تۆ ئاوات لێهاتووە تورکیت بیرچووەتەوە ئەویش وتویەتی، کە لەسکی دابوو بەکوردی قسەی لەگەڵدا کردبوو، چونکە دایکمان بەڕەگەز کورد بوو باوکیشم ترسی ئەوەی هەبوو ئێمەش تورکیمان بیرچێتەوە هەر بۆیە دایکمی فرێدایە دەرەوە دایکم مرد پاش ماوەیەکیش باوکم مرد.

ئۆكتای هیچ ئومێدێكی دیكەی نەبوو بۆیە عەلی ئیحسان بردی بۆ ماڵی خۆی وتی لەوێ ببە تاكو ڕێگە چارەیەک دەدۆزێتەوە یان دەبێت بۆ عێراق یان ئێران لەوێ كوردەكان بە ئازادی قسە دەكەن . چونكە هیچ چارەیەكی دیكە نییە، دوای ئەوەی ئەرسین، كە بینی ئیدی ماڵەكەی گریگوریۆس دەسوتێ هەوڵیدا دەست نووسەكان ڕزگار بكات، بەڵام تادەهات ئاگرەكە زۆرتردەبوو بۆیە ئەرسین نەیدەتوانی، چونكە خۆشی بەشێكی جەستەی سوتا، ئەگەر دلۆڤان نەبوایە ئیدی دەبوو بە خەڵوز بە زۆر گەیاندیە بیمارستان، بەڵام لەوێ ئامادەنەبوون وەریگرن، چونكە دەبوو ناسنامەی پێبوایە ئایە برانین گریكە یان یۆنانە یان كورد، كە هیچیان لە بیمارستان وەرنەدەگرت دلۆڤان لەترسی ئەوەی نەمرێت ئەرسین ناچار بوو ناسنامەكەی ئاشكرا بكات بڵی ئەوە كوڕی تاریق ئەكانسۆیە ئەوانیش وەریانگرت بەومەرجەی تاوەكو دەبێت كێیە لێرەدەبێت، دوای ئەوە كاتێ هەواڵدرا بەتاریق ئەمانسۆ، كە زانی كوڕەكەی ماوە لە ڕزگاركردنی كورد و یۆنانیەكان ئاوا سوتاوە تكای كرد بیگەڕێنەوە بۆ ماڵ تا لەوێ زیندانی بكات لە كۆشكەكەی بۆ ماوەی (٥) ساڵ زیندانی كرد، بەڵام عەلی ئیحسان زۆر باش مامەڵەی لەگەڵ دەكرد لەگەڵ ئەوەشدا ئامادە نەبوو ڕێگەی بدات ڕابكات چەند جارێک ئەرسین بە عەلی ئیحسانی دەگوت، كە ڕزگاری بكات، بەڵام بێ سود بوو هەرچەندە عەلی ئیحسان زۆر باش بوو لەگەڵی بەردەوام خزمەتی دەكرد نەیهێشت لە دونیای دەرەوە دابرێت.

دوای ماوەیەک ڕۆژێک فەرمانی دەستگیر كردنی تاریق ئاكاسیۆ دەرچوو بەتۆمەتی خراپ بەكارهێنانی دەسەڵات لە خۆرهەڵاتی ئەناوڵ بەكارهێنانی ئەندامێتی خۆی لە حیزبە جیاوازەكاندا بۆ تێكدانی نیشتیمان. كاتێ فەرمانەكەیان دایە دەستی عەلی ئیحسان وەک ئەوەی عەلی ئیحسان دڵخۆش بێت هەر، كە گەیشتە ماڵەوە دایە دەستی باوكی پێ وت فەرمانی دەست بە سەریت هەیە، بەڵام تاریق ئەكانسۆ پێی خۆش نەبوو بە دەستی تورک هیچ زیانێكی بەربكەوێ بۆیە بڕیاری دا خۆی بخاتە قەفەزی ورچەكەوە كەناویان نابوو (فرزند بەگ)، بەڵام ورچەكە هیچی لێ نەكرد، بۆیە بە عەلی ئیحسانی كوڕی گوت دەبێ بیبات بۆ چیاكان لەوێ بیبەستێتەوە ببێت بە خۆراكی ئاژەڵە دڕندەكانی ئەنادۆڵ داوای لێكرد دوای یەک هەفتە بگەڕێتەوە ووێنەگر لەگەڵ خۆیدا بهێنێ وێنەكەی بە هەموو ڕۆژنامەی ئەنكەرە دا بڵاو بكاتەوەوە عەلی ئیحسان فەرمانەكەی جێ بە جێ كرد بەم شێوەیە مردنێک بوو، كە تاریق ئاكانسۆ ئاواتی پێخواستبوو بەدەستی ئەم دڕندانە بمرێت .

دوای ئەوە عەلی ئیحسان یەكەم كار، كە دەیكات ڕزگاركردنی (فرزندبەگ) و براكەیەتی ،هەروەكو گێڕەرەوە دەڵێت: ((**دەرگای قەفەزی ورچەكەی كردەوە چووە ژووری بۆلای فرزەنند بەگ بێئەوەی بترسێت بۆ یەكەم جار باوەشی بەورچەكەدا كرد**))(هەمان سەرچاوەی پێشوو ،٥٣٠).

ڕۆژێک بەرەبەیانییەكی زۆر زوو بوو عەلی ئیحسان لە ماڵ هاتە دەرەوە بۆ بنكەی سەربازییەكەی مستەفا باروت، بۆ ئەوەی چاوی پێبكەوێت بارودۆخی خۆ بۆباس بكات و واز لەكارەكەی بهێنێ، بەڵام لە ڕێگا ئەم پێنج پیاوەی ،كە(ڕێكخراوی دووی نیوە شەو) بوون.. بینی، كە

پێشتریش ڕێگەیان لێ گرتبوو ئازاریان دابوو پەنجەیان بڕیبوو پێیان وتبوو ،کە واز لە ئەو کارە بهێنێ بە عەلی ئیحسانیان وت پێمان وتی واز لەو کارە بهێنە چیدی بەبێ تاوان خەڵک بەگرتن مەیە بەس وازت نەهێناوە ویستیان ڕێک لەوێ بیکوژن، بەڵام یەکێک، کە لەهەموویان بچووکتربوو وتی: من ئەوکارەدەکەم.. بەخەندەیەکەوە سەیری عەلی ئیحسانی کرد وتی نامناسیتەوە ڕێک ٥٠ ساڵ بەر لە ئێستا لەگەڵ تاریق ئاکانسۆی باوکت هاتی بۆ سەردانی زیندانییەکان ئەوکات من مناڵ بووم لەگەڵ باوکم گیرابووم ،هەروەک ئێستا خەندەیەکم بۆت کرد هەموو تەمەنم چاوەڕێم کردی وامزانی ڕزگارم دەکەی هەر لەوکاتەدا گولەیەکی نایە ناوچاوانیەوە وکوشتی، وەک گێڕەرەوە دەڵێت: ((**دەنگی هیچ گولله یەکی نەبیست، هەستی بەهیچ شتێک نەکرد بە قورسایی زۆری زەردەخەنەکە نەبێت لەسەر ڕوخساری، ئێستا خەندەکە وەها قورس بوو هەستیکرد ئازاری دەدات، بەڵام شتیکی سارد بەسەر پێستەکەیدا هاتەخوارێ، شتێک ویستی دەستبەرێت و دەستی لێبدات، بەڵام نەیتوانی دەست بەرزبکاتەوە، ویستی بەکابراکە بڵێت لە بیرمە، تۆم لەبیرە، بەڵام زمانی لەوە قورستر بوو بتوانێت بیجوڵێنێت**))(هەمان سەرچاوەی پێشوو، ٦٨٥).

هەرچەندە ڕۆمانەکە مێژووی واقیعی میللەتی کوردی پیشاندەدات، کە هەر لەسەرەتاوە تاوەکو ئێستا کورد بەدەست زوڵمی تورک و عەرەب ئینگلیز ... هتد ناڵاندوویەتی هەمیشە لە هەوڵی ئەوەدابوو خاوەن ئیرادەو دەوڵەتێکی سەربەخۆبێت، بەڵام ((لەبەر ستەمدیدەیی و یاری چەوسانەوە و هەموو ئەو ڕووداوانەی دەکەونە بن سێبەری زوڵمی مێژوویی، کە کورد خاکەکەی پێەوە ناسراوەو لە بەرامبەریشدا بەڕادەیەکی زۆر دەستەوەستانە بە ڕووی جیهانی دەرەوەدا، ئیدی پەنا بۆ گوتەیەکی حازر بەدەست دەبرێت، بەوەی بەدەر لە چیاکان پشتیوانمان نین یان ئەوەی ئێمەی بەکورد هێشتووەتەوە تەنیا وتەنیا داڵدەدانی چیاکانی نیشتیمانە بێنازەکەمانە ئەم گوتەیەی سەرەوە ئەگەر بەشێوەیەکی کرداری و بەرجەستەیی لەمێژووی هەراو شۆڕش و داگیرکاریەکان بڕوانین تاڕادەیەکی ڕاستی تێدایە، بەڵام ئەوەی لەمە ڕاستر ئەوەیە، نهێنی مانەوەی کورد لە خوری کورد بوونەکەیدایە، ئەویش خۆی لە زمانەکەیدا دەبینێتەوە))(حاجی خدر، ٢٠٢١، ٧٤).

لە ڕۆمانەکەدا ئەم داگیرنەکراوەیە، کە بەرەو ئازادی و سەربەستی دەبات، هەرچەندە ڕۆمانەکە بارێکی سیاسی و فەلسەفی و دەروونی وەرگرتووە، بۆ ئەوەی تراژیدیای کورد بخاتە بەردیدی خوێنەران سەبارەت بە زمانەکەی لە تورکیادا.

## پاری دووەم: پێوەندیی گێڕانەوە بەڕەگەزە هونەرییەکانی وەکو: (ڕووداو، کارەکتەر، کات، شوێن، زمان)

### ١- پێوەندیی گێڕانەوە بە ڕووداوەوە:

گێڕانەوە یەکێکە لە تەوەرە هەرە گرنگەکانی توخمی ڕووداو، چونکە هەر لەسەرەتاوە تاکو کۆتایی بەشدارە لە ڕۆمانەکدا و بەبڕبڕەی پشتی ڕۆمان دادەنرێت، هەروەها ((ڕووداو بریتییە لە ڕێکخستنی کۆمەڵەیەک لە کردار و ڕاستی بەپێی ڕیزبەندی کاتی، واتە بەستنەوەی کردار بەکاتەوە، هەروەها ئەم ڕووداوە پێویستی بە شوێنێکی دیاریکراوە ڕووداوی گێڕانەوە بەتەواوی وەک ڕووداویکی ڕاستەقینە نییە (لە ژیانی ڕۆژانەدا)، هەرچەندە بەشێوەیەکی سەرەکی لەسەر واقیعەوە دەردەچێت، چونکە کاتێک ڕۆماننووس ڕۆمانەکەی دەنوسێت، ئەو لەو ڕووداوە زیندووانە هەڵدەبژێرێت و سڕینەوە و زیاد کردن دەکات لە کۆگای ڕۆشنبیری و خەیاڵە هونەریەکانی خۆیەوە ئەمەش وادەکات ڕووداوی گێڕانەوە شتێکی تربێت، کە لە واقیعی زیندووکاندا وێنەیەکی ئاوێتە نادۆزێتەوە))(یوسف، ٢٠١٥، ٣٧).

ڕووداو، کە هەموو تەوەرەکانی دیکە بەیەکەوە دەبەستێتەوە بەشێوەیەکی ڕێکخراو بەدوای یەکدا کارەکان ئەنجام دەدات ،کە دۆخی کارەکتەرەکان ئاشکرادەکات و هەروەها شوێن و کات دەست نیشاندەکات و پێوەندیی لە نێوان خۆی و ڕەگەزەکانی دیکەدا دروستدەکات..((ڕووداو واتە حەقیقەتی دەقەکە، زۆرجار لە ڕێگەی زنجیرەیەکی دووبارە بوو ولۆجیکیەوە لە کرداری کەسەکانی ناو دەقەکە دروست دەبێت، وە ئەو دیالۆگانەی لە نێوانیان ڕوودەدات، یاخود ئەوەی ناو دەبرێت بەمەنەلۆگی ناوەکەی و حاڵەتەکانی هەڵچوون، کە هەست و سۆزی خوێنەری چیرۆک یان گوێگر زیاتر دەکات کارەکتەرێکی دیاریکراوی وەک خەم وخۆشی یان تورەیی یان پێکەنین بەدەقەکە دەبەخشێت و ڕووداوەکانی چیرۆکەکە دەبێت پێکەوە ببەسترێتەوەو بۆیە دەقەکە لەبنەڕەتدا پێی دەوترێت دەقی گێڕانەوە))(عودة زعرب، ٢٠٠٦، ١٣٤).

هەرچەندە ڕووداو سەرەکی بێت یاخود لاوەکی گێڕەرەوە دەیان گێڕێتەوە و زیندووی بەدەقەکە دەبەخشن، کە ڕۆڵی هەریەکیکیان لەنێو ڕۆماندا گرنگە لە بەرەوپێش چوونی ڕووداوەکان. ((فۆرمالیستە ڕووسەکان یەکەم کەس بوون، کە بایەخیان بەو بنیاتانە داوە پرۆب لە ڕێگەی لێکۆڵینەوە لە حیکایەتی میللیەکانەوە هەوڵی دۆزینەوەی ئیدی شکلوفسکی هات تاکو پەرە بەو شتانە بدا، کە دەستی پێکردبوو لە چوارچێوە، ئەدەبی چیرۆک و ناوی بنیاتەکانیشی دەستنیشان کرد کە ئەمانەن : لە دوای یەک، تێهەڵکێش، چوونە پاڵ یەک، هاوسەنگ، بازنەیی، تێکەڵ ئیدی (تودۆرۆڤ) سێ جۆرە بنیاتی دەستنیشانکرد، کە ئەمانەن: لەدوای یەک، تێهەڵکێش نۆرەیی، پاش ئەوەی بنییان کە

دەتواندرێ هەندێک لەم بنیاتانە تێکەڵ بە یەکتر بکرێن))(موفتی، ٢٠١٢، ٤٦) هاوکات هەر لەم ڕێگەیەوە دەتوانین چەند جۆرێکی بنیاتی ڕووداو بخەینە ڕوو :-

## أ-بنیاتی زنجیرەیی :

ئەم جۆرەی بنیاتەی کۆنترین جۆری بنیاتی ڕووداوە، کە یەکێک لە ((دیارترین تایبەتمەندیی ئەم بنیاتە، ئەوەیە، کە بەپێی (کات) بایەخ بە ڕووداوەکان دەدات. واتە بەدواییەکدا هاتنی ڕووداوەکان لەگەڵ ئامرازێک، کە پێکانەوە گرێدەدات. (ئەدوین مۆر) پێیوایە، کە ساکارترین شێوەی چیرۆک ئەوەیە، کە باس لە زنجیرە ڕووداوێک دەکات (ترنس هۆکز) یش لەو باوەڕەدایە، کە ڕۆمان لە پلەیەکدا بایەخ بە زنجیرەو بەدواییەکدا هاتن دەدات بەڕۆیشتنی خێرایی کات))(سەعید، ٢٠٠٩، ٤٢).

لەم جۆرە بنیاتەی ڕووداودا، کە بەشێوەیەکی زۆر سادەو ساکار دەستپێدەکات ڕووداوەکان یەک لەدوای یەک دێت، واتا خاڵی دەستپێک و سەرەتای هەیە هەر بۆیە ((کاتێکی درێژ سەرجەم جۆرەکانی چیرۆکی لەخۆگرتبوو هەر لە چیرۆکی فۆلکلۆر و حیکایەتی ئەفسانەیی و داستان و ژیاننامەی مللی، تا گەیشت بە ڕۆمان و چیرۆکێکی نوێ لەم جۆرە بونیادەدا نووسەر هەمیشە هەوڵ دەدات لە ڕیزکردنی ڕووداوەکان بە پێی هێڵێکی زنجیرەی بەدوای یەکدا هاتوو لە چوارچێوەی کاتی ڕوودانی ڕووداوەکاندا دەرخات ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی لە کاتی گەڕانەوە بۆ دواوە بەدی نەکرێت، چونکە کاتێک ڕووداو بەڕێگایەکی دیاریکراو ڕێک هاتبێت، ئەوا لە خاڵێکی دەستنیشانکراوی کاتەوە دەستپێدەکات یەک لەدواییەک بۆ پێشەوە دەچێت بۆ کۆتاییەکی دیاریکراو بێ ئەوەی بگەڕێتەوە، ئیتر ڕێگای گێڕانەوەکە لەگەڵ دەقەکەدا یەک دەگرێت، یاخود نزیک دەبێتەوەلە گێڕانەوەی حیکایەت))(عەبدوڵا، ٢٠٢١، ٦١-٦٢) ئەم بونیادە ڕۆڵێکی گرنگ تایبەت و بەرچاو دەبینی لە پرۆسەی گێڕانەوەدا ئەم گێڕانەوەیە، چ لە چیرۆکدا بێت یاخود ڕۆمان هەرچەندە ئەم بنیاتە لە ڕۆمانی کۆندا ڕۆڵی سەرەکی هەبووە، بەڵام لە ڕۆمانی نوێشدا بوونی هەرماوەو نەفەوتاوە،

لە ڕۆمانی (داگیرکردنی تاریکی)دا ڕۆماننووس بنیاتی زنجیرەیی تێک دەشکێنێ بۆ نموونە ڕۆماننووس سەرەتا بە ڕووداوێک دەستپێدەکات ((**عیسمەت ئۆکتای بەیانی کاتێک خەبەری بووەوە هەستی بە شتێکی تایبەتی نەکرد ڕۆژێکی ئاسایی بوو، هەتاو وەک هەموو ڕۆژێکی دیکە سەرەتای هاوین لە پەنجەرەی نهۆمی دووەمی خانووەکەیانەوە هاتبووە ناو ژووری نوستنەکە، ژنەکەی ئۆیزارهانم لە تەنیشتیەوە خەوتبوو. هەموو شت پێدەچوو ئاسایی بێت، هیچ شتێک ناسروشتی دەرنەکەوت. ویستی بانگ لە ئۆیزاری ژنی بکات و پێی بڵێت هەستێت بەر چایی ئامادەبکات، بەڵام وەک وشەکانی بۆنایەت و شتێک بەر گەروی بگرێت هیچی نەگوت بەئەسپایی چووە دەرێ و ویستی بیربکاتەوە، بۆ وازوو هەستاوە نەیتوانی بیربکاتەوە بۆ ئەوەی بیربکاتەوە پێویستی بە وشە هەبوو، بەڵام چەندە ناوچاوانی خوراند و دەستی بە ڕیشیدا هێنا، وشەیەکی بەیاد نەهاتەوە بیری پێبکاتەوە**

**هەتا ویستی بڵێت وای دۆزینەوەی وشە چەند سەختە، بەڵام هیچ وشەیەکی گونجاوی نەدۆزیەوە تا ڕستەی پێدروست بکات هیچ شتێک لە سەریدا نەبوو هیچ وشەیەک بێ ئەوەی بجوڵێت یان هیچ هەستێکی هەبێت ماوەیەکی درێژ لە بەردەرگای ژووری خەوەکەیدا وەستا لە هەموو ئەم ماوەیەدا لە یەک شت دڵنیا بوو، ئەویش ئەوەیە بیرناکاتەوە لەبەردەم دەرگای ژووریدا وەستاو دەیەوێت بیربکاتەوە و ناتوانێت دەیزانی ناوی عیسمەت ئۆکتایە، بەڵام ناوی خۆی وەک ناوێکی نامۆ هاتە بەرگوێ، ڕۆژانی تر کاتێک هەڵدەستا ڕاستەوخۆ لەزۆر شت دەڵنیابوو لە ڕاستیدا بێئەوەی بیربکاتەوە لە هەموو شتێک دڵنیابوو، بەڵام ئەمڕۆ نازانێت ڕۆژانی پێشوو لە چی دڵنیابووە ئەمڕۆ بەجۆرێکە خەریکە دەکەوێتە دوودڵیەوە لە ناوەکەی خۆشی.**

**کەمێک ڕیشی خوراند و سەیری دیوارەکانی دەوروبەری کرد هەستیکرد ناوەکەی لەگەڵیدا ناگونجێت و ویستی بپرسێت بە ڕاست من عیسمەت ئۆکتایم؟ بەڵام وشەیەکی ئاشنای نەدۆزیەوە بۆ گوتنی ئەوە، وەک هەستیک لەناو سەریدا بسوڕێتەوە و پێی بڵێت تۆ چیتر عیسمەت ئۆکتای نیت شتەکان وەک هەستێکی تەماوی لە سەریدا دەهاتن و دەچوون، هیچ وشەیەکی نەدۆزیەوە شتەکانی پێ وەسفبکات یان ناویانبێنێت. دەرگای دەستشۆرییەکەی کردەوە و هەر سەیری دەوروبەری خۆی دەکرد یەک یەک شتەکان لەبەرچاوی بوون بەشتی غەریب. دەستشۆرەکە حەمامەکە، ئاوێنەکان، فڵچەی ددانەکان، دەرمانی ددان سابوونەکان، خاولییەکان و ماشێنی جل شتنەکە، شتەکان لەناکاو هەموو نامۆبوون شتەگەلێک پێویستە ناویانبێنێتەوە، بەزمانێکی تر بانگیان بکات. عیسمەت ئۆکتای گەرچی دوو دڵ بوو، بەڵام هێمنی خۆی لەدەست نەدا، بەڵکو لەسەرەخۆ، دەم وچاوی شت و ڕیشی تاشی و بەمەقەستێکی بچوک سمێڵە ڕەشەکەی ڕێک کرد و چووە دەرێ بگەڕێتەوە بۆ لای ئۆیزارهانم ویستی بە ئۆیزار بڵێت کاتی بەرچاییە مناڵەکان هەستێنە پێکەوە شتێک بخۆین ئەو وشانەی لەدەمی هاتنە دەرێ شتێکی دی بوون، ئەو زمانە نەبوو تا شەوی پێشوو بەر لەخەوتن قسەی پێدەکرد ئۆیزارهانم بە سەرسامییەوە سەیرێکرد و تێنەگەیشت مێردەکەی دەڵێت چی، وەک یەکێک بێت زمانی شکابێت و پیتەکان و دەنگەکان تێکەڵبکات لەو کاتەدا دوو کچە کەشیان لەسەر ئاوازی ئەو دەنگە سەیرو سەمەرانەی باوکیان لە ژوورەکەی خۆیان هاتنە دەرەوە کەوتنە سەیر کردنی عیسمەت ئۆکتای))**(عەلی، ٢٠٢٠، ٥-٦)

ئەگەر سەرنج بدەین سەرەتا دەستپێکی ڕۆمانەکە یەکێتیی (کات، شوێن) تێیدا دەردەکەوێ و بەشێوەیەکی ڕێک و پێک ڕووداوەکان بەدوایەکدادێت پڕە لە جوڵەو وە گێڕەرەوە هەم کارەکتەری سەرەکی و ڕووداوە سەرەکییەکە بەیەکەوە گرێ دەدات ڕووداوەکە لە خاڵێکەوە دەست پێدەکات ئەویش هەستانی عیسمەت لەخەو و دونیایەکی نامۆ بۆ ئەم بەڕێوەیە، کە زمانی بیرچوەتەوە نازانێ

چۆن مامەڵە لەگەڵ چواردەوری خۆیدا بکات، بەڵام گێڕەرەوە ڕووداوەکان یەکبەدوای یەک دەچنێت و باسی ئەو ڕۆژەدەکات، کە عیسمەت پێیدا تێپەڕ دەبێت.

گێڕەرەوە لە ڕێگەی بەکارهێنانی دەستەواژەی (ئەمڕۆ، ڕۆژانی پێشوو) تێکشکاندنی کاتی ڕووداوی زنجیرەی دەکات ئەگەر زیاتر وردبینەوە زۆر بەخێرایی دەگەڕێتەوە بۆ ڕۆژانی پێشتر، کە ڕابردووە عیسمەت لە باردۆخیکی وەک ئەمڕۆدا نەبووە . هەربۆیە لە ڕێگەی ئەم گەڕانەوەیە بۆ ڕابردوو زنجیرەی بەدوای یەکدا هاتنەکەی تێکشکاند، چونکە گێڕەرەوە دووبارە دەگەڕێتەوە بۆ گێڕانەوەی ڕووداوەکانی ڕۆژی پێشوو، کە ئەویش حاڵی عیسمەت ئۆکتایە باشتر بوو لەهەموو شتێ دڵنیابووە کەواتە گێڕەرەوە زۆر بەخێرایی چوو بۆ ڕابردوو هاتەوە بۆ ئێستا.

## ب- بنیاتی تێکهەڵکێش:

بونیاتی تێکهەڵکێش مەبەست لێی تێکهەڵکێشکردنی دوو ڕووداو یان زیاتر بەیەک بە ڕووداوی سەرەکی ڕۆمانەکە.((تێکهەڵکێش جۆرێکی تازەی بنیاتی گێڕانەوەی ڕووداوە،بەمەبەستی زیاتر سەرنجڕاکێشانی خوێنەر بۆلای بابەت و ڕووداوی چیرۆکەکە ئەنجام دەدرێت))(موفتی، ٢٠١٢، ٥١).

هەرچەندە ئەم بونیاتی تێهەڵکێشە تازەیە، بەڵام لێرەدا ((ئیدی زنجیرەی بەدوا یەکدا هاتنی ڕووداوەکان تێکدەشکینێت. چونکە گێڕەرەوە تەنیا پەیوەندی یەک چیرۆک نابێت. واتە گێڕەرەوە لە جیاتی گێڕانەوەدا پەنا بۆ تێکهەڵکێشانی ڕووداوەکان دەبات. بەم پێیەش ڕۆماننووس پابەندی بونیادی زنجیرەیی ڕووداوەکان بەپێی کاتی مێژوویی نابێت))(صالح، ٢٠٢٠، ٣٤٠)، چونکە ڕۆماننووس لێرەدا ((بەپێی خولیاو ویستی خۆی بەبێ گوێدانە ڕیزکردنی ڕووداوەکان، کاتی ڕووداوەکان تێک دەشکێنێت و یاری بەکاتی ڕووداوەکان دەکات))(عەبدوڵا، ٢٠٢١، ٦٥).

هەروەک چۆن لە شیعردا جوانی گرنگە، بەهەمان شێوەش لەنێو ڕۆماندا جوانی ئەم گرنگییەی هەیە، هەر بۆیە لەم بنیاتەدا((ڕۆماننووس لەپرۆسەی تێکشکاندن و تێهەڵکێشکردنی چەند ڕووداوێک لە ڕۆمان، مەبەستی خستنەڕووی لایەنی جوانکاری و ڕوونکردنەوەی هەڵوێستی کارەکتەرەکانە لە ئاستی ڕووداوەکاندا))(جەلال، ٢٠٠٩، ٨٦).ئەم تێکشکاندنی کاتی ڕووداوەکان وادەکات، کە سەرنجی خوێنەر بۆلای ڕووداوەکانی نێو ڕۆمانەکە ڕابکێشێت هەڵبەتە ئەوەش لایەنێکی ئیستاتیکای ڕۆمانەکە پیشاندەدات.

لەم بارەیەوە جان ڕیکاردۆ دەڵێت : ((بەهیچ شێوەیەک نابێت، چیرۆکە تێکهەڵکێشراوەکە لە چیرۆکە سەرەکییەکە درێژتربێت، چونکە لەم بارەدا چیرۆکە تێکهەڵکێشراوەکە ڕۆڵی چیرۆکی سەرەکی دەگێڕێت کە بێگومان ئەم کارەش ڕێگە پێدراو نییە تەنیا لەیەک باردا نەبێت. کە چیرۆکە تێکهەڵکێشراوەکە دەتوانێت وەکو کورتەیەکی چیرۆکە سەرەکییەکە دەربکەوێت جا چ لە ڕووی

دەلالەتەوە یا خود خواستنەوە بێت یان بەشێوازێکی ناڕاستەوخۆ بێت))(صالح، ٢٠٢٠، ٣٤١). هەر بەم شێوەیە بنیاتی ڕووداوی تێهەڵکێش گرنگترین خەسڵەتی نوێبوونەوەی ڕووداوە لە ڕۆماندا.

ئەم جۆرە تێهەڵکێشە لە ڕۆمانی (داگیرکردنی تاریکی) دا بەرچاو دەکەوێت... بۆ نموونە ڕۆماننووس زۆر بە لێهاتووی توانیویەتی تێکهەڵکێشی ڕۆمانەکەی بکات لەگەڵ نامەدا بۆنموونە کاتێک کارەکتەر ئارسین دەیەوێت نامەیەک بۆ باوکی بنووسێ گێڕەرەوە ئاماژە بە نووسینی نامەکە دەکات و دەڵێت: ((**بڕۆ ئارسین نامە بنوسە، هەموو دەردێکی دڵی خۆتی پێبڵێ، دڵنیام گەر بەدەستی بیخوێنێتەوە کاری تێدەکات، بەڵام من جارێک لەگەڵ مەئمورێکی دەوڵەتدا لەو زلانە شەرابم خواردۆتەوە، باوەڕت بێت هێندەگێلن مەسروبێک نییە لەسەر زەوی کار لەگەمژەیی ئەم سیاسیانە بکات**))(عەلی، ٢٠٢٠، ٣٣١)، کەکارەکتەر دەیەوێت نامەیەک بۆ باوکی بنووسێ هەرچەندە نامەکە هەواڵگەیاندن نییە، بەڵکو داواکارییەکە لە نێو دەقی نامەکەدا نووسرابوو ((**من لەم دوو ساڵەدا لە ناو کوردەکاندا ژیام، مرۆڤی زۆر سادەو باشم ناسی. لەگەڵ خێزانێکدا ژیام خۆشیان دەویستم و خۆشم دەویستن. لەلای ئەو خێزانە سادەیە فێربووم لە هیچ میللەت و لە هیچ زمانێک نەترسم و بێهۆ وەک دوژمنی خۆم سەیریان نەکەم ،لەبەر ئەوەی من تورکم کەس لەم خێزانە بچکۆلەیەدا وەک دوژمنی خۆی سەیری نەکردم، منیش ئەوانم وەک دوژمنی خۆم سەیرنەکرد. زۆرجار بیرم لێکردۆتەوە چەند جوان بوو لە هەموو شارێک و لەهەموو جێگایەکی تری دونیا ژیان بەوجۆرە بووایە. هەنێ کەس لەوانە فێری زمانی کوردیان کردم، ئێستا لە زیندانەکانی تورکدا لە ژێر ئەشکەنجەدان. من سوێندت بۆ دەخۆم گەر لێبگەڕێیت ئینان بۆران و چەتین پۆلات ئازادبن و ئازادانە تورکیا بەجێبهێڵن، من دەگەڕێمەوە وەهەرشتێک تۆ بتەوێت دەیکەم**))(هەمان سەرچاوەی پێشوو، ٣٣١-٣٣٢).

لێرەدا بۆمان ڕووندەبێتەوە ڕۆماننووس چەند بە شارەزایی و لێهاتووی توانیویەتی ئەم نامەیە تێکەڵ بە ڕۆمانەکە بکات و، چونکە لە ڕێگەی گێڕانەوەی دەقی نامەکە پێوەندییەکی توندوتۆڵی لە نێوان گێڕەرەوەو خوێنەردا دروستکردووە، بەجۆرێک زانیارییەکانی نێونامەکە بەوردی دەگەیەنێتە خوێنەر، کورد هەر لە سەرەتاوە تاکو ئێستاش هەر بەم بارودۆخەدا تێدەپەڕێت و هەمیشە دووبارە دەبێتەوە، کە کورد لەنێوان داگیرکردن و کوشتن و گرتن و ئازاردان و بێلانە ماوەتەوە، لێرەدا ڕۆماننووس ئەم نامەیەی کردۆتە بەڵگەیەکی زیندوو مێژوویی بۆ ژیانی کورد هەرچەندە نامەکە بێچارەی کارەکتەر پیشاندەدات، چونکە دەزانێ کارلەکار ترازاوە تەنها گیانی شک دەبات بۆ ڕزگارکردن و دیفاع کردن لە هاوڕێ و مامۆستاکەی ناردنی نامەکە قورس بوو بۆی، بەڵام تاکە ڕێگەبوو، کە بتوانێ بیکات.

بەواتە ڕۆماننووس توانی هەوێنی ڕووداو تێکەڵ بەنامە بکات و تێهەڵکێشی بکات، هەروەها ڕۆماننووس توانیویەتی زۆر بەلێهاتویی گۆرانی تێهەڵکێشی نێو ڕۆمانەکەی بکات.  بۆ نموونە

گێڕەرەوە دەڵێت: ((**ڵە للا ... لە للا لالا)) وەک داریۆ مۆرینۆ لە گۆرانییە بەناوبانگە، کە (دنیزومەهتاب) دا عەلی ئیحسان بەدەنگی بەرز لەژێر دوشەکەدا کەوتە چرپنی سترانێک گەلێک حەزی پێبوو دەنیزومهتاب سور دولارسین. نێرە دەسن. نانل دیریم ترک ئیتین. بیراکیب بینی گیتین . ئەنلاد یلارکی. ئاشکمیز بیتی لە للا لەللا ... لە للا لالالا. وەها بەدەنگی بەرز گۆرانی دەگووت گوێی لەدەنگی دەرگاکە نەبوو کاتێک دکتۆر سینان بەهەموو هێزی لێیدەدا نزیکی سەعات نۆی شەو بوو دیدەم شاهین گەڕابووەوە بۆ ماڵێ**))(هەمان سەرچاوەی پێشوو، ١٩١).

لێرەدا ڕۆماننووس گۆرانیەکی تورکی تێکەڵ بە ڕۆمانەکەی دەکات و تێکهەڵکێشی دەکات و لەگەڵ ڕەوتی ڕۆمانەکەدا دەڕوات، کە یەکێکە لە گۆرانیەکانی گۆرانیبێژی تورک (دەنیز مەهتاب)، کە ناوەڕۆکی گۆرانییەکە ناوەڕۆکی ئاشقانەیە، ئینجا ڕۆماننووس لە بەر هەرهۆکارێک بێت ئەم گۆرانیەی هێناوە تیکەڵی کردووە یاخود ئاگاداری کاریگەری ئەم گورانییە بووە بەسەر کارەکتەرەکەوە یان هەر هۆکارێکی تر هەبووبێ بەکاری هێناوە هەر بەم شێوەیە ڕۆمانەکە ڕۆڵێکی ئاوێتەیی لەخۆی دەگرێ.

نموونەیەکی دیکەی لە ڕۆمانەکەد، کە نووسەر تێکهەڵکێشی دەکات،کە تێیدا گێڕەرەوە دەڵێت: ((**زەکی ڕەزا وەک منداڵێک حونجە بکات دەینوسی (ماڵان مەزن) (ئۆرمەتار) (پشکا ڕەش) (هرچا بچوک) مەهدی لێیدەخوڕی بچۆرە سەر شیعرەکە، بچۆرە سەر شیعرەکە، واز لەو شتەئاسانانە بهێنە زەکی ڕەزا بەزەحەمەت بەزمانێکی تێکشکاو شیعرەکەی خوێندەوە.**

**Ka mireken li Baban ,Ka pas,aye Rewandiz ,**

**Ka cizir u kani mir ka Bedirxan li kuye?**

**Kani mire Behdinan , Kani mire Hekaran.**

**Kamireken li zazan mire Xerzan li kuye?**)) (هەمان سەرچاوەی پێشوو،٦٤١)

لێرەدا زۆر بەڕوونی دیارە، کە ڕۆماننووس چی جۆرە تێکهەڵکێشێکی کردووە، کە خودی شیعرەکە باس لە ئیماراتەکانی بابان و ئەوانە دەکات لە باشوری کوردستان وەکو ڕەواندز لێرەدا ڕۆماننووس ئاگاداری هەمووشتێکە واتە لە پێوەندیی نێوان شیعرەکەو ڕۆمانەکە دانەبڕاوە، چونکە شیعرەکە هەرچەندە پێوەندیی بەلایەنی نیشتیمان و نەتەوەو خاک و خۆڵەوە هەیە و، کە تێیدا باسی چەندین میر و پاشاو چەند میرنشینێک دەکات، کە بەردەوام خزمەتی کوردیان کردووە بۆ کورد و سەرکەوتنی کورد، کەواتە ئەو پێوەندییەی لە نێوان شیعرو ڕۆماندا هەیە..یەکدەگرنەوە و دانەبڕاوە لەدونیای ڕۆمانەکە.

## ج- بنیاتی نۆرەیی:

ئەم جۆرە بنیاتە گێڕانەوەی دوو ڕووداوە لە یەک کاتدایە، کە ((لە ڕەخنەی ئەدەبیدا ئەم بونیادە بونیادی (هاوسەنگ، نۆبەتی)، پشی پێدەوترێت ئەم شێوەیەی بونیادنانی ڕووداو یەکێکە لەو بونیاتانەی، کە هەموو پێوەندییەکانی لەگەڵ سەرزاری فۆلکلۆری بچڕاندووە ئەم بونیادە ئەو چیرۆکانە دەگرێتەوە، کە لە دوو ڕووداو یاخود زێتری تێدایە و لە چەند شوێنێکی جیاواز و دووردا ڕوودەدەن، چونکە ئەم شیوە ئەو جۆری ڕووداوانە دەگرێتەوە کە نزیکن لەیەکەوە پێکەوە پەرەدەسێنن و گەشە دەکەن، کاتی ڕووداوتیان هاوکاتە و بەیەک کاتەوە بەستراوەتەوە لەچەند شوێنێکی جیاوازدا))(عەبدولا، ٢٠٢١، ٦٩). جان ڕیکاردۆ سەبارەت بەم جۆرەی بنیاتە دەڵێت: ((هاوکاتبوون و نۆرەیی لەمەدا گێڕەرەوە لەیەک پەرەگرافدا دوو ڕووداو دەگێڕێتەوە، کە هیچ پێوەندییەکیان پێکەوە کۆیان ناکاتەوە!، تەنیا ئەوەنەبێ، کە لەیەک کاتدا ڕوویانداوە، هاوکاتبوونیش نۆرەیی دەگرێتەوە، چونکە دەست هەڵگرتن لە ڕووداوێک و چوونە سەر ڕووداوێکی دیکە مانای هەڵپەساردنی ڕووداوی یەکەمە. ئیدی گەڕانەوەیە بۆ سەری و بەچپێەوانەشەوە. ڕەنگە ئەم دوو ڕووداوە یەکێکیان لەکاتی ئێستا ڕوودبدات و ئەوی دیکە لە ڕابردوودا ئەمجۆرە بنیاتە زاراوەیەکی تایبەتی بۆدانراوە، کە مونتاژە))(موفتی، ٢٠١٢، ٧٦).

بەم شێوەیە ئەوەی لەم بنیاتەدا گرنگە کاتەکەیە، چونکە ڕووداوە جۆراوجۆرەکانیش لەم کاتەدا بەردەوام دەبن و گەشەدەکەن، کەواتە ((هاوتەریبوون بریتییە لە بەرەو پێشچوونی ڕووداوەکان، لەیەک کاتدا مەرجیش نییە ئەو ڕووداوانە لە یەک شوێندا ڕوودبدەن، بەڵام هاوکاتن یا لەیەک کاتدا ڕوودەدەن. بەم شێوەیەش کەسایەتییەکان ڕووداوەکان بەرەو پێش دەبەن و لەکۆتایی گێڕانەوەکەشدا چۆنیەتی وجیاوازیان ئاشکرا دەبێت بۆیە گێڕەرەوە ناچار دەبێت بەنۆرە ڕووداوەکان بگێڕێتەوە))(صالح، ٢٠٢، ٣٤٤)، کە ئەم جۆرە بنیاتە دەبێتە هۆی ئەوەی قەبارەی ڕۆمانەکە، بەهۆی زۆری ڕووداوەکانی نێوی زێتر بێت.

هاوکات ئەم جۆرە بنیاتەش لە ڕۆمانی (داگیرکردنی تاریکی)دا بەرچاو دەکەوێت بۆ نموونە گێڕەرەوە دەڵێت: ((**ئارسین لە تاو ئازاری سووتانەکانی هەر هاواری دەکرد. چەندین سەعاتی پێچوو تا دلۆڤان ئارسینی گەیاندە خەستەخانە، کە پزیشک و تیمار پێچەکان ئامادە نەنوون تیمارییکەن، زۆربەی خەستەخانەکان بریندارى یۆنانییان وەرنەدەگرت. لەبەردەم خەستەخانەکەدا هەڵایەکی گەورە بوو، سەدان بریندار دەهاتن، فەرمانبەرێکی ئیدارەی تەندروستی لە بەردەرگاوە نەخۆشەکانی جیادەکردەوە هەر لەوێدا یونانیەکانیان بەر تف و جنێو دەدا و دەریان دەکردن ئارسین هیچ بەڵگە نامەیەکی پێ نەمابوو ئەوەی هەیبوو سوتابوو، دلۆڤان بۆئەوەی نەهێڵێت بمرێت و تیماری بکەن ناچار بوو ناوی ڕاستەقینەی ئاشکرا بکات باوەڕم پێبکەن، باوەڕم پێبکەن، ئەمە تورکە، ناوی ئارسین**

**ئەکانسووە کوڕی سیاسەتمەداری بەناوبانگ تاریق ئەکانسووە تکایە گەر وەری نەگرن تووشی حیساب و کیتاب دەبن، کوڕەکە هەموو گیانی سووتاوە شیویستی بەچارەیە.**

**ڕوون نەبوو ئاخۆ فەرمانبەرەکە تاریق ئەکانسوو دەناسێت یان نا، بەڵام کەدلۆڤان ویگوت بەردەرگاکەی چۆڵکردو کردیە ژوورەوە. لێدان و تاڵانکردن و لاقەکردنی یۆنانییەکان ئەوشەوە و هەموو ڕۆژی دواتریش بەردەوام بوو تەنیا سێ ڕۆژ دوای ئەوە دلۆڤان توانی لەخەستەخانە بێتەدەرێ و هەوڵبدات بگاتە ماڵ و هەواڵی گریگۆریس بزانێت. کاتێک گەیشتە کوچەو کۆڵانەکانی بایۆغلو باوەڕی بەچاوی خۆی نەکرد، دەیان تەن لەکەل و پەلی تێکشکێنراو فڕێدراو و سوتێنراو لەناوچەو شەقامەکاندا هەڵدرابوونەوە))** (عەلی، ٢٠٢٠، ٤٤٥-٤٤٦).

لێرەدا واتە لەم پەرەگرافەدا چەند ڕووداوێک هەیە لەیەک کاتدا ئەویش سووتانی ئارسین و وێرانکردن و تالانبردنی ماڵی یۆنانییەکان و ڕووداوی نەزانینی هەواڵی گریگوریۆسە، ڕۆماننووس سەرەتا باس لە سووتانی ئارسین دەکات و کەچۆن دلۆڤان دەیگەیەنێتە خەستەخانە، بەڵام گێڕەرەوە دەست لەم ڕووداوە هەڵدەگرێت ڕاستەوخۆ دەستدەکات بە گێڕانەوەی ئەو ڕووداوانەی بەسەر ماڵ و حاڵی یۆنانییەکاندا هاتووە دەکەوێتە وەسفی کۆڵان و کوچەی ئەساس و کەلوپەلە شکاوەکانی ئەم یۆنانیانە، کە چۆن شەقامەکانیان پڕکردووە بەجۆرێ، کە هەنگاونان ئەستەم دەبێت، دواتر گێڕەرەوە دەیەوێت وێنەی ئەم ئەشکەنجەدان و ئازاردانی خەڵک و کوشتنی مرۆڤی بێتاوان لە ژێر پەردەی ئەوەی تورک نین پیشانبدات، دوای ئەمانە دیسان گێڕەرەوە دەگەڕێتەوە سەرباسی نەخۆشحانەو لەبارەی ئەرسین و تەندروستی دەست پێدەکاتەوە، هەر بەم جۆرە گێڕەرەوە چەندین ڕووداوی لەیەک کاتدا پێشکەش دەکات و هەریەکەیان لە شوێنی جیاوازو ڕووداوی جیاواز.

## د- بنیاتی بازنەیی:

لەم جۆرە بنیاتی بازنەیی دا ڕۆماننووس یان گێڕەرەوە لەخاڵێک دەستپێدەکات، کە ئەنجامە، کە لە کۆتایشدا دەگەڕێتەوە بۆ هەمان خاڵوئەنجام ((واتە ڕووداوەکان ڕوویان داوەو تەواو بوونە و خاڵی سەرەتای دەست پێکردنیان لە چیرۆکدا لە کۆتایی یەکەوە دەست پێدەکات و بەرەبەرە ئەو هۆو هاندەرانە ڕوون دەکاتەوە، کە بوونەتە هۆی ئەنجامدانی ئەو کۆتایی یەو لەو شوێنەدا کۆتایی دێت کەسەرەتاکەی پێ دەست پێکردبوو. واتە ڕووداوەکان بە شێوەیەکی بازنەیی دەسوڕێتەوەو لە خاڵێکەوە دەست پێدەکەن و دەگەڕێنەوە هەمان خاڵی دەست پێکردن))(سابیر، ٢٠٠١، ١٣٣).

هەرچەندە((خاڵی سەرەتای دەستپێکردنی لە ڕۆماندا، لە کۆتاییەکەوە دەستپێدەکات و هەنگاو بە هەنگاو ئەو هۆو هاندەرانە ڕووندەکاتەوە، کەبوونەتە هۆی هێنانەکایەی ئەو کۆتاییە، واتە لەو شوێنە دا کۆتایی دێت، کە سەرەتاکەی پێدەست پێکردبوو. واتە ڕەوتی ڕووداوەکان شێوەیەکی ئەندازەیی

بازنەیی وەردەگرن و ڕووداوەکان بەشێوەیەکی بازنەیی دەسوڕێتەوە و لەخاڵێکەوە دەستپێدەکات، کە کۆتاییەکەیەتی و لەکۆتایشدا بۆ هەمان خاڵی دەستپێکردن دەگەڕێتەوە.

بونیادی بازنەیی ڕووداو، زیاتر لە بونیادی زنجیرەییەوە نزیکە، لە ڕووی داڕشتن و ڕێکخستنی ڕووداوەکانەوە، چونکە لە بونیادی زنجیرەییدا ڕووداوەکان یەک لەدوای یەک بەشێوەی ئاسۆیی ڕیز دەکرێت هەر لەسەرەتاوە بۆ ناوەڕاست و پاشان ئەنجام و کۆتایی، بەڵام لەبونیادی بازنەییدا زنجیرەی داڕشتن بەم جۆرەیە دەکەوێتەوە، کە کۆتایی ڕووداوەکان دەکەونە سەرەتای گێڕانەوە))(صالح، ٢٠٢٠، ٣٤٦).

لەم جۆرە بنیاتەدا هەر لەسەرەتای گێرەانەوەکەدا کۆتایی ڕووداوەکە، کە ڕوویداوەو تەواو بووە کە، بۆتە ڕابردوو گێڕەرەوە ئیستا دەخاتە بەردەم خوێنەر جارێکی تر دوای هەنگاوەکانی زانیاری ڕووداوەکە دەگەڕێتەوە بۆ هەمان سەرەتا، کەلێوەی دەستی پێکردبوو.

ئەم جۆرە بونیاتە لە ڕۆمانی (داگیرکردنی تاریکی)دا بەرچاو دەکەوێت گێڕەرەوە دەڵێت: ((**حاڵی عیسمەت ئۆکتای و چیرۆکەکەی هەر زوو لە شارۆچکەیەکی بچوکی وەک نوشەهیردا بڵاو بووەوە، ئەوەی لە ناکاو کەسێک بەیانی لەخەو هەستاوە و زمانی باوباپیرانی خۆی بیرچووەتەوە شتێکی ئاسایی نەبوو. خزم و کەسی عیسمەت شتی وا نەدەچوو بە عەقڵیاندا. یوسف ئۆکتای بابی و ئەحمەدی کوڕی هەرهەواڵەکەیان بیست بەپەلە هاتن بۆ نەخۆشانە**))(عەلی، ٢٠٢٠، ١١).

ئەگەر سەرنج بدەین گێڕەرەوە هەر لەسەرەتاوە ڕووداوەکەمان بۆئاشکرا دەکات، کە بیرچونەوەی زمانە حاڵەتێکی دەگمەن و سەیرە دواتر گێڕەرەوە وردە وردە هۆکارو حاڵەتی توشبوونی بەم دەردەو بیرچونەوەی زمانە دەگێڕێتەوە تا دەگاتەوە کۆتای و ئەنجام، هەڵبەتە ئەم جۆرە بونیادەی بازنەییە چێژێکی تایبەتی بەخوێنەر دەدات، چونکە وا لەخوێنەر دەکات بەردەوام بێت لە خوێندنەوەی ڕۆمانەکەو هەمیشە بەجۆش دەبێت بۆ زانینی ئەم هۆکارو زانیاریانەی، کەبۆتە هۆی دروستکردنی ئەم بارودۆخە، چونکە لەسەرتادا زانیارییەکان ناڕوونن خوێنەر هیچ لەبارەیەوە نازانێ هەڵبەتە لەم پەرەگرافەی وەرمان گرتووە کۆتایی نی یە، بەڵکو دوای ئەوە ڕۆمانەکە دەچێتە قۆناغێکی دییەوە،کە بەخشینی زانیاری و هۆکارو کردنەوەی گرێکانە.

لەپەرەگرافێکی دیکەدا بونیاتی بازنەیی بەشێوەیەکی ڕوون بەرچاودەکەوێ بۆنمونە گێڕەرەوە دەڵێت: ((**هەواڵ هات مامۆستا چەتین و ئینان بۆران لەشاری ئۆرفە لەلایەن دەوڵەتەوە گیراون و لەزیندانی ئۆرفە توندکراون، وەک دوایی ئاشکرابوو هەردوکیان ئەندام بوون لەڕێکخراوێکی بچوکی نهێنیدا. ڕێکخراوەکە کەکاری هەندێک مامۆستابوو خەڵکیان هانەدا منداڵەکانیان بەدزیەوە فێری کوردی بکەن، بەڵام دەشیان ویست بڕێک لەگۆرانی و بەندو لاوک و گۆرانیی دەنگبێژەکان لەفەوتان**

**بپارێزن، هەموو دەستنوس و تۆمارو قەوانە کوردیەکانیشیان کۆدەکردەوە ئەوانەی لەپەلامارو وێرانکاریی بیست ساڵی ڕابردووی کوردستاندا دەست مەئمورانی دەوڵەتی تورک نەکەوتبوون و نەسوتێنرابوون. ئەو ڕۆژە لەئورفە هەردوکیان بووبوون بەتەڵەی یەکێک لەو وەلا گوێپەل و نهێنبەرانەی بۆدەوڵەتی تورک ئیش دەکەن**))(هەمان سەرچاوەی پێشوو، ٣٠٩).

لێرەدا ئەگەر سەرنج بدەین گێڕەرەوە یاخود ڕۆماننووس ڕووداوێک دەگێڕێتەوە، کەهەر لەکۆتایی دەستدەکات بەڕووداوەکەو ئەنجام و زانیاری دەدرکێنێ ڕووداوەکەش گرتنی دوومامۆستایە بەناوی چەتین وئینان. ناوی شوێنەکەش دەبات، کەئورفەیە ،دواتر دەست دەکات بەچۆنیەتی گیرانی ئەم دوو مامۆستایە و هۆکاری گرتنەکەیی و زانیارییەکان هەنگاو بەهەنگاو بۆخوێنەر دەخاتە بەردیدەو دەیگێڕێتەوە، کەهەرئەم هۆکارانە بونەتە هۆی ڕوودانی ئەم ڕووداوە، کە گیرانی دوو مامۆستاکەیە ڕووداوەکە بەشێوەیەکی بازنەی دەسوڕێتەوە بۆ خاڵی سەرەتا بۆ نموونە لە کۆتای پەرەگرافەکەدا گێڕەرەوە دەڵێت: ((**کاتێک کاڵای خۆیان هەڵدەگرن و لە مزگەوت دێنە دەرێ، مەئمورانی دەوڵەت لە پێش دەرکی مزگەوتەکەدا قۆڵبەستیان دەکەن و دەیانگرن**))(هەمان سەرچاوەی پێشوو، ٣٠٩) هەر لەم پەرەگرافەدا بۆمان دەردەکەوێ، کە ڕووداوەکە وەک ئاڵقە یەک یەک بەدوای یەکدا هاتووەو گەڕاوەتەوە بۆ خاڵی سەرەتاو کرۆکی ڕووداوەکە، کە کرۆکی ڕووداوەکەش هەر سەرەتا خۆی دا بەدەستەوە گرتنی مامۆستاکانەوە لە دوای باسکردنی چۆنیەتی ڕووداوەکەوە هۆکارەکەی و بەخشینی زانیاری پێویست بەخوێنەر گەڕاوەتەوە سەرەتای ڕووداوەکە بەشێوەی بازنەیی ڕووداوەکەی بەسەرەتاوە گرێدایەوە، گێڕەرەوە لەئەنجامەوە دەستی پێکردوە دووبارە گەڕایەوە بۆ ئەنجامەکە، چونکە هەر سەرەتا گرتنی دوو مامۆستاکە دەگێڕێتەوە، کە ئەنجامە دواتر دێتە سەرباسی سەرهەڵدانی ڕووداوەکە ،کە باسی ئەوەمان بۆ دەکات یاخود بۆمان دەگێڕێتەوە، کەئەم دوو مامۆستایە هەردووکیان ئەندام بوون لە ڕێکخراوێکدا، کە ئیشیان هاندانی خەلکی و مناڵان بوو بۆ فێربوونی زمانیکوردی، هەروەها بۆمان دەگێڕێتەوە، کە هەواڵی پاراستنی دەستنووسەکانی کوردیان داوە، هەموو ئەم کارانە بوونەتە هۆی گێرانی ئەم دوو مامۆستایە و هۆکاری گرتنی مامۆستاکە ئەمانەبوون هەر بۆیە دەستگیرکران و لەهەمان شوێن، کە ئورفەیە یەکێک لە مزگەوتەکاندا دەست دەگرت بەسەریاندا واتا گێڕەرەوە تاوەکو کۆتاڕووداو ئەم شێوەی بنیاتی بازنەی پێ ئەنجامدا.

## ٢- پێوەندیی گێڕانەوە بە کارەکتەرەوە:

کارەکتەر ڕۆڵێکی گرنگ و بەهێزی هەیە لە ڕۆماندا، لە ڕێگەی گێڕەرەوە، کە هەڵدەستێ بە جوڵەو هەڵسوڕانی کارەکتەرەکان لەنێو ڕۆماندا، کەهەر لە بنەڕەتدا گێڕەرەوە کارەکتەری سەرەکی و لاوەکییان پێ دەناسێنێت و ڕۆڵ و بایەخیان جیادەکاتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا ((کەسانی هەر چیرۆکێک لە

بنچینەدا نموونەی هەر ئەو کەسانەن، کە لە ژیانی ڕۆژانەدا هەڵدەسووڕێن. بەڵام هەر چیرۆکنووسێک دەبێ لەم بارەیەوە بەر لەهەرشتێک ئەو ڕاستییە سەرەتایی پێ بزانێ بچێتە بنجوبناوانییەوە، کە کەسان لە ژیاندا بە ملیۆنەهان و هەڵبژاردنی نموونە بەدانسقەیە، چونکە ئەو هەرچەندە لەوە بەئاگایە کەئەو ملیۆنەهایە هەر وەختێ مەسەلە دێتە سەر ئەوەی دەسبداتە قەڵەم و بییەوێ چیرۆکێک بنووسێ، وەک هەویرن بەدەستییەوە، بەڵام لەهەمان کاتدا دەبێ لەوەش بەئاگابێ، کە ئەو لەچیرۆکێکا یا لە ڕۆمانێکدا ماوەی نواندن و هەڵسوڕاندنی تەنیا چەندانێکی لەوانە هەیە، کەئینجا ئەوسا دەبنە نوێنەر یا ئاوێتەی ملیۆنەهاکە))(عارف، ٢٠١١ ، ١٠١-١٠٢) .

گێڕەرەوە کارەکتەری سەرەکی ڕۆمانەکە زیاتر دەخاتە بەر دیدی خوێنەرانی هەوڵدەدات زانیاری تەواوو دروستیان بخاتە بەردەست، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ((هەندێک جار، لە ڕووداوە گێڕانەوەییەکاندا ڕووبەڕوی پاڵەوانی ساختە دەبینەوە ئەمەش کارێکی سروشتییە، چونکە کۆمەڵگا لەو جۆرە ئەفلاتونیەکان نیە و بەشێک لە کەسایەتییەکان بەرگی دەمامکی دەپۆشن تا دووربکەونەوە لە هەڵسەنگاندنەکانی خوێنەر ووەرگر))(کەریم، ٢٠١٨، ١٤٩). دەبێت ئەوەش لەبیرنەکەین، کە پاڵەوان ڕۆڵیکی گرینگی لەگێڕانەوەی ڕووداوەکاندا هەیە. ((کارەکتەر شوێنێکی دیاری لە هونەری گێڕانەوەدا داگیرکردووە ئامادەبوونێکی سەربەخۆی هەیە لە ڕووداودا، بەڵکو ڕووداوەکان خۆیان بونەتە بنچینەیەکی گرنگ بۆ ئەوەی زانیاری زێترمان دەربارەی کارەکتەرەکان بۆدابین بکات یان کارەکتەر نوێ بناسێنن. بەمەش ڕووندەبێتەوە، کەتوخمەکانی دیکە کاریان بووە بەوەی، کەخزمەتی دەرکەوتنی کارەکتەرەکە لەکاری گێڕانەوەدا بکەن، و دەکرێت لەنێو توخمەکانی دیکەی گێڕانەوەدا بەدوایدا بگەڕێین، و لەدواتردا ڕووداوەکان بەیەکەوە ببەستینەوە، کارەکتەر هەمیشە واکەوتەی ڕووداو نابێت و پێی کاریگەر نابێت))(علا، raiim ،٢٠٢٠ ). کارەکتەر، کەهەڵسوڕێنەری ڕووداوەکانە بەبێ کارەکتەر هیچ ڕووداوێک ناخوڵقێت، کە گێڕەرەوە لەڕێگەی گێڕانەوە کارەکتەر دەناسێنێت.

لەم بارەیەوە دکتۆر حەمە مەنتک دەڵێت: ((کارەکتەر وەکو توخمێکی سەرەکیی دەقی ڕۆمان، لە پێکهاتەی بونیادی گێڕانەوەییدا بایەخێکی زۆری هەیە. ئەوە ڕووداوەکان دەجوڵێنێ و بەرەو پێشەوەیان دەبات، کارەکتەرە. لە سیمۆلۆجیای گێڕانەوەییدا، کارەکتەر هەڵدەوەشێتەوە، یان وردتر خورد دەکرێتەوە))(مەنتک، ٢٠١٨، ٧٩) . هەر بەم شێوەیە کارەکتەر و گێڕانەوە پێکەوە ڕووداوەکان بەرەو کۆتایی دەبەن و شیکردنەوەیان بۆدەکەن هەروەها هنری جیمس دەڵێت: ((کارەکتەر چییە ئەگەر ڕووداو دروستی نەکات، ڕووداو چییە، ئەگەر نەتوانێ دیارخەری کارەکتەر بێت))(شێخانی، ٢٠١٣، ٨٦) .

هەر بەم شێوەیە کارەکتەر و ڕووداو دوو توخمی سەرەکین، کە خۆیان لەیەک ئاڵاندووە هەر لە ڕێگەی ئەمەوە گێڕەرەوە گێڕانەوەکەی ئەنجامدەدات ((ئەرستۆ (تراجیدیا)ی لە گێڕانەوەی کارێکەوە

دەبینی، کەچۆن لەوێشدا پێویستی بەچەند کارەکتەرێک هەیە، کە ئەوکارە ڕاپەێنێ و هەرکام لەو کەسێتییانەش هەڵگری سیفاتی جیاوازن لە کارەکتەرو هزرێک، بگونجێ لەگەڵ ئەو کارانەی دەدرێنە پاڵیان...، واتە کارەکتەر بە پلەدوو و دوای ڕووداو دادەنا))(حەسەن، ٢٠٠٩، ٢٧).

بەپێی ئەم((دابەشکردنانەی بۆ کەسایەتی ڕۆمان لە ڕووی پێکهاتەوە کراوە پێوەندی بە چۆنییەتی پێشکەشکردنی کەسایەتییەکانەوە لە پرۆسەی گێڕانەوەدا هەیە. واتە لەنێوان هەردوو تایبەتمەندی جوڵەو وەستاندا))(صالح، ٢٠٢٠، ٤٥٦) واتە لە پرۆسەی گێڕانەوەدا کارەکتەر دوو ڕۆڵی هەیە ئەویش پەرەنەسێن یاخود پەرەسێن مەبەست لەوەش کارەکتەری پەرەسێن بەردەوام لەجوڵەو گۆڕاندایە لەمیانەی ڕۆمانەکەدا هەرچی کارەکتەری پەرەسێنە ناگۆڕێت ڕاستەوخۆ پێچەوانەی کارەکتەری پەرەنەسێنە. ڕەخنەگرانی بوای ڕۆمان دووجۆر کارەکتەریان دەستنیشانکردووە، کە د.ئاوارە کەمال صالح لەوانی وەرگرتووە لەم بارەیەوە دووجۆر کارەکتەر دەستنیشان دەکات لە ڕووی پێکهاتەوە ئەوانیش ((١-کەسایەتی پەرەسێن ٢-کەسایەتی سادە))(هەمان سەچاوەی پێشوو، ٤٥٦).

## أ- کارەکتەری سەرەکی:

ئەم جۆرە کارەکتەرەیە، کە بەردەوام لە جوڵەدایە و جیاوازن. واتە لە گۆڕاندایە ((کەسایەتی پەرەسێن لە ڕووی زاراوەوە بە (بازنەیی، بگۆڕ، گەشەکردوو، دینامیک) یش ناسراوە، دیارترین خەسڵەتی کەسایەتی پەرەسێن ئەوەیە، کەبەردەوام لە جوڵەو گۆڕان و پەرەسەندندایە. واتە پەیتا پەیتا وێنەو سیمای لای وەرگر ئاشکرا دەبێت و لەگەڵ ڕەوتی ڕووداوەکاندا گەشەدەکات. کەواتە کەسایەتی پەرەسێن ئەو جۆرە کەسەیە، کەخاوەنی چەندین ڕەهەندی مرۆیی وەک هەست و سۆز و هەڵچوون و بیرو بۆچوون و لایەنی دەروونی و بیرکردنەوەیە و هەموو ئەم ڕەهەندانەش پەیتا پەیتا لە هەڵوێستێکی دی بەدەردەکەون. واتە لەهەر هەڵوێستێکدا هەڵسوکەوت و ڕەفتارێکی نوێی دیبێت، کە دەبێتە هۆی ئاشکرا بوونی یەکێک لە ڕەهەندەکانی کەسایەتییەکەی کەسایەتی پەرەسێن هەنگاو بەهەنگاو دەردەکەوێت و خۆی ئاشکرا دەکات، هەر بۆیە ئەم جۆرە کەسایەتییە لە ڕووی پێکهاتەوە خاوەنی یەک شێوەو یەک ڕەفتارو یەک جۆرە بیرکردنەوە نییە، چونکە ئەو تەنیا جارێک دەرناکەوێت، بەڵکو خاوەنی ئامادەییەکی بەرچاوە لە پانتایی ڕۆماندا))(صالح، ٢٠٢٠، ٤٥٧).

لەدیدێکی دییەوە بۆ ناسینی ئەمجۆرە کارەکتەرە، شێخانی دەڵێت: ((ئەو کارەکتەرەیە، کە لەناو ڕووداوەکاندا گەشەدەکات و گۆڕانی بەسەردادێت و هەنگاو بەهەنگاو لەگەڵ بەرەوپێشچوونی ڕۆماندا دەڕوات و پێشدەکەوێ، ئینجا لایەنی نێگەتیڤی یان لەلایەنی پۆزەتیڤی بێت هەر ئەمەش وادەکات، کە خوێنەر بەدواداچوون بۆ هەڵسوکەوت و چۆنیەتی ژیانی بکات، تا بزانێت سەرەنجام بەچی دەگات. لەبەر ئەوەی گۆڕانکاری پێویستی بەخستنە سەری کۆمەڵێک بەهای نوێ هەیە، تا گۆڕانکارییەکە لە لایەنێک یان لەهەردوولایەنی شێوە و ناوەڕۆکەوە نیشانەی خۆی بپێکێ و ئەنجامەکانیشی

بەدەربکەون، بۆیە ئەم کارەکتەرە بەهاونەریتەباوەکان تێکدەشکێنێت، واتە هەمووکات پابەندی نەریتەباوەکاننییە، چونکە لە جوولە و بۆچوونی ئەوکارەکتەرانە چاوەڕێی شتی چاوەڕوان نەکراویان لێ دەکرێت))(شێخانی، ٢٠١٣، ٢٢).

ئەوە ڕۆماننووسە وادەکات یان هەوڵدەدات، کە کۆمەڵێک سیفەتی جیاواز بدات بە کارەکتەری پەرەسێن، کە پشتر خاوەنی ئەم جۆرە سیفەتە نەبووە، بەڵام وردەوردە گۆڕانی بەسەردا هاتووە ((لێرەدا ئەوەی پێویستە تیشکی بخرێتە سەر، ئەوەیە، کە مەرج نییە کەسایەتی سەرەکی کەسایەتی پەرەسێن بێ، چونکە جاری واهەیە کەسایەتی سەرەکی لە سەرەتای ڕووداوەکانەوە تا کۆتایی ڕۆمانەکە گۆڕانکارێکی گرنگ و ڕیشەیی لەکەسایەتی و هەڵوێست و باری دەروونی و بیرو بۆچوونیدا ڕوونادات ئەم جۆرە کەسایەتییە نموونەی لە ڕۆمانی سیاسی و ڕەوشتی و ئاینیدا ژمارە)) (صالح، ٢٠٢٠، ٤٥٨).

لەڕۆمانی (داگیرکردنی تاریکی)دا عەلی ئیحسان یەکێکە لە کارەکتەرە پەرەسێنەکانی نێو ڕۆمانەکە، چونکە هەر لەسەرەتای ڕۆمانەکەوە بەچەند بارودۆخیکی دژواروسەختدا تێپەڕدەبێت. ژیانی هەمیشە پڕە لە نائارامی و دوودڵی نزمی کاتێک لە ئەنکەرەوە دەڕوات بۆ یاربەکر لە دووبارو دۆخی جیاوازدا گەورەدەبێت، کە لەوێوە ژیانی تراژیدیای ئەو دەست پێدەکات، چونکە تاریق ئەکانسۆی باوکی کاریگەرییەکی دەروونی لەسەر دروست دەکات بەهەموو شێوەیەک هەوڵ دەدات بیکات بە کەسێکی دڕندەو پەلاماری کوردکانی پێبدات هەمیشە لەگەڵ خۆیدا دەیبرد بۆ ئەشکەنجەدانی کوردکان لە زیندانداا، هەرچەندە عەلی ئیحسان لە سەرەتای هاتنی منداڵێکی پاکەو بێگەرد بوو هەمیشە دەیەویست زمانی کوردی فێربێت خۆشەویستیەک بۆ زمانکە لەدڵیدا هەبوو، بەڵام باوکی ئەوکاریگەریەی دروست کرد هەمیشە لە دوودڵی و ترسدا بژی هەتا لە شوێنێک دا ئەرسینی برای پێی دەڵێت: ((**لەوباوەڕەدا بووم ئێستا لە یەکێک لە زانکۆکانی ئەنکەرە یان ئەستەنبوڵدا بخوێنیت، بەڵام وەک دەبینم و دەبیستم لێرە بوویت بە مەئمورێکی بچووک جاسوسێکی بێنرخ خەڵکانی بیگوناه ئازار دەدەیت**))(عەلی، ٢٠٢٠، ٤٦٣) .

هەر لەم پەرەگرافەوە بۆمان دەردەکەوێت، کە کارەکتەر عەلی ئیحسان کارەکتەریکی گۆڕاو پەرەسێنە، چونکە ئارسین بەڕوونی پێی دەڵێت کە تۆ چۆن گۆڕاویت کەسایەتی پێشووت نەماوە، ئەمە جگە لەوەی، کە دوای مردنی تاریق ئەکانسۆی باوکی باری دەروونی عەلی ئیحسان زیاتر بەرەو دارمان دەڕوات بە جۆرێک خەوی ناخۆش و دوودڵ و ترس فۆبیا دەبینی کەسایەتی بەردەوام لەگۆڕاندا بوو، چونکە لەسەرەتا ئازارو ئەشکەنجەی کوردەکانی دەدا، بەڵام لەدوایدا گۆڕانێکی گەورە لە کەسایەتی ئەم جۆرەکارەکتەرە دەیندرێ، ئەویش لەوکاتەدا دەردەکەوێ، کە کاری تەرجومان دەکات لە نەخۆشخانەی (ئالازیگ) کاتی دەیانەوێ ئەم کوردانەی لەوێ دا زیندانی کراون بیانکوژن

لەلایەن گورگە بۆرەکانەوە عەلی ئیحسان دەکەوێتە هاوکاری کردنیان بەهەموو شێوەیەک دەیەوێ ڕزگاریان بکات. کەواتە ڕۆڵی ئەم کارەکتەرە بەردەوام لە گۆڕانکاریدایە.

بۆ نموونە گێڕەرەوە دەڵێت : ((**عەلی ئیحسان چەندین مانگ بوو بیری لەم ساتە کردبووەوە ووتی هەوڵبدەین نەخۆشەکان بەرینە بەشەکانی دواوە دەبێت بەردەم ئەم ڕاڕەوانەی بگرین، ئەم محاجەرانە بەرزن گەر بەردەمی پلەکانەکان بکەینە بەربەست ئەوان ناتوان لە حەوشەکەوە بێنە سەرێ دەبێت چی هەیە بیخەینە سەر ڕاڕەوەکان و گڕیاندەین تا ئاگرەکە نەهێڵێت بێنە ژوورێ و دوایانبخەین**))(هەمان سەرچاوەی پێشوو، ٥٩٦).

لێرەدا پێمان دەڵێت بارودۆخی کارەکتەر گۆڕانی بەسەرداهاتووە هەست و نەستی بەرامبەر بە کوردەکان دەجولێ و پێچەوانەی کارەکانی پێشووی، کە هەمیشە خەریکی هەواڵدزین بوو لە زیندان دا خۆی وەک ئەفسەرە باڵاکانی ڕۆڵی دەگێڕا ئەوەش چەندین کەسی تری دەخستە کونجی بەندینخانەوە هەر لەو پەرەگرافەدا دەڵێت: ((**کارەکانی عەلی ئیحسان وەک هەواڵدزێکی نهێنی لە زیندانە جیاوازەکان و لەشارە جیاوازەکاندا دەیان قوربانی لێدەکەوتەوە**))(هەمان سەرچاوەی پێشوو، ٣٣٥)، بەڵام وردە وردە ئەم گۆڕانکارییە بەسەر کارەکتەرەکەدا دێت و هەڵسوکەوت و کەسێتییەکی باشترو جوانتر دەنوێنێت.

### ب- کارەکتەری لاوەکی:

ئەم جۆرە کارەکتەرە پێچەوانەی کارەکتەری سەرەکییە، چونکە کارەکتەری سادە نەگۆڕە جێگیرە، کەواتە ((خاوەنی یەک سیفەت و یەک ئەدگارو یەک هەڵویستە هەر لەسەرەتای دەرکەوتنیەوە تا کۆتایی ڕۆمانەکە، بەم پێیەش هیچ گۆڕانێک لە هەڵوێستەکانیدا ڕوونادات. کەسایەتی سادە یەک ئاسۆی ڕوانینی هەیە هەڵوێستەکانی نەگۆڕە هەر بۆیە هیچ قووڵی شۆڕبونەوەیەک لە هەڵوێست و بیروباوەڕەکانیدا بەدی ناکرێت بۆیە لەکێشەو ململانێکانیدا تەنیا لەسەر هێڵێکی ڕاست دەڕوات و هیچ دژواری و ئاڵۆزییەک نایەتە پێشی بەم جۆرە لەسەرەتای دەقی ڕۆمانەوە تاکۆتاییەکەی خاوەنی تاکە هەڵوەێستێکە و ڕاستەوخۆ بەیەک ئاراستەی دیاریکراودا هەنگاو هەڵدەگرێت. ئەمەش هۆکارە بۆ ئەوەی هەڵوێست و ڕەفتار و بۆچوونەکانی بەنەگۆڕی بمێنێتەوە.

لەم ڕوانگەیەوە کەسایەتی سادە ئەو جۆرە کەسەیە، کە خاوەنی یەک ئاستی دیاری کراوە لەکاتی ململانێ و کێشەدا زۆر سادە دەردەکەوێت و هەر لەیەکەم دەرکەوتنیەوە کەسایەتییەکەی ئاشکرا دەبێت و بەئاسانی لە کەسانی دی جیادەکرێنەوە و دەناسێنرێنەوە))(صالح، ٢٠٢٠، ٤٧٨).

ئەم جۆرە کەسێتییە لە ڕۆماندا هیچی کەمتر نییە لە جۆری کەسێتیی پەرەسێن، چونکە ڕۆڵێکی بەرچاو دەبینێ لە نێو ڕووداوەکانی ڕۆمانەکەو بۆ بەرەوپێشچوونی ڕۆمانەکە ((کەواتە کەسایەتی

ساده لەگەڵ ئەوەی ناسینەوەی لە ڕووی ناسنامەی و کاریگەری لەسەر ڕووداوەکان کارێکی سانایەو پێویستی بە ماندووبونیکی زۆرنییە، بەڵام ئەمە مانای ئەوەنییە، کەخاوەنی بەهایەکی نزمە لەدەقی ڕۆماندا، بەڵکو بەپێچەوانەوە ئەو کەسایەتییە سادەو ڕووکەشانە زۆربەی جار نموونەی چینێکی تایبەتی کۆمەڵگەن و سادەیی ئەو کەسایەتییانە بێ بەهایی تاک بەرانبەر بە سروشت و کۆمەڵگە دەردەخات، جگە لەوەش کەسایەتییە سادەکان هۆکارن بۆ زیاتر ناسین و پەی بردن بە دنیای کەسایەتییەپەرەسێنەکان))(صالح، ٢٠٢٠، ٤٧٩) ڕۆڵی کەسێتییە سادەکان بایەخێکی گرنگیان هەیە بوونیان لە نێو ڕۆماندا بەقەد بوونی کەسێتیی پەرەسێن گرنگە .

کارەکتەرەکان لە کۆتایی ڕۆمانەکەدا دەردەکەوێت کارەکتەری سەرەکییە، یاخود کارەکتەری لاوەکییە، چونکە تاکۆتایی خوێندنەوەی ڕۆمانەکە تێناگەیت ئایە ئەم کارەکتەرە وەکو خۆی جێگیرە یان گۆڕاوە لە هەڵسو کەوت و ناخی و دەروونی واتە لە کۆتایی ڕووداوەکاندا بڕیار لەسەر ئەمە دەدەین.

لێرەدا لەنێو ڕۆمانەکەدا ئەم جۆری کارەکتەرە سادەیە، یاخود لاوەکییە بەرچاودەکەوێ، وەک نموونەی کارەکتەری تاریق ئەکانسۆ، کە یەکێکە لەوکارەکتەرانەی هەر لەسەرەتای ڕۆمانەکەوە خاوەنی بیرۆباوەڕێکی نەگۆڕە و هەمیشە لە پێناوی یەکشتدا کاردەکات ئەویش سڕینەوەی زمانی کوردی و قەدەغە کردنی ئەم هەڵوێستەی، کە لەسەرەتای ڕۆمانەکەدا ئاماژەی پێ دەکات تاکۆتای ڕۆمانەکەش و مردنی تاریق ئەکانسۆ بەردەوامە، کە ڕۆڵی تاریق ئەکانسۆ لە نێو ڕۆمانەکەدا زێتر تیشکخستنەسەر لایەنی ڕامیاری و هزری، کە هەمیشە یەک هەڵوێستی هەبووە ئەویش تورک بوونبووە، بۆ نموونە گێڕەرەوە دەڵێت: ((**هەمووژیانت باسی دادپەروەری تورکیدەکەیت. دە ئێستا کاتێتی بچیتە بەردەم حوکمی ئەو دادپەروەرانە ساردو بێڕەحمانە پێی گووت تاریق ئەکانسۆ هەناسەیەکی هەڵمژی و وەک قسە لەگەڵ خۆی بکات گووتی نازانم چی لە تورکیادا دەگوزەرێت پانزە ساڵە ئەنکەرەم جیهێشتووە، ڕەنگە زۆر شت ڕوویدا بێت من بیخەبەربووم لێیان. بەڵام من بیرم لێکردۆتەوە نامەوێت وەک خائینێک لە زیندانێکی دوورەدەست لە دوورگەیەکدا بمرم ... بیرم لێکردۆتەوە هەستایە سەرپێ و چووە ژوورەکەی خۆی عەلی ئیحسان لە پشتیەوە دەنگی بەرزکردەوە دەتەوێت چی بکەیت، دەتەوێت تەقە لە ژەندرمەکان بکەیت. لەدەوڵەتی تورک یاخی دەبیت؟ نا عەلی ئیحسان، قودسییەتی دەوڵەتی تورک لە ژیانی هەموومان گەورەترە**))(عەلی، ٢٠٢٠، ٥٢١-٥٢٢).

هەرچەندە تورکەکان فەرمانی دەستگیرکردنی تاریق ئەکانسۆ دەدەن، بەلام کارەکتەر تاریق ئەکانسۆ هیچ هەڵوێستێکی بەرامبەر بە تورک و تورکبوونی خۆی ناگۆڕێ، کە ئەمە یەکێکە لەو دۆخانەی زۆرجار مرۆڤ دەگۆڕێ بەرامبەر بەوەی لەگەڵی دەکرێ، بەڵام لێرەدا بە پێچەوانەوە

کارەکتەر وەکو خۆی دەمێنێتەوە ئەو هەستە نەتەوایەتیەی، کە دڵو گیان و سەرتاپای داگیرکردووە بەچەسپاوی دەمێنێتەوە هەتا لەکۆتا ساتەکانی ژیانی دا هەر ئەم هەڵوێستەی هەبوو بۆیە پێش مردنی کۆتای ژیانیدا داوای لە عەلی ئیحسانی کوڕی کردو وەک گێڕەرەوە دەڵێت: ((**گەر لە برسا مردبووم هەر لێرە بمنێژە، بەڵام گەر جانەوەرەکان کوشتیانم لاشە هەلاهەلاکەم ببە بۆ جناق قەلحەبا لە پاڵ شەهیدانی جەنگدا بنێژریم وەک یەکێک لە سەربازانی تیپی ٥٧ مامەڵە لەگەڵ لاشەکەمدا بکرێت**))(هەمان سەرچاوەی پێشوو، ٥٢٨).

لێرەدا لەم پەرەگرافەدا ئەوەمان پێدەڵیت کارەکتەر تاریق ئەکانسۆ ئەگەر لەبرسا مرد ئەوە مردنێکی ئاساییە، بەڵام ئەگەر بەدەستی ئەم گیانەوەرانەی شاخی دیاربەکر بوو ئەوا وای دادەنێت بەدەستی کوردەکانەو هیچ جیاوازیان لەگەڵ ئاژەڵەکاندا نییە، بۆیە خۆم بەشەهید دەزانم ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت تاکو مردن و دوا ڕووداوی ئەم کارەکتەرە هەر بەنەگۆڕی مایەوە، کە ئەویش هەڵوێستێکی تورکانەبوو لە گیانیدا، کە هەر لەسەرەتاوە تاوەکو کۆتایی لە سەر ڕێچکەی خۆی دەڕۆیشت، کە ڕۆڵی کەسێتییەکی شۆڕشگێڕ لەهەمبەرزوڵم وستەمو داگیرکەرییەوە دەوەستایەوە، ئەم جۆرە کەسێتییەشی بەبێ جوڵاندنی هەستی یان گۆڕینی هەڵوێستی کارەکتەرەکە خوڵقاندووە، کە لەگەڵ هەڵوێست و کەسێتیی کارەکتەرەکەدا دەگونجێ.

گێڕەرەوە لە پەرەگرافێکی دیکەدا دەڵێت: ((**لە سبەینێوە بۆیەکەم جار کەسێکی غەریب دێتەماڵەکەوە، تەرجومانەکە ژوورێکی خۆی دەبێت و هەر لەوێ وانە بەمنداڵەکان دەڵێت و هەر لوەێش دەخەوێت. ئیشی چێشتکەرەکانە نانی بۆ ببەنە ژوورێ، چونکە بەهیچ جۆرێک نابێت لەسەر مێزی مەتبەخەکە لەگەڵ ئێوەدا دابنیشێت. دەبێت دیوارێک هەبێت ئێوەو ئەم تەرجومانە لێک جیابکاتەوە. هەرکەس بیەوێت ئەو دیوارە لەنێوان خۆی وتەرجومانەکەدا هەڵبگرێت، سزایەکی قورسی دەبێت. بەو جۆرە مەهدی ساڵانێک بووە نیشتەجێی کۆشکی ئەکانسوەکان**))(هەمان سەرچاوەی پێشوو، ٢٠٨).

کەواتە هاتنی کارەکتەرێکی سادە بۆ نێو ڕۆمانەکە بەناوی (مەهدی)، کە ڕۆڵی مامۆستای دەبینی بۆ کوڕەکانی تاریق ئەکانسوو، هەرچەندە لە نێوان ترسو دوودڵیدا بوو ،چونکە لەماڵی بەرپرسێکی دڕندە دەژیا بۆ مناڵەکانی لەگەڵ ئەوەشدا هیچ کات بەخەیاڵ و بیرو میشکی ئەم کارەکتەرەدا نەدەهات واز لە کوردبوونی خۆی یان خۆشەویستی بۆ کوردەکان یان هەلوێستی دەربارەی کوردەکان بگۆڕێ، هەرچەندە باش دەیزانی ژیانی لە مەترسیدایە، بەڵام وەکو خۆی مایەوە، کە لەسەرەتادا مامۆستا مەهدی وەرگێڕیی کوردی دەکرد لە زیندانەکانی دیاربەکردا بۆ ئەو کوردانەی لەوێ دەگیران و بەهۆی ئەم هەڵوێستە پڕ لە جوان و مەردانەی هەبوو بۆ کوردەکان هەمیشە بەجۆرێک قسەکانی وەردەگێڕا کەمترین زیانی هەبێت بۆ زیندانی کراوەکان، چونکە خۆی هەستیکی

قوڵی کوردانەی هەبوو هەرچەندە ئەمکارە زۆر بێزاری دەکرد زۆرجاریش توشی ئەشکەنجەدان دەبۆیەوە بەهۆی ئەوەی وەکو خۆی قسەکان وەرناگێڕێ یاخود پاڵپشتی تورکەکان ناکات.

دوای ئەوەی، کە کوڕەکانی تاریق ئەکانسۆ دەیانەوێت ئەم زمانە فێربن (مەهدی) تەرجومان دەباتەوە بۆ کۆشک بۆئەوەی منالەکانی فێری ئەم زمانە بکات، کەخۆی هەرگیز حەزی بەم زمانە نەکردوە، بەڵام دەیەوێت کوڕەکانی فێربن و کاری جاسوسییان بۆ بکات، هەرچەندە مەهدی تەرجومان بۆ ماوەی ١٣ ساڵ لە کۆشکی ئەکانسۆ مایەوە، بەڵام هەر توانی بەو گیانی کوردانەو هەڵوێستە نەمرەی خۆی بمێنێتەوە کە بەرگری کردن بوو لە زمانی کوردی و هەستی نەتەوایەتی کوردی هەتا ئەو ڕۆژەی کۆشکەکەی بەجێهێت گەڕایەوە بۆ ماڵەکەی خۆی خاوەنی هەمان هەڵوێست بوو، کە لەناخی دا هەبوو. یەکێکیتر لەکارەکتەرە سادەکان لە نێو ڕۆمانەکەدا (زەکی ڕەزا) بوو ئەم کارەکتەرە ڕۆڵی ئەفسەرێکی تورکی دەبینی، بەڵام شتێ لەناخیدابوو ئەویش هەستی کورد بوون و خۆشەویستی زمانی کوردی بوو هەمیشە دەیویست فێری ئەم زمانەبێت گۆرانی پێ بڵێت، چەند جارێک داوای لە عەلی ئیحسان دەکرد، کە فێری بکات هەمیشە لەهەولدا بوو.

عەلی ئیحسان لە گوماندا بوو بۆ دەیەوێت فێری کوردی بێت، کە خۆی تەرجومان و سەرۆکی تەرجومانەکانە، کە زمانی ئینگلیزی و فەرەنسی دەزانی تاوەکو ڕۆژێک تێیگەیەنێت ئەوە لە ناخی دایە هەستی لە ناوەوەیە، کە هانی دەدات بۆ فێربوونی، کە ئەویش بەڕەچەڵەک کوردە دایکی کورد بوو بۆیە عەلی ئیحسان تەرجومانەکەی خۆی پێناساند تاکو فێری بکات بەناوی (مەهدی) مەهدی کورد بوو کاتێ عەلی ئیحسانی فێرکرد هەمیشە دەی وت بەخراپ بەکاری مەهێنە، بەڵام عەلی ئیحسان بەهۆی ئەم زمانەوە چەندین کەسی خستە کوچی زیندان بۆیە داوای لە (زەکی) کرد، کە دەست لەکار بکشێنێتەوە ئینجا فێری زمانەکەی بکات، بۆیە ئەویش دەستی لەکار کێشایەوە بەهۆی ئەم هەستە قوڵ و گەورەی، کەبۆ زمانی کوردی هەیبوو، هەتا ڕۆژێک عەلی ئیحسان بەهۆی ئەم زمانە کوردیەوە کوژرا مەهدی تەرجومان هەستی بەتاوان دەکرد بۆیە بە زەکی ڕەزای گووت: ((**هەست بەگوناه دەکەم، من فێری زمانەکەم کرد زەکی ڕەزا زانینی زمانی کوردی شتێکی ئاسان نییە، سەیرکە هیچ شتێک ئەم کوڕە بەدبەختەی نەکوشت ئەم زمانە نەبێت. کوردەکان لەسەر ئەم زمانە کوشتیان تورکەکانیش هەر لەبەر ئەوە. نازانم ئاخۆ ئێستاش هەردەتەوێت بەردەوام بیت، هەردەتەوێت ئەم زمانە فێربیت؟ زەکی ڕەزا پڕبوو لەدووڵی، هات لەنزیکەوە سەیری ڕوخساری کوژراوەکەی کرد و دەستی لە جێگای گوللە تازەکان داو گووتی هەر زوو عەلی ئیحسانم لەم ژنە ئاگادار کردەوە، پێم گووت دەخیلت بم ئەم ژنە بەکەم مەگرە. ئێستا دەبینیت چەند لەسەر هەق بووم بەڵی مامۆستا دەمەوێت بەردەوام بم ... دەمەوێت**))(هەمان سەرچاوەی پێشوو، ٦٨٩).

لەم پەرەگرافەدا بۆمان دەردەکەوێ، کە کارەکتەرێکی سادەی وەکو (زەکی ڕەزا) هەرچەندە هەست بە ترسناکی ئەو زمانە دەکات، بەڵام هەڵویستی خۆی ناگۆڕێ هەر بە نەگۆڕی دەمێنێتەوە و سوردەبێت لە سەر فێربوونی ئەم زمانە نوێیە، کە لەناخی دڵیەوە حەزی پێ بووە هەر ئەم هەلوێستە نەگۆڕە کارەکتەر هەر لەسەرەتاوە تاوەکو کۆتایی ڕۆمانەکە وای کرد فێری زمانەکە بێت، کە ئاواتی ئەوە بوو بەم زمانە گۆرانی بڵێت لە ئەنجامدا توانی کاسێتێک دەربکات بەناوی زمانی دووی نیوەشەو بەمەش دەگوترێ هەڵوێستی نەگۆر و جیگیر لە ڕۆماندا، کە بە کارەکتەری سادە ناسراوە.

## ٣- پێوەندیی گێڕانەوە بەکاتەوە:

کات ڕۆڵێکی گرنگی دەبینێ لەدەقی گێڕانەوەدا، هەروەها ((کات ڕەهەندو پێوانەیە، کە تێیدا ڕووداوەکان دەتوانرێت لە ڕابردوو وە بۆ ئێستاو داهاتوو هەروەها پێوانەی ماوەی ڕووداوەکان و مەوداکانی نێوانیانە))(Christopoulos,٢٠١٤,١) گێڕانەوە بەبێ کات نایەتە بەرهەم، چونکە ((گێڕانەوە بەهەموو ماناکانیەوە مەرجی وجودی زەمەنی لەخۆدەگرێت، هەر لەڕێگەی ئەو وێناکردنەی گێڕانەوە یان چیرۆکیش خودی مرۆڤایەتی پێگەیەکی سێنترالیانە لە کردەی گێڕانەوەدا وەدەست دێنێت، بەو مانایەش ڕەتکردنەوەی خود ڕەتکردنەوەی خودی گێڕانەوەشی لێدەکەوێتەوە. کەواتە پرۆسەکردنی گێڕانەوە دەکەوێتە دوو توێی ئەوماوە شاراوەیەی، کە لەنێوان خود و دنیای دەرەوەدا هەیە))(عەبدوڵلا، ٢٠١٠، ٧). لە ڕۆماندا هە میشە کاتێک هەیە، بۆ گێڕانەوە ئینجا ڕۆماننووس سەربەستە لە دەست نیشانکردنی کاتەکە لێرەدا گرنگ کاتێک هەیە گێڕانەوەکەی تێدا ئەنجام بدات.

((گێڕانەوەی ڕووداو بەبێ دەستنیشانکردنی کاتی ڕوودانەکەی کارێکی نەشیاوە، چونکە ئەگەر بۆمان بلوێ چیرۆکێک بگێڕینەوە، بەبێ دەستنیشانکردنی ئەو شوێنەی کە ڕووداوەکانی تێدا ڕوودەدات، ئەوا بەهیچ شێوەیەک ناکرێ توخمی زەمان پشتگوێ بخرێ کە کاری گێڕانەوە ڕێکدەخات، هەردەبێ چیرۆک لە کاتێکی دیاریکراودا بگێڕدرێتەوە، ئینجا ئەو (کات)ە ڕابردووبێ یان ئێستاو داهاتوو لێرەوە دەستنیشانکردنی زەمان بەنیسبەت پێویستییەکانی گێڕانەوە دەستپێدەکات، چونکە گێڕانەوە بەبێ دەستنیشانکردنی کات ئەنجام نادرێ و ئەم پەیوەستبوونەی نێوان گێڕەانەوە و کاتیش وایکردووە، گێڕانەوە نەتوانێ لە چیرۆکدا کات پشتگوێ بخات، بەڵکو گرنگییەکی زۆر بەکات دەدات و بە بەردی بناغەی بنیاتنانی چیرۆکی دادەنێت))(موفتی، ٢٠١٢، ٩٢-٩٣).

لەم بارەیەوە تۆماس مان دەڵێت: ((زەمەن نوێنەری ڕۆمانە وەک ئەوەی، کە نوێنەری ژیانە))(ئەڵوەنی، ٢٠١٧، ١١٧). هەروەکو چۆن پێوەندی بەهەموو ڕەگەزە هونەرییەکانەوە هەیە، هەر ((وەک دەردەکەوێت پێوەندییەکی تۆکمە لە نێوان کات و ڕووداودا هەیە. واتە ڕووداوەکان لەمیانەی کاتدا ڕوودەدەن، بەم پێیە هەر ڕووداوێکیش کاتێکی دیاری کراوی هەیە، لێرەوە ڕۆڵی کات بریتییە

لەوەی، کە ڕووداوەکان بۆ قۆناغی و سەردەمی ڕوودانیان بگێڕێتەوە، بەڵام جۆرو شێوەی ئەم پێوەندییە لە نێوان ڕۆمانی تەقلیدی و نوێدا جیاوازە. واتە لە ڕوانگەی ڕۆماننووسە تەقلیدەییەکانەوە کات بریتییە لە ڕابردوو. واتە ڕۆماننووسەکان ڕووداوەکانیان بە جۆرێک دەگێڕایەوە، کە تەواو بووە و بەسەرچووە. هەر بۆیە زیاتر پابەندبوون بە شێوازی بەکارهێنانی کاتی زنجیرەیی و ڕەچاوی بەدوای یەکداهاتنی کاتییان دەکرد. وەکو چۆن لەواقیعدا هەیە، بەڵام ئەم تێڕوانینە بۆ لە ڕۆمانی شەپۆلی هۆشدا وەکو خۆی نەمایەوە ،بەڵکو کات پێگەیەکی گرنگتری وەرگرت و زیاتر بووە جێی بایەخ لای ڕۆماننووسانی شەپۆلی هۆش. واتە دەیانویست کات لە ڕوانگەی زەینەوە پێشکەش بکەن))(صالح، ٢٠٢٠، ٥٠٩).

لەئەزموونی نوسینی ڕۆمانی نوێ و مۆدێرندا بەتایبەتی لە ڕۆمانی کوردی بەگشتی گرنگی پێدەدرێت، کەتێیدا کات ئیستایە، کە ((تەنیا جەخت لەکاتی خوێندنەوە دەکات، کە ڕووداوەکاتی تێدا کورت دەکرێتەوە، بەم پێیەش کات لەبوونی ڕاستەقینەی خۆی دادەبڕێ. کەواتە بەلای ڕۆمانی نوێوە کات چیدیی ڕابردوو نییە، بەڵکو کات هیچی دیکە نییە جگە لە ئێستا نەبێت، ئەو ئێستایەش بریتییە لەکاتی خوێندنەوە، واتە (کاتی گوتار)) (هەمان سەرچاوەی پێشوو، ٥١٠).

هەمووشتێک، کە دەگێڕدرێتەوە ئینجا گێڕانەوەی چیرۆک بێت ڕۆمان بێت هەواڵ بێت یان هەرشتیکی دیکە، کە لە ڕۆژانەشدا بێت پێویستی بەکاتێ، کە تاوەکو گێڕانەوەکەی تێدا ئەنجام بدات، ئەگەر سەرنج بدەین ((ئەمرۆ ڕەخنەی ئەدەبی نوێ، وەکو یەکیک لە ڕەگەزە پێکهێنەرەکانی هەردەقێکی ئەدەبی وبەتایبەتیش ڕۆمان، بایەخێکی یەکجار گەورە بەکاتدەدات، لەڕاستیشدا هیچ یەکیک لەو ڕەگەزانەی، کە ڕۆمان پێکدەهێنێت وەکو (کات) پەیوەستی گێڕانەوەنین، چونکە گێڕانەوە بەبێ (کات) بەرهەم نایەت. گرنگی بایەخدان بەکاتیش لەپرۆسەی گێڕانەوەدا لەوێوە سەرچاوە دەگرێت، کە هەردەقێک خۆی لەخۆیدا چەقێکی (کات) ی فرە تەوەر و فرە لایەنی هەیە. هەر ئەم گرنگییەشە وای لە ڕەخنەگران کردووە، کە چیتر وەکو بابەتێکی ئاسایی لە (کات) نەڕوانن، بەڵکو بەلایانەوە (کات) خودی ڕۆمانە))(سەعید، ٢٠٠٩، ٨٣).

لەگەڵ ئەوەشدا کات ڕەگەزێکی دانەبڕاوە لە گێڕانەوەدا هەم لە ڕۆماندا...، بۆیە ((ناکرێت کات لە ڕووی گرنگییەوە تەنیا بە پێکهاتەو بونیادی ڕۆمانەوە پەیوەست بکرێت، بەڵکو مەوداکەی زۆر لەوە فراوانترە و گوزارشت لە دیدکای ڕۆماننووس دەکات دەربارەی گەردوون و ژیان و مردن، چونکە هەستکردنی مرۆڤ بەئاوازی ژیان لەسەر دەمێکەوە بۆ دەمێکی تر جیاوازە، بۆیە جیاوازی کاتەکانیش کاریگەری لە سەر شێوەو شێوازی دەقی ڕۆمان لەسەردەمیکەوە بۆ سەردەمێکی دیکە هەیە بەم پێیە دەکرێت کات بەپێی دەرکەوتن و پێگەکەی لە دەقی ڕۆماندا، بۆ سێ جۆر دابەشبکرێت، کە بریتین لە :

أ–كاتی مێژووی

ب–كاتی دەروونی

ج–كاتی خورافی. ))(صالح، ٢٠٢٠، ٥١٥)

## أ- كاتی مێژوویی (واقیعی):

ئەم كاتە بە بەشەكانی كاتی گێڕانەوە دەناسرێت، كە ((زۆرجار بەكاتەكانی (گشتی، دەرەكی، واقیعی، سروشتی، فیزیكی) یش ناودەبرێت بێ گومان مەبەست لە كاتی مێژوویی ئەوكاتە واقیعییە یاخود فیزیكییەیە، كە ڕووداوەكانی تێدا ڕوودەدات.بۆیەئەم جۆرە كاتە گوزارشت لە هەقیقەتی دەرەوەی تاكەكان دەكات. لە میانەی پەیوەندییان بە دیاردەكانی ژیان و سروشت و ژینگەو دەوروبەرەوە. واتە كاتی مێژوویی ئەوماوەیەیە، كە ڕووداوو ململانێكانی نێو دنیای ڕۆمان لەخۆدەگرێت. ئەم جۆرە كاتە زیاتر لە ڕۆمانە تەقلیدیەكاندا بەكار هاتووە، چونكە ڕۆماننووس ڕووداوەكان زۆر بەوردی دیاری دەكات، وەكو ساڵ و مانگ و ڕۆژ. تەنانەت هەندێک جار دەگاتە ڕادەیەک، كە ئاماژە بەكاتژمێری ڕووداوەكەش دەكات لە كاتی مێژووییدا ڕۆماننووس زۆر بەوردی كات وساتی ڕووداوەكان دیاری دەكات تیشكیان دەخاتە سەر))(هەمان سەرچاوەی پێشوو، ٥١٥).لێرەدا ڕۆماننووس بەشارەزایی و سەلیقەیەكی بەهێز كاتی ڕووداوەكان دەستنیشان دەكات، كە زیاتر واقیعی دەنوێنێت.

((جگە لەمەش دەبێت كاتی ڕووداوەكان بەشێوەی زنجیرەیەكی لۆجیكی خاوەن سەرەتاو ناوەڕاست و كۆتایی بێت، لای ڕۆماننووسە نوێیەكانیش ئەم جۆرە كاتانەن ڕاستەو خۆ هەندێ جاریش نا ڕاستەوخۆ بەكاردێت))(سەعید، ٢٠٠٩، ٨٧) لێرەدا مەبەست ئەوەیە بواری گەڕانەوەی نی یە، بەڵكو ڕووداوەكان لە سەر ڕێچكە دەڕوات بەرەو پێشەوە.

ئەم جۆرە كاتە لە ڕۆمانی (داگیركردنی تاریكی)دا بەر چاو دەكەوێت بۆنموونە ((**عیسمەت لەو سیانزە ساڵەی ڕابوردرددوودا تەنیا لەگەڵ شوان و جەڵەبچی و قەسابی خەلكی زاخۆ و دەهۆک دێرەلوک و بەرتڵەو تەلعفەو موسڵدا هەڵسوكەوتی كردبوو، نەجلەكانی نەقژە سپییە چرو لولەكەی، نەسمێڵە زلەكەی، نەدەستە ئەسمەرو دەمارەدارەكانی، نەچاوە غەمگینەكانی شتێكیان تیدا نەبوو لەو پیاوە قات لەبەرو بەویقارانە بچێت، كە سەردانی بێرۆی پارێزەرەكەیان دەكرد كاتێک عیسمەت ئۆكتای چووە ژوورەكەی ئیلوانەوە، هەمووگیانی بوو بەچاو، دوای ئەو هەموو ساڵە جگەر گۆشەكەی بینیەوە**))(عەلی، ٢٠٢٠، ٧١٠).

ئەگەر سەرنج بدەین گێڕەرەوە باسی ژیانی ١٣ ساڵ لەمەوبەری عیسمەت دەکات، کەچۆن بۆماوەی ئەم ١٣ ساڵە دوور لەکەس و کاری ژیانی کردووە لە هەموو ڕوویەکەوە گۆڕاوە پێشتر پیاویکی شیک پۆش بووە، کە ئەندامی گورگە بۆرەکان بووە ئێستا کەسیکی تەواو پەشۆکاو پیر بووە هیچ لەو عیسمەتەی جاران ناچێ، ڕۆماننووس بەسود وەرگرتن لەکاتی مێژووی ژیانی ڕابردووی کارەکتەر دەخاتە ڕوو.

لە پەرەگرافێکی دیکەدا گێڕەرەوە دەڵێت : ((**من کەسێکم تا پارساڵ تورکێکی ئاسایی بووم، لە نوشەهیر دەژیام، ژنێک و دوومنداڵم هەبوو، مامۆستای قوتابخانە بووم، ئەندامێکی چالاکی گورگە بۆرەکان بووم، شانازیم بەخۆم بەتورکبون و بەخێزانەکەمەوە دەکرد، تا ڕۆژێک بەیانیەک لەخەوهەستام لە پڕ بووم بەکەسێکی تر بەیانییەک لەخەو هەستام و یەک وشەی تورکیم بیرنەمابوو**))(هەمان سەرچاوەی پێشوو، ٧١٠) لێرەدا لە ڕێگەی ئەم گفتوگۆیەو ئەم دیالۆگە دیەوێت بگەڕێتەوە بۆ ڕابردوو کاتێکی مێژووی دەردەخات ئاماژە بەکاتەکە دەکات، کە پانزە ساڵ لەمەوبەرە هەر لە ڕێگەی ئەم کاتە مێژووییەوە گێڕەرەوە کۆمەڵێ زانیاری کارەکتەرەکەمان دەخاتە بەردەست وەکو پێشتر ئیشی چی بووە؟! سەربە چ لایەنێک بووە؟! چەند منالّی هەبووە؟! لەکۆی ژیانی کردووە ئەمانە هەموو ئەخاتە بەردەم خوێنەر بۆ زێتر ئاشنا بوون بە کارەکتەری رۆمانەکە، هەڵبەتە بەسود وەرگرتن لەو کاتە مێژووییە.

گێڕەرەوە لەپەرەگرافێکی دیکەدا کاتی مێژوویی دەگێڕێتەوە بۆ نموونە دەڵێت : ((**لە ناکاو لە کۆتایی هاوینی ساڵی ١٩٤٧دا ودوای مانگێک لە تیربارانی براکانی سەلما کۆمەڵێک ڕاستی ترسناک دەربارەی کوشتنی سەلما دەرکەوتن، کە کۆی ژیانی تاریق ئەکانسۆیان خستە سەر ڕێگایەکی دیکە لە هاوینی ئەوساڵەدا تەشکیلاتی حیزبە نوێکەی عدنان مەندریس و جەلال بایار خەریکبووبە بەربڵاوی دەگەیشتە ناو خەڵکی دیاربەکر. لەماوەی ئەوساڵ و نیوەدا نەجیب فتحی غالیب دووجار سەردانی ئەنکەرە و ئەستەنبوڵی کرد کردبوو ئامادەگی ئەوەی نیشاندابوو لەگەڵ پۆلێک لەکۆنە ئەندامانی جەهەپەدا لەحیزب بێنەدەرێ و پەیوەندی بە ڕیزەکانی حیزبی دیموکراتەوە بکەن. لە ڕاستیدا نەجیب فەتحی جگە لەوەی ڕکابەرێتی ئەکانسۆ بکات نیازێکی تری نەبوو**))(هەمان سەرچاوەی پێشوو، ٢٥٩).

ئەگەر سەرنج بدەین گێڕەرەوە زۆر بەڕوونی پێمان دەڵێت، کە مێژوو دەگێڕمەوە چونکە لەساڵی (١٩٤٧) ئەو ساڵە خۆی لە خۆیدا مێژوویەکی کۆنە هەروەها ناوهینانی وەرزێ، کە کۆتایی وەرزەکەیە هاوینە ئەمەش هەر ئاماژەیە بۆ مێژوو دیسان دوای مانگێ ئەوەش هەر مێژووە زۆرێک بەسەر ڕۆژەکەدا تێپەڕبوو، کە زۆر بەجوانی کاتی گێڕانەوەکەی دەستنیشان کردووە، هەروەها ئاشکرایە، کە باس لەوکاتە دەکات. کە نەجیب فەتحی غالیب لە نێوان ئەم ساڵ و نیوە ویستوویەتی جێگەی حیزبی

بە ئەکانسۆ لەق بکات و دووری بخاتەوە لە سەر بەڕێوەبردن، تەنانەت گێڕەرەوە وەرزی ئەم ساڵەشی دەستنیشان کردووە، بەڵام ڕۆژو سەعاتەکەیمان بەوردی پێناڵێت و بۆ ئێمەی جێ دەهێڵێت، کەواتە گێڕەرەوە توانیویەتی بە شێوەیەکی ڕێکوپێک بەبێ پشتگوێ خستنی کات بەردەوام بێت لە ڕۆمانەکەو کات بکاتە سەرچاوەی ڕۆمانەکە.

گێڕەرەوە لە پەرەگرافێکی دیکەدا ئەم کاتە مێژووییەمان دەخاتە بەردیدە وەکو دەڵێت: ((**زەکی ڕەزا یاکلان، چەند ساڵ لەمەوبەر لەزیندانی دیاربەکر ژنێکیان هینا تورکی باش دەزانی، تورکی لەمن وئەفسەرەکەو حاکمەکە سەربازییەکانیش باشتر دەزانی . هەموو جارێک چەندەها سەعات ئەشکەنجەیان دەدا تاوای لێبکەن بە تورکی وەڵامبداتەوە، هەمووشتێکی خراپیان بەرامبەر دەکرد، لێیاندەدا، لاقەیان دەکرد، نینۆکیان دەردەهێنا ... شت نەبوو بەرامبەری نەکەن، هێندە جگەرەیان لەسەر مەمک و سمتی کوژاندبووەوە ناویان نابوو تەپڵەکی جگەرە. بەڵام هەمووجارێک کاتێ دەیانهێنایەوە بەردەمی دادگا و حاکم دەیپرسی ها تەپڵەکی جگەرە ئێستا دەڵێیت چی؟ کیژەکە دیسان هەر بەکوردی وەڵامیدەدایەوە. ئەوسا دووبارە دەیاننারدەوە بۆ ئەشکەنجە**))(هەمان سەرچاوەی پێشوو، ٢٥٧)
لەم گێڕانەوەیەدا کارەکتەر عەلی ئیحسان ئەمە بۆ زەکی ڕەزا دەگێڕێتەوە هەڵبەتە ڕووداوەکە زۆری بەسەردا تێپەڕ بوو، بەڵام ڕوون نی یە چەند بەسەریدا تێپەڕیوە، چونکە گێڕەرەوە دەستەواژەی چەند ساڵ لەوبەر بەکاردەهێنێت بێگومان ئەمەش ڕوون نی یە ئایە ٢ساڵە لەمەبەرە، یان ١٠ساڵ لەمەبەرە، بەڵام خوێنەر تێدەگات ئەمە ڕابردووە، بەجۆرێک گێڕانەوەکە ئەنجام دەدات وردەکاری هەموو ئەو زانیاریانەی، کە بەرامبەر ئەم کیژۆڵە کراوە دەی گێڕێتەوە.

لێرەدا چۆنیەتی ئازاردان و ئەشکەنجەدانی ئەم کارەکتەرە ژنە دەخاتەڕوو، تەنها لەبەر ئەوەی بەکوردی قسەدەکات هیچ شتێ نەماوە بەرامبەری نەکەن، بەڵام ئەم هەر لەسەر کوردبوونی خۆی سورە هەر بەکوردی وەڵامی هەمووشتەکانی دەدایەوە هەموو ئەم گێڕانەوەیە لەسنوری گێڕانەوەی مێژووییەکە، چونکە ماوەیەکی زۆری بەسەردا تێپەڕیوە ڕۆماننووسیش بەو پەڕی کارامەیی و لێهاتووییەوە ئەم کاتەی لە ڕۆمانەکەدا بەرجەستە کردوە.

## ب- کاتی دەروونی:

کاتی دەروونی ئەم جۆرە کاتەیە، کە پێوەندی بەناوەوەی دەروونی کەسەکانەوە هەیە، کە ئەم جۆرە کاتە ((زیاتر تایبەتە بە ڕۆمانەکانی شەپۆلی هۆشەوە، یان ئەو ڕۆمانانەی، کە ڕەهەندێکی دەروونیان هەیە.لەم جۆرە کاتەدا، زنجیرەی کاتی گێڕانەوە لە ڕووی مێژووییەوە بەشێوەیەکی نارێک و نالۆجیکی تێکدەشکێت، تەکنیکە پێکهێنەرەکانی ئەم جۆرە کاتە بریتین لە (بیرهاتنەوە و مەنەلۆگ و خەون و خەیاڵ)، هەروەها پێوانەیەکردنی ئەم جۆرە کاتە کارێکی ئاسان نییە، چونکە بەپێی باری دەروونی کارەکتەرەکە کورت یان درێژ دەبێتەوە. کاتی دەروونی یارمەتی خوێنەر دەدات، کە بەناوی

عەقڵی کارەکتەرەکاندا ڕۆبچێتە خوارەوە هەروەها یارمەتی خودی نووسەریش دەدات، کە سۆزو هەڵچوون و هەلوێستی کارەکتەرەکان وەکو چۆن لە ژیانی ڕۆژانەیاندا ڕوودەدات هەر بەم شێوەیە پیشانبدات وەکو کۆمەڵێک ڕووداوی جیا جیا و پەرش وبڵاو و وێنەگرتنی کاتی دەروونی بەوردیی و لێهاتوویی، کارێکی زۆر قورسەو ئەرکێکی زۆریش دەخاتە ئەستۆی خوێنەر، چونکە ماندووبوونێکی زۆری لێدەوێت بۆ بەدواداچوونی ڕووداوەکان))(سەعید، ٢٠٠٩، ٩٠) هەموو کەسێک دەکەوێتە بارودۆخی دەروونییەوە، بەڵام بەپێی کات و دۆخەکە جیاوازە ((هەر بۆیە ناکەوێتە ژێر کۆنترۆڵی کاتی واقعییەوە و تاک بە ئازادی لە نێوان ڕەهەندەکانی کاتدا دەسوڕێتەوە بەم شێوەیەی، کە زەینی دەیەوێت. هەر بۆیە کاتی دەروونی پێویستی بە سەلیقەو شارەزایی ڕۆماننووس هەیە. تاکو بتوانێت سوود لە تەکنییکە جیاوازەکانی بەرجەستەکردنی کاتی دەروونی وەربگرێت وەکو مەنەلۆگ و تەداعی و خەون ... هتد. واتە دەبێت بە شێوازێکی هونەری و ئیستاتیکی وێنای حاڵەتە دەروونیەکان بکێشێت))(صالح، ٢٠٢٠، ٥٢٣)، چونکە خوێنەر یاخود گوێگر لەباری کارەکتەرەکە تێدەگات لای ڕوون دەبێتەوە و ئاشنایەتی دروستدەکات، ئەمەش وادەکات خوێنەر بەردەوام بێت لەخوێندنەوەی ڕۆمانەکە و لەگەڵ ڕەوتی کارەکتەرو ڕووداوەکان بڕوات خۆشیی لێ وەربگرێت.

خۆی لە خۆیدا خوێنەر دەخاتە حاڵەتێکی دەروونیەوە، چونکە لەوە تێدەگات، کە ڕۆمانەکە پڕە لە کارەسات پڕە لە دوودڵی خوێنەر دەخاتە بارودۆخێکی دەروونییەوە هەر لەسەرەتای خوێندنەوەی تاکۆتای و ئەنجام. دەکەوێتە حاڵەتێکی نائاسایی و خەم و پەژارەوە هەروەها دەتوانین حاڵەتێکی دیکەی دەروونی لە ڕۆمانەکەدا دەستنیشان بکەین ئەویش ئەوکاتەی کوردەکان دەکەونە جەنگەوە لەگەڵ تورکەکان واتە کوردە بەندکراوەکانی نەخۆشخانەی (ئالازیک) لەگەڵ گورگەبۆرەکان ئەوکاتە عەلی ئیحسان دەکەوێتە پەشۆکاوی و دوودڵی ترسەوە بۆیە چەندجارێک لەبەرخۆیەوە دەڵێت: ((**لەکوێیان بوو چەکیان لەکوێ بوو؟ نزیکی چل ساڵ بوو دەمبینی کوردەکان تەنیا شەق دەخۆن، ئەشکەنجە دەدرێن، تیرباراندەکرێن، پێڵاو دەخرێتە دەمیان، دەخەسێنرێن، زمانیان دەبڕدرێت ... ئەوە یەکەم جار بوو گوێی لەتەقەی تفەنگی کوردێک بێت. وەک یەکێک سامیکی گەورەی گرتبێتی ئەژنۆکانی زیاتر کەوتنە لەرزین. لەدڵی خۆیەوە دیسانەوە گوتی نابێت، نابێت چەکیان لەکوێ بوو شتی وادەبێت کوردەکان خۆیان چەکیان پەیدا کردبێت؟**))(عەلی، ٢٠٢٠، ٥٩٨-٥٩٩).

لێرەدا ئەگەر سەرنج بدەین گێڕەرەوە باوردۆخی کارەکتەرەکەمان پیشاندەدات، کە چۆن لەوکاتەدا، کەشەڕ دروست دەبێ دەکەوێتە بارودۆخیکی پڕ ترس و پەشۆکاو، هەر بۆیە کارەکتەر لە پەشۆکاویە لەگەڵ خۆی دەکەوێتە گفتوگۆ، چونکە لەو بڕوایەدا نەبوو کوردەکان بتوانن ڕووبەڕووی گورگەکان ببنەوە عەلی ئیحسان هەموو ئەو کاتەی کە زانیبووی گورگە بۆرەکان هێرش دەکەن هەمیشە لەدڵە ڕاوکێ و ترس دا دەژیا ترسی مردنی سەدان کوردی بێتاوان لە ژن و پیاوو گەنج و

بەتەمەن، کەبێ هۆکار گیرابوون و لەوێ وەک نەخۆشێکی دەروونی مامەڵەیان لەگەڵدا دەکردن، بەڵام کوردەکان کەوتنە بەرگری کردن لە خۆیان بەم شێوەیە شەڕێکی خوێناوی ڕوویدا لە نێوانیاندا، ئەگەر سەرنج بدەین ئەم کاتە دەروونیە لە ڕێگەی مەنەلۆگەوە دروست بوو، کە کارەکتەری پێشکەوتبوو کۆتای ئەم شەڕەش هیچ دیارنی یە چی ڕووی دا چۆن بوو، کەواتە کاتی دەروونی ئەم کاتەش، کە ناتوانین بەئاسانی بیدەین بەدەستەوە جۆرێک لە ئاڵۆزی گرژی دروستدەکات.

گێڕەرەوە لێرەدا لەم جۆرەی کاتی دەروونیەدا بە کارەکتەرێکی دیکە ئاشنامان دەکات، کەناوی (ئارسین ئاکانسۆ)یە کێک بوو لەلایەنگری چەپەکان خاوەنی هەستێکی پاک و ناسک بوو کاتی شەڕ ڕوویدا لەمەڕەش ئارسن بەتەواوی پەشۆکاو پڕ بوو لەترس لە هەوڵی ئەوەدا بوو، کە بەرگریی بکات، بەڵام ترس و دڵەڕاوکێ وای لێ کردبوو نەتوانێ بیربکاتەوە هەربۆیە بەخۆی دەگووت: ((**جگە لەوەی بەخەڵک بڵێم خۆیان بۆ جەنگ ئامادەبکەن هیچی ترم پێناکرێت. وەک بیەوێ بەسەر دوودڵییەکانی هێشتا زۆر قوڵ بوون، ترس لەناوەوە دەیخوارد بەجۆرێک بێ قەرار بوو ویستی هەر لەو ڕێگایەدا دەستبکات بەگریان**))(هەمان سەرچاوەی پێشوو، ٦٣٦)، کەواتە گێڕەرەوە زۆر بەڕوون و ئاشکرا بارودۆخی کارەکتەر لە ڕووی دەروونییەوە دەخاتە ڕوو بەجۆرێک، کە ئەرسین ویستی دەستکاتە گریان واتە فشاری دەروونی تا ئەوکاتە باڵی بەسەردا کێشابوو هەر لەم پەرەگرافەدا گێڕەرەوە چەندین دەستەواژەی کاتی دەروونی بەکارهێناوە وەکو (دوودڵییەکی قوڵی، ترس لە ناوەوە، دەستکردن بە گریان)، کەواتە بۆمان دەردەکەوێ لەو کاتەی، کە شەڕ دروست دەبێت دڵتەنگییەکی کوشندە باڵ بەسەر کارەکتەرەکەدا دادەگرێ، کە هێزی و ئارامی لەدەستدەدات.

کاتی دەروونی لە شوێنێکی دیکەی ڕۆمانەکەدا بەرچاو دەکەوێ، کە ڕۆماننووس زۆر بەجوانی دەست نیشانی کردووەو دەڵێت: ((**لەکۆتایی زستانی ١٩٥٩ وە دۆخی تاریق ئەکانسۆ تەواو بەرەو تێکچوون ڕۆیشت، بەتایبەت شەوانی بەفر هەستی دەکرد کۆشکەکەی بەجانەوەری دڕندە، بەتەرمایی مردووەکان دەوردراوە. کاتێک ترس زۆری بۆ دەهێنا، خۆی دەگەیاندە بەردەم قەفەزی ورچەکەو سەیری دەکرد، وەک شێت جگەرە لەسەر جگەرە دەیکێشا و چاوی دەبڕییە ورچەڕەشەکە بینینی فرزەند بەگ لەقەفەزەکەی خۆیدا ئارامی دەکردەوە هەرکات ئەوی لە زنجیرەکاندا دەدی، لە نیهانی خۆیدا دەیگوت هێشتا شتەکان لە دەستدەرنەچوون ئەو ڕۆحە کێوییە سڕ لەکۆتی خۆیدا خەوتووە. زۆر شەو هەستی بەدزەکردنی جانەوەرە کێوییەکان دەکرد بۆناو کۆشکەکەی زۆرجار عەلی ئیحسان لەسەر دەنگە دەنگی باوکی خەبەری دەبووەوە کاتێک شپرزە بەکێردێکی درێژو بە بیجامەی خەوەوە بەناو ماڵدا دەگەڕا، پێیوابوو حەیوانێکی نادیار لە جێگایەکی ماڵەکەدا خۆی شاردووەتەوە**))(هەمان سەرچاوەی پێشوو، ٥٠٠).

لێرەدا ڕۆماننووس زۆر بەڕوونی کاتی دەروونی کارەکتەر ئاشکرا دەکات تەنانەت باسی ئەو وەرزەو ئەو کاتانەش دەکات، کە کارەکتەرەکە کەوتۆتە ناوی هەر وەک چۆن دەیگێڕێتەوە تاریق ئەکانسۆ بارودۆخی دەروونی تەواو گۆڕاوە بەئاشکرا هەست بەحاڵەتە دەروونیەکەی دەکرێ، بەتایبەت لەگەڵ کردنی ئەو ڕەفتارە شازانەی، کە تاریق ئەکانسۆ دەیکات تەواو وەک شێتێک دێتە پێشچاوو شپرزەییەکەی بەجۆرێکە، کەتەواو حاڵی گۆڕاوە ناتوانێت شەو بخەوێت یان هەر زوو زوو خەبەری دەبێتەوە بەهۆی نائارامی دڵ و ناخی تاریق ئەکانسۆ وە ئەم دەروونە نالەبارە کارەکتەر وای لێ کردبوو، کە بەردەوام لە ترس و دڵە ڕاوکێدا بژیت بەم شێوەیە دەبینیت بنیاتی کاتی گێڕانەوەی دەروونی زۆر بە ڕوونی دەردەکەوێت.

## ج- کاتی خورافی (ئەفسانەیی):

ئەم جۆرە کاتە زێتر خۆی لەو جۆرە ڕووداوانە دەردەکەوێت، کە خەون وخەیاڵی تێدایە، کە تێیدا حەقیقەت و عەقڵ فەرامۆش کراوە، واتە ئەوەی لەم ڕووداوانەدا دێتە بەرهەم لەسەرووی عەقڵی مرۆڤەوەیە دوورە لەڕاستی، هەر بۆیە ((لەو جۆرە ئەدەبییانەدا بەرجەستە دەبێت، کەمۆرکێکی ئەفسانەییان هەیە. وەکو حیکایەتە میللی وئەفسانەییەکان. چونکە کاتەکانیان گوزارشت لە کاتێکی فانتازی دەکات، کە سنورە باو دیارەکان دەبەزێنێت. بەم پێیەش ئەم کاتە زیاتر لەو ڕۆمانانەدا دەردەکەوێت، کە ڕەهەندیکی خورافییان هەیەو گوزارشت لە دنیایەکی ئەفسانەیی دەکەن هەر بۆیە بونیادی کاتەکەشی لەمەودایەکی زەمەنی نادیار و بێ سنووری کراوەدا گەمەدەکات. واتە ئەم کاتە پەیوەستە بە تێکەڵ بوونی ڕووداو بەسەر هاتی ڕۆمان بەئەفسانەو خەون و خەیاڵەوە، بۆیە ئەم شێوازە ئازادی بەکارهێنانی کات لە ڕۆماننووسەکەی دەخوازێت و لە پەیڕەوکردنی یەکە چەسپاوەکانی کات دووری دەخاتەوە، بەم پێیەش کات لە ڕەوتی سروشتی خۆی دەردەچێت و تێکەڵ بەو جیهانە ئەفسانەییە دەبێت، کە ڕۆمانەکە وینەی دەکێشێت))(صالح، ٢٠٢٠، ٥٢٥). بەم پێیەش ڕۆماننووس ئازادە لەبەرجەستە کردنی کات لەنێو ڕۆمانەکەدا.

ئەم جۆرە کاتە لە ڕۆمانی (داگیرکردنی تاریکی)دا بەرچاو دەکەوێت گێڕەرەوە، کە سیمایەکی ئەفسانەی پیشان دەدات، کە تیادا ئاماژە بەوە دەکات کات تیادا ونە نادیارە بۆ نموونە گێڕەرەوە دەڵێت: ((**جەنابی وەزیر. ئەم جۆرە نەخۆشیە دەگمەنانە ماوەیەکی درێژ گەڕان و پشکنینیان دەوێت. یەکی ئەم حاڵەتە لە مێژوودا زۆر بووە لەناکاو کەسانێک زمانێکی دی قسەدەکەن، ئەمە لە نەخۆشییە سەیرەکانە و زۆر پشکنینی بۆ نەکراوە، بەڵام بەڕیزان دونیا پڕە لەدەردو نەخۆشی سەیر، خەڵک هەن لەناکاو بۆنی ماسییان لێ دێت، خەڵک هەن لەناکاو شێوەی لەشیان و ڕەنگی پێستیان و گەشەی ئێسقانیان دەگۆڕێت بۆ شێوەی فیل، نەخۆشییەک هەیە دەست و قاچی نەخۆشەکە وەک درەختی**

**لێدێت. ئێمەی پزیشک کاتێک دەتوانین سوودێکمان هەبێت گەر کەسەکان وەک نەخۆش مامەڵەبکەین))**(عەلی، ٢٠٢٠، ١٥٨).

لێرەدا گێڕەرەوە ئاماژە بەچەندین دەستەواژەی ئەفسانەیی دەکات وەکو دەستو قاچی نەخۆش وەک درەختی لێ دێت یان شێوەیان دەگۆڕێ بۆ فیل ... هەموو ئەمانە لە ئەفسانەدەچێت ،هەروەها بیرچوونەوەی زمان لە پڕ لەخەوهەستێ زمانت بیرچێتەوە لە سەروی ئەقلی مرۆڤەوەیە هەمیشە مرۆڤ دەخاتە تێڕامان و بیرکردنەوە دروستکردنی هەستێکی نامۆ کەم خەون یان خەیاڵ دەچێت، کەواتە ڕۆماننووس وێنەی جیهانیکی بۆکێشاوین، کە پڕە لە سەیرو سەمەرە جیهانێک دوور لە جیهانی ژیانێکی ئاسایی و واقیعی. لێرەدا گێڕەرەوەئاماژەی بەوکاتە نادیارە کردوە، کە دەڵێن لە پڕ زمانیان بیردەچێتەوە، واتە کاتەکەی نادیارە لە چ ساتێکدا ئەوە ڕوودەدات ئایا کاتەکەی شەوە؟! ڕۆژە؟! هیچ ئاماژەیەک نادات ئەوەش ئەوەمان پێدەڵێت، کە ڕۆماننووس ئازادە لە چۆنیەتی پەرتەوازەکردنی کات یان بەدیارنەخستنی کاتەکە، هەر بۆیە سنورێک بۆ کات دانەنراوە.

گێڕەرەوە لەشوێنێکی دیکەدا بەشێوەیەکی ئەفسانەیی ڕووداوەکان دەگێڕێتەوە وەک دەڵێت: ((**من ئەم جارە لەسەر گۆڕەکان هەستم پێکرد لە نیوەشەودا هەندێک تارمایی لە گۆڕستانەکەدا دەردەکەوتن و بەو زمانە قسەیان دەکرد، باوەڕم پێبکە، ئەوانەی مردبوون هەڵدەستانەوە و لەگەڵ یەکدا دەکەوتنە گفتو گۆ من بەهۆی تاریکییەوە باش تارماییەکانم نەدەبینی، بەڵام لەهەوادا هەستم پێدەکرد گوێم لە وشەکانیان بوو، گوێم لەدەنگەکانیان بوو**))(هەمان سەرچاوەی پێشوو،٤٩٨).

گێڕەرەوە بەشێوەیەکی ئەفسانەی ڕووداوەکان دەگێڕێتەوە، چونکە هەڵستانەوەی مردووەکان بینینی تارمایی تەنها لە ئەفسانەییەکاندا بوونی هەیە، چونکە مردوو، کەمرد تا ڕۆژی دوایی زیندوو نابێتەوە، جا لێرەدا کاتێک سەرنج دەدەین، گێڕانەوەکە ڕەهەندێکی خورافیی هەیە، بەجۆرێک ترس لای خوێنەر دروستدەکات، بەڵام لەئەنجامی گوزارشت لە دونیای ئەفسانەیی دەکات و بنیاتی کاتیش لە ڕەوتی گێڕانەوەکەدا نادیارە! و هیچ سنورێکی نییە، هەرچەندە لە کاتی گێڕانەوەکەدا باسی نیوەی شەودەکات، بەڵام هەرکاتەکەی نادیارە ئەگەر شەوە! چەندیی شەوە ،هیچ کاتێکی دیاریکراوی بۆ دانەنراوە، بۆیە بەکاتی خورافی ناودەبرێت.

گێڕەرەوە لە پەڕەگرافێکی دیکەدا دەڵێت:((**ئاکانسو نینۆکەکانی دەرهێنا، یەک یەک ئێسکەکانی بەنجەی شکاند، دەستی کرد بە ڕۆنی قرچاودا، بەگوێزان گیانی شەقار شەقار کرد، بەڵام مەتین وشەیەکی لەزار نەهاتە دەرێ. ئەشکەنجەدانەکە وەها توند بوو ئارسینی بەستەزمان بەرگەی بینینی نەگرت لە ئێوارەی ڕۆژی دووەمدا کەوتە ڕشانەوە و لەرزو تایەکی قورسی گرت و باری تەندروستی واتێکچوو دەبوو لە جێگادا بکەوێت**))(هەمان سەرچاوەی پێشوو، ٢٣٣) لێرەدا ئەگەر سەرنج بدەین گێڕەرەوە بەشێوەیەک باس لە ئەشکەنجە و ئازاردانی (مەتین) دەکات. مرۆڤ بەرگەی بیستنی

ناگریَ نەکا بینینی وێنەیەکی وای دروستکردوە پڕ لە ترس پڕ هاوار دیمەنێکە دڵ بەگەی ناگریَ بەوپێیەی گێڕەرەوە پێمان دەڵێت ئەم ئەشکەنجە دانەی مەتین بەردەوام بوو تا ڕۆژی دووەم ئینجا ئارسین بارودۆخی تێکدەچێت، بەجۆرێک دەکەوێتە جێگا، هەر لێرەدا گێڕەرەوە زۆر بەڕوونی کاتەکەی دەستنیشان کردووە، کە ئێوارەیە و لەوێدا ئەم کاتەکەی تێکەڵ بەم کاتە خورافیە کردووە، ئەم کاتە خورافییەش بەجۆرێک دەگێڕێتەوە، کە سنوری عەقڵ دەبەزێنیَ و مرۆڤ لە ناوەوە هەست بە ئازار دەکات، بەم شێوەیە ڕۆماننووس زۆر بەوریای و شارەزاییەوە ئەم جۆرە کاتەی بەکار هێناوەو تێکەڵی کردوە لەگەڵ کاتە خورافیەکە.

## ٤-پێوەندیی گێڕانەوە بە شوێنەوە:

هەروەکو چۆن مرۆڤ یان هەموو کەسێک شوێنێکی هەیە ناسنامەیەتی، کە هیچ کەسیَ بەبیَ شوێن نابێت بەهەمان شێوەش ڕۆمان بەبیَ شوێن نابیَ، چونکە ((شوێن توخمێکی گرنگە لە توخمەکانی گێڕانەوە لە ڕۆماندا، لەبەرئەوەی، کەشوێن لەهەموو ڕەهەندە واقیعی و خەیاڵییەکاندا پەیوەندیەکی نزیکی بەتێکست و هەموو کارەکتەرەکان و ڕووداوەکانییەوە هەیە، وە بەوپێیەی، کە شوێن توخمێکە تایبەتمەندی و ئەرکی خۆی هەیە، کە کۆنترۆڵی پێکهاتەکانی چوارچێوەی ڕووداوەکە دەکات وەهەروەها یارمەتی خوێنەر دەدات لە خەیاڵ و وێناکردندا، وە ئەو شوێنیانەی، کە گێڕەرەوە یاخود نووسەر دەیانخاتە ڕوو چ گەرداخراو یاخود کراوبن یاخود شوێنی خاوەن ڕەهەنی ئابووری و کۆمەڵایەتی و فەلسەفی و سیاسی بن، هەروەها شوێن ڕۆڵێکی چالاکی هەیە لەکارکردنی کاری ئەدەبی و هونەری، چونکە بریتییە لە شانۆی ڕووداوەکان و خولیای دروستکراو لە لایەن یادەوەری مێژووییەوە، لەڕێگەی شوێنەوە وە ئەوەی تێیدا ڕوودەدات دەکرێت خوێنەر تێبگات لەهەموو ئەوەنای، کە ڕوودەدەن.))(بحراوی، ١٩٩٠، ٤٣-٤٦).

غالب هەلسا، لە جوانیی شوێندا دەڵێت: ((هەرکارێکی ئەدەبی ئەگەر شوێنی فەرامۆش کرد ئەوە تایبەتمەندی ڕەسەنایەتی خۆی لەدەست دەدات))(ڕەشید، ٢٠١٦، ٤٣) شوێن لەنێو ڕۆماندا ئەرکێکی ئیستاتیکی هەیە، بۆیە پێویستە لەنێو ڕۆماندا گرنگی پێبدریَ و پشتگویَ نەخرێت.

لەگەڵ ئەوەشدا ((شوێن دەبینین، کە تایبەتمەندە بەتایبەتمەندی مەجازی خاوەن تێڕوانینیی ئستاتیکی داهێنەرانەی هەیە، کە ڕەهەندێکی هونەری بەدەق دەدات و کاریگەریدەخاتە دەروونی وەرگر، وە ئەم کاریگەریە ڕوودەبێتەوە لە بەشداریکردنی وەرگر لەگەڵ داهێنەرو بەشداریکردنی لەو شوێنانەی، کەپێویستی بە ئامادەبونی یادگاری هەیە، کە لە ڕووداو ودۆخی جۆراورجۆر لە مێشکیدا جێدەهێڵێت، کەناکرێت لە بیربچێتەوە لەبەر ئەوەی بوونی مرۆڤایەتی ڕونادات بەبیَ بوونی شوێن، کە لەخودی خۆیدا بریتیە لەو جیهانەی، کە هیچ سنوورێکی دەریایی و وشکانیان نیە، وەلەشەوی بیَ

بەیانیدا، وەلە ڕۆژی بێ شەودا، هەروەها بریتیە لە درێژە پێدانێکی بەردەوام بۆسەر هەموو لایەن و ئاسۆکان، هەر بۆیە شوێن خۆی دەگونجێنێت لەگەڵ پێوەندییەکانی گێڕەرەوەدا ئیجا چ دەروونی بێت یاخود کۆمەڵایەتی، چونکە بریتیە لە هەسارەیەکی بێکۆتایە و ئازادە، کە هیچ دەسەڵاتێکی زاڵی تێدا نیە))(بوقرة، ٢٠١٦، ١٧-٢١).

دەتوانین بڵێین مادام ڕۆمان بەبێ ڕووداو نابێت ڕووداویش بەبێ شوێن نابێت،کە توخمێکی گرنگە لە گێڕانەوەدا، چونکە پێوەندییەکی توندوتۆڵ هەیە لە نێوان شوێن و گێڕانەوەدا. لەگەڵ ئەوەشدا ((شوێن بۆئێمە لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە دروست کراوە و کارلێکی تێدایە، لەوانەیە کارلێک کردن لە نێوان خەڵک و گروپەکان و بەکارهێنانی زەوی بۆ دامەزراوەکان و دانای بڕیاری سیاسی و ئابووری و زمانی نوێنەرایەتی کردن))(saar , ٢٠٠٩ ,٧)گۆیی زەوی، کە هەموو جۆرەکانی شوێن لە خۆدەگرێت مرۆڤ کردەو کارلێکی کۆمەڵایەتی و... تێدا ئەنجام دەدات هەروەها ((ڕووی زەوی خۆی شوێنی چالاکییەکانی ئادەمیزادە ولە وەتەی مرۆڤ نیشتەجێیەتی وەک شانۆ جموجوڵ وکردارەکانی خۆی تویدا پراکتیک کردووەو پێوەندییانەش گرنگی ئەمیش زیادبووە تاگەیشتۆتە ڕادەی پەیوەست بونێکی وا. کەمرۆڤ خۆی کردۆتە قوربانی بۆ پاراستنی ئەو شوێنەی، کە هۆگری بووە))(مستەفا،٢٠٠٧، ٦).لە ژیانی مرۆڤایەتیشدا شوێن گرنگە، چونکە دەبێتە ناسنامەی کەسایەتی بۆ کەسەکان. هەر ئەم گرنگییەی وای کردووە بگوازرێتەوە بۆ نێو دەقی ڕۆمان.

ئەگەر سەرنج بدەین هەر ((سەبارەت بەشوێن لە دەقە ئەدەبییەکان و لەناو ئەمانیش ڕۆمان، دەتوانێن بڵێین ڕەگەزێکی بنەڕەتییە شان بەشانی ڕەگەزەکانی تر بینای هونەری ڕۆمان پێکدەهێنن بەتایبەتی لەگەڵ کاتدا کەوەک دوانەیەکی لە یەک دانەبڕاو وان لە پێکهاتەی ڕۆماندا))(هەمان سەرچاوەی پێشوو، ٦).

لەگەڵ ئەوەشدا ئەو ڕۆڵ و گرنگییەی، کە شوێن هەیەتی لە ڕۆمانادا هیچی کەمتر نییە لە توخمە کانی دی، نە ڕووداو بەبێ شوێن ڕوودەدات، نەکات بەبێ شوێن دروستدەبێت. دەبێت شوێنێک هەبێت تاوەکو کارەکتەر تێیدا هەڵسوڕێت. ((شوێن توخمێکی سەرەکییە لە بنیاتی کاری گێڕانەوەدا، لەبەر ئەوەیە پەیوەندییە توندو باوەڕپێکراوەی کەلەگەڵ کارەکتەرو ڕووداودا هەیەتی، چونکە چیرۆکێک، کە باسی شەڕە نێوان دوو وڵات یان دوو لایەن بکات و لە چۆنیەتی شەڕەکان بدوێ بێگومان گێڕانەوەکانیش پەیوەست بەو دارو بەردو سەنگەرە دەبن و چۆنیەتی شەڕکردن و هێرشکردن و ڕاکردن و هەموو ئەوانە لە ڕووی گێڕانەوەوە ڕۆدەچنە ناو هزرو دیدی وەرگر، بۆنموونە گێڕەرەوەیەک باسی کۆڕەو بکات، جا هەرجۆرە کۆڕەوێک بێت، ئەوکات زۆربەی ڕووداوەکان دەکەونە شوێنی کراوە، یاخود چیرۆکنووسێک باسی ڕووداوێکی نێو سینەما بکات پێگەی سەرەکی شوێن دەکەوێتە نێو هۆڵێکەوە، واتا شوێنێکی گشتی کراوە دەبێتە شوێنی ڕووداوەکان، ئەگەر بەتەنیا

سەیری هەریەک لەو پەیوەندییانە بکەین بەتەنیا هەستی پێدەکرێت، چونکە ڕووداو لە بۆشایی ڕوونادات، بەڵکو دەبێت شوێنێکی هەبێت، کەتیایدا ڕووبدات، لێرە گوتراوە: هەموو شوێنێک هاوسەری شوێنیکە.))(موفتی، ٢٠١٢، ١٢٩).

شوێن پێوەندییەکی بەهێزی هەیە لەگەڵ ڕەگەزە هونەرییەکان بەتایبەتی کات ڕۆڵ و گرنگی خۆی هەیە. لەگێڕانەوەدا هەرچەندە ((گرنگی شوێن لەوە دەرناکەوێت،کە ڕەگەزێکی هونەرییە و شوێنی ڕوودانی ڕووداوەکانەو کارەکتەرەکان جووڵەی تێدا دەکەن، بەڵکو لەوەدا دەردەکەوێت، کە لە هەندێ کاتدا دەبێتە ئەو بارەی، کە هەموو ڕگەزەکانی تری ڕۆمان لەخۆی دەگرێ بە ڕووداو وکاراکتەرەکان و پەیوەندییەکانیان، کە شتیکی وادەداتە کەسەکان تاکو بیروڕای خۆیان دەربڕن و یارمەتی پێشخستنی بینای ڕۆمان دەدات و هۆکارێکی چاکە بۆ دەرکەوتنی پاڵەوان و گۆشەنیگای گێڕەرەوەش دیاردەکات، واتە گێڕەرەوە دەتوانێت لە ڕێگای چۆنیەتی بەکارهینانی جۆری شوێنەکە مەبەست و ئارەزووی خۆی نیشان بدات شوێن لە ڕۆماندا ، یان تەنها وەک شانۆی ڕووداوەکانە، واتە کارەکتەرەکان لەسەری دەجوڵێنەوە و ڕووداوەکانی ڕوودەدەن و بەلای گێڕەرەوە گرنگی پێ نادرێ ئەمەش لەڕۆمانە کۆنەکاندا، بەڵام لە ڕۆمانە ڕۆمانسییەکاندا شوێن دەربڕی دەرونی کارەکتەران و هاو هەڵوێستیانە تۆ بینینی ژیان و بونەوەرو هەڵگری هەندێ لە بیرەکانیشە بەم پێیەش شوێن دەتوانێت ڕەنگدانەوەی ناخی کارەکتەرو دەربڕی جۆرو چۆنیەتی بیرکردنەوەیان بێت))(مستەفا، ٢٠٠٧، ٨).

لێرەدا ئەوەی جێگەی سەرنج و تێڕوانینە سەبارەت بەشوێن ئەوەیە ((شوێن لە ڕۆمانی هۆشدا زیاتر لە ڕێگەی زەینی کەسایەتیەکانەوە پەی پێ دەبرێت. واتە وەرگر لەبەردەم شوێنی زەینی دیاریکراودایە، بەڵام ئەو شوێنانە ڕیگە خۆشکەردەبن بۆ دروستکردنی شوێنی دیکە. واتە لە ڕۆمانی شەپۆلی هۆشدا شوێن لەنێو زەین و هۆشی کەسایەتییەکاندایە، یاخود خوێنەر لە ڕێی هۆشی کەسایەتییەکانەوە هەست بە شوێنەکانی بۆ ڕۆمان دەکات. ئەمەش لەو ڕوانگەیەوە، کە زۆر جار شوێن ڕۆڵی هێمایەک دەبینێت و گوزارشت لە کەسایەتییەکی دیاریکراو دەکات، واتە کەسایەتییەکە لەو شوێنەدا دەژی و بەم پێیەش کۆمەڵێک تایبەتمەندی هاوبەش کۆیان دەکاتەوە.)) (صالح، ٢٠٢٠، ٦٠٠).

هەربەم پێیە شوێن ڕەگەزێکی گرنگە لەبونیاتی گێڕانەوەدا، بێگومان زۆرێک لە ڕەخنەگران و لێکۆڵەران گرنگییەکی بەرچاویان داوە بە دابەشکردن و پۆلێنکردنی شوێن، هەڵبەتە ئەم جۆراوجۆری دابەشکردنەش پێوەندیی بەبارودۆخی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیرییەوە هەیە، بەڵام ئێمە لێرەدا تەنیا گرنگی بەم دابەشکردنە ڕەخنە نوێیەکان دەدەین، بۆیە ((بیری ڕەخنەی نوێ پۆلینێکی زۆر شوێنی، پێشکەش کردووە بەپێی ئەو جیاکردنەوانە و تێڕوانینی ئەم بۆچوونە هاوچەرخانە، کە گرنگیەکی گەورەیان بە شوێن بەخشیوە، بۆئەوەی هۆی گواستنەوەیەکی جۆری لەمامەڵەکردنی

ڕەخنەگران و لێکۆڵەران لەگەڵ ئەم توخمە، کە ماوەیەکی دوورو درێژ دیلی تێڕوانینی تەقلیدییانەی (بەلزاک – فیلۆ بێر بوو، بەڵام ڕەخنەی نوێ بایەخدان بە شوێنی خستنە ناو بەرنامەی خۆیەوەو لە ڕوویدا . پۆلێنکردنی جۆراو جۆر بۆ شوێن دەرکەوت لەوانە : ئاشنا و نائاشنا، کراوە وداخراو، واقیعی وخەیاڵی شارو دێ))(موفتی، ٢٠١٢، ١٣٢)هەر بەپێی ئەم پۆلێن کردنە باسی جۆرەکانی شوێن دەکەین.

## أ- شوێنی ئاشنا:

شوێنی ئاشنا ئەم جۆرە شوێنەیە، کە شوێنی (هۆگریی) شی پێ دەوترێ، کەهەر یەک لە ئێمە تێیدا دەژین و ژیانمان تێداکردووە و هۆگری بووین لەهەموو شوێنەکانی دیکە زیاتر لامان خۆشەویست و شیرینە((مەبەست لە شوێنی ئاشنا (هۆگریی) هەموو ئەو شوێنانەیە، کە تێیدا ژیاوین و هەستمان بە پاراستن و گەرمی کردووە، بەشێوەیەک، کە ئەم شوێنە بووەتە ماددەی یادەوەریەکانمان. بۆیە ماڵ بەتایبەتی ماڵی منداڵی بەتینترین شوێنی هۆگرییە. واتە لانەی منداڵی مرۆڤ بەهۆگرترین شوێن دادەنرێت، چونکە ماڵ بەلای زۆربەی مرۆڤەکانەوە خۆشترین شوێن و مەنزڵگەبووە، کەجوانترین و پاکترین ساتەکانی ژیانی لەئامێزی خێزانەکەیدا بەسەری بردووە و کوچەو کۆڵانەکانی پڕن لە یادەوەری و گەمەی منداڵی و یادەوەری هەوڕێکانی. بەڵام مەرج نییە شوێنی هۆگری تەنیا ماڵ بێت، بەڵکو دەشێت ژورێک، گەڕەکێک، شەقامێک و شارێک بێت. ئەگەر ماڵ دیارترین نموونەی بەرجەستەکراوی شوێنی هۆگری بێت، ئەوا ڕەنگە هەندێک جار ماڵ لە نێوان ڕق و خۆشەویستیدا، دەشێت لە شوێنێکی هۆگرەوە بۆ پێچەوانەکەی بگۆڕێت. واتە لەکاتی خۆشیەکاندا هۆگری دەبین و لەکاتی ناخۆشیدا ڕقمان لێی دەبێتەوە، بەم شێوەیەش دەبێتە شوێنێکی نائاشنا))(صالح، ٢٠٢٠، ٦١٧).

کەواتە لەم جۆرە شوێنەدا سۆزو خۆشەویستی دەبێتە بنچینەی هەموو شتیک بۆکەسەکە، چونکە ((مرۆڤ هێندە هۆگری هەندێ شوێنی ڕەسەن دەبێت، ئامادەیە لە پێناوی بەدەست هینانی ئەو شوێنەدا، یا لەدەست نەدانی، گیانی و سەورماڵی لەدەست بدات، ئیتر ئەو شوێنە پانتایی ئایدیۆلۆجیا داگیردرکاو بە لەدەستدانی تووشی نامۆیی دەبێت نامۆییەک نەشارستانی و نەڕۆشنبیری و نەکۆمەڵایەتی و نەڕامیارییە بەڵکو بەپلەی یەکەم نامۆیی شوێنە شوێنی ئاشنا بەتوندی کار لە دەروون و هەڵسوکەوتی مرۆڤ و کاردانەوە و چالاکییە سایکۆلۆجی و سۆسیۆلۆجی و تەنانەت بایۆلۆجی و فیزیۆلۆجی و بیروبۆچوون و ژیانی ڕۆحی و هەڵوێستی ڕۆژانەو خەون و خەیاڵیش دەکات))(ئیسماعیل، ٢٠٠٩ ،٤٤). هەروەها ((کارامەیی ڕۆماننووس پێوەندی بە تەوزیف کردنی شوێنی هۆگرییەوە هەیە، واتە بە چ شیوەیەک وێنەیەکی هونەری ئەو شوێنەی مایەی هۆگرییە بۆ کەسایەتییەکان دانەڕێژێت. بۆیە دەبێت شوێنەکان بەشێوەیەک وینا بکرێن، کە کاریگەرییان لە سەر

ورووژاندنی یادەوەری و گەڕانەوە بۆ ساتە خۆشەکانی نێو ماڵ و خێزان هەبێت. واتە سەرکەوتنی ڕۆماننووس لەبەرجەستەکردنی ماڵی منداڵیدا خۆی بگێڕێتەوەو بەبیری بێنێتەوە، واتە بە جۆرێک وا لە خوێنەر بکات، کە لە خوێندنەوەی ڕۆمانەکە دەست هەڵبگرێتەوە بۆماڵی منداڵی خۆی))(صالح، ٢٠٢٠، ٦١٧-٦١٨).

بەم شێوەیە شوێنی ئاشنا پێوەندی ڕاستەوخۆی بەدەروونی کەسەکانەوە هەیە. واتە هەتا کەسەکە لەو شوێنە باری دەروونی ئارام و هێمن بێت ئەوا ئەو شوێنە شوێنی ئاشنایە، وە هەتا کەسەکە باری دەروونی نائارام بێت ئەوا شوێنەکە نائاشایە. لەگەڵ ئەوەشدا مەرج نییە شوێنی لە دایک بوون ببێتە شوێنی ئاشنا، چونکە ڕەنگە ئەو شوێنە بۆکەسەکە ببێتە هۆی دەڵتەنگی نا ئاسودەیی لەگەڵ ئەوەشدا شوێن بەپێی بارودۆخ و سەردەمەکە خۆی دەگۆڕێ بۆ کەسەکان، کەواتە ((هەستی هۆگری و ناهۆگری بەرانبەر بە شوێن چ لە ڕابردوو، یان لە ئێستادا، پەیوەستە بەخود و ئاستی ژیان و جۆری پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی مرۆڤ لە شوێنێکی دیاریکراودا، (ماڵ) بەلای هەندێ کەسەوە لەسەر دەمێکی دیاریکراودا شوێنێکی هۆگرە پێکدەهێنێت سەرجەم شوێنەکانی دیکەش بەهەمان شێوەیە))(سەعید، ٢٠١٣، ٣٠٨) گفتوگۆکردن و گێڕانەوەی شوێن لە لای ڕۆماننووس یان گێڕەرەوە پێوەندی بە جۆرەکانی شوێنەوە هەیە، کە گێڕەرەوە تاوتوێیان دەکات.

ڕۆماننووس ناوی چەندین شوێن دەهێنێ، کە گێڕەرەوە باسیان لێوەدەکات و دەیانگێڕێتەوە بۆنموونە ((**نزیکی کاتژمێری ٢ی شەو گەیشتینە لای نوشەهیرو بە تاکسییەک لەگەراجی پاسەکانەوە بەرەو ماڵی عیسمەت ئۆکتای گەڕانەوە ساڵێک و پێنج مانگ بوو عیسمەت ئۆکتای شاری منداڵی ونیشتەجێبونی خۆی نەدیبوو، گەرچی هیچ شتێک نەگۆڕابوو، بەڵام هەمووشتێکی نامۆو نائاساییی هاتە بەرچاو. شەقام کۆڵانەکان هەمان ئەو شەقام و کۆڵانانە بوون منداڵی و گەنجی خۆی لەناودا بردبووە سەر...علی ئیحسان پێی گووت براکەی دەڵێت ناتوانێت لێرە بمێنێتەوە، چونکە بەدوایدا دەگەڕێن، بەداخەوە لێرە ژیانت لە مەترسیدایە و دەگێڕێت ئەم جارە عیسمەت ماوەیاکی درێژ سەری دانەواند هیچی نەگووت**))(عەلی، ٢٠٢٠، ٦٢٢).

ئەگەر سەرنج بدەین گێڕەرەوە ئەوشوێنە باسدەکات و بۆمان دەگێڕێتەوە، کە شوێنی لەدایکبوونی کارەکتەرەکەیە، هەڵبەت ئەو شوێنە شوێنی هۆگرو ئارەزووەکانی بووە شوێنی ئارامی و دەروونی ئەو کارەکتەرە بووە، هەر لەم گێڕانەوەیەدا دەردەکەوێ، کە پێوەندییەکی توندو تۆڵ لە نێوان کارەکتەر و شوێنەکەدا هەبووە، هەرچەندە شوێنەکە، کە گێڕەرەوە پێمان دەڵێت بۆ کارەکتەرەکە نامۆیە!، بەڵام لە ئەنجامدا کاتێک کارەکتەرە علی ئیحسان بە عیسمەت دەڵێت دەبێت بڕۆیت کارەکتەر سەر دادەخات خەمێکی قوڵ لەدڵیدا هەست پێدەکرێت، جونکە هەم ئارەزووی بوو

لەگەڵ ماڵ و منداڵەکانی بمێنێتەوە هەم شاری یادگارییەکانی ، کەواتە ئەم شوێنە شوێنی هۆگری ئاشنایە.

لەگەڵ ئەوەشدا شاری (نوشەهیر)، کە شاری منداڵی لەدایبوونی کارەکتەرەکەیە، کە بەجۆش و خرۆشەوە دەگەڕایەوە بۆی. هەموو یادگارییەکان و بیرەوەرییەکانی لە نێو ئەم شارەدا بووە، کە بەپەرۆشیەوە دەی ڕوانیە ئەم شارە هەستی بە سۆزو هەڵچوون دەکرد بۆی، کەواتە شوێن شوێنی هۆگریی کارەکتەرە.

## ب- شوێنی نائاشنا:

ئەم جۆرە شوێنە پێچەوانەی شوێنە ئاشنایە، چونکە کەسەکان لەم شوێنەدا هەست بەئارامی و خوشەویستی و سۆز ناکەن بۆی کەسەکان بەناچاری تێیدا دەژین ((لەم شوێنەدا مرۆڤ کەسێکی تەواو بێ هێزو بێ ئیرادەیە . وەکو، زیداناد، تاراوگە، یان ئەو شوێنە دوورە دەستانەی ژیانی مرۆڤ تیایدا لە مەترسیدایە و ڕووبەڕووی مەرگ دەبێتەوە وەکو، بیابان لەبەر ئەوەی مرۆڤ لەم جۆرە شوێنانە جگە لە ناهۆگری هەستی ڕق و کینە و دوژمنکارانەشی تیادا دەورووژێت و گەورە دەبێت))(سەعید، ٢٠١٣، ٣١٣)، واتە کەسەکان بەحەزو ویستی خۆیان لەم شوێنەدا ناژین ((یان کەسایەتی لێ نەژیاوە ولەگەڵ یادگارییەکانی ئاشنا نییە، حەزی بەم شوێنە نییە وەکو حەوانەوە یان ئەوەتا ناچارکراوە لێی بژی بەزۆرە ملێ یان کارێکی هەیە لەو شوێنە تا تەواوی دەکات، ڕەنگە ئەگەر فرسەتێکی بۆ بێتە پێش لێوەی بڕوات))(جەمیل، ٢٠٢١، ١٥٧) .

زۆرجار ئەم جۆرە شوێنە هیچ ئارامییەک یان خۆشیەک بۆ کارەکتەرەکە یان کەسەکە نەهێناوە ،هیچ کات تێیدا هەستی بەئاسودەی نەکردووە، بۆیە هەمیشە لەهەوڵی دوورکەوتنەوەدایە لەم شوێنە، بۆیە ئەم جۆرە شوێنە دەبێتە شوێنی نائاشنا.((ڕۆماننووس پێویستە بە وریاییەوە ڕەهەندەکانی کەسایەتی لە پێوەندی بە شوێنی ئاشناوە وێنا بکات، تاوەکو وەرگر هەست بەو بارودۆخە بکات، کە کەسایەتییەکانی تێدەکەوێت کەواتە ناکرێت ویناى کەسایەتی بەبێ شویت بکێت، چونکە شوێنی ناو ڕۆمان تەنیا پانتاییەک نییە، بۆ کۆکۆردنەوەو لە خۆگرتنی ڕگەزەکانی دیکەی ڕۆمان، بەڵکو ئەم جۆرە شوێنانە، شوێنی دەلالەت ئامێزو فرە ڕەهەندن،تەنیا ناوبردنی شوێنەکانی، وەکو (بیابان، دەریا، چۆڵەوانی، بەندیخانە ) لە ڕۆماندا بەسە بۆ ئەوەی وەرگر لەبەرانبەریاندا چەندین پرسیار لەهزریدا سەرهەڵبدات، دەبێت شوێن لە ڕۆماندا بڕیار لە چارەنووسی کەسایەتییەکان بدات وە قەدەریان دیاری بکات و ڕەوتی ڕووداوەکان بەئاراستەی دیکەدا وەرچەرخێنێت))(صالح، ٢٠٢٠، ٦٢٤)، هەروەها((زۆر جار کەسێک لە شوێنیک تووشی کارەسات و ناخۆشییەک دەبێت ئەم شوێنەی لەبەرچاو دەکەوێت، چونکە یادگارە تاڵەکان پەیوەستن بەم شوێنەوە، یان شوێنەکە ڕوودانی سروشتی تیادا ڕووی دابێ، ئەوەش لەکێشەیەکەوە بۆ کێشەیەکی دیکە دەگۆڕێت))(موفتی، ٢٠١٢، ١٣٨).

ئاشکرایە ڕووداو ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێ لە شوێنی نائاشنادا، چونکە کاتێک کارەکتەر یان کەسەکە ڕووداوێکی بەسەردێت ئەم ڕووداوە کاریگەری لەسەر شوێنەکە بەجێ دەهێڵێت وا لەکەسەکە دەکات ئەم شوێنەی لە بەرچاو بکەوێت، بەڵام جۆری ڕووداوەکەش گرنگە، چونکە زۆرجار ڕووداوەکە ئەوەندە دڵتەزێنە، کە کاریگەری لەسەر شوێنەکەش بەئاشکرا دەردەکەوێ.

ئەم جۆرە شوێنە لە ڕۆمانەکە بەڕوونی بەرچاو دەکەوێت بۆ نموونە ((**دوای نیو سەعات لەوە ئارسین بەخێرایی بەرەو دامێنی گردەکە بە خۆیو باوەڵێکی بچوکەوە دەهاتە خوار. تریفەی مانگەشەو هەموو زەویی ڕوناککردبووەوە. لەوساتەدا هەمان ئەو هەستەی هەبوو وەک چەندین ساڵ لەمەوبەر کاتێک بەسواری ئەسپەکەوە وبەغار لە کۆشکی ئانسۆ هەڵهات. لەو شەوەوەتا ئەم شەو جیهان زۆر گۆڕابوو، تەنیا شتێک وەک خۆی بوو، ئەو هەستی شادمانییە بوو ئارسین لە هەڵهاتن دا لەم کۆشکە هەستی پێکرد**))(عەلی، ٢٠٢٠، ٥٣١).

گەر سەرنج بدەین هەرچەندە کارەکتەر، کە لە ژیانێکی شاهانەدا ژیاوە لە کۆشک و لە خزمەتکار و هەبوونی پاسەوانی تایبەت و ئۆتۆمبیل و دابینکردنی هەموو پێداویستیەکانی، بەڵام ئەم شوێنە، واتە کۆشکەکە هەر لەسەرەتادا تاکۆتای بۆ کارەکتەر و زیندانی بووە هەروەک چۆن گێڕەرەوە ئاماژەی پێدەکات ڕادەکات و و بەو ڕۆشتنەی دوورکەوتنەوەی لەم کۆشکە شادی و ئارامی لە دڵیدا دەگەڕا، هەر بۆیە لەشەودا ڕۆشت و چاوەڕێی بەیانی نەبوو، چونکە هەرگیز لەم کۆشکەدا هەستی بائاسودەی و ئارامی نەکردووە، هەرچەندە ماڵ و شوێنی ژیان بەشوێنی ئاشنا دادەنرێت، بەڵام لێرەدا ماڵ گۆڕاوە بۆ شوێنی نائاشنا، چونکە بۆ کارەکتەرەکە زیندان بوو پڕ بووە لەهەستی ترس و دڵە ڕاوکێ و نائارامی، کەماڵەکەی لێی بوو بەقەفەزێک، کەهەمیشە پەلەقاژەی بوو بۆ ڕزگاربوون لەم بارودۆخە و ماڵەکەی، چونکە ئارسین هەمیشە پێچەوانەی بیروبۆچونەکانی تاریق ئەکانسۆی باوکی مامەڵەی دەکرد هەرگیز خاڵێکی هاوبەش نەبووە لە نێوانیاندا، هەموو ئەم زوڵم و ستەمەی باوکی دەیکرد بەرامبەر بەکوردەکان لە دیدو بۆچون فکرەی ئەرسین دانەبوو ئاوابکەوێتە ئازاردانی کوردانی بێ تاوان، کەباوکی هەمیشە لە هەوڵی ئەوەدابوو بیکاتە کارەکتەرێکی درندەو پەلاماری کوردەکانی پێبدات، بەڵام هەستی ناسکی ئەرسین ڕێگەی نەدەدا ئەمە لەگەڵ مرۆڤدا بکات بۆیە لە دارو بەدی ماڵەکەی بێزار بوو هەستێکی نامۆ پڕ ئازاری هەبوو دەرئەنجام ڕایکرد بۆ ڕزگاربوون لەم ماڵەدا ئەمەش بۆ ئەم بوو بە شوێنێکی نائاشنا و ناهۆگری.

لە پەرەگرافێکی دیکەدا ئەم شوێنی نائاشنایە بەڕوونی دەردەکەوێ، وەک ((**لە وەرزەکانی دوای ئەوە عەلی ئیحسان جار جار ناچار دەبێت زیندانییان لەوان و ماردین و جەزیرە و نوسەیبین دیاربەکرەوە بە رەو شێتخانەکە بگوازرێنەوە، بەڵام وەک جێگا، کە ئەهریمەنێک پاڵی بەسەردا گرتبێت، یان کۆی حەسارەکە جێ نیشتەجێی مەخلوقاتێکی ترسناک بێت بێئەوەی بوە شێت، هێندەی**

**زیندانییەکان ڕادەستی ئیدارەی خەستەخانەکە دەکات، خێرا سوار ماشینەکەی دەبێت و جێگاکە بەجێدەهێڵێت. تا بۆشی بکرێت خۆی لە بینینی دکتۆر سامی و ژنەکەی دەدزێتەوە، ناشیەوێت هیچ لە سەر ژیانی ناوەوەی شیتخانەکە بزانێت. ئەوەی ئەو ڕۆژانە لە زیندانەکاندا دەیبینێت، تووشی بێخەوی، ترس، متمانە بەخۆ نەبوونیان کردوە تین و تواناشی بەرگری لەوە زیاتر ناگرن))**(هەمان سەرچاوەی پێشوو، ٣٠٤-٣٠٥).

ئەگەر سەرنجێکی ورد بدەین لەم پەرەگرافە کارەکتەر عەلی ئیحسان کاتی ڕەوانە دەکرێ بۆ ئەوەی تەرجومانی بۆ تورکەکان بکات. بەتەواوی کارەکتەر لەم شوێنە نائارامە حەز بەچوونی ناکات و هەست بە بێزاری و ترس و دڵە ڕاوکێ دەکات، هەروەکو لە ڕۆمانەکەدا ئاماژەی پێ کراو، هەرچەندە مانەوەی کارەکتەر لەم شوێنە هەتا هەتای نی یە، بەڵام بێزاری وای لێدەکات هەر کەئیشی تەواو بوو زوو ئەم جێگایە بەجێ بهێڵێت، چونکە وەکو جێگایەکی ڕەش و شەیتان دەستی بەسەردا گرتبێ ئاوا دەی بینی ئەمەش دەگەڕایەوە بۆ زیندانەدا ئەمە جگە لەوەی، کە ئەم شوێنەکە زیندانە بۆ کارەکتەر شوێنێکی نائاشنا بوو بۆ هەموو زیندانیە کوردەکانیش بە هەمان شێوە بوو، چونکە خۆی زیندان بۆ هەر بوونەوەرێک بێت جێگایەکی ناخۆشە نائارامە بێزارکەرە زۆر جار مرۆڤ توشی دەروونی و خەمۆکی دەکات یان زۆر جار وای لێدەکات خۆی بکوژێ کۆتای بەژیانی خۆی بهێنێ ئەوەش خۆی لە خۆیدا دەگەڕێتەوە بۆ تێکچوونی ئەم بارەیە دەرەوونییە، کە مرۆڤەکان تووشی دەبن لە زیندان‌دا هەر بۆیە ئەم شوێنە شوێنێکی نائاشناو ناهۆگرە بۆ کارەکتەرەکە، ئازادی تێدا نی یە دوور لە دۆست خزم و کەس وکار شوێنێکی نامۆ هەمیشە مرۆڤ هەست بە دڵتەنگی دەکات لەم شوێنەدا.

## ج- شوێنی کراوە:

ئەم شوێنە هەر لەناوەکەیەوە ڕوونە، کە دەرگای کراوەیە بە ڕووی هەموو کەسێکدا، کەواتە هەمووکەسێک دەتوانێت لەم جۆرە شوێنەدا بێت و بەکاری بهێنێ بەبێ جیاوازی، کە ((لەبەردەم کەسەکاندا کراوەیە، دەتوانن بەئارەزووی خۆیان تێیدا بێن و بچن، وەک شەقام و کۆڵان و ڕێگاو بازاڕ، چایخانە، نەخۆشخانە و مەیخانە و یانەکان گەر لە وڵاتی ئێمەدا بەگشتی داخراون، ئەوا ئەم شوێنانە تەنها بۆ پیاوانە نەک بۆ ژنان)) (موفتی، ٢٠١٢، ١٤٨)،کەواتە لەم جۆرە شوێنەدا کلتور ڕۆڵ دەبینی، لە کلتوری ئەوروپیدا هەندێک شوێن هەیە بۆ پیاو و ژن بەکار دێت، بەڵام لەکلتوری ڕۆژهەڵات یان کوردیدا شوێن هەیە تایبەتە بەژن یان تایبەتە بە پیاو. ((ئەو شوێنانە، کە هەردەم لەبەردەم کەسایەتییەکانی ڕۆماندا کراوەیە هەڵسوکەوتی تیادەکەن ڕووداوەکانی لەناوە پەرەدەسێنن و گەشەدەکەن ئەم جۆرە شوێنەگشتییە خاوەنی تایبەتی نییە، بەڵکو بە موڵکی گشتی ناساوە کە کۆمەڵ خاوەنێەتی))(کمال، ٢٠٢٠، دەنگەکان).

ئەم جۆرە شوێنە دەتوانین بڵێین لە ((ڕۆمانی بیرەوەرییەکاندا، زیاتر لە جۆرەکانی تری ڕۆمان دەست لەسەر ڕەگەزی شوێن و وردەکاریی شوێن دابگرێت و بەرجەستەی بکات. چونکە ڕۆمانی بیرەوەری، بەشێوەیەکی کۆنکریتی ژیان و مێژووی کەسێتییەکی گرنگ دەکات بەتەوەرو کاری لە سەر دەکات. لەوێدا نووسەر ناچار باسی شوێنەگشتیی و تایبەتییەکانی ئەوشارە بکات، کە کارەکتەری ڕۆمانەکەی لێ دەژی. ئەو کۆڵان و شەقامانە وەسف بکات، کە ئەو پیاسەی لێ کردوون. ڕەنگە کارەکتەرەکە خووی پێوەگرتبێت، ئێواران لەقاوخانەیەکی دیاریکراودا دانیشتبێن. لەگەرماوێکی گشتی دیاریکراویشدا خۆی شتبێت))(حەسەن، ٢٠١٧، ڕووداو).

وەک ڕوونە ئەم جۆرە شوێنە تایبەت نییە بەکەسێک یان چەند کەسێک، بەڵکو هەموو کەسێک تێیدا بەژدارە، کە زۆرجاریش دەکرێ ((هەندێک لەم شوێنانە سروشتیین و هەندێکی دیکەیان دەستکردی مرۆڤن، بەڵام لە ڕووی بونیاد و زۆرجارلە ڕووی بەکارهێنانییەوە شوێنی کراوەن، لەو ڕووەوە، کە ڕووبەرێکی فراوانیان هەیە، مرۆڤ دەتوانێت لە زۆر بەیاندا بژی، بەڵام هەندێ شوێنی دیکە هەیە، کە لە ڕووی بونیادەوە داخراون، بەڵام لە ڕووی بەکارهێنانەوە کراوەن ،واتە زۆر لەخەڵکی دەتوانن بەکاری بهێنن وەکو: (زانکۆ، قوتابخانە، مزگەوت، فەرمانگە حکومیەکان، حەمام، چێشتخانە، چایخانە، میوانخانە) بە پێچەوانەشەوە شوێن هەیە لە ڕووی بونیادەوە کراوەن و لەڕووی بەکارهێنانەوە داخراون. وەکو : باخچە، کێڵگەو موڵکی تایبەت، کەواتە ئەوەی لە شوێنی کراوەدا جێگەی ئاماژەپێکردنە، ئەوەیە، کە سەردەم دەسەڵاتە سیاسییە جیاوازەکان ڕۆڵیان لە دیاریکردنی چەمکی شوێنی کراوە و داخراودا هەیە))(صالح، ٢٠٢٠، ٦٢٨-٦٢٩)، کەواتە بەشێوەیەکی گشتی شوێنی کراوە ئەم شوێنەیە، کە پیاوو ژن مناڵ و گەنج پیر مافی بەکارهێنانیان هەیە بەبێ جیاوازی.

شوێنی کراوە لە ڕۆمانەکەدا بەرچاودەکەوێ دەکەوێتە بەردیدەمان بۆنموونە لەپەرەگرافێکدا گێڕەرەوە دەڵێت: ((**لە کۆتایی کۆڵانەکەدا بوونەوە بە دوو گروپی جیاو هەریەکەیان پەڕییە سەری کوچەیەکی دی لە سەر کوچەکەی خۆیاندا ئارسین گورگەکانی بینی، دووانیان خەریکبوون بەشەق دەرگا ماڵێکیان دەشکاند، دەیان چەکداربوون، ئەمان بەدزەو سەرەتاتکێ بینیان ژنانیان بەقژ ڕادەکێشا و پیاوانیان بە پاڵ دەهێنایەدەرێ و لە پاڵ دیوارەکاندا ڕیزیاندەکردن و بێ هیچ قسەو پرسیارێک تیربارانیان دەکردن. لە سوچێکی دیوارەکەوە. هەرسێکیان ژنانیان ڕووتدەکردەوە و پەلاماریاندەدان**))(علی، ٢٠٢٠، ٦٦٣).

ئەگەر سەرنج بدەین گێڕەرەوە وشەی کۆڵان بەکارهێناوە، کە شوێنیکی کراوەیە و هەموو کەسێک پێدا تێدەپەڕێت و بەکاری دەهێنێ، لەگەڵ ئەوەشدا هەر لەهەمان پەرەگرافدا وشەی کوچە بەکاردەهێنێ ئەوەیش هەمان واتای کۆڵانە، کە بەکاری هێناوە ڕۆماننووس کۆڵانی بەکارهیناوە لە ڕۆمانەکەدا وەکو گۆڕەپانی شەڕ و جەنگ هەروەها ئەو دیمەنە بەوردی دەخاتەڕوو، کە ڕوو دەدات

سەبارەت بە زوڵم وستەمی تورکەکان بەرامبەر بە کوردەکان هەر لەڕێگەی بەکارهێنانی ئەم کۆڵانەوە، کە شوێنێکی کراوەیە توانیویەتی زۆر بەلێهاتووی دیمەنەکان، بۆ خوێنەر بگوازێتەوە هەرچەندە ڕۆماننووس ئەو شوێنەی بەکارهێناوە شوێنیکی گشتی یە، کە خەڵکی ڕۆژانە بەردەوام هاتووچۆی تێدادەکەن، بەڵام لێرەدا بۆتە شوێنی کوشتن و بڕین و ئازاردانی مرۆڤەکان بە پیرو گەنج و ژن ومناڵ بێگومان ئەمەش کاریگەری دەروونی لە سەر خوێنەر بەجێدەهێڵێت، کە ئەم شوێنە بۆیە هۆکاری دروست کردنی ئەم حاڵەتە دەروونییە، کەواتە گێڕەرەوە توانیویەتی ئەو هەقیقەتەی دەربارەی کورد کراوە بیگەیەنێت بەکاریگەری ئەو شوێنە، کە ئەویش کۆڵانە بۆتە سەنگەرو گۆڕەپانی شەڕ، کە کۆڵانێکی کوردنشینە لە سەرماڵ و حاڵی خۆیان بەو دەردەیان دەبەن تەنها لەپێناوی بنبڕکردنی کوردو زمانی کوردی بوو هەر بەم شێوەیە ڕۆماننووس توانیویەتی شوێنی کراوە لە ڕۆمانەکەدا بەرجەستە بکات و ئاماژەی پێبکات.

## د- شوێنی داخراو:

شوێنی داخراو ڕاستەوخۆ پێچەوانەی شوێنی کراوەیە، واتە دەرگای کراوە نییە بەڕووی هەموو کەسێکدا هەر بەم پێیە ((شوێنی داخراو تایبەتە بە کەسێک یان کۆمەڵەکەسانێک وەکو (ژوور، ماڵ، کێڵگە، زیندان) ... هتد). بەم پێیە شوێنی داخراو شوێنێکی سنور دیاری کراوە بۆیە بەپێی داب ونەریت و ئاستی پێشکەوتن و دواکەوتووی کۆمەڵگاکان دەشێت چەمکی شوێنی داخراویش سنوورەکەی گۆڕانی بەسەردا بێت. واتە ڕەنگە لەکۆمەڵگا دواکەوتووەکاندا بەهۆی کەبتە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانەوە، کەسایەتی نەتوانێت خواست و ویستەکانی لە شوێنی کراوەدا بێنێتەدی، بۆیە ڕوو لەشوێنە داخراوەکان دەکات و هەست بە جۆرێک لە سەربەستی دەکات وە کۆتەکان دەشکێنێت)) (صالح، ٢٠٢٠، ٦٣٤). شوێنی داخراو ((ئەو شوێنە تایبەتەیە، کە دەسەڵاتی خودی تێدا بەگەڕ دەخرێت بەڕووی خەڵکیدا داخراون لە ژێر ڕکێفی تاکدایە، بەو شوێنانە دەوترێ، کە لەبەردەم هەموو کەس کراوەنییە داخراوە ڕووبەرێکی جوگرافی دیاریکراوی هەیە، هەڵسوکەوتکردن تێیدا بۆ کەسانی سنوورداره)) (کمال، ٢٠٢٠، دەنگەکان)، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەتوانین بڵێین لەم جۆرە شوێنەدا مرۆڤ تاڕادەیەک دەتوانێت بەسەربەستی وئازادی مامەڵەبکات واتا ئەم جۆرە شوێنە ئەم بارودۆخە دەرەخسێنێ بۆ کارەکتەرەکە، چونکە ((ئەو ئازادییەی، کەمرۆڤیش، لێی زەوتدەکرێت تاڕادەیەک لە شوێنی داخراودا سەربەستییەکانی خۆی بێ سانسۆر دابین دەکات))(موفتی، ٢٠١٢، ١٥٣)، هەروەها ((سروشتی داخراویی و کراوەیی شوێن، پەیوەستە بە گۆشەنیگای ڕۆماننووسەوە، لەو ڕوانگەیەوە وەک هێمایەک بەکاریان دەبات. هەندێک جاریش مەوداکانی بەرین دەکات و لە ئاست کێشە گەورەکانی مرۆڤایەتیدا ڕایان دەگرێت))(صالح، ٢٠٢٠، ٦٣٤).

هەر سەبارەت بە شوێنی کراوەو داخراو (گاستۆن باشلار) دەڵێت: ((مرۆڤ بەهەر هەبوویەکی نیوەکراوە دادەنێت، چونکە نیوەی مرۆڤ کراوە ولە بەرچاوە، چ وەک جەستە و چ بەو هزرەی قسە و ڕەفتاری پێ دەکات. نیوەکەی تریشی داخراوە، هەر لەجەستەوە تا ڕازو نیاز ئارەزووە کپکراوەکانی))(هەمان سەرچاوەی پێشوو، ٦٣٤). شوێنی داخراوە خەسڵەت و گرنگی و تایبەتمەندی خۆی هەیە لە ڕۆماندا، کە ڕۆماننووس بەکاری دەهێنێ بەپێی گۆشەنیگای ڕۆماننووس.

ئەم جۆرە شوێنە لە ڕۆمانەکەدا دەکەوێتە بەردیدەمان، کە ڕۆماننووس بەوردی مامەڵەی لەگەڵ ئەم جۆرە شوێنەدا کردووە. بۆ نموونە ((**سەرەتا هەوڵیدا منداڵەکانی باوکیان لەو دۆخەدا نەبینن، بۆیە چووە ژوورەکەیان وپێیانی گووت ئێوە ئەمڕۆ دوای بابە بەرچایی دەخۆن. کچەکانیان دوو منداڵی گوێڕایەڵ بوون، لەپۆلی دوو سێی خوێندنگە بوون، بێئەوەی هیچ بڵێن چوونەوە ناو جێگاکەی خۆیان و بەتانییە بچوکەکانیان دایەوە بە خۆیاندا وا خۆیان دەرخست دەیانەوێت دووبارە بخەونەوە**))(عەلی، ٢٠٢٠، ٧).

لێرەدا ڕۆماننووس ژوورێک باس دەکات، کە تایبەتە بە دوو مناڵ، کە هیچ کەسێکی دیکە تێیدا ناخەوێت یان ڕوونتر هیچ کەسێکی دی بۆی ناچێ، کە خۆی لە خۆیدا ناوهێنانی ژوور شوێنێکی داخراوە، کە ڕۆماننووس ئاماژەی پێدەکات، هەرچەندە ژورەکە بۆئەم دوو منداڵە داخراوە، بەڵام نەبۆتە هۆی نائارامی و ناڕەحەتی، چونکە شوێنی حەوانەوەو ئیسراحەتکردنی ئەم دوو منداڵەیە هەرچەندە ئەو بەیانیەی، کە خەبەریان بۆیەوە دایکی بۆ ئەوەی لە بارودۆخی باوکیان تێنەگەن دەیانخاتە ژوورەکەیان، کەواتە گێڕەرەوە بە شوێنێکی ئاشنا کردین، کە شوێنی داخراوە .

لەپەرەگرافیکی دیکەدا گێڕەرەوە دەڵێت: ((**کاتێک تاریق ئاکانسو یەکەم جار پێی خستە ناوماڵە نوێکەی خۆی و لە پەنجەرەکەیەوە سەیری هەندێک هەوری پەرتەوازەی کرد، لە باکوری خۆرهەڵاتەوە بەسەر سەری ئەودا بۆ باشوری خۆرهەڵات دەڕۆشتن، ئەو هەستەی هەبوو ئەم شوێنەی ئەو لەسەری وەستاوە ئەمڕۆ لەدایکبووە، ئەوئاسمانەی ئەم دەیبینێت ئەمڕۆ بەرز بۆتەوە و ئەو هەورانەش نیشانەی یەکەم یەکەم سوڕی سروشتن لەم عەردەدا**))(هەمان سەرچاوەی پێشوو، ٣١).

لێرەدا ئەگەر سەرنج بدەین گێڕەرەوە ئەوەمان بۆ دەگێڕێتەوە، کە کارەکتەر کاتێک دەچێتە ماڵە نوێیەکەی چەند بەجۆش و خرۆشە دڵخۆش و خۆشبەختە هەست بە ئاسودەیی و ئازادی دەکات هەست بەسروشت و ئاو هەوا دەکات. بوونی ماڵێک وەکو شوێنێکی داخراو بۆئەو بۆنەیە، جێگەی خۆشبەختی و ئازادی، هەروەها ناوهێنانی پەنجەرەش ڕەمزێکە بۆ شوێنێک، کە تێیدا داخراوە، کەواتە کارەکتەر باری دەروونی جێگیرە لەم ماڵەدا، چونکە هیچ هەستی بە نائارامی یان دڵەڕاوکێ نەکرد لە یەکەم هەنگاوییدا بۆ ماڵە تازەکەی هەرچەندە ماڵ کەسی دیش وەک میوان دێتە ناوی، بەڵام لەبەر

ئەوەی تایبەت نییە بەمیوان بۆیە هەر زوو جێی دەهێڵێ کراوەیە شوێنێکی داخراو دەکرێت بڵێین تایبەتیشە.

### هـ- شوێنی واقیعی:

مەبەست لەم جۆرە ئەم شوێنە ئەم جۆرە شوێنەیە، کە بەشێوەیەکی واقعی بوونی هەیەو مرۆڤ دەتوانێت لەسەری بژیت و بەکاری بهێنێت وکاری تێبکات و کاریگەری لەسەر هەبێت و بەتەواوی هەست بە بوونی دەکرێت. ((شوێنە واقیعییەکان ئەو شوێنانەن بەچاوی ئاسایی، چیرۆکنووس دەبینرێت و ناویان دەهێنێت، لەوەسفەکانیش بەشێوەیەکی واقیعی بەپێی بەرزو نزمی و جوانی و ناشرینی وەسفیان دەکات، هەرچەندە وەسف ڕەگەزی خەیاڵی پێوە دەلکێت و بابەتە ئەدەبییەکان زادەی خەیاڵێکی بەربڵاون ئەوەش مانای ئەوە نییە واقعیەت لە نێو تەمومژی خەیاڵ بشاردرێتەوە. شوێن لەناو چیرۆکدا لەسەر خەیاڵ و هۆشی وەرگر دەوەستێ، چونکە ئەو شوێنەی چیرۆکنووس باسی دەکات، لەسەدا سەدیش واقیعی بێت بۆ خوێنەرێک گەر ئەو شوێنەی دیتبێ، بەڵام ئەو خوێنەرەی شوێنەکەی نەدیتبێ، ئەوە هەر لەخەیاڵی خۆی وێنەیەکی بۆ دروست دەکات، بەواقیعییەکە ناچێ، بۆیە شوێن لە جیهانی دەرەکی و لەناو چیرۆکدا جیاوازن))(موفتی، ٢٠١٢، ١٦٠).

ئەو شوێنە واقیعیەی، کە ڕۆماننووس لە ڕۆمانەکەیدا بەکاری دەهێنێ بەپێی مێژوو شوێنەکە گۆڕانکاری بەسەردادێت چ لە ڕووی شێوەوە یان وێنەو دیمەنی ئەم شوێنە، چونکە شوێن بەردەوام لە گۆڕاندایە لە ڕووی شێوەوە یان بەرەو کاول بوون و خاپور بوون دەچێت، بە هۆی جەنگەوە یان هەر هۆکارێکی سروشتی بێت.

((زۆر جار ڕۆماننووس شوێنی مێژوویی لە ڕۆمانەکەیدا وێنا دەکات تەنانەت زۆر جار ناوی شارە مێژووییەکە، یان شوێنە مێژووییەکە وەکو خۆی بەناوە ئەسڵییەکەیەوە ناو دەبات، بەبێ ئەوەوی هێما بۆ بەکاربێنێت بەگشتی مەیدانی شوێنی مێژوویی، مێژووییەکی لەسەر دەگێڕێتەوە و بۆنی سەدەکانی ڕابردووی لێ دێت. هەموو ئەمانەش لە پێناوی ئەوەدایە، کە واله خوێنەر بکرێت، کە شوێنەکە لە واقیعدا هەیە یاخود بەشێکە لە واقیعەکە واتە ئاستی هونەری ڕۆماننووس لەم بوارەدا دەردەکەوێت، کە چۆن بتوانێت وینەی ئەو شوێنانە لە نێو زەین و هۆشی خوێنەردا وەکو شوێنێکی بەرجەستەکراو و هەست پێکراو بکێشێت. دیارە ئەمەش خوڵقاندنی واقیعێکی ئەندێشەییە. کەواتە شوێنی واقیعی نێو ڕۆمان شوێنێکی ئەندێشەییە،بەڵام بەجۆرێک پێشکەش دەکرێت، کە خوێنەر وابزانێت پێشتر ئەو شوێنانەی دیوە یاخود بەناویاندا گوزەری کردووە ،چونکە زۆر لە واقیعەوە نزیکە))(صالح، ٢٠٢٠، ٦٠٦-٦٠٧) هەر بەم پێیە شوێنی ڕاستەقینە ((ئەو شوێنەیە کەوامان لێدەکات ئەو جێگایانەمان بەبیر بێنێتەوە کە تێیدا ژیاوین و خەونمان پێوەدەدیت تێیدا بژین. شوێنی ڕاستەقینەش ئەو شوێنە ئەندازەیی یە دەگرێتەوە، کە بەهۆی بینینەوە وەسفێکیووردی دوورییەکانی دەرەوەی

دەکرێت، واتە کاتێک شوێن دەبێتە کۆمەڵێک ڕەنگ و ڕوو، کە چاو یەکە یەکە هەڵیان دەقۆزێتەوە و هەوڵنادات دیمەنێکی هەمەلایی لێ دروست بکات، جا ئەم شوێنە ئەندازەییە و تەنها بریتی نابێت لەو دووریییانەی لەدەرەوەدا دەتوانرێ دیاریبکرێت، بەڵکو شێوەیەکی ئاڵۆزتر وەردەگرن لەو شێوە سادەیەی لەواقیعدا دەبینرێت، بۆیە ئەم شوێنە ئەندازەییانە جگە لەو لایەنانەی یا ئەو دووریيانەی، کە پێکیان دەهێنێت، هەروەها بریتییە لە سیستەمێک لەو پێوەندییە ڕووتانەی لەشتە مادییەکان دەردەهێنرێت))(سابیر، ٢٠٠١، ٣٢٦).

زۆرجار ڕۆماننووس شوێنیک لە ڕۆمانەکەیدا بەکاردەهێنێ هیچ زانیارییەکی لە سەر ئەم شوێنە نیە، بەڵام مەجبورە ئەم شوێنە بەکاربهێنێ، چونکە شوێنی ڕاستەقینەی ڕووداوەکانە، بۆیە لەم حاڵەتەدا پێویستە زانیاری لە سەر ئەم شوێنە کۆبکاتەوە، چونکە ناتوانێت لە خۆیەوە شت زیاد بکات بۆ ئەم شوێنە، کەبەکاری دەهێنێ ((بۆیە ئەم جۆرە شوێنە لەچیرۆکدا پەسەند ناکرێت و چیرۆکنووسان کەم ڕووی تێ دەکەن. جا ئەگەر زانیمان بەکارهێنانی ئەم جۆرە شوێنە لە چیرۆکدا پێویست بەوە دەکات زانیاری یە ڕاستەقینەکان تاڕادەیەکی گەورە وەک خۆیان بەکاربهێنێت و وورد بێت لەدروست کردنی شوێنی چیرۆکەکەی ئەوا لایەنی بێ هێزی بەکارهێنانی ئەم جۆرە شوێنەمان بۆ دەردەکەوێت، چونکە لە کێشانی وێنەی شوێنی ئەندازەییدا چەند ووردەکاری بکەین بەدیقەت بین ئەوە زیاتر خوێنەر بێ بەش دەکەین لە بەکارهێنانی ئەندێشەو دووبارە داڕشتنەوە ئەو جێگایانەی تێیدا ژیاوە))(هەمان سەرچاوەی پێشوو، ٣٢٧).

هەربۆیە پێویستە ڕۆماننووس زۆر بەوردی و شارەزایی مامەڵە لەگەڵ ئەم جۆرە شوێنەدا بکات، چونکە ناتوانێ بەئارەزووی خۆی زانیاری بۆزیاد بکات ئەگەر پێچەوانە بویەوە ئەوە کاریگەری لەسەر خوێنەر دروست دەکات، چونکە ڕەنگە خوێنەر ئاشنایەتی یان زانیاری تەواوی لەسەر ئەو شوێنە هەبێت، کە ڕۆماننووس بەکاری هێناوە لە ڕۆمانەکەیدا، چونکە لە واقیع دا بوونی هەیە بۆیە دەبێت ڕۆماننووس ئاگاداری ئەم چۆرە شوێنەو وردەکارییەکانی بێت لە بەکارهێنانیدا.

ڕۆماننووس ناوی چەند شوێنێکی ڕاستە قینە دەبات لە ڕۆمانەکەداکە بۆ هەمووومان زۆر ئاشکرایەو بوونی هەیە بۆ نموونە گێڕەرەوە دەڵێت: ((**کاتێک گەیشتنە گۆڕەپانی قەتڵوعامی گەورە لە دۆڵی زیلان ئەفسەرەکە سوور بوو شەوو ڕۆژێک لەوێ بمێننەوە تا هەموو شتێکیان بۆ باسبکات و جێگای گۆڕی بەکۆمەڵی کوردەکانیان پیشانبدات. نیازی بوو لایەنی کەم شەوێک لەوێ بخەون و بەتەواوی ئەو دۆڵە قووڵەدا بیانگێڕێت** ))(عەلی، ٢٠٢٠، ٢٤٣).

ناوهێنانی دۆڵی زیلان* لە ڕۆمانەکەدا ئاشکرایەو بوونی هەیە گێڕەرەوە شارەزای هەیە لەسەر دۆڵەکە، چونکە ئاماژە بەوەش دەکات، دۆڵەکەقووڵە زانیارییەکی هەیە دەربارەی ئەم دۆڵە، چونکە جوگرافیای ئەم شوێنە بوونی هەیە لەسەر ئەم زەمینە هەڵبەتە مەبەستی ڕۆماننووس لە ناوهێنانی ئەم شوێنە ئەوەیە پێمان بڵێت، کە کورد چۆن قەتڵوعام کراوە بە پیرو ژن و گەنج ومناڵ بەمەبەستی کۆتایی هاتن بە میللەتێک بەناوی کوردەوە هەر ئەمەش بۆمان دەسەلمێنێ ئەم شوێنە شوێنێکی واقیعییە. بۆنموونە ((**هیچ دەنانبەین بۆ ئالازیک**[1]**، بۆ شێتخانەیەک لە نزیک دەریاچەی هەزار گۆل، لەوێ دەتوانن بێترس کوردی قسەبکەن**))(هەمان سەرچاوەی پێشوو، ٢٧٦). ناوهێنانی ئالازیک بەکارهێنانی لە ڕۆمانەکەدا بەپێی زانیاریەکانی ڕۆماننووس دیارە، کە زانیاری هەیە لەسەر ئەم جۆرە شوێنە و دەکەوێتە کوێ و، هەڵبەتە مەبەستیشی لە ناوهێنانی ئەم جۆرە شوێنە ئەوەیە، کە پێمان بڵێت شوێنێک هەبووە بەناوی شێتخانە، کە کوردەکانیان تێدا زیندانی کردووە، چونکە هەریەک لەوانەی لەم شوێنەدا بوون کوردی قسەیان دەکرد، کە پێشتر تورکی قسەیان کردوە وەکو نەخۆش مامەڵەیان لەگەڵ کردوون، ئەگەر سەرنج بدەین ڕۆماننووس پێمان دەڵێت ئەم شوێنە نزیک دەریاچەی هەزار گۆڵە لێرەدا ئەگەر وای دەبینین شوێنەکە خەیاڵیش بێت یان بڵێین خوێنەر ئەم جۆرە شوێنەی نەبینیوە یان نەیبیستووە، بەڵام ئەم بڕوایەی بۆ دروست دەبێت شوێنێکی واقیعی بەو ڕۆماننووس زانیاری هەیە لەسەر ئەم جۆرە شوێنە، کە شوێنێکی واقیعییە. کەواتە ڕۆماننووس زێتر مەبەستیەتی بەخوێنەر ڕابگەیەنێ ئەو شوێنەو ڕووداوەکەش واقیعییە.

## و- شوێنی خەیاڵی:

ئەم جۆرە شوێنە، کەلەڕاستیدا بوونی نییە لەسەر ئەم سەرزەمینە، بەڵکو لە خەیاڵ و هۆشی ڕۆماننووسەوە سەرچاوە دەگرێت. ((ئەو شوێنانەیە، کەمێشک درکیان پێدەکات، بەڵام لەنێوانیان ژیان بەسەر نابەن، دەزانین لەکات و شوێنێکدا هەبوون، بەڵام کات وشوێنی ئێمە نییە مەرجیش نییە لە یەکەم جۆری شوێن دا ئەو وێنەیەی، کە ڕۆماننووس دروستی دەکات هاوشێوەی لە ژیان هەبێت

---

بۆ زانیاری زێتر لەسەر دۆڵی زیلان کە دەکەوێتە باکوری کوردستان لەناوچەی ئەرگیش لەپارێزگای وان ،کە لە ئەیلولی ساڵی ١٩٣٠دا دەوڵەتی ڕەگەزپەرستی تورکیا لەسەردەمی کەمال ئەتاتورکدا کۆمەڵکوژی دژ بەگەلی کوردی ئەنجامدا بەمەبەستی دامرکاندنەوەی ڕاپەڕینی ئاکرێ ، کەلەهەندێ سەرچاوەدا دەڵێت ( ٤٧٠٠٠)کەسی بێ دیفاع کۆمەڵکوژ کران لەلایەن سوپای دەوڵەتی تورکەوە ، لەسەرچاوەیەکی تردا هی دەوڵەتی تورکی لە ڕۆژنامەی (حوریەت)دانیان ناوە بەکوشتنی (١٥٠٠٠) پانزە هەزار کەسدا لەم کۆمەڵکوژییەدا، بەڵام نووسەری کورد حسن هوشیار سردی، کە خۆی شایەت حاڵی ئەو کۆمەڵکوژیەبوە دەڵێ لەئەنجامی کاول وێرانو سوتاندنی ١٨٠ گوندی کوردی لەناوچەکە ٤٧هەزار مرۆڤ.

[1](ئالازیک) یان (خارپێت) لە ئێستادا یەکێکە لە چوار پارێزگا کوردە زازانشینەکانی باکووری کوردستان،و دەکەوێت باکووری ڕۆژئاوای پارێزگای ئامەد ،کە زۆربەی دانیشتوانی کوردن.. ئەم ناوچەیە دوو لقی سەرەکی کوردانی باکوور لەخۆدەگرێت، کە پێکدێت لەکەمیەنەیەک کورمانج وزۆرینەیەک لەکوردانی زازا .

بەهەرحاڵ شوێن لەڕۆماندا لەسەر خەیاڵی وەرگر وەستاوە نەوەک لەجیهانی دەرەکی. ئەو شوێنەی لەمێشکی ڕۆماننووسەوە سەرچاوە دەگرێت، بەڵام هیچ مانایەکی ڕاستەقینەی نییە بە پێویستی حیکایەتەکەوە ڕۆماننووسە وادەکات هەربۆیە بریتییە لە شوێنی زارەکی و خەیاڵ ئامێزە واتا ئەوشوێنەی، کە زمان دروستی کردووە. موبوستی ڕەخساندنی کەشی ناو ڕۆمانەکەوە پێداویستیەکانی ڕۆمان))(کەمال، ٢٠٢٠، دەنگەکان).

لەم جۆرە شوێنەدا ڕۆماننووس جۆرە سەربەستییەک وەردەگرێ لە دەستەبەرکردنی شوێنەکە، چونکە ((ئەندێشە، کە سەرچاوەی سەرەکی چیرۆکنووس دەبێت ئەمە سەربەستی یەکی تەواوی دەداتێ لەکاتی کێشانی وێنەی جیهانی چیرۆکەکەی. دیارە ئەمەش بوارێکی بەرفراوان بۆ چیرۆکنووس دەڕەخسێنێت و یارمەتی ئەوەی دەدات سەربەستییەکی تەواوی لە گۆڕان و تازەکردنەوەی شوێنی چیرۆکەکەی هەبێت، بەپێچەوانەی شوێنی چیرۆکەکەی هەبێت ،واتە بەپێچەوانەی ڕاستەقینە، کە چیرۆکنووس ناچار دەکات پابەندی ئەو ڕاستی یانە بێت، کە تایبەتن بە شوێنەکەوە لە سنووری ئەو زانیاریانە دەرنەچێت، کە بێگومان ئەمەش بارێکی نالەبار بۆ چیرۆکنووس دروستدەکات وەک تەگەرەیەک ڕێگای گۆڕان و تازە کردنەوەی لێ دەگرێت. لەبەر ئەوە چیرۆکنووسان لە بەکارهێنانی ئەو شوێنانەی بوونێکی ڕاستەقینەیان هەیە دوورکەوتنەوەو ڕوویان کردە بیرو ئەندێشەو لەو سەرچاوەیە وێنەی شوێنی چیرۆکەکانیان دروستکرد))(سابیر، ٢٠٠١، ٣٢٩).

هەرچەندە((ئەم شوێنە، چونکە لەلایەن مرۆڤەوە ئەزموون نەکراوە پێویستە ڕۆماننووس لە وێناکردنییدا زۆر هونەرکاریی بنوێنێت و بەوردی بیسازێنێت. تاوەکو وەرگر لە کردەی وەرگرتندا نەکەوێتە گێژاوەوە و مەوداکانی لەیەکدی جودا بکاتەوە کەواتە شوێنی ئەندێشەیی و فانتازی دوو بنەمای گرنگی بوبنیادی شوێنی ڕۆمانن، کەوا لەخوێنەر دەکات. لە دیدگایەکی دیکەوە بەرەو ڕووی واقیع ببێتەوەو دەروازیەکی دیکەی بۆ ناسینی جیهان بۆ دەخاتە سەرپشت. لە چۆنیەتی ڕووبە ڕووبونەوەی لەگەڵ ژیان و شوێنی ململانێ و ڕووداوەکانیدا، ئەمەش لەو ڕوانگەیەوە، کە ڕەنگە ئەو دنیا ئەندێشەییە دنیایەک بێت، کە وەرگر هەست بکات خەونەکانی تێداوەدیدبێت و هەست بە ئارامی وتامی ژیان دەکات. بۆ چەند ساتێک لەباری سەختی ژیان و نەهامەتییەکانی ڕزگاری دەبێت))(صالح، ٢٠٢٠، ٦١٣-٦١٤) لێرەدا ڕۆماننووس پەنا دەباتە بەر دیمەنەکانی سروشت بەتایبەتی وێنە جوانەکانی سروشت بەشێوەیەکی کارامەیو لێهاتوویی دەیگوازێتەوە بۆ نێو ڕۆمانەکەی. لەگەڵ ئەوەشدا مەرج نی یە هەر وێنەیەکی جوان سەرنج ڕاکێش بێت دەکرێ وێنەیەکی پڕ ترس و خورافیات بێت، چونکە ((شوێنی فانتازی زۆر دوورە لە واقیع و تاڕادەیەک بەرگی ئەفسانەیی دەپۆشێت، بەمانایەکی دیکە شوێنی فەنتازی زادەی خەون و خەیاڵی نووسەرە، ئەو شوێنانەیە کە تۆوی ئەو حەزو ئاەزووانەی کە مەحاڵن لەزەوی واقیعدا دەنێژرێن))(هەمان سەرچاوەی پێشوو، ٦١٣).

زۆر جار ڕۆماننووس، کە پەنا دەباتە ئەم جۆرە شوێنە بۆ زێتر چێژ بەخشینە و و ئازادییەک دەداتە ڕۆماننووس. لەگەڵ ئەوەشدا دەیەوێت پێوەندییەکی توندوتۆڵ لە نێوان ڕووداو کارەکتەرو شوێنەکەدا دروستبکات.

شوێنی خەیاڵی لە ڕۆمانی (داگیرکردنی تاریکی)دا دەکەوێت بەردیدەمان وەک چۆن گێڕەرەوە دەڵێت: ((**هەموو بەفرەکە تەواو سوربوو، هەموو شارەکە تەواو سوور بوو . چاوانی لەترسدا گرت و لە بینینی و ترسدا بەلاداهات و لە بەفرەکەدا پاڵکەوت، ویستی هاوار بکات، بەڵام لەبری ئەوە سەیری ئاسمانی کرد و کۆمەڵێک باڵندەی ڕەشی بینی بەسەر سەریدا بەرەو خۆرئاوا فرین، بینی هێدی هێدی هەموو باڵندەکان لەدوای خۆیان وەک بەبرینێک لە پاڵیاندا نیگار بکێشن هێڵی خوێنینیان لە ئاسماندا دەکێشا، چاویکردەوە وبینی ئێستا هەموو ئەو کڵۆ بەفرانەی لە ئاسمانەوە دەکەوتنە خوارەوە وەک خوێنی خۆی سوور بوون**))(عەلی، ٢٠٢٠، ٤٩٢).

لێرەدا گێڕەرەوە باسی شوێنێک دەکات، کە شارە بەخوێن تەواو سوربووە ئەم شوێنەی بەستۆتەوە بە ئەفسانەو خەیاڵ و فەنتازیا ژیاوە، چونکە لەواقیعدا هیچ شارێک نی یە بەتەواوی سوربێت، بەڵام ڕۆماننووس هاتووە وێنەیەکی فەنتازی و ئەفسانەی کێشاوە پێشکەشی خوێنەری کردووە وە گێڕەرەوە زۆر بەجوانی وێنە ئەفسانەی ئەو باڵندەی باس دەکات، کەباڵی بریندارە هێڵی سور دەکێشێن لە ئاسماندا وەکو کارەکتەر، کەچۆن لەو خوێنەدا شاری داپۆشی و بەفرەکەی هەموو سور کرد ئاسمانیش بەهەمان شێوە ڕەنگی سوری گرت مەبەستی ڕۆماننووس لێرەدا ئەوەیە دەیەوێت ئەو شوێنە خەیاڵی و ئەفسانەییە وەک شوێنێکی سامناک و نامۆ بەخوێنەر بناسێنێ، ئەوەش لە ڕێگەی ئەندێشەو خەیاڵی ڕۆماننووسەوە دروستبووە، ئەم خولقاندنەی نێو ڕۆمانەکە دیمەنێکی ئەفسانەی وەرگرتووە و لە شوێنی واقعی دابیڕاندووە، ئەمەش هونەری ڕۆماننووسە، کە توانیویەتی بەم شێوەیە باسی شوێنێک بکات، کە تەواو تێکەڵی خەیاڵ و ئەندێشەی کردووە، بەجۆرێک خوێنەر بەلا ی خوێدا ڕادەکێشێت، کەبە شێوەیەک خوێنەر هەست بە چێژی ئەو واقیعە دەکات و جوڵەیەکی پڕ ترس و بیمیش بە ڕۆمانەکە داوە.

## ٥- پێوەندیی گێڕانەوە بەزمانەوە:

زمان لەهەربابەتێکدا هەبێت شیعر یان ڕۆمان دەبێتە کەرەستەی بابەتەکە، چونکە هەموو بابەتێک زمان ڕۆڵ دەبینێ لە گەیاندنیدا ((زمان لە هەر ڕۆمانێکدابێت، بەردی بناغەی ڕۆمانەکە و وەک چۆن خوێن لە شادەمارە کاندا ژیان بە مرۆڤ دەگەیەنێ بەوجۆرەش زمان ڕاستگۆیی، سیماو گەشاوەیی بە ڕۆمان دەدات، لە ڕێی زمانەوە سیماو ئادگارەکانی کارەکتەر دروست دەبن و هەڵوێستەکان هێزی قەناعەت پێهێنانیان لای خوێنەر بەهێز دەکەن، لەبەر ئەوەی کارەکتەری ڕۆمان لەمیانی کارو

پەرچەکردارەوە دیاری دەکرێ وەچەند ئەو کردەیە ڕاستەوخۆبن شرۆڤەو پاساودانی کارو پەرچەکردارەکە بکرێت، هێندەیش هێزی قەناعەتهێنانی بەخوێنەر زیاتر دەبێ، لەبەر ئەوەی خۆی ڕاستگۆیانەتر دەبێت ،لەبەرئەوەی کارەکتەرەکان لە ڕۆماندا، هەر ڕۆمانێک، لەڕووی پێکهاتەوە ڕۆشنبیری و هەوەس (میزاج) وە فرە جیاواز و جۆراوجۆرن، دەبێ ئەو فرەیی و جیاواز بوونە لە زمانی ڕۆمانەکەدا ئامرازی پێکەوە بەردەوامبوون و پێوەندو گواستنەوەی هێزر و بیرو بۆچوون و خەم و خەونەکان، ڕەنگدانەوەی هەبێت.))(زەنگەنە، ٢٠١١، ١١)، چونکە هەریەک لەکارەکتەرەکان ڕۆڵیان جیاوازە کارەکتەر هەیە شەڕانگێزە ناکرێت بەزمانێکی نەرم و خاو بێتە بەرهەم واتا زمانێکی زبر بۆ ئەم جۆرە کارەکتەرە بەکاردێ و کارەکتەریش هەیە نەرم ونیان ڕۆڵ دەبینێ کەسایەتیەکی سادەیە ناکرێ بەزمانێکی زبر بەرهەم بێت.

لەگەڵ ئەوەشدا ((ئەوەی کارەکتەرەکان لە ڕۆماندا دەیڵێن گوتارەکانیان و شێوازی گەیاندنی ئەو گوتارانەیەو ئەمیش وادەخوازێت ڕۆماننووس زمانی خۆی لە زمانی کارەکتەرەی (ڕۆمانەکە) جیابکاتەوە، یان بەلایەنی کەمەوە دەبێت مەودایەک بخاتە نێوان زمانی خۆی و زمانی کارەکتەرەکەوە، بۆئەوەی کارەکتەرەکان نەبنە دەمامکی ئەوەی ڕۆماننووس دەیەوێ. ڕاستە ڕۆماننووس بەوپەڕی وریایی وئاگایی کارەکتەرەکان دیاری دەکات، زۆرینەی هەڵسوکەوت و جوڵەیان لەپانتاییەکی دیاریکراودا بۆ دەرەخسێنێ، بەڵام هەر هەندەی کارەکتەرەکان لە دایک دەبن و دێنە گۆڕێ و کات و شوێن و بابەت دەستنیشان دەکرێت، ئیتر بەمانایەک لەماناکان لە ڕۆماننووس سەربەخۆ دەبن و ژیان و بڕیار و بژاردە و دواجاریش زمانی تایبەتی خۆیان دەبێت و بەزمان و ڕیتمی دوان و سیمایە لەیەکتر جیادەکرێنەوە، وەک چۆن منداڵ سیفەت و لەیەکچوونیان لەگەڵ دایک و باوکیان هەیە، بەڵام هەریەکەیان سەربەخۆیی و شێوازی هەڵسوکەوت و نواندی خۆیان هەیە))(هەمان سەرچاوەی پێشوو، ١٢).

زمان ڕۆڵێکی ئەوەندە گرنگە، کە بۆتە ((ناسنامە و سۆپەرمانە و لەپاڵ ئەوەدا، ماوینەتەوە. هەرچەندە لەناو زمانەکەمان کنەو هەڵکۆڵین (Archeology) بکەین بەگوێرەی ئەوەی، خۆمان دەناسین، وەلێ خۆگیردان و ماتەڵکردنی بەدایلێکتییەکانی زمان – مەبەستم لە پەیڤدارا نییەتی – کۆسپی هەرە دژوار و دژ دەخاتە ڕێگەی دروستبوونی زمانی یەکگرتوومانەوە (ستاندارد) دەشێت و زۆریش لەمێژوودا ڕوویدابێت ڕێزمان (Grammar) لەکوۆی زۆرینەی نیە زاران یان کەمینەبێت))(سەراج، ٢٠١٢، ٨).

ئەگەر سەرنج بدەین ((پێویستە ئێمە لەوە تێبگەین، کە ڕۆمان نزیکترین ژانری ئەدەبییە لە واقیعی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتییەوە بۆیە لە زمانی گێڕانەوەدا زیاتر هەموو ئەو پێوەرانە بەکار دەهێنرێت، کە لە ژیانی ڕۆژانەماندا بوونی هەیە هەربۆیە باشترین شێواز لەزماندا بۆ ئەوەی ئەو

ناوەندە دروستە بێت بۆ گەیاندن هاوشێوەی زمانی ئاسایی خەڵکە، کە بەشێوازێکی جوان گوزارشتی لێوە بکرێت بەمەبەستی تێگەیشتنی هەموو چین و توێژە جیاوازەکانی کۆمەڵگە))(عوسمان، ٢٠٢١، ٥٧-٥٨).

کاتێک ڕۆماننووس ڕۆمانێک دەنووسێت تایبەتی ناکات بەکەسێک، یان چەند کەسێک، بەڵکو بۆ هەموو کەسێکە هەموو خوێنەرێک مافی خوێندنەوەی ڕۆمانەکەی هەیە، هەربۆیە پێویستە ڕۆماننووس بەو زمانە ڕۆمانەکە بنووسێت هەموو خوێنەرێک لێی تێبگات ((بەڵام ئەم بۆچوونە ئەوە ناگەیەنێت، کە زمانی گێڕانەوە ئەوەندە سادە و ساکار بێت و هاوشێوەی تەواوی زمانی ئاسایی بێت، بەڵکو لە زمانی ڕۆماندا پێویستە ڕەهەندی جیاواز هەبێت لە پێناو تێگەیشتن و بەرجەستەکردنی بوون لەنێو دەقدا، هەربۆیە مەرج نییە زمانی چنینی ڕۆشنبیر تەواو جیاواز بێت لە زمانی کەسانی ئاسایی، بەڵکو ئەوانیش بەشێکن لەخەڵک و هەڵگری هەمان خەسڵەتی ئەو زمانەن، کە خەڵکی ئاسایی پێی ئەدوێن. هەر لەبارەی زمانی ڕۆمانەوە (ئیسان وایت) دەڵێت: ((ڕۆمان زیاتر لەهەر ڕەگەزێکی ئەدەبی دیکە دووپاتی دەکاتەوە، کە ئەرکی زمان دەلالەتکردنە لە شتەکان و زیاتر پشت دەبەستی بەخستنە ڕوویەکی درێژ لەوەی پشت ببەستێ بەجوانکاری و کونکردنەوە ئەم بۆچوونە هەمان ئەو شێوازەیە، کە لە زمانی ڕۆژانەدا بوونی هەیە و هەموو وشەیەک لە پشتیەوە شتگەلێک بوونی هەیە و لە بری هەر دالێک مەدلولێکی هەیە))(هەمان سەرچاوەی پێشوو، ٥٨-٥٩).

ڕۆماننووس لە پێناو گەیاندن و تێگەیشتنی خوێنەر، واتە ئەو واقیعەی ،کە لە ڕۆمانەکەدا دەگێڕێتەوە بەشێوەیەکی سادە دەیگێڕێتەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئاستێکی ڕۆشنبیری خۆی نابێت لەدەست بدات هەر ((لەبەر ئەوەی خوێنەری گشتی زیاتر، کە ڕۆمان دەخوێنێتەوە دەیەوێت چێژ لە کارەکتەر و ڕووداو خەیاڵ وەردەگرێت نەوەک چێژی زمان، چونکە زمان بۆخۆی لە گێڕانەوەدا تەنها چێژ نییە، بەڵکو چێژی دەق دەبەخشێت بەهۆی بوونی توخمە سەرەکییەکانی کارەکتەر و ڕووداو و خەیاڵەوە، فراوانی و قوڵی توخمە سەرەکییەکانی ڕۆمان کاریگەری ڕاستەوخۆ کە سەر فراوانی و چێژی زمان دروست دەکات. ئەگەر زمان لە ڕۆماندا ئارایشتکراو بێت ئەوا خوێنەر ناتوانێت ئەو پەیوەندییە لۆژیکیانە لەنێوان کارەکتەرو ڕووداوەکاندا دروست بکات. بەمەش خوێنەر ئەوەندەی بەزمانەوە سەرقاڵ دەبێت وەک پێویست ناتوانێت ڕۆبچێتە ناو ڕووداوەکانی ڕۆمانەوە، چونکە بەکارهێنانی هونەری جوانکاری ڕەوانبێژی کارێکی ئەستەمە بەو هۆیەی، کە هونەرەکانی ڕەوانبێژی لەقسەکردنی ڕۆژانەماندا بوونی هەیە کاتێک زمانی ڕۆمان بەو هونەرە زیاتر ئارایشت دەکرێت ئەوا زمانی ڕۆمان دەبێت بە شیعرو لە خەسڵەتە سەرەکییەکەی خۆی لانەدات هەربۆیە پێویستە هەست بەو جیاکارییەی زمان بکەین لە نێوان شیعرو ڕۆماندا))(هەمان سەرچاوەی پێشوو، ٦٠-٦١).

دەبێت بوترێت، کە بەکارهێنانی زمانێکی باڵا یاخود زمانێک دوور لە زمانی ئاسایی ئاستی گەیاندنی هزر و مەبەست و پەیامی نووسەر، کە بۆ خوێنەر ئەستەمە! زەحمەت و ناڕوون دەکات.

زۆر جار ڕۆماننووس لە ڕۆمانەکەدا پەنادەباتە بەرزمانی ناوچەی بەهۆی ئەوەی ئەم کارەکتەرە لەم ناوچەیەدا ژیاوە، واتە گێڕەرەوە بە زمانی ناوچەیە گێڕانەوەکە ئەنجامدەدات. ئەمەش سودی خۆی هەیە، چونکە ((بەکارهێنانی وشەی زارەی ناوچویی دەبێتە هۆی دەوڵەمەند بوونی فەرهەنگ / قاموسی زمانی نەتەوەیی و، بەبڕشتبوونی زمانەکەو، دەرخستنی پتری نهێنییەکانی زمان و ڕوونکردنەوەی، مێژووی زمان لە ڕووی گۆکردنی وشە و ڕێزمان و تەنانەت دۆزینەوەی پێوەندی خودی زارە ناوچەییە جیاجیاکان خۆشیان، کە بەقازانجی یەکەتیی زمانی نەتەوەیی دەشکێتەوە، نەک پەرتبوون، ئەمە لە ڕووی سیاییەوە، لە ڕووی هونەریشەوە بەکاربردنی شێوازی ناوچەیی بۆ زمانێکی چەند دیالێکتی جیا جیای ناوچەیی و، زمانێکی ئەدەبی لەحاڵەتی سەبرورەی وەکو زمانی کوردیدا، دەشبێت بڵێم هەموو جارێک هەر بۆ مەبەستی سیاسی ناکرێ، بگرە هەندێ جار پێویستی هونەریش دەیسەپێنێ و زۆر مەدلولی هونەری و واتایی زۆر گرنگ بە دەق دەدا وەک: دەرخستنی باری دەروونی، ئینتیمای ناوچەیی، کارو پیشە، ئینتیمای ئاینی و ئاینزایی، باری کۆمەڵایەتی))(ڕۆژبەیانی، ٢٠١١، ١٨٨).

ئەمە جگە لەوەی، کە زۆرجار ڕۆماننووس ئاماژە بەکارەکتەرکە ناکات خەڵکی کوێیەو خەڵکی چ ناوچەیەکە، بەڵام بەهۆی بەکارهێنانی ئەم زمانە ناوچەییە بۆ خوێنەر ئاشکرا دەبێت، کە کارەکتەر خەڵکی کوێیە و یان سەربەکامە ناوچەیە !. بۆیە لێرەدا درک بەگرنگیی ئەم وشانە دەکەین، کە ڕۆماننووس بەکاری دەهێنێ، چونکە ((وشە لە ڕۆماندا ڕۆڵێکی جیاوازی لە شیعردا هەیە، وشە لە شیعردا بە خۆی و و بۆ خۆی ئامانجێکی هەیە، واتە بەپلەی یەکەم ڕۆڵێکی ستاتیکی هەیە بەمانای موزیک و ڕیتمی فۆرم. لە کاتێکدا ڕۆمان پشت بەو ڕۆڵەی وشە نابەستێت، هەرچەندە ئەگەر لەناو ڕەوتی خۆیدا و بۆ ئامانجێکی دوورتر بەو جۆرەها ڕێگری لێ ناکات. ئامانجی ڕۆمان بنیاتنانی کەسێتی و ڕووداوەکانە، بەجۆرێک نموونەی گیری ژیان بکەن وێنە خاوەنی هزری قەناعەت هێنان بەخوێنەر بەبوونی ئەو جۆرە کەسێتییانە و شیمانەی ڕوودانی هەمان ئەو ڕووداوانە لە واقیعدا))(زەنگەنە، ٢٠١١، ١٣).

لە ڕۆماندا زێتر گرنگیی بە ڕێکخستنی وشە واتا ڕیتمی گێڕانەوەکەیە، کە چێژ دەبەخشێت بە خوێنەر، ئەمەش وادەکات خوێنەر نەتوانێت بەئاسانی دەستبەرداری ڕۆمانەکە بێت و بەردەوام دەبێت تاکۆتایی ڕۆمانەکە.

زمان لە ڕۆمانەکەدا بەشێوەیەکی تاڕادەیەک سادە دەبینرێت، چونکە ئاستی گەیاندنی ئاسایی یە خوێنەر دەتوانێ بەئاسانی تێبگات لە ڕووداو کارەکتەر شوێن و کاتی ڕووداوەکانی نێو ڕۆمانەکە

هەرچەندە لە هەندێ شوێندا گێڕەرەوە زمانی ناوچەیی یان تێکەڵاوییەک دەبیندرێ لە ڕۆمانەکەدا بۆ نموونە لە پەرەگرافێکدا گێڕەرەوە دەڵێت: ((**ژنێک لەگوندی ئێمەبوو ناوی ئاسمەر بوو، لەگەڵ مێردی گرفت و بەزمی زۆر بوو، کەیەکەم منداڵی بوو کوڕەکەی خۆیان لەبەر هەڵگرت و لێیان سەندەوە و دایان بە مێردەکەی، لەبری زارۆی خۆی کوڕی ژنێکی تریان بۆ هێنا دایکی بەسەر منداڵەکەوە تیاچوو بوو، بابیشی نەمابوو، زاڕۆکێکی سورو سپی وجوان بەس، چونکە منداڵی خۆی نەبو ئاسمەر ڕقی لێدەبووەوە**))(عەلی، ٢٠٢٠، ٦٤٣).

ئەگەر سەرنج بدەین ئەو زمانەی، کە ڕۆماننووس بەکاری هێناوە زمانێکی سادەیە بەتایبەت لەم پەرەگرافەدا، چونکە ئاستی گەیاندنەکەی بۆ خوێنەر زۆر ڕوونەو، هیچ لایەنێکی زمانی باڵای تێدا نابیندرێ لە لەزمانی ڕۆژانە نیزیکە، بەڵام دیسان ئەگەر وردبینەوە گێڕەرەوە تێکەڵاوێک لەنێوانی زمانی ناوچەییەکاندا دروستکردووە، چونکە وشەی منداڵ لەیەکدێڕدا بە دوو ناوچەی جیاواز بەکار دەهێنێ بۆ نموونە هەر لەو شوێنەدا دەڵێت: (چونکە منداڵە لەبری زارۆی خۆی کوڕی ژنێکی دیکەیان بۆ هێنا دایکی بەسەر منداڵەوە تیاچوو)، واتە جارێک پەیڤی (زارۆ) بەکاردەهێنێ جارێکی دیکە هەردوای ئەمە وشەی (منداڵ) بەکاردەهێنێ، ئەمەش خۆی لەخۆیدا جۆرە تێکەڵییەکی دروستکردووە لەنێوان زمان و وشەی ناوچەیی ئەمەش تاڕادەیەک دەتوانین بڵێین زۆر شیاونییە یان ڕاست نییە، چونکە ئاڵۆزی و سەرلێشێوان بۆ خوێنەر دروست دەکات زۆرجار خوێنەر ڕەنگە کارەکتەر بگەڕێنێتەوە بۆ کوردانی باکور بڵێت ئەو بەو زمانە قسەدەکات لەهەمان کاتیشدا ڕەنگە بگەڕێتەوە بۆ سەر ناوچەی سۆرانی وسلێمانی بڵێت ئەم کارەکتەرە خەڵکی ئەوێ یە، بۆیە پێویستە ڕۆماننووس زۆر بەوریای و شارەزای مامەڵە لەگەڵ ئەو زمانەدا بکات، کە ڕۆمانەکەی پێدەنووسێت، چونکە هەر ئەم زمانەیە دەبێتە ناسنامەی کارەکتەرەکە لە ڕۆمانەکەدا پێی دەناسرێتەوە لێرەدا ڕۆماننووس نەیتوانیوە گێڕانەوەکە بەوردی پراکتیزە بکات، چونکە مامەڵەکردن لەگەڵ زمانی کارەکتەرەکەدا پێویستی بەئاگاییەکی ورد هەیە. لەبەکاهینانی زمانی کارەکەتەرەکان ناگونجێ کارەکتەر بەدوو شێوەزاری دیالێکتی بدوێت.

لەبەر ئەوەی ڕۆمانەکە ڕۆمانێکی واقیعی یە، کە مێژووی ژیانی کورد دەگێڕێتەوە لەباکوری کوردستاندا هەر بۆیەش ڕۆماننووس زمانێکی ئاسایی بەکارهیناوە بەجۆرێک ئەو زمانەی، کە لەژیانی ڕۆژانەدا بەکاردێ بۆگەیاندنی هەموو ئەو ڕووداو کارەساتانەی بەسەر کورد هاتووە بۆ نموونە گێڕەرەوە لە پەرەگرافێکدا دەڵێت: ((**کابرای سەر پێشوازی هوتێلەکە دوو دەمانچەکەی لەسەر سەری خۆی بینی ئەژنۆکانی کەوتنە لەرزین سوێند بەخوا بەس مارشاڵ نایف و هەقی سوناى لێرەن لەو دووانە زیاتر کەسی تر لای ئێمە ناخەوێت، مارشاڵیش نیوسەعات لەمەو پێش چووە دەرێ و نەیگوت دەچێت بۆکوێ...سوێند بەخوا درۆناکەم**))(هەمان سەرچاوەی پێشوو، ٦٤٩).

ئەگەر سەرنج بدەین لێرەدا ڕۆماننووس زێتر زمانێکی ئاسایی ڕۆژانەی بەکار هێناوە تاڕادەیەک زۆر لە زمانی ڕۆژانەی قسەکردن دەچێ، چونکە ئێمە لە ڕۆژانەدا زیاتر ئەو وشانە بەکار دەهێنین، کە لەم ناو کۆمەڵگەدا باوە نەک زمانی نووسین لێرەداش واتا لەم پەڕەگرافەدا ئەمە دەبینرێ بۆ نموونە لەبری وشەی سەعات دەتوانی کاتژمێر بەکاربهێندرێت، کە زێتر لەنووسیندا بەکاردێ سەعات لە زمانی ڕۆژانەی ئێمەدا بەکاردێت ئاماژەکان زۆر ڕوونە، کە زمانێکی ئاسایی بەکارهێناوە.

ئەمەش زێتر مەبەستی ڕۆماننووسە، تاوەکو بەجوانی ئەوەی هەیەتی بیگەیەنێ بەخوێنەرو هەموو چین وتوێژەکان لێی تێبگەن بەبێ جیاوازی ئەمە جگە لەوەی چێژێکی زێتری بەخوێنەر بەخشیوە، چونکە خوێنەر واهەست دەکات خۆی بەشدارە لە ڕۆمانەکەدا هەست بەبوونی خۆی دەکات، چونکە ئەو ڕیتم و ئیقاعەی، کە لە ڕۆژانەدا بەرگوێی دەکەوێ لە ڕۆمانەکەدا بەهەمان شێوە بەرجەستەیە، بەڵام لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا ڕۆماننووس توانیویەتی مەودایەک بهێڵێتەوە لە نێوان خودی خۆی و کارەکتەرەکەدا لێرەدا مەبەستم ئەوەیە ئەو زمانەی کارەکتەر قسەی پێدەکات ڕێک هاوتای ئەو زمانەی نەکردووە لەگەڵ زمانی کارەکتەری نێو ڕۆمانەکە ئەمانەش لێهاتووی و شارەزایی ڕۆماننووس دەردەخات لەبەکارهێنانی ئەم زمانەدا، کەواتە لێرەدا کارەکتەر زمانی تایبەتی خۆی هەبوو سیماو خەسڵەتی خۆی هەبوو، هەروەک چۆن منداڵ وەک کارەکتەر بەکاردەهێنێن لە ڕۆماندا ئەبێت ئەو زمانە بەکاربهێنن، کە سیماو خەسڵەتی منداڵ هەڵدەگرێ بێگومان ئەمەش لە ڕیتم و ئاوازو ئیقاعەکەیدا دەردەکەوێ ئەمە لەگەڵ ئەوەشدا زمانی بیگانە لە نێو ڕۆمانەکە دەردەکەوێ وەکو زمانی تورکی ئەمەش لەبەر ئەوەیە یاخود ڕوونتر بڵێن مەبەستی ڕۆماننووس ئەوەیە هەست بەبوونی کارەکتەر بکەین، کە توورکە واتە لە ڕێگەی بەکارهێنانی ئەم دەستەواژەیان ئەم وشە تورکیە ئاشنای کارەکتەرەکە دەبێت، کە تورکە بۆ نموونە لەپەرەگرافێکدا گێڕەرەوە دەڵێت: ((**تەمام قارداش، تەمام، وتارێکی زەریف بوو، وتارێکی جوان بوو ... بەڵام ئێوە دڵنیان، کە جووەکان دەستیان لەم مەسەلەیەدا هەیە؟**))(هەمان سەرچاوەی پێشوو، ٦٥٨).

ئەگەر سەرنج بدەین ڕۆماننووس هەر لەسەرەتادا بە دوو وشەی تورکی گێڕانەوەکە ئەنجامدەدات (تەمام، قارداش) بەواتای باشە هاوڕێ لێرەدا مەبەستی ڕۆماننووس زێتر ناساندنی کارەکتەرە بەخوێنەر خۆ ئەگەر ڕۆماننووس باس لەوەش نەکات کارەکتەر خەڵکی کوێیە، یان لەکوێ لەدایک بوو خوێنەر هەر زوو تێدەگات ئەم کارەکتەرە تورکە لە هەل و مەرجێکا، ئەگەر خوێنەر نەشی زانی ئەمە چی زمانێکە ڕۆماننووس لە نێو ڕۆمانەکەیدا بەکاری هیناوە خۆ تێدەگات، کە زمانێکی دیکەی جگە لە کوردی بەکارهێناوە بۆی ڕوون دەبێتەوە یان دەزانێت کارەکتەرەکە کورد نییە، ماسکی لە سەردەم و چاوی کارەکتەرەکە دانەناوە، کەواتە ڕۆماننووس بەوپەڕی وریایی و

شارەزاییەوە مامەڵەی لەگەڵ زمانەکەدا کردووە هەم زمامی ئاسای و زمانێکی جوان و پڕچێژ لەگەڵ ئەوەشدا زمانی ناوچەیش بەرچاو دەکەوت لە نێو ڕۆمانەکەدا.

لە پەڕەگرافێکی دیکەدا گێڕەرەوە دەڵێت: ((**پڕ بە دونیا هاواریدەکرد دلۆ ئیزمیرم، دلۆ هاڤار، لەڤی بوهارێ / مردن پڕ خۆشە دلۆ، هاڤار، لە ملکێ باڤێ**))(هەمان سەرچاوەی پێشوو، ٧٢١)، دیسانەوە ڕۆماننووس پەنا بردۆتە بەر زمانی ناوچەی، کە لە نێو ڕۆمانەکەیدا بەکاری هێناوە بێگومان ئەمەش زێتر دەبێتە هۆی دەوڵەمەندکردنی زمانەکە لە نێو ڕۆمانەکەدا و چێژ بەخشین بە خوێنەر هەرلێرەشدا دەردەکەوێ زمانی ئاسایی خۆی جیاکردووەتەوە لە زمانی کارەکتەرەکە ئەم بڕوایە لای خوێنەر دروستکردووە، کەخەسڵەتی کارەکتەرە کێیە و چۆنە.

لەپەرەگرافێکی دیکەدا دەڵێت: ((**لەبەردەم دەرگای ژوورێکدا وەستاوە ودەیەوێت بیربکاتەوە و ناتوانێت. دەیزانی ناوی (عیسمەت ئوکتای)یە، بەڵام ناوی خۆی وەک ناوێکی نامۆ هاتە بەرگوێ ڕۆژانی تر کاتێک هەڵدەستا ڕاستەوخۆ لە زۆرشت دڵنیابوو، لە ڕاستیدا بێ ئەوەی بیربکاتەوە لەهەموو شتیک دڵنیابوو، بەڵام ئەمڕۆ نازانێت ڕۆژانی پێشوو لەچی دڵنیابووە، ئەمڕۆ بەجۆرێکە خەریکە دەکەوێتە دوو دڵییەوە لەناوەکەی خۆشی**))(هەمان سەرچاوەی پێشوو، ٥) بەرلەهەموو شتێک، ئەگەر سەرنج بدەین گێڕانەوەکە لە زمانی گوێڕەرەوەیە باسی چۆنیەتی حاڵەتی کارەکتەرەکە دەگێڕێتەوە، کە چۆن کەوتوەتە دۆخیکی نالەبارەوە ڕۆماننووس بەزمانێکی زۆر سادە و ساکار و ئاسایی گێڕانەوەکە ئەنجامدەدات بەجۆرێک هەر ئاست و توێژێک بیخوێنێتەوە لێی تێدەگات ئەمەش سەرکەوتنی ڕۆماننووسە، چونکە گەیاندنی پەیام و گەیاندنی ماناو ڕووداوەکان بە خوێنەر دەبێتە هۆی پێکاندنی مەبەستەکەی بەپێچەوانەشەوە، ئەگەر زمانێکی وەهای بەکاربهێنایە، زۆر خەڵکی یاخود خوێنەر لێی تێنەگەن وئەودەم لە ئاستی ڕۆمانەکە دادەبەزێنێت، چونکە ڕۆماننووس نابێت تەنها بۆ خودی خۆی بنووسێ، بەڵکو دەبێت بۆ گشت بنوسێت سود بگەیەنێ بەکۆمەڵگاکەی لە ڕوانگەی مێژووی یان کۆمەڵایەتی یاخود سیاسی یان هەر بابەتێکی دیکە ئەمەش دەبێتە هۆی بەئاگا هاتنی میللەتەکەی، چونکە بمانەوێ یاخود نا، ئەوا نەوە دوای نەوە سەردەم دوای سەردەم مێژووی ژیانمان بەسەر دەچێت و دەڕوات.

ئەگەر ڕۆماننووس دەستی کرد بەنووسینەوەی ئەم ڕۆمانانە چ دەربارەی ژیان بێ یان هەر بوارێکی دیکە، وەکو نموونەیەکی زیندوو دەبێت لە کۆمەڵگادا بەتایبەت ڕۆمانە واقیعیەکان وەکو ئەم ڕۆمانەی (بەختیار عەلی)، کەباسی ژیانی قەتڵ و عامی کورد دەکات لە سەر ئەم زمانە هەرچەندە مێژوویە، بەڵام توانیویەتی نەوەکانمان بەئاگابێنێتەوە لەسەر ئەوەی چی بەسەر کورد هاتووە لەسەر ئەم زمانە و ناساندنی دوژمنانی کورد بەنەتەوەکەی هەموو ئەمانەشی کردووە لەڕێگەی زمانێکی پاراو ساکار لە پێناو گەیاندنی مەبەست و ئاکامەکەی ڕاستە هەندێ وشەی تورکی یاخود وشەی

بێگانە لە ڕۆمانەکەدا بەدی دەکرێت و بەرچاو دەکەوێت، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێ، کە ڕۆمانەکە ئاستی گەیاندنی لاوازە یاخود ڕادەی گەیاندنەکەی کەم کردبێتەوە، بەڵکو بەپێچەوانەوە زیاتر بۆتە هۆی ڕوونکردنەوەو بەواقیعی کردنی ڕۆمانەکە لە ڕێگەی زمانەکەوە.

گێڕەوە لە پەرەگرافێکی دیکەدا، کەبەزمانێکی تاڕادەیەک دەتوانین بڵێین بازاڕی گێڕانەوەکە، ئەنجام دەدات بۆ نموونە دەڵێت: ((**عسمەت بەدەنگێکی بەزو تورە شێرانی بەسەریدا من نەبووم بەکورد. من خوێنی تورکان لە لەشمدایە. تەنیا تووشی نەخۆشییەکی نەزانراو بوم، قەحبەیەک سیحری لێکردوم. دەبێت بەدکتۆرەکان بڵێم سۆناتای قەحبە بگرن. پیرەمێردێکە زۆر خراپ گیرۆدە بوو گووتی منیش هەمیشە وادەڵێم. لەترساندا وا بەمنداڵەکانیشم دەڵێم. زمانەکەم لەسەری خۆمدا، لەهۆشمدا سڕیوەتەوە، بەڵام ناڕوات. ئەوەتا بەشێکی هەر لەناومدایەو دێتەوە، دەرێ. تۆش یەکێکی لەئێمە شۆش یەکێکی زمانەکەت بیرخۆت بردۆتەوە، بەڵام ئێستا هاتۆتەوە سەرێ. عیسمەت بەتوڕەیی پیرەمێردەکەی لەدیوارەکە توند کرد و گووتی من خەڵکی نوشەهیرم قەت بەم زمانە گووەی تۆ قسەم نەکردوە** ))(هەمان سەرچاوەی پێشوو، ٦٤).

لێرەدا ڕۆماننووس ئەو وشانەی بەکارهێناوە، کە لەزمانی نووسین یا خود زمانێکی ڕەسمی بەکارنایەت، بەڵام ڕۆماننووس بۆ ئەوەی ڕۆمانەکە بەواقیعی بکات و ئەو هەستە لای خوێنەر بەرجەستە بکات، کەخۆدی خۆی لە ناو ڕووداوەکاندایە وشەکانی وەکو (قاحبە) یاخود (گوو) ئەمانە تەنها لەزمانی ڕۆژانەی بازاڕی و ئاستیکی نزمدا بەکاردێ، بەڵام لێرەدا ڕۆماننووس مەبەستێکی دیکەی بەکارهێناوە، کەپێشتر ئاماژەی پێنەکرد بۆیە بەواقیعی کردن و پەلکێشکردنی خوێنەرە بۆ نێو ڕۆمانەکە، کەواتە لێرەدا ئەو زمانەی، کە ڕۆماننووس گێڕانەوەکەی پێ ئەنجامدەدات زمانێکی سادەو ئاسایی و ڕۆژانەیە وەهەموو چین و توێژێک لێی تێدەگات. ئەم جۆرە زمانەش نابێتە هۆی ئەوە کەم ئاستی ڕۆمانەکە بهێنینە خوارەوە یان ببێتە هۆی لاوازی ڕۆماننووس، چونکە ئەمە توانا و هێز و سەلیقەی ڕۆماننووسەکەیە زۆر بە شارەزایی توانیویەتی خۆی و کارەکتەر و خوێنەر تێکەڵ بەواقیعیەتی ڕۆمانەکە بکات بەهۆی بەکارهێنانی زمانەکەوە.

## بەشی سێیەم:

## شێوازە جۆراوجۆرەکانی گێڕانەوە لەنێو ڕۆمانەکەدا:

-پاری یەکەم: شێوازی گێڕانەوەی دیالۆگ و مۆنۆلۆگ و خودی وبابەتی لەنێو ڕۆمانەکەدا.

-پاری دووەم: شێوازی گێڕانەوەی درامی ومونتاجی و ڕەمزی لە نێو ڕۆمانەکەدا.

## بەشی سێیەم:

## شێوازە جۆراوجۆرەکانی گێڕانەوە لەنێو ڕۆمانەکەدا:

## -پاری یەکەم: شێوازی گێڕانەوەی دیالۆگ و مۆنۆلۆگ و خودی وبابەتی لەنێو ڕۆمانەکەدا:

شێوازەکانی گێڕانەوە جۆارجۆرن چەندین شێوازی جیاوازمان هەیە، کە ڕۆماننووس ڕۆمانەکەی پێ دەگێڕێتەوە، هەروەکو چۆن نوسەر لە نووسیندا شێوازی تایبەتی خۆی هەیە، هەر ئەمەش وایکردووە جیای بکەینەوە لەنووسەرێکی دیکە، بەهەمان شێوەش لە گێڕانەوەدا جیاوازە، ئەمە جگە لەوەی گێڕانەوە لە بابەتێکەوە بۆ بابەتێکی دیکە دەگۆڕێت گێڕانەوە لەداستاندا یان لە چیرۆکدا یان لە ڕۆماندا جیاوازە، ئەمەش دەکەوێتە سەر ئارەزوو خواستی ڕۆماننووس، کە کام شێواز یان چەند شێواز بەکار دەهێنی. شێوازەکان زۆرو جۆراوجۆرن لێرەدا چەند شێوازێک دەستنیشان دەکەین.

## ١-شێوازی گێڕانەوەی دیالۆگ:

ئەم شێوازی گێڕانەوەیە، کە لەنێوانی دوو کەس دایە، واتە دەبێت گوێگرو قسەکەر هەردووکی ئامادەیی هەبێت. بەپێی فەرهەنگی ( ( The concise Oxford Dictionary of Literary terms ((دیالۆگ ئاڵوگۆڕی قسەکردنە لەنێوان کارەکتەرەکانی کارێکی درامی یان هەر کارێکی گێڕانەوە ... عادەتەن دیالۆگ لەنێوان دوو کەسدا دەبێت، یان فۆرمێکی ئەدەبییە لە پەخشان و بەیت و چیرۆک و ڕۆماندا))(BALDICK ,٢٠٠١ ,٦٥) . دەتوانین بڵێین، هەروەک چۆن کارێکی درامی یاخود شانۆیی بەبێ دیالۆگ ئەنجام نادرێت. بەهەمان شێوەش لە ڕۆماندا بەبێ دیالۆگ کارێکی ئاستەمە یاخود لاواز دەبێت، چونکە لەڕێگەی ئەم دیالۆگەوەیە زانیاریەکان ئاشکرادەبێت و بەخوێنەر دەگات.

((ئەگەر چی هەر لەسەرتاوە دیالۆگ پێکهاتەو توخمیکی سەرەکیی چیرۆک و ڕۆمان بووە، لێ ئەم تاتیبەتمەندییە بەیەک چەشن بەکارنەهێنراوەو خۆی لەشێوازی جۆراوجۆردا نیشانداوە))(شاکەلی، ٢٠٢٠، ١٣٣). هەرچەندە ((دایەلۆگ یەکێکە لەوتەکنیکانەی لەهونەری شانۆگەرییەوە هاتۆتە ناو ڕۆمان، ڕۆماننووسیش سودی لێ وەردەگرێت و بۆئەوەی لەچوارچێوەی پرۆسەی گێڕانەوەدا ڕووداوەکان بەرەو پێشەوە ببات . لەلایەکی دیکەشەوە زانیاری زیاتر دەربارەی کارەکتەرەکان بخاتە ڕوو، چونکە لە دایەلۆگدا کارەکتەرەکان هەندێ جار ڕاستەوخۆ قسەدەکەن بەبێ یارمەتی حیکایەتخوان، ئەمەش وادەکات خۆیان زانیاری دەربارەی خۆیان پێشکەش بکەن)) (خاڵەدیوە، ٢٠١٠، ١٨٩).

مەرج نییە ئەو زانیارییانەی، کەپێشکەش بەخوێنەر دەکات تەواو لە ژیانی ڕاستەقینەوە وەرگیرابن، چونکە زۆرجار گفتوگۆکان لە نێوان ئەم دوو کارەکتەرە دوورە لەواقیع یان خەیاڵ زادەن.

لێرەدا ((لەبەر ئەوەی قسەی کارەکتەرەکان وەکو ئاوێنەیەک وایەو هەموو ئەو ڕاستیانەی لەناوەوە نادیارە بەدیاردەخات. دیالۆگێکی کورت لەنێوان دووکەسدا، جیگای دەیان لاپەڕەی ڕاپۆتی دەگرێتەوە بۆ ڕوونکردنەوەو گوزارشت کردن قسەگۆڕینەوە لە نێوان کارەکتەرەکان بەچەندین شێوەیە وەکو پەیوەندی وگفتوگۆو ڕووبەڕوو و دایالۆگی شانۆییە. بەئالۆ گۆڕکردنی بۆچونەکان و گواستەنەوەی بیروڕاکان و خواست و ئارەزووەکانیش لەسەر بابەتەکە دەردەبڕێت، بێگومان لەجیاوازی بۆچونەکانیشدا ناسنامەو دەروونی کارەکتەرەکان جیا دەکاتەوە، چونکە لەگەڵ گواستنەوەی قسەکاندا لەڕێگەی جەستەی کارەکتەرەکانەوە خودی پەیام و مەغزاو تێڕوانینی کارەکتەریش دەگوازێتەوە))(جەمیل، ٢٠٢١، ٢٧٣-٢٧٤).

دایالۆگ یەکێکە لەو تەکنیکانەی چ لە نێو ڕۆماندا یاخود چیرۆکدا گرنگی و تایبەتمەندی خۆی هەیە، کە ڕۆماننووس و ((چیرۆکنووس پشتی پێ دەبەستێ بۆ جوڵاندن و ڕاگەیاندنی هەڵوێستەکان و بەڕێگەیەکی گونجاودا دەکرێ بۆ ئەوەی وەسف و هەواڵ و شیکردنەوەی پێویست بەدیمەن ببەخشێ، بۆیە بەگرنگترین سەرچاوەی خۆشی بەخشین و زیندوویەتی دادەنرێ بۆ چیرۆک ئەگەر چی لە دایەلۆگدا کارەکتەرەکان لەسەر بابەتێک گفتوگۆدەکەن، بەڵام دایەلۆگ تەنیا گفتوگۆکردن نییە، بەڵکو وەک: مەیدانی عەقڵ و شوێنی داهێنانەکانییەتی، سەرکەوتنیشی مانای بەدیارخستنی دەسکەوتەکانییەتی، کەواتا دایەلۆگ تەنیا گفتوگۆی تێدا ئەنجام نادرێت، بەڵکو شوێنی خستنە ڕووی جەوهەری عەقڵە، ئەگەر قووڵ و بەئەزموون و بەتوانابێت لە دەربڕین و هەڵوێستەکان ئەوا دەبێتە مایەی بەدەستهێنانی ئەنجامی باش، ئیدی یان لەشیوەی پرسیارکردنەو وەڵامی دەوێت، یاخود وەڵامی ناوێت بەنیشانەی سەرسوڕمان کۆتایی دێت))(موفتی، ٢٠١٢، ٢٠٢-٢٠٣) ،هەر بۆیە ناکرێت بڵێین دایالۆگ تەنها بریتییە لە پرسیارو وەڵام، بەڵکو زۆرجار گێڕانەوەی ڕووداوێکە کە قسەکەر و گوێگر ئامادەیی هەیە لەسەر ئەم بابەتی ڕووداوە گفتوگۆدەکەن ئەمەش دەبێتە دایالۆگێک، کە جێگەی سەرنج و وردبوونەوە دەبێت، دایالۆگ لەژیانی واقیعی ڕۆژانەی مرۆڤایەتیشدا ڕۆڵ و گرنگی بەرچاوی هەیە، چونکە یەکێکە لەهۆکارە سەرەکییەکانی بەهێزبوونی پێوەندییە کۆمەڵایەتیەکان، چونکە ((مرۆڤ وەک بوویەکی کۆمەڵایەتی، بەپێی سروشتی خۆی حەز بەدروستکردنی پەیوەندی دەکات پەیوەندی دەکات. واتە بۆئەوەی لەگەڵ دەوروبەرەکەیدا ئاشنایەتی پەیدا بکات سوود لەزمانی دایەلۆگ وەردەگرێت. بەم شێوەیسە دایەلۆگ یەکیکە لە هۆکارەکانی دامەزراندنی پێوەندی لە نێوان مرۆڤەکاندا واتە دایەلۆگ بنەمای دروستکردنی پێکەوەژیان و بەردەوامییە. بۆیە کۆمەولگە ناتوانێت بێ دایەلۆگ بەردەوام بێت.

ئەگەر ئەمە ڕۆڵی دایەلۆگ بێت لە ژیاندا، ئەوا بێگومان ئەم کاری گەرییەی ڕەنگدانەوی لەسەر ئەدەب و هونەریش هەیە))(صالح، ٢٠٢٠، ٢٤٣).

لەپاڵ هونەر و ڕەگەزی گێڕانەوە شێوازی دیالۆگ لەستوونە هونەرییە سەرەکییەکانی ژانرەکانی چ ڕۆمان و چ شانۆن،هەروەک ((چۆن گێڕانەوە بەبنەمای سەرەکی ڕۆمان دادەنرێت، هاوکات دایەلۆگیش بنەمای بونیادی شانۆیە. بەم پێیە دایەلۆگ یەکێکە لە ئامرازە گرنگەکانی بەرجەستە کردنی کەسایەتی، کە دەتوانێت ڕەنگ و ڕوخسارو شێوازی کەسایەتییەکان بەوەرگر ئاشنا بکات. ئەم بایەخەی دایەلۆگ هۆکارێک بوو، تاوەکو ڕۆماننوسەکان تەکنیکی دایەلۆگ لە شانۆ بخوازن و لە نێو دەقی ڕوماندا تەوزیفی بکەن. چونکە هۆکارێکە بۆ دەوڵەمەند کردن و فرە چەشنی گێڕانەوە، کە زۆر جار ئەو بابەتانەی لەتوانای گێڕانەوەدا نییە بیدرکێنێت. دایەلۆگ توانای ئەنجامدانی هەیە))(هەمان سەرچاوەی پێشوو، ٢٤٣-٢٤٤).

زۆر جار هەر لەڕێگەی ئەم دیالۆگەوە ڕوخساری کارەکتەر دەردەکەویَ لە هەڵچوون و باری دەروونی، چونکە زۆرجار گێڕەرەوە هەندێک دەستەواژە بەکاردەهێنێت وەک (مۆڕەیکرد، سوربویەوە، هاواری کرد...) ئەمانە ڕووخساری کارەکتەرەکە نیشان دەدەن لەکاتی گفتوگۆیەکەدا، لەگەڵ ئەوەشدا ((لە گێڕانەوەدا، دایەلۆگ، تایبەتمەندی خۆی هەیە و بایەخیکی گرنگ بەدەست دێنیَ بەهۆی ئەو ئەرکە درامییەوە ئەو توانایەی، کە هەیەتی لە شکاندنی وشک و برینگی قسەکردن بەجیاوازی نادیارکەماویەکی با دەستی بەسەر شێوازی نوسیندا گرتبوو. قسەکردن لە ڕێی دایەلۆگەوە دەبێتە هۆی ئەوەی لەدڵ و دەروونی خوێنەر نزیک ببێتەوە و زێتر سەرنجی ڕابکێشیَ، ڕێگەش لەبەردەم گێڕەرەوە ئاسانتر دەبێت، بۆئەوەی کارەکتەرەکان بەخوێنەر بناسینیَ، بۆیە دەکریَ دایەلۆگ وادابنریَ، کە پێوەرێکی دەروونی وردە، توانای پۆلێنکردنی دەروونیی کارەکتەرەکانی هەیە، بە بلیمەتی و ڕاستگۆیانە، جگە لە وێناکردنی کارەکتەرەکان و پەرەپێدانی ڕووداو دایەلۆگ شوێنێکە کارەکتەرەکانی لێوە بەدیاردەکەوێت بۆ لەیەکتر گەیشتن و قسە گۆڕینەوە، وادەبیَ قسەی یەکتر پەسەند دەکەن و هەندیَ جاریش نایکەن، خوێنەریش تێیان دەگات.))(موفتی، ٢٠١٢، ٢٠٣-٢٠٤).

هەر لەڕێگەی دیالۆگەوە، کە ئەرکێکی زۆر گرنگ دەبینیَ، لە دەستنیشانکردنی کەسێتیی نێو ڕۆمانەکە، چونکە لەکاتی پرسیارکردنی کارەکتەر دەستەواژەی (ڕەنگی گۆڕا، ڕەنگی زەردبوو ...) ئەمە دەردەخات بۆ خوێنەر، کە ئەم کارەکتەرە خاوەن کەسێتییەکی ڕاستگۆنییەیاخود شەرمنە.

((زمانی دایەلۆگیش لەبەر ئەوەی وێنای دەربڕینی خودی کارەکتەرە، نابێت وێنەی ڕاستەوخۆی ئەو زمانە سادەبێت، کەخەڵکی لە ئاڵوگۆڕی بیرو بۆچوونەکانیان گوزارشتی پێدەکەن، بەڵکو دەبیَ وێناکردنی خێرایی ئەو شتانە بێت، کە لەژیانی ڕۆژانەماندا ڕوودەدەن، هەروەک چۆن لەسەرجەم دەقی ڕۆماندا ڕەنگدەداتەوە باسی جیهانێک دەکات، کە لەزەینی نوسەردا دەیهێنیَ. لەبەر ئەوەی

هەرچەندێک ڕووی لێکچوونی لەگەڵ جیهانی واقیعدا هەبێت، هەرگیز دەقاودەق لەو جیهانە ناچێت، زمانی دایەلۆگیش بەهەمان شیوە، زمانی دەقێکی خەیاڵی یە و داهێنانی بیری ڕۆماننووس لەئاستی هەرکارەکتەرێک، کە گوزارشت لەبیرو بۆچوونەکانی دەکات، بۆیە ڕۆماننووس دەبێ زۆر وریا بێت)) (خاڵەدیوە، ٢٠١٠، ١٩٠).

بەکارهێنانی شێوازی دیالۆگ پێویستی بەشارەزایی و لێهاتووی ڕۆماننووس هەیە، هەرئەوە دەبێتە هۆی وەسفی کارەکتەر لە ڕووی کۆمەڵایەتی و دەروونیان بەرجەستەکردنی لە نێو ڕۆمانەکەدا، بە شێوەی گێڕانەوەی دیالۆگی. ((لەلێکۆڵینەوەی دیالۆگدا پێویستە بڕوانینە سروشتی زمانی بەکارهێنراو لە ڕووی ئاسانی و سەرپێی و دوورکەوتنەوە لە زۆر لەخۆکردن. هەروەها دەبێت جوت بێت لەگەڵ ئەو واقیعەی، کە ڕووداوەکانی ڕۆمانەکەی تێدا ڕوودەدات. وەلەگەڵ ئاستی ئەو کەسێتییەی، کە دیالۆگەکە دەگێڕێت گونجاوبێت))(ئەلرەحمانی، ٢٠٢١، ٧٩)، واتە ڕۆماننووس لەکاتی بەکارهێنانی ئەم زمانەدا، کەبۆ کارەکتەرەکە دایناوەو پێی دەدوێت دەبێت زۆر وریابێت، چونکە هەر کارەکتەرێک دەبێت بەزمانی ناوچەیی خۆی بدوێت. بۆ بەواقیعکردنی ڕۆمانەکە و جیاکردنەوەی لە زمانی تایبەتیی خۆی، چونکە ئاستی زمان لە نێو ڕۆماندا خاڵێکی، هەرە گرنگە بۆ سەرکەوتنی ڕۆماننووس.

ئەگەر سەرنج بدەین دەبینین ((نووسەرە پێشەنگەکانی ڕیالیزمی سیحری ئەمریکای لاتینی، پێیان وایە دیالۆگ یەکێکە لەوێنە خوازراوەکانی ئەوروپا، بۆیە لەزۆر لە ڕۆمانەکانیاندا بەشێوەیەکی زۆرکەم دیالۆگیان بەکارهیناوەو کارەکتەر زیاتر کەوتوەتە ئەستۆی گێڕەرەوە))(عەلی،٢٠١٢، ٢٨٨)، هەروەها دیالۆگ ((گفتوگۆی نیوان دووکەس یا زیاترە))(ڕەسول، ٢٠٠٥، ٦٩)، واتە دەکرێ گفتوگۆکە لەنێوان دووکەس یان زیاتر بێت ئەمە نەک هەر لەڕۆماندا، بەڵکو لە چیرۆکیشدا ئاوایە، بەم شێوەیە دیالۆگ ئەنجام دەدرێت. بەم شێوەیە ئەم شێوازە لەنێوان کارەکتەرەکاندا دروستدەبێت، کە زۆرجار لە چۆنیەتی دروستکردنی ئەم شێوازی گێڕانەوەیەدا ئەرکەکە دەکەوێتە سەرشانی گێڕەرەوە.

أحمد امین سەبارەت بەم بابەتە دەڵێت: ((پێویستە توخمێکی ڕێکخەر بێت لە ڕۆماندا لەڕووی بەرەو پێشبردنی ڕووداوەکان و وێنەکردنی کارەکتەرەکان و پەیوەندییان بە ڕووداوەکانەوە، هەروەها پێویستە گونجاوبێت لەگەڵ ڕۆمانەکەو ئەو هەڵوێستی تێدا پێشکەش دەکرێت، جگە لەوەی بەپەیوەندییەکی بەهێز بەکەسایەتی قسەکەرەوە بەسترابێتەوە ودەبێ ئاسان و چالاک و خۆش بێت، چونکە قسەکان بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ لەسەر زاری کارەکتەرەکانەوە دەدرکێنرێ سەبارەت بەو ڕووداوەی، کە دەیانەوێت گفتوگۆی لەسەربکەن، کەواتە لەم حاڵەتەدا بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ دەبێت، کارەکتەر خۆی بدوێت، یا بەپێچەوانەوە حیکایەتخوان هەڵدەستێ بەگێڕانەوەی ڕووداوەکان لەسەر زاری کارەکتەر بەگوێرەی ڕۆڵی کارەکتەرو حیکایەتخوان دەکرێ دوو جۆرە دایەلۆگ دیاری بکەیت: دایەلۆگی ڕاستەوخۆ، دایەلۆگی ناڕاستەوخۆ))(هەمان سەرچاوەی پێشوو، ١٩١).

## أ- دیالۆگی ڕاستەوخۆ:

ئەم جۆرە دیالۆگەیە، کە ڕۆماننووس هەڵدەستێت بە ئەنجامدانی، کە((جێناوی کەسی یەکەمی تاکی (من) بەکاردەهێنێت، چونکە ڕێگە بەکەسایەتییەکان دەدات خۆیان بدوێن و لە ڕێی دایەلۆگەوە بۆچوون و هەڵوێستی تازەی کەسایەتییەکان پێشکەشدەکات، بەتایبەتی لەڕێی کەسایەتی سەرەکییەوە کاتێ لەگەڵ کەسایەتییەکانی تری ناو ڕۆمانەکە گفتوگۆدەکات، جێناوی کەسی یەکەمی تاکی (من) بەکاردەهێنن. واتە لێرەدا کارەکتەرەکان ڕاستەوخۆ لەبەرانبەر یەکتر دەکەونە گفتوگۆ و بەبێ ئەوەی گێڕەرەوە لەسەر زمانی ئەوان گفتوگۆکانمان پێشکەش بکات.

هەندێکجار بۆ ڕوونکردنەوەی گفتوگۆی نیوان کارەکتەرەکان و جیاکردنەوەی قسەی هەردوولایان، لەسەرەتای هەر ڕستەیەکدا هێڵێکی بچووک بەم شیوەیە (-) دادەنرێت بۆئەوەی قسەی هەریەکەیانی پێناسرێتەوە))(سابیر، ٢٠٠٩، ١١٢). واتە لەم جۆری دیالۆگی ڕاستەوخۆیەدا گێڕەرەوە ئەو ڕۆڵە سەرەکییەی نییە، بەڵکو ئەوەی ڕۆڵەکەی دەگێڕێ کارەکتەرەکەیە، کە گفتوگۆیەکە ئەنجام دەدات. لە بەرامبەریشدا گوێگر هەیە.

دیالۆگی ڕاستەوخۆ ((گفتوگۆ کردن و دواندنی دووکەس یان زیاترە، کە ڕاستەوخۆ لەگەڵ یەکتر دەدوێن بەبێ ئەوەی گێڕەرەوە خۆی تێکەڵ بە پرۆسەی گێڕانەوەکە بکات، بەڵکو کارەکتەرەکان خۆیان ڕاستەوخۆ دەدوێن، هەرچەندە، دایەلۆگ بەهەرشێوەیەک بێت، کاری گێڕەرەوەیە ئەمەش هەر لەگەڵ زەمەنی ڕووداو دێتەدی، واتا کاتی ئێستای گێڕانەوەکە. ئەمجۆرە دایەلۆگە باوترین جۆری دایەلۆگە لەئەدەبی چیرۆکدا، چیرۆکنووس لە ڕێگەیەوە قسەی گفتوگۆکەران وەک خۆی دەگوێزێتەوە. دوور لەدەنگ و دەستێوەردانی گێڕەرەوە، کە لەڕێی ڕۆنکردنەوە و ڕاڤەکردن و پێناسەکردنەوە دەبینرێنەوە، ئەمجۆرە دایەلۆگە ڕۆڵێکی بنچینەیی دەبینێت لەپەرەپێدانی ڕووداودا، جگە لە وێنا کردنی واقیع وەک خۆی، بەهۆی پەردەلادان لەسەر ناخی کارەکتەر لەهەمان کاتدا یارمەتیدەریشە بۆ گێڕەرەوە، تاکو کارەکتەر خۆی لەخۆی بدوێ و بەنۆرە هەر جارەی یەکێکیان بدوێن ئەویدیکەش وەڵامی دەداتەوە (کاتی گێڕانەوە=کاتی چیرۆک)))(موفتی، ٢٠١٢، ٢٠٧-٢٠٨). لێرەدا ئەگەر سەرنج بدەین دەبینین گێڕەرەوە بەشێوەیەک وەردەگرێت، چونکە کارەکتەرەکان خۆیان لەگەڵ یەکدیدا دەکەونە گفتوگۆ و زانیارییەکان دەدرکێنن.

((ئەوەی جێگەی ئاماژەیە پێکردنە، هەندێ جار لە ڕۆمانی فرە دەنگدا حیکایەتخوان هەمووشت دەزانێ هەرچەندە ڕووداوی دەقەکە دەکەوێتە قاڵبی دیالۆگی ڕاستەوخۆشەوە، کەچی حیکایەتخوان، کارەکتەرەکان ڕەها ناکات، بەڵکو لەهەندێ حاڵەتدا لەپشت کارەکتەرەکانەوە دەڕوانێتە ڕووداوەکان)) (خاڵەدیوە، ٢٠١٠، ١٩١).

ئەو ڕووداوانەی، کەکارەکتەرەکان لە ڕێگەی دایەلۆگەکانەوە دەیخەنە ڕوو، هەر خۆیان دەبنە هەڵسوڕێنەری ڕووداوەکانی نێو ڕۆمانەکە و گێڕەرەوەش هەست بە بوونی ناکرێ، هەرچەندە گێڕەرەوە ((قسەی کارەکتەرەکان دەگوازێتەوە، دوور لەبەشداری حیکایەتخوان. واتە ئەرکی حیکایەتخوان وردەوردە بچوک دەبێتەوە))(جەمیل، ٢٠٢١، ٢٧٦). بەو پێیەش گێڕەرەوە ئەرکی سەرەکی بریتی یە لەنیشاندانی ڕووداوەکان، کە خۆی لە پشت پەردەوە حەشارداوە.

((سیمایەکی بەرچاوی ئەم جۆرە گفتوگۆیە، کە دەبێتە هۆی پاشەکشەو سنووردارکردنی دەسەڵات و دەنگی گێڕەرەوە لەپرۆسەی گێڕانەوەدا و کارەکتەرەکانیش بەئازادی خۆیان پێشکەش دەکەن و ڕاستگۆیانە گوزارشت لەخۆیان دەکەن، بەمشێوەیەش کارە ئەدەبییەکە بێلایەنی و واقیعییەتی زیاتر بەخۆیەوە دەبینێت . دەبێت ئەوەش بڵێین، کە گفتوگۆی ڕاستەخۆ بە گفتوگۆ بێگەردەکان – الحوارات الخالصة و گوتاری پێشاندراوی ڕاستەوخۆ ناودەبرێت، بەواتای ئەوەی، کە گفتوگۆیەکی خاڵی یە لە هەر وەسف و گێڕانەوەیەک لە لایەن گێڕەرەوە))(سەعید، ٢٠١٣، ٣٤-٣٥). واتە ئەرکەکە ئەکەوێتە سەرشانی کارەکتەرەکە، چونکە هەر خۆی بەڕێوەبەری دایالۆگەکەیە و بەسەربەستی پرۆسەکە بەئەنجام دەگەیەنێت.

ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت خوێنەر لەکاتی خوێندنەوەی ڕۆمانەکەدا. هەست بەبوونی ڕۆماننووس یاخود گێڕەرەوە ناکات، بۆیە وەسفەکان دەکەونە سەرشانی کارەکتەرەکە، چونکە ((لە گفتوگۆی ڕاستەوخۆدا توانای گۆکردنی وتەکانی قسەکەر، چ لەکاتی قسەرکردن یان وەستان و بێدەنگیدا، یانیش لە ئاماژە پرسیارو وەڵامدا، واتە لەکۆی پرسەی پەیوەندیکردندا، بەڕوونی دەردەکەوێت، چونکە لەبنەڕەتدا گفتوگۆ جۆرێکی پەیوەندیکردنە کەتیایدا کەسەکان بەنۆبەت دەبن بەنێرەرو وەرگر لەبەر ئەوە سیمای (گۆکردن) دیارترین سیمایە، کە گفتوگۆی ڕاستەوخۆ لەتەواوی جۆرەکانی دیکەی گفتوگۆیەدا بە گۆکراوێکی گفتوگۆی ڕاستەوخۆ دادەنرێت))(هەمان سەرچاوەی پێشوو، ٣٥).

لەسەر ئێمە پێویستە ((هەڵوێستەیەک لەسەر ئەو پێوەندییەی نێوان گێڕانەوەو دایەلۆگ بکەین. واتە پێویستە ڕۆماننووس هاوسەنگی ڕۆمانەکە لە نێوان گێڕانەوەو دایەلۆگدا ڕابگرێت. چونکە تەنیا پشت بەستن بەگێڕانەوە خوێنەر دووچاری سستی و سارد بوونەوە دەکات، بە مانایەکی تر چێژی دەقەکە لای وەرگر دەکوژێت، چونکە خوێنەر واهەست دەکات، کە دەقەکە لەسەر یەک ڕیتم دەڕوات و هەمیشە چەشنی تێدانییە. هاوکات نابێت ڕێگەی بە دایالۆگ بدرێت پانتایی ڕۆمانەکە قۆرخ بکات، چونکە ئەم زیادە ڕوییە ڕۆمانەکە زیاتر لەسروشتی دراما نزیک دەکاتەوە وناسنامەی ڕۆمان لە دەقەکە وەردەگرێتەوە))(صاڵح، ٢٠٢٠، ٢٤٦). دەبێت دیالۆگ بێتە هۆی بەخشینی سود و چێژ بە ڕۆمانەکە نەک تێکدانی شێوازی گێڕانەوەکە، کە ئەمەش لەئاستی ڕۆماننووس دەهێنێتە خوارەوە، هەر

بەم پێیە دەبێت ڕۆماننووس زۆر ورد بێت لە بەکارهێنانی دیالۆگ چ ڕاستەوخۆبێت یاخود ناڕاستەوخۆ.

دیالۆگی ڕاسەتەخۆ لە ڕۆمانی (داگیرکردنی تاریکی)دا لە چەند شوێن و پەرەگرافێکدا بەرچاو دەکەوێ، بۆ نموونە گێڕەرەوە لە پەرەگرافێکدا ئەم جۆرەی دیالۆگەی بەکارهێناوە دەڵێت: ((**پێش ئەوەی جگە لە تورکی چی زمانێکی تری زانیوە؟ هیچ زمانێک جەنابی وەزیر. ئاخۆ ویستویەتی شتێک بڵێت و هەستیکردبێت ناتوانێت بە تورکی گوزارشتی لێبکات؟. ناگەورەم هەمووشتێکم بەتورکی دەگوت، بیرم نایەت شتێکم لێ عاسی بوبێت. چەند جار لە ژیانیدا سەفەری ڕۆژهەڵاتی ئەنادۆڵی کردووە؟ هیچ جارێک جەنابی وەزیر هیچ جارێک . ئەی سەفەری دەرەوەی وڵات؟. نەخێر جەنابی وەزیر هەموو ژیانم هەر لەتورکیادا ژیاوم چ جۆرە کتێبێک دەخوێنیتەوە؟ من کتێب ناخوێنمەوە جەنابی وەزیر. هەرگیز هەستت کردووە مرۆڤێکی بەدبەخت و نابەختەوریت لەبەر ئەوەی تورکیت؟. من زۆر بەختەوەرم، کەتورکم جەنابی وەزیر. هەست دەکەیت ئەم زمانەی ئێستا قسەی پێدەکەیت زمانە یان هەروەک دەنگی حەیوانات وایە؟. هەست دەکەم زمانە جەنابی وەزیر، زمانێکە دەتوانم هەمووشتێکی پێبڵێم. دەتەوێت بتخەینە ناو خەڵکێکەوە بەم زمانە قسەدەکەن؟ نا جەنابی وەزیر نامەوێت. ئەی چیت دەوێ؟ دەمەوێت تورکی فێر ببمەوە جەنابی وەزیر**))(عەلی، ٢٠٢٠، ٩٢).

سەرەتا دەبێت لێرەدا ئاماژە بەوەبکەین ،هەر لەسەرەتاوە تاوەکو کۆتایی گفتوگۆکە بەو پرسیارو وەڵامانە دەستپێدەکات. واتە پرسیار لەکارەکتەری سەرەکی دەکرێت و چاوەڕێی وەڵام دەکرێت، کە قسەکەرو گوێگر ئامادەیی هەیە، بەڵام گێڕانەوەکە یاخود گفتوگۆکە لەسەر زاری کارەکتەرەکانەوە ئەنجام دەدرێ واتە لە نێوان دووکەس بەردەوامی دەبێت. بەشێوەیەک هەست بەبوونی گێڕەرەوە ناکرت. لەم پەرەگرافەدا، هەرچەندە گفتوگۆیەکی دوورو درێژە، چونکە کۆمەڵێک پرسیارو وەڵام لەئارادایە. کاتێ خوێنەر دەست دەکات بەخوێندنەوەی ئەم پەرەگرافە درێژە هەست دەکات کارەکتەرەکان وەکو وێنەیەک لەبەرچاوی خوێنەر گفتوگۆکە ئەنجامدەدەن. خۆشی بەشدارە لەگەڵیاندا، وەکو گوێگرو چاودێری ئاگاداری هەموو بارودۆخ و پرسیارو وەڵامەکانە، کەگێڕەرەوەش لەپشتەوە وەستاوە.

هەرچەندە ئەم گفتوگۆیە لەنێوان عیسمەت ئۆکتای و وەرگێڕەکە و وەزیرەکەدایە، واتە سێ کەس ئامادەیی هەیە. لێرەدا کاتێ ئەو هەموو پرسیارەی ئاراستەی کارەکتەرە سەرەکییەکە دەکرێت، بۆ ئەوەیە بزانرێت یاخود زانیارییەکیان دەستکەوێ، بۆ ئەم بارودۆخەی، کەکارەکتەرە سەرەکییەکە تێیکەوتووە ئەویش بیرچونەوەی زمانەکەیەتی، کارەکتەر خودی خۆشی نازانێت بۆ ئاوای بەسەرهاتووە، بەڵام لە ڕێگەی ئەم پرسیارانەوە دەیانەوێت ئەنجامێکیان دەست بکەوێت. ئاخۆ کارەکتەر هیچ کات مەیلی بۆ ئەم زمانە هەیە. یاخود هەستی خۆشەویستی بۆ ئەم زمانە هەیە .هەموو

ئەمانە دەبنە کردنەوەی دەرگایەک، بۆ بەخشینی زانیاری شاراوە هەروەها کارەکتەر لە ڕێی جێناوی کەسی یەکەمی تاکەوە، کەچەند جارێک بەکاردەهێنێت و وەڵام دەداتەوە. ئەمەش وای کردووە گفتوگۆ و دیالۆگەکەمان ببێتە دیالۆگێکی ڕاستەوخۆ، لەگەڵ ئەوەشدا خوێنەر هەستدەکات ئەم گفتوگۆیە یاخود دیالۆگە لە نێوان کارەکتەرەکان خۆیاندایە و بەبێ بوونی ڕۆماننووس یاخود گێڕەرەوە لەنێو دەقی ڕۆمانەکەدا، ئەو بیسەری دەبێت.

لەپەرەگرافێکی دیکەدا، کە بەشێویەکی دیالۆگی ڕاستەوخۆ ڕۆڵی دوو کارەکتەر دەردەکەوێ، کە گفتوگۆ دەکەن کارەکتەرەکان بەناوی مەهدی و زەکی ڕەزا، کە کارەکتەر مەهدی تەرجومانەو لەم گفتوگۆیەدا بەزەکی دەڵێت: ((**ڕەنگە ڕۆژێک لەڕۆژان بەهۆی ئەم وانانەی منەوە تۆش تیابچیت، ڕەنگە ڕۆژێک بتکوژن. ڕاستە زمانیکی زۆرترسناکە، ترسناکترین زمانی دونیایە. وای مامۆستا ڕەنگە لەسەر هیچ زمانێک ئەوەندە خەڵک نەکوژرابێت وەک لەسەر ئەم زمانە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەمەوێت فێربم ... خوای گەورە لەزمان ناچێت، لەوەدەچێت مرۆڤ بیەوێت فێری دروستکردنی بۆمبا یان ڕاکردن بێت بەکێڵگەیەکی میندا. شتەکان کۆبکەرەوە، سبەی دوای ناشتنی تەرمەکە دەبێت لێرە بڕۆین، دەگەڕێینەوە ماڵی خۆم و لەوێ سەیردەکەین دونیا بەرەوکوێ دەڕوات، چیتر ناتوانین لێرە بمێنینەوە. بەڵێ مامۆستا دەبێت یەکێ لەدیاربەکر بدۆزینەوە بێت و خزمەتی ورچەکە و ماڵەکە بکات تا بزانین موڵکییەتی کۆشەکە بەچ لایەکدا دەکەوێت . وادەکەین، مامۆستا، وادەکەین. ئەم فرزندە بەگە زۆر بەدبەختە. ئێستا کە عەلی ئیحسان مردووە چۆن دەتوانێت بژی؟. نازانم، بەڕاستی بەدبەختە. بەڵام سبەی شەو ئێمە لێرە نابین، هەست ناکەم ئیتر کۆشکەکە شوێنێکی ئەمین بێت**))(هەمان سەرچاوەی پێشوو، ٦٨٩-٦٩٠).

ئەگەر لێرەدا سەرنج بدەین ،ئەم گفتوگۆیە یان ئەم دیالۆگە، کە لەنێوان ئەم دوو کارەکتەرەدا ئەنجامدەدرێت. بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆیە، چونکە هەست بەبوونی گێڕەرەوە ناکەین، بەڵکو کارەکتەرەکان جموجوڵیانە بونیان لەنێو ڕۆمانەکە هەستی پێدەکرێ، هەروەها هەرچەندە کارەکتەر مەهدی بەزەکی ڕەزا دەڵێت: (ڕەنگە ئەو زمانە کۆتایی بەژیانت بهێنێت)، واتە زانیارییەک بەگوێی کارەکتەرەکەدا دەگەیەنێت، کە زمانی کوردی لەو سەردەم و قۆناغەدا ترسناکترین زمان بووە ،بەلام زەکی لە وەڵامدا دەڵێت: (دەمەوێت فێری بم)، هەرچەندە لەترسناکیی زمانەکەش تێدەگات.

یەکێکی دیکە لەو زانیارییانەی، کە لە ڕێگەی ئەم دیالۆگەوە ئاشکرا دەکرێت. ئەویش بەجێهێشتنی کۆشکی ئاکانسویە، کە کارەکتەر ئەوە ڕادەگەیەنێت، کە مانەوەی لەوێ ئیتر ترسناکە ،بۆیە بڕیار دەدات بگەڕێنەوە ماڵەکەی خۆی .هەرلێرەدا زانیاری دەدرکێنێ سەبارەت بەورچەکە ئاخۆ کێ هەیە ئاگاداری بێت. ئەوەش بە خوێنەران ڕادەگەیەنێ، کە کەسێک دەدۆزیتەوە خزمەتی هەم

کۆشکەکە هەم ماڵەکەی ئاکانسۆ بکات. بەم پێیە دەبینین دایالۆگ پانتاییەکی زۆری داگیرکردووە و ئەمەش وای کردووە ڕۆڵی هەبێت. لەبەروپێشچوونی ڕووداوەکانی نێو ڕۆمانەکە.

گفتوگۆی نێوان عەلی ئیحسان و عیسمەت ئۆکتای، کە دایەلۆگێکی ڕاستەوخۆ ئەنجام دەدەن لەزاری ئەم دوو کارەکتەرەوە، کە عیسمەت بە پرسیارێک دەست پێدەکات. بە دایالۆگەکەوە دەڵێت: ((**تۆ زیاتر جاسوسی تا تەرجومان پێت وانییە؟. ئەگەر سەیر بکەین لەبنەڕەتا جیاوازییەکی زۆر لەنێوان کاری جاسوسی و تەرجومانیدا نییە، هەموو جۆرە کارێکی وەرگێڕان جۆرێکیشە لە جاسوسی. ئا بەڵێ بەڵێ. ئەم قسانەتان فێردەکەن بۆئەوەی هەست بەگوناە نەکەن. پێم بڵێ تاکەی من لێرە دەبم؟ کێ چوزانێت؟ هیچ کەس نازانێت ئێستا تۆ بەتەنیانیت، ڕۆژانە نەخۆشی تر دەهێنن لە شوێنی ترو شاری ترەوە، بەشێک لە کەرەنتینەکە خەریکە پڕ دەبێت. بۆ تێکەلمان ناکەن تالاینی کەم قسە لەگەڵ یەکدا بکەین، هەست ناکەن لە چ حاڵێکدایت؟. دەترسن. بەڕێوەبەرانی ئێتر دەترسن پێیان وایە گەر پێکەوە قسەتانکرد، دوور نییە بیر لەیاخی بوون بکەنەوە. بیستوومە دەڵێن ئەوروپییەکان کاتیک لەکەتنی گەورەدا کۆیلە ئەفریقیاییەکانیان بەرەو ئەمریکا گوازتەوە، هەوڵیان دەدا ئەو کۆیلانەی زمانی یەکتر دەزانن لە نزیکی یەکەوە نەبن تا ئاژاوە نەنێنەوە .. لێرەشدا وادەکەن**))(هەمان سەرچاوەی پێشوو، ١٧٤).

لێرەدا دایالۆگە، کە بەشێوەیەکی پرسیارو وەڵام دەستپێدەکات و هەمووشی لەسەر زاری کارەکتەر خۆیەتی کارەکتەر عیسمەت ئۆکتای یەکێ لەو پرسیارانە ئاراستەی عەلی ئیحسان دەکات. ئەوەیە دەیەوێت بزانێت چەندێک لەم شوێنەدا دەمێنەێتەوە، واتە دەیەوێت لەم کەرەنتینە ڕزگاری بێت، بەڵام عەلی ئیحسان لەوەڵامدا، هیچ زانیارییەکە پێویست ناخاتە بەردەم کارەکتەر و خوێنەر. دواتر کارکەتەر پرسیارێکی تر دەکات. وەک ئەوەی دەپرسی ئەی، بۆ ئەوانەی وەکو من نەخۆشن یاخود زمانیان بیرچووەتەوە تێکەڵمان ناکەن. لێرەدا کارەکتەر زانیارییەک ئاشکرا دەکات و دەیەوێت لەو ڕێگەیەوە سیاسەتی تورک بەخوێنەر بناسێنێت.

ئەو سیاسەتەی، کەچۆن ئەوروپییەکان، لەگەڵ کۆیلە ئەفریقیەکان پەیڕەویان کردووە ئەمانیش هەمان سیاسەت دەخەنەگەڕ، هەرلەگەڵ ئەوەشدا زانیارییەکی دیکە دەخاتە بەردەم خوێنەر و کارەکتەرەکە ئەوەیە، کە ناهێڵین ئەم تێکەڵ بوونە ڕووبدات، چونکە دەوڵەتی تورک ترسی یاخی بوونی کوردەکانی هەیە و ببن بەیەک دەنگ و پەلاماری دەوڵەتی تورکی بدەن هەموو ئەم دایالۆگە، لە ڕێگەی ئەو دوو کارەکتەرە دەبرێ بەڕێوە، کە کارەکتەر بە شێوەیەکی ئازادی و سەربەستی پرسیارەکان دەکات. دیدو هەستەکانی خۆی ئاشکرا دەکات. سەبارەت بەو واقیعەی، کە تێی کەوتووە، لە ڕێگەی دایالۆگی ڕاستەوخۆوە.

## ب- دیالۆگی ناڕاستەوخۆ:

لەم جۆرەی دیالۆگدا هەست بەبوونی ڕۆماننووس، یاخود گێڕەرەوە دەکەین و بوونی لە نێو ڕۆماندا هەیە، چونکە ((حیکایەتخوان هەڵدەستی بەگێڕانەوەی ڕووداو لەسەر زاری کارەکتەرەکان، وەکو ئەم پرۆسەی گیڕانەوەیەش بەجیناوی کەسی سێیەمی (تاک و کۆ) ئەنجام دەدات، بەبەکارهێنانی دەستەواژەی وتی –وتیان –پرسی-دەڵێ ... هتد یاخود هەندێ چار ڕاستەوخۆ ئاماژە بەناوی کارەکتەرەکان دەکات. لەم جۆرەی گێڕانەوەیەدا، حیکایەتخوان ڕووداوی ڕابردومان لە ئێستای گێرانەوەدا بۆ دەگێڕێتەوە، کە دەبێتە هۆی ڕونکردنەوەی هەلوێستی کارەکتەرەکان لە ئاستی ڕووداوەکاندا و چۆنیتی بەرەو پێشچوونی ڕووداوەکان، چونکە مەبەستی ڕۆماننووس لەم جۆرە دایەلۆگە گفتوگۆی حیکایەتەکە نییە، بەڵکو مەبەستی گەیاندنی ناوەڕۆکەکەیەتی .))(خاڵەدیوە، ٢٠١٠، ١٩٨).

ئەم جۆرە دایالۆگەی دی هەر وەکو دایالۆگی ڕاستەوخۆ لە نێوان دووکەس یان زێتر ئەنجامدەدرێت... هەر بەم پێیە ((ئەم دایالۆگە دووبارەکردنەوەی قسەی کارەکتەرەکانە لەگەڵ تیکەڵ کردنی گۆڕانکاری کە لە ڕابردودا ڕوویداوە، چونکە دایەلۆگی ناڕاستەوخۆ قسەرو ڕووداو وجوڵەی کارەکتەرەکان کە لە ڕابردوو ڕوویانداوە دەگوێزیتەوە بۆ کاتی ئێستا لەگەڵ هێشتنەوەی پەیکەرو بیرو وێنەی دایەلۆگەکە وەک خۆی، مەرج نییە هەر لە ڕابردووبێت، دەکرێ باس لەداهاتووش بکات. ئەوەی پێویستە لەڕووی خاڵبەندییەوە بکرێت بۆ جیاکردنەوەی دایەلۆگی ناڕاستەوخۆ لە ڕاستەوخۆ، دایەلۆگی ناڕاستەوخۆ بخرێتە ناو دووکەوانەی زۆر بچووک وەک لە خوینەدەنەوەی ڕۆمانە جیهانییەکاندا بەرچاو دەکەوێ، بەڵام لە چێرۆکە کوردییەکان بەگشتی و لەهەندێ چیرۆکەکانی چیرۆکنووسدا بەتایبەتی ڕەچاوی ئەمە نەکراوە))(موفتی، ٢٠١٢، ٢١٤).

ئەم جۆرە دیالۆگەش خاسییەت و تایبەتمەندیی خۆی هەیە، هەر ئەوەش جیای دەکاتەوە لە جۆرەکەی دیکە، کە ((خاسییەتی ئەم جۆرە دایەلۆگە کورتیو پوختییە نەک درێژدادڕی لەگەڵ شێوازی ناڕاستەوخۆ، کۆمەڵێک ڕووداوی هەڵبژاردە لەدەقە درێژەکان کورت دەکاتەوە، چونکە چیرۆکی کورت لەهەموو جۆرە ئەدەبییەکان زیاتر پێویستی بەم پوختەیە هەیە بۆیە ئەم شێوازە زیاتر وەردەگرێ، چونکە لەگەڵ خاسیەتەکانی دەگونجێ. ئەو دیمەنەی دیالۆگەکە وەری دەگێڕێ، لەسەدا سەد جێی باوەڕ نییە، چونکە دایەلۆگەکە چەند جاربگێڕێتەوە هەرجارەی بەجۆرێک دەبێ و هەموو دایەلۆگەکەش بە درێژی ناگێڕێتەوە، بەڵکو لەسەر شتە سەرەکی و کۆکییەکانی چیرۆکەکە کورتتر دەکرێنەوە واتە ئەوەی زۆر پێویستە هەر بۆیە لە کاتی چیرۆکەکە کورتتر دەبێتەوە لەبەر ئەوەی دایەلۆگەکان دەماودەم نەگێڕنەوە))(هەمان سەرچاوەی پێشوو، ٢١٤ -٢١٥).

زۆرجار، لە دایالۆگدا درێژدادڕی تێدا دەکرێت، کە ئەمەش کارێکی ئاساییەلە دایالۆگدا، کە لەڕێگەی ڕۆماننووس یاخود گێڕەرەوە بەئەنجام دەگەیەندرێ، هەر ئەویشە ڕۆڵ دەبینێ لەگەیاندنی زانیارییەکان. ئەم درێژدادڕییە نابیندرێ، چونکە تەنها ئەوانەی پێویستە دەیخاتە بەرچاوی خوێنەر و ،بۆئەوەی خوێنەر نەگاتە ئاستی بێزاری و وەڕەسی.

ئەم جۆرەوی دایالۆگە لە ڕۆمانەکەدا بوونی هەیە و بەشێوەیەکی بەرفراوان ،بۆنموونە گێڕەروە لە پەرەگرافێکدا دەڵێت: ((**لێی پرسی عیسمەت نەخۆشی؟. عیسمەت بەغەمگینی سەیریکردو نەیوێرا بڵێ تێناگەم، بەڵام وەک بەهەست لە پرسیارەکە گەشتبێت و بەو زمانەی ئویزار لێی تێنەدەگەشت گووتی هەستدەکەم نەخۆشم**))(عەلی، ٢٠٢٠، ٦).

لێرەدا، ئەگەر سەرنج بدەین، دەبینین گێڕەرەوە یەکسەر بە پرسیار دایالۆگەکە دەستپێ دەکات، واتە پرسیار لەکارەکتەری سەرەکی دەکات. بارودوخی چۆنە لەحاڵ و تەندروستی دەپرسێ ،هەر وەکو چۆن دەستەواژەی (لێی پرسی) ئەمە دەستەواژەیە، کە بۆ دایالۆگی ناڕاستەوخۆ، هەروەها هەرلەوێدا زانیارییەک، بۆ خوێنەر ئاشکرا دەبێت ئەویش تێکچوونی بارودۆخی عیسمەتە، کە وردە وردە بارودۆخی دەروونی بەرەو نائارامی و شەڵەژان دەڕوات. هەرچەندە دایالۆگەکە بەپرسیار دەستی پێکردووە ئاماژەیە، بۆ ئەوەی، کە گوێگری هەیە. لە بەرامبەرداو چاوەڕێی وەڵام دەکات. دیسان لە وەڵام دا گێڕەرەوە دەستەواژەیەکی دیکە بەکاردەهێنێ، کەئاماژەیە ،هەر بۆ دایالۆگی ناڕاستەوخۆ وەکو (گووتی)، هەر بەم پێیە خوێنەر ڕاستەوخۆ تێیدەگات. ئەم دایەلۆگە لەسەر زاری گێڕەرەوە یاخود ڕۆماننووس ئەنجامدراوە، چونکە ،ئەگەر وردبێت لەپەرەگرافەکە ڕێک ڕۆماننووس، یاخود گێڕەرەوە قسەدەکات، کە دووبارە کردنەوەی دایالۆگی نیوان کارەکتەرەکانە،هەروەها زۆر بەئاسانی و ڕوون و ئاشکرا هەست بە گێڕەرەوە دەکەین. خۆی تێکەڵ بە پرۆسەی و گفتوگۆ دەکات، بەڵام گفتوگۆکەیان لەسەر زاری ئەم دوو کارەکتەرە خۆیان نین، بەڵکو لەسەر زاری گێڕەرەوە دەبێت. هەر بۆیە لێرەدا گێڕانەوەکە شێوازی دایالۆگی ناڕاستەوخۆ وەردەگرێ.

لەگفتوگۆیەکی نێوان هەردوو کارەکتەر: (عەلی ئیحسان) و (ئارسین)دا. ئەم جۆرە دایالۆگە بەدی دەکرێ ،بۆنموونە عەلی ئیحسان لەبارەی ئەم جەنگەی بەڕێگاوە بوو دەپرسێت و دەڵێت: ((**ئارسین تۆ دڵنیایت لەبڵاوبونەوەی ئەم دەردە جەنگیکی نەتەوەیە لە نێوان گورگە بۆرەکان و کوردەکان هەڵناگیرسێنێت، من بۆنی شەڕی خوێناوی دەکەم. ئارسین لەجیگای خۆی هەستاو وەک بیەوێت عەلی ئیحسان لەچاوی و لە باڵاو لەدەستیدا تەواوی تواناو ئیرادەی ببینێت. جەنگ نیشانەی هەستانەوەی میللەتە، وانییە؟. بەڕەنگێکی ئاهەنگگەرا، وەک مژدەیەکی گەورە بدات بەبراکەی گوتی بەڵێ جەنگیکی شۆڕشگێرانەی گەورە بەڕێگاوەیە**))(هەمان سەرچاوەی پێشوو، ٥٧٨-٥٧٩).

ئاشکرایە گفتوگۆ یاخود دیالۆگی نێوان کارەکتەرەکان، لەشێوەی پرسیارو وەڵام بەدەستپێ دەکات، واتە یەکێک پرسیار دەکات و یەکێکی دی وەڵام دەداتەوە. لەم حاڵەتەشدا پێویستی بە گوێگرو قسەکەر هەیە. لێرەشدا دیارە بەڕوونی، کە گفتوگۆیەکە یان دیالۆگەکە لە زاری گێڕەرەوەیە، چونکە هەروەک پێشتر ئاماژەمان پێدا چەند دەستەواژەیەک هەیە بۆ ئەم جۆری دیالۆگە، کە ڕۆماننووس لەم پەرەگرافەدا بەکاری هێناوە. وەکو (پرسی، گووتی)، جگە لەمانە ئێمە یاخود خوێنەر هەرزوو هەست بەبوونی ڕۆماننووس یاخود گێڕەرەوە دەکات و لەهەمان کاتدا ڕۆماننووس ،لەڕێگەی ئەم جۆرە دیالۆگەوە زانیارییەکی شاراوە بەخوێنەر دەبەخشێ، چونکە لەکاتی گفتوگۆکەدا بەخوێنەر ڕادەگەیەنێ، کە جەنگ هەڵدەگیرسێ ،هەر لەم ڕێگەی ئەم دیالۆگەوە، کە هێزو توانای کارەکتەرەکەش نیشانی خوێنەر دەدات. ئەمە، جگە لەهەست و سۆزی کارەکتەر، کە هەستێکی پڕ جۆش و خرۆشە، بۆ هەڵسەنگاندی جەنگەکە هەستەکە پیشاندەدات، یاخود بۆ خوێنەر ئاشکرادەکات.

گێڕەرەوە لەڕێگەی ناوهێنانی کارەکتەر، گێڕانەوەکە ئەنجامدەدات. بەوەسفێکی کورتی کارەکتەرەکە، لە ڕێگەی ئەم پرسیارو وەڵامەو گفتوگۆیە وردەکاری و زانیارییەکان دەخاتە ڕوو. ئەم گفتوگۆیە یان دیالۆگە، کە لەنێوان ئەم دوو کارەکتەرەدایە دەربارەی داهاتووە، چونکە لێرەدا جەنگ ڕووی نەداوە، بەڵکو چاوەڕێی جەنگەکەن کارەکتەر ئارسین وەکو مژدەیەک ڕای دەگەیەنێت بەبراکەی، کەواتە ئەم جۆرە گفتوگۆیەش بە دیالۆگی ناڕاستەوخۆ ناوزەند دەکرێت، کە ڕۆماننووس لەنێو دەقی ڕۆمانەکەیدا بەکاری هێناوە. ئەمەش مانای ئەوەنییە، کە کارەکتەر هیچ ڕۆڵێکی نابێت لەم جۆرە دیالۆگەدا بەپێچەوانەوە دەنگی گێڕەرەوەکە لەنێو دەنگی کارەکتەرەکان دەبیسترێت، بەهۆی ئەم ئیقاع و ڕیتمەی، کە لەنێو ڕۆمانەکەدا بەکارهاتووە. ئەوەش بەمەبەستی وروژاندنی خوێنەر و بەردەوامبوونی خوێنەر لەسەر خوێندنەوەی ڕۆمانەکە، هەروەها لە ڕێگەی ئەم دوان و پرسیارو وەڵامانەدا، کەدەکرێت لەنێو دەقی ڕۆمانەکەدا، لەونێوەدا کارەکتەرەکان بەخوێنەر ئاشنادەکرێن، کەواتە دەتوانین بڵێین دیالۆگ ڕۆڵی سەرەکی تێدا دەبینێت.

### ج- دیالۆگی بێدەنگ:

ئەم جۆرە دیالۆگە لە واقیعی ژیانی ڕۆژانەماندا هەیە. هەر ئەمەشە گواستراوەتەوە نێو ڕۆمان و چیرۆک. ئەم دیالۆگی بێ دەنگ، کە (د. جەلال ئەنوەر سەعید) ناوی ناوە بێدەنگی لەگفتوگۆدا، هەر بۆیە سەبارەت بەم جۆری دیالۆگە دەڵێت: ((لە چوارچێوەی دیمەنەکانی ناو ڕۆماندا، زۆر جار چەند ساتێکی کورت یان درێژی بێدەنگی لەمیانەی گفتوگۆی کارەکتەرەکاندا دەبینرێت، ئەم بێدەنگییەش تەنها بۆ پشوودان و هەناسە وەرگرتن نییە، بەڵکو بەشێکیشە لەگفتوگۆی کارەکتەرەکان، چونکە لایەنی نەوتراو لە گفتوگۆکان پێکدەهێنن))(سەعید ،٢٠١٣، ٤٦).

ئەم جۆرە زۆرجار بەچاو تروکاندن یاخود سەر لەقاندن یاخود دەست ڕاوەشاندن ئەنجامدەدرێت. ئەمانە دەنگیان تێدانییە و تەنها ئاماژەن، بەڵام دیالۆگەکەی پێ بەڕێوە دەچێت. بۆنموونە سەر ڕاوەشاندن بەم لاولادا بە، واتای نەخێردێت، کەهیچ دەنگێک نییە، بەڵام ئاماژەکە وەڵامی پرسیارەکەی دایەوە. ((کەواتە بێدەنگی لەمیانەی گفتوگۆدا، ئاخاوتنێکی نەوتراوە، لەهەمان کاتیشدا، بێدەنگی بەشێکیشە لە پرۆسەی گێڕانەوەکە نووسەر بەمەبەستی خستنە ڕووی سروشت و مەودای پەرەسەندنی تەواوکەری گفتوگۆ بایەخی خۆی هەیە، چونکە ناکرێت کارەکتەرەکانی ڕۆمان لە گفتوگۆو دەمەتەقێی بەردەوامدابن، بەڵکو بەپێی پێویست دەبێت هەندێ ساتی کورت یان درێژ بێدەنگیی بنوێنن))(هەمان سەرچاوەی پێشوو، ٤٦-٤٧). ئەم بێدەنگییەی کارەکتەرەکان، هەندێ جار بۆ پشوو وەرگرتنە و دەکرێ لەهەمان کاتدا پڕبێت لە وەڵام، کە خوێنەر بەپێی هزرو بیرۆکەی خۆی لێکدانەوەی بۆدەکات.

((زۆر جار لە شوێنی قسەی کارەکتەرەکان، خاڵ (...) دادەنرێت وەک نیشانەیەک بۆ نەبوونی بۆشایی و ئاماژەیەک بۆ ئامادەیی کارەکتەرەکەو بەشداربوونی لە گفتوگۆکەدا، بەڵام لەئێستادا لەبەر هۆیەکی تایبەتی بێدەنگی هەڵبژاردووە))(هەمان سەرچاوەی پێشوو، ٤٧).

وەک ئاشکرایە لەم جۆرە دیالۆگەدا گوێگر بوونی هەیە، واتە ئامادەیی هەیەو بیسەری هەموو گفتوگۆکانە ،بەڵام گوێگر بێ دەنگە تەنها بەئاماژەیەک وەڵام دەداتەوە، کە ئەمە خۆی لەخۆیدا پڕە لە گفتوگۆ و وەڵام، زۆرجار بێ دەنگی مرۆڤ دونیایەک واتا هەڵدەگرێ لێوڕێژە لە قسەو وەڵام، هەروەها زۆرجاریش ((نووسەر یان گێڕەرەوە خۆی، لە میانەی پرۆسەی گێڕانەوەدا، لە ڕێگەی چەند وشەیەکی وەکو (بێدەنگ، ئەبڵەق)، ئاماژە بە بێدەنگی کارەکتەرەکان لە گفتوگۆدا، دەکات)) (هەمان سەرچاوەی پێشوو، ٤٩) بەشێوەیەکی گشتی ئەم جۆرە بێدەنگی یە بەهەستی واقیعی کردن لای خوێنەر بەرجەستەدەکات، هەڵبەتە ئەم جۆرە دیالۆگە لەنێو ڕۆمانی (داگیرکردنی تاریکی) دا بوونی هەیە و بۆ نموونە گێڕەرەوە لەپەرەگرافێکدا دەڵێت: ((**عەلی ئیحسان وردە وردە لەژێر خۆری حوزەیراندا هەستی بەبێزاری دەکرد لەئارسینی پرسی ئەمانە چ زمانێک قسەدەکەن؟ ئارسین شانێکی هەڵتەکاندا سەیری کریکارەکانی کردەوە بەشەش کەسەوە خەریکی پیانۆیەکی دارگوێزی جەژنی بۆگس ئوند فۆیگستی ئەڵمانی بوون، پیانۆیەک منداڵەکان لەئەنکەرە کەمێک لەسەری مەشقی مۆسیقایان کردبوو**))(عەلی، ٢٠٢٠، ٣٩).

لێرەدا ،ئەگەر سەرنجی ئەم دیالۆگە بدەین، کە لەنێوان ئارسین و عەلی ئیحساندایە، کە عەلی ئیحسان لەئارسین دەپرسێت: ئەمانە بە چ زمانێک قسەدەکەن تێناگات کرێکارەکان بەچی زمانێک دەدوێن. کاتێ لەکۆشکی ئەکانسۆ خەریکی گواستنەوەی ئەم پیانۆیەن ،بۆیە لێرەدا گێڕەرەوە وەڵامی کارەکتەرەکە بەئاماژە دەداتەوە، چونکە لە وەڵامدا دەڵێت ئارسین شانی هەڵدەتەکاند هەڵبەتە

هەڵتەکانی شان ئاماژەیە، بۆ نەزانین واتە وەڵامێکی بێ دەنگی دایەوە، لەهەمان کاتدا خوێنەر تێدەگات کارەکتەر کردەیەکی زمانی یاخود هیچ دەنگێکی دەرنەکردووە، تەنها بەئاماژەیەک وەڵامی داوەتەوە ئەمە خۆی لەخۆیدا دیالۆگێکی بێ دەنگە، چونکە لەم دیالۆگەدا گێڕەرەوە تەنها قسەکانی عەلی ئیحسان دەگەیەنێ بەدەنگ و واتە زمان لەبەرامبەر کارەکتەری گوێگر وەڵامەکەی بەشاراوەیی نەهێشتۆوەتەوە، هەرچەندە هیچ دەنگێ دەرناکات، بەڵام ئاماژەیەکی پڕ وەڵام دەداتەوە. مەبەستی ڕۆماننووس لەم خستنە ڕووی ئەم جۆرە دیالۆگە، تەنها ئەوەیە، کە بەواقیعی کردنی ڕۆمانەکە بکاتە بەردیدی خوێنەر، چونکە ئەم لەواقیعی ژیانی ڕۆژانەشماندا زۆر ڕوودەدات، بەڵام هەڵبەتە واتایەکی پڕاوپڕیشی لەگەڵ دایە، چونکە زۆرجار یەک ئاماژە هەزار وەڵام لەخۆ دەگرێ. ئەمەش لە ڕۆماندا کارێکی جوانە، کە ڕۆماننووس بتوانێت بەم تەکنیکە ڕۆمانەکە پیشکەش بەخوێنەر بکات.

لە پەرەگرافێکی دیکەدا گێڕەرەوە دیسان ئەم جۆرە دیالۆگەی بەکارهێناوە بۆ نموونە گێڕەرەوە دەڵێت : ((**بەڵام ئەمە چ زمانێکە من فێری بووم، تۆ چۆن ئەو زمانە دەزانیت. بێدەنگ بە، بەدبەخت تۆ کوردی قسەدەکەیت، باشترە بێدەنگ بیت و هەر هیچ نەڵێیت، ئەگین تووشی دەردەسەری گەورە دەبیت – من؟ من چۆن کوردی قسەدەکەم؟ من کوردم، من لەشاری وانەوە هاتووم ... تێدەگەیت. من خەڵکی ئەوێم؟**))(هەمان سەرچاوەی پێشوو، ٥٣). لێرەدا، ئەگەر سەرنج بدەین دیالۆگێکی بێدەنگ دروستدەبێت، کە لەهەندێ شوێندا پرسیارەکان بێ وەڵام دەبێت. ئەم گفتوگۆیە لەنێوان دوو کارەکتەرە، هەرچەندە کارەکتەری دووەم، کە ڕۆڵ دەبینی ڕۆڵێکی کەم نییە، بەڵام ڕۆماننووس ناوی بۆ ئەم کارەکتەرە دانەناوە، بەڵکو هەر بەپیرەمێرد بەخوێنەری ناساندوە، ئەمەش تاڕادەیەک گونجاونیە، چونکە ڕۆڵێکی سەرەکی هەیە لە ڕوداوێکی سەرەکیدا. بەڵام ئەمە زێتر پێوەندی بە ناونانی کارەکتەرەکانەوە هەیە لە نێو ڕۆماندا.

بەکار هێنانی دەستەواژەی: (بێدەنگ بە) ئەمە خۆی لەخۆیدا دیالۆگێکی بێ دەنگ دەبێت. کاتێ کارەکتەری سەرەکی عیسمەت ئۆکتای ئەپرسێ ئاخۆ ئەو چۆن بەزمانی کوردی قسە دەکات؟دەپرسێ من کوردم؟ خۆی وەڵامی ئەمانە هیچ وەرناگرێ پیرەمێردەکە ڕاستەوخۆ خۆی بێدەنگ دەکات. وەڵامی ئەوە نادات یەکسەر گفتوگۆکە بەلایەکی دیدا دەبات دەڵێت من خەڵکی وانم. دوای ئەوە ڕۆماننووس (...) ئەم خاڵەی داناوە ئەمەش نیشانەی بێ دەنگی کارەکتەرە، کە ڕۆماننووس بەکاری هێناوە، لە دیالۆگی بێ دەنگیدا، واتە ئاماژەیە بۆ هەبوونی کارەکتەر لە دیالۆگەکە دانەبڕاوە، بەڵام بێ دەنگی هەڵبژاردوە، چونکە وەک لێرەدا دەبینین کارەکتەر پیرەمێرد چەند جارێک پێی دەڵێت بێ دەنگ بە. مەبەستی سەرەکی ڕۆماننووس لێرەدا ئەوەیە وچانێک دروست بکات. بۆئەوەی دیالۆگەکە نەبێتە هۆی بێزاری بۆ خوێنەر.

لەپەرەگرافێکی دیکەدا، کە دایالۆگی بێ دەنگ لە نێوان هەردوو کارەکتەر عەلی ئیحسان و زەکی ڕەزا دا دروست دەبێت، بۆ نموونە گێڕەرەوە دەڵێت: ((**تۆ نازانیت چیت؟ کوردیت؟ تورکیت؟ مەخلوقێکی تری لەوبەینەدا ... چیت؟. من ژیانم لەو دنیایەدا بردۆتە سەر، سی ساڵە ڕۆژانە ئەفسەرە تورکەکان دەبینم بەشەق لەدەمی کوردەکان هەڵدەدەن کاتێک دەڵێن ئێمە کوردین، سی ساڵە دەبینم بە پۆستاڵ، بەقامچی، بەحەیزەران، بەگولله، بەسێدارە ئەو ناوەیان لەبیردەبەنەوە. سی ساڵە ئەو چاوانە دەخوێنمەوە، ئەو هەناسانەم گوێ لێ دەبێت ئەو حەسرەتە دەبینم لە ڕۆحیاندا پەنگ دەخواتەوە، ئێستا لەو باروەرەدایت ئەو حەسرەتە لەتۆدا نەبینم؟ هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا. نەیدەزانی چۆن وەڵامی عەلی ئیحسان بداتەوە پرسی شەو دەگەڕێیتەوە بۆ کەرەنتینە**))(هەمان سەرچاوەی پێشوو، ٢٥٢).

لەم دایالۆگەی لەنێوان ئەم دووکارەکتەرەدا ڕوودەدات. بێ دەنگییەکی کپی پێوە دیارەو بێ وەڵامە، چونکە کارەکتەر عەلی ئیحسان دەپرسێ تۆ نازانیت خۆت کێیت؟ کوردی؟ تورکی؟ ئەم پرسیارە بێ وەڵام دەبێت. کارەکتەر بێ دەنگ دەوەستێ گێڕەرەوەش، یاخود ڕۆماننووسیش ئاماژەبەبێ دەنگی زەکی کارەکتەر کردوە دەری خستووە وەکو دانانی (...) ئەم چەند خاڵە هەرچەندە زەکی کارەکتەر ئامادەیی هەیە. وەگوێ بیستی قسەکانی یاخود گفتوگۆکانی عەلی ئیحسانە، بەڵام بێدەنگیەکی کپ دایدەگرێ ،ئەویش دەگەڕێتەوە، بۆ ئەم ترس و دوودڵییەی، کە زەکی توشی بووە. واتە ئەم بێدەنگییە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو بارودۆخەی، کە کارەکتەرە پێیدا تێپەڕدەبێت، کە ڕووبەڕووی ئەم ترس و خۆفە بۆتەوە.

لەم پەرەگرافەدا، کە گفتوگۆکە بەردەوام دەبێت. عەلی ئیحسان دەپرسێ لەوباوەڕەدایت ئەو حەسرەتە لەتۆدا نەبینم؟ هەروەکو لەنموونەکەدا ئاماژەی پێکراوە دیسان کارەکتەر لەوەڵامی ئەم دایالۆگەدا، تەنها هەناسەیەک هەلدەکێشێ، کەواتە بێ دەنگی هەڵبژارد. بە شاراوەی یاخود بەنهێنی ئەم زانیارییە دەهێڵێتەوە، کە کوردبوونی خۆیەتی ئەمەش دیسان دەگەڕێتەوە بۆ ئەم ترس ودڵەڕاوکەیەی، کە کارەکتەرەکە پێیدا تێپەڕدەبێت،کەواتە بەم شێوەیە دایالۆگێکی بێدەنگمان بینی، کە ئامانجی ڕۆماننووس. لێرەدا زێتر پشوودانە، هەروەها دەرخستنی لایەنی شاراوەیە، کە پێشتر باس نەکراوە یاخود نەوتراوە.

## ٢- شێوازی گێڕانەوەی مۆنۆلۆگ

شێوازی گێڕانەوەی مۆنۆلۆگ، یەکێکە لەوشێوازانەی، کەکارەکتەر دەکەوێتە گفتوگۆ لەگەڵ خودی خۆیدا، کەمەبەست لەم جۆری شێوازە ((بریتییە لە ئاخاوتن لەگەڵ خودا، واتە لەم جۆرە ئاخاوتنەشدا دیوی ناوەوەی مرۆڤەکان بەدەردەکەوێت ولێوەی خوێنەر دەتوانێت بزانێت ئەو دیوی کەسەکان بخوێنێتەوەو ئاشنایەتی زیاترلەگەڵیاندا پەیدا بکات))(سەرابی، ٢٠٠٧، ٨٥).

هەرکارەکتەرێک، کەلەنێو ڕۆماندا ڕۆڵ دەبینێت خاوەنی هەست و تایبەتمەندییەکە، کەخوێنەر ناتوانێت ئەم هەست وتایبەتمەندییەی ناوەوەی کارەکتەرەکە بزانێت، جائەوەی ڕۆڵ دەبینێت لەم بارودۆخەدا، کەبتوانێ ناوەوەی کارەکتەر پیشانی خوێنەر بدات ئەم شێوازی مۆنۆلۆگەیە. ((ئاشنایی زیاتر دەدات بەبیرکردنەوەی کارەکتەر، کەلە داهاتوودا چ کارێت دەکات. زۆر جار شاعیر/ نووسەر ئەوەدەکات بۆ ئەوەی بەوەرگر بڵێت کارەکتەرەکان خۆیان دەدوێن و ئەو دەستکاریی نەکردوون، ئەمەش ئەوە نیشان دەدات، کە مەنەلۆگ ڕاسترین ساتە، کە کارەکتەرلەگەڵ خۆیدا دەدوێ. مەنەلۆگ ئەوکاتە زیاتر پێویستە، کە ناخی کارەکتەر ئاڵۆزبێت و نایەوێت دەری ببڕێت، کارەکتەر جارێک بەنهێنی بمێنێتەوە تا ئەوکاتەی خۆی یەکلایی دەکاتەوە و بڕیاری کۆتایی دەدات، یان لەوکاتەی کەسێکی تر نهێنییەکان دەدرکێنێ لە مۆنۆلۆگدا زانیارییەکە کپ دەکرێت و پانتاییەکی بێدەنگ دروست دەکرێت، کە ئەم دەنگە دەگاتە خەڵکانی تر و هەر بۆ خۆی لێیان بدوێت، بەقسەکردنی کارەکتەر لەگەڵ خود بەتەنیا زیاتر هەست بەئاسودەیی دەکات))(جەمیل، ٢٠٢١، ٢٩٨).

زۆرجار مرۆڤ، هەر بەسروشتی خۆی ئارەزوو دەکات، ئەم مۆنۆلۆگە لەگەڵ خۆیدا بکات بەتایبەتی لەو کاتانەی دەیەوێت چارەسەری یەکی لە کێشەکانی بکات. ئەمە نەک هەر لە ڕۆمان و چیرۆکدا، لە ژیانی ئاسایی ڕۆژانەی مرۆڤەکانیشدا ڕوودەدات. ((مەنەلۆگ ئاخاوتن وبیرکردنەوەی کەسێکە کەلەلایەن کارەکتەری ڕۆمانەوە دەردەبڕێت. ئەم ئاخاوتن و بیرکردنەوەیە هەم دەتوانێ گوێگری هەبێ هەم دەتوانێ نەیبێ. دەتوانێ بەشێک یانپارچەیەک لە گێڕانەوەی ڕۆمان بگرێتەوە یان سەرجەم بەرهەمەکە بگرێتەوە هەروەک دیارە مەنەلۆگەبەواتای، لەگەڵ خۆدوان دێت، واتە قسەکردن لەناخەوە لەگەڵ خوددا))(حەسەن، ٢٠٢١ ،٦).

گێڕەرەوە، لەم شێوازەدا زانیاریەکان دەگەێنێتە خوێنەر، چونکە کاتی ئەم مۆنۆلۆگە ئەنجام دەدرێ کۆمەڵێ شتی شاراوە، کە مرۆڤ زۆرجار لەناخی خۆیدا گفتوگۆی دەکات دەریدەبڕێ.

لەمۆنۆلۆگدا((زیاتر بایەخ بەدیوی ناوەوەی کەسایەتی دەدات. مۆنۆلۆگ قسەکردنەلەگەڵ خۆددا، بەڵام بەبێ دەنگ هەر ئەم بێدەنگیەش کردەی قسەکردن بەرەو ناخی تاک ئاراستەدەکاتەوە یاخود بەدیوێکی دیکەدادەتوانرێت بگوترێت ئەو ئەو قسانەیە کارەکتەرلە ناوخۆدا دەیکات، دەبی کەس گوێی لێ نەبێت. واتە تەنیا بۆخۆی ئەم قسانە بکات و ئاراستەی دەرەوەی نەکات، لەبەر ئەوەی دەبێت ئەوقسانە داخراوبن و گوێگریان نەبێت واتە ئەو پرۆسەی قسەکردنە لە ناو زەینی کەسایەتییدا بە بێدەنگ و بەتەنیا ڕوودەدات. بۆیە لەو دەربڕینانەدا خۆی دەیبینێتەوە، کە لەزەینی مرۆڤەکاندا لەحاڵەتی بەئاگاییدا ئەنجام دەدرێت.))(صالح، ٢٠٢٠، ٢٧٠-٢٧١).

ئاشکرایە، کە هەریەک ،لەئێمە لە ژیانی واقیعی ڕۆژانەماندا ڕووبەڕووی چەندین ناڕەحەتی دەبینەوە، کەناتوانین لای هیچ کەسێ دەریببڕین. لەناخماندا پەنگ دەخواتەوە هەتا هێزێک هەیە پاڵی پێوەدەنێ، لەگەڵ خۆتدا بکەویتە دواندن، بۆچارەسەرکردنی، یاخود کەمکردنەوەی ئەو ناڕەحەتییە ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ، کە ((مەنەلۆگ دەربڕینی دەنگێکی ناڕەزایی خودە بەرامبەر بە هەموو کێشە و حەزە چەپێنراوەکان، ڕاستترین وواقیعترین دەربڕینە، ناتوانرێ بەئاشکراو پڕ بەدەم هاوار بکرێ و دەریببڕدرێ. بۆیە باشترین ڕێگە بۆ ئەم دەربڕینانە مەنەلۆگە، بۆ ئەوەی وەرگر شارەزای ناخی کارەکتەرەکانی بێت، بەرامبەر بیرە تایبەتەکان، لە بێئاگاییەوە نزیکەو پابەندی هیچ سنوورو پایەیەکی کۆمەلایەتی نییە. ))(موفتی، ٢٠١٢، ٢٣٠).

هەرچەندە هەموو مرۆڤێک خاوەنی چەند نهێنییەکە، لە ژیانی خۆیدا زۆرجار لەو وێستگەوە واتە مۆنۆلۆگ تاوتوێی دەکات، چونکە ((دیوێکی دیکەی بەکارهێنانی مۆنۆلۆگ پەیوەستەبەوەی کەسایەتی خاوەنی نهێنییەکەو ناتوانێت لە ڕێی تەکنیکەکانی دیکەوە بیگەیەنێت، جا لەبەر هۆکاری ترس یاخود سانسۆربێت. پەنا بۆ هونەری مۆنۆلوگ دەبات واتە کەسایەتی مۆنۆلۆگ بە کەشێکی گونجاو دەزانێت، بۆ ئەوەی بتوانێت ئەو بیروتێڕوانینانەی لەناوناخ و هزریدا هەن و تاڕادەیەک لەوانی دیکەی شاردونەتەوە. زەمینەیەکی بۆ ڕەخساوە تاوەکو بەتەنیا لە میانەی لێ وردبوونەوەو تێڕامانەوە لە باریانەوە بدوێت. لەم حاڵەتەشدا کاتێک مرۆڤ قسە لەبارەی ئەوکێشانەوە دەکات

بەتەنیاو بە بێدەنگ. ئەوا بەجۆرێک لە خۆ بەتاڵ کردنەوەی دەروونی دەکات بەم پێیەش ئارامی و ئاسوودەییەکی دەروونی وەدەست دێنێت))(صالح، ۲۰۲۰، ۲۷۲).

لە مۆنۆلۆگدا خوێنەر هەست بە ڕۆڵ و ڕیتمی کارەکتەرەکە دەکات و لە هەڵوێستی تێدەگات و ئەوەشی لە ناخیدایە بۆی ڕووندەبێتەوە ئاشکرای دەکات، چونکە ((کاتێک کارەکتەرەکە خەریکە لەگەڵ خۆی دەدوێت هەموو قسەکانی هەستی پێدەکرێت و زمان ڕۆڵی خۆی دەبینێت بۆ ئەوەی قسەکان لەسەر شێوەی وشەو ڕستەی ئاسایی گوزارشتیان لێ بکرێت. بێگومان ئەمەش ئەگەر بەم شێوەیە نەبێت ئەدی خوێنەر چۆن دەتوانێت ئەم دەقە بخوێنێتەوە و لەهەمان کاتدا لێشی تێبگات؟! ڕۆماننووس لە بەکارهێنانی مەنەلۆگدا، دواجار هەردبێ پەنا بەرێتە بەر زمان، کەپەناشی بردە بەر زمان، مانای وایە ئەو لەبری قارەمانەکەی شتەکانی گەیاندە ڕادەی پێگەیشتنێکی ئەو تۆ، کە بتوانرێ بەقسە بو ترێت و بخرێتە سەر کاغەز. ئەو کاتێش خوێنەر وەک هەردەقیکی ئاسایی لە ناوەڕۆکی مەنەلۆگەکە تێدەگات و ماناکانی دەخوێنێتەوە))(سابیر، ۲۰۰۹، ۱۱۸-۱۱۹).

هەریەک لە ئێمەش کەم یان زۆر ڕوو بە ڕووی ئەم حاڵەتە بوینەتەوە. بەتایبەتی کاتێ مرۆڤ دەکەوێتە حاڵەتیکی دژوارەوە، یاخود حاڵەتێکی دەروونییەوە لەم ساتانەدا مرۆڤ، لەگەڵ خودی خۆیدا دەکەوێتە گفتوگۆ، ((لەوساتانەدا کارەکتەر لەچوارچێوەی جیهانێکی ناوەکی داخراو، و دابڕاو لەواقیعی دەرەکی هەڵوێست لەئاستی بڕیار و کێشەوململانێکان بەتێکەڵی وەردەگرێت جا لەساتەوەختێکی ئاسایی بێت یاخود لە ژێر فشارێکی دەروونی یان کۆمەڵایەتی ... هتد یاخودڕووداوێکی وروژێنەری لەناکاو گۆشەگیرو تاکڕەو دەبێت، بۆیە ئەم جۆرە گفتوگۆیانە لەو ساتانەدا لەدەروونی کارەکتەر سەرهەڵدەدەن، کەلە ساتەوەختێکی بەتاڵی یاخود سەرنجدان و تەئکیدە کردنە وەیەتی لەئاستی بابەتێکی دیاریکراودا، ئەمەش دەبێتە هۆی تێکەڵاوکردنی کاتەکان لەنێوان ڕابردوو ئێستاو داهاتوودا، کارەکتەر هەر جارەی بەسەرکاتێکدا دەچێتەوە، کە تەنیا مەبەستی لێکدانەوەی بیروبۆچوونەکانیەتی بەبێ گویدان بەم تێکەڵبوونە))(خاڵەدیوە، ۲۰۱۰، ۲۰۷).

مۆنۆلۆگ، لە ڕێگەی زمانەوە ئەنجامدەدرێت، هەربۆیەش ((مەنۆلۆگ و زمان پەیوەندییەکی تۆکمەیان هەیە، چونکە بیرکردنەوەکانی کارەکتەر لەڕێگەی زمانەوە دێنە دەرەوە ئاشکرا دەکرێن، مەنۆلۆگ ئەم بیرانە بەچەند ڕستەیەکی کورتی ڕێزمانی دەردەبڕێت بۆیە پێویستە یەکانگیربێت لەگەڵ پێگەو جێگای کارەکتەر و ئاستی

ڕۆشنبیری وسادەیی و ستاندەرییەکەی، چونکە یەکانگیرنەبوونی زمانی مۆنۆلۆگ لەگەڵ کارەکتەر قسەکەر خوێنەر هەست دەکات ئەوە دەنگێکی ترە دەدوێ نەک خودی کارەکتەرەکە، مۆنۆلۆگ پەیوەندییەکە لە چیرۆکدا دەگێڕدرێتەوە بەشێوەی قسەکەر))(جەمیل، ٢٠٢١، ٢٩٩). ڕۆبرت همفری مۆنۆلۆگی دابەشکردووە بەسەر دوو جۆردا وەکو ((١-مۆنۆلۆگی ڕاستەخۆ ٢-مۆنۆلۆگی ناڕاستەوخۆ))(هەمان سەرچاوەی پێشوو، ٢٩٩).

## أ- مۆنۆلۆگی ڕاستەوخۆ:

دەتوانین بڵێین ئەو جۆرە مۆنۆلۆگەیە، کە گێڕەرەوە بوونی نییە واتە ڕۆماننووس دەنگی نابیسترێت، یان ((ئەو جۆرە مۆنۆلۆگە ناوەکیەیە، کە بایەخ نادات بە بەشدرایکردنی نووسەر، واتە بزربوونێکی تەواو یان نیمچە بزربوونێکی نووسەر لە پارچە ئەدەبییەکەدا هەستی پیدەکرێت، واتە ئەو تەنیا لەڕێی دەستەواژەکانی (وای وت) (یاخود) (وابیری کردەوە) هەست بەبوونی دەکرێت، بۆیە کارەکتەر تاڕادەیەک ڕەهایە لەگوزارشتکردنی بیروبۆچونونەکانی دوورلە دەست تێوەردانی حیکایەتخوان))(خاڵەدیوە ،٢٠١٠، ٢٠٨).

کات ڕۆڵێکی زۆر گرنگی هەیە لە ڕۆماندا، کە یەکێکە لە ڕەگەزە گرینگەکان و هونەرییەکانی نێو ڕۆمان، بەڵام لە مۆنۆلۆگی ڕاستەوخۆدا کات ئەو گرنگییەی نییە، چونکە ئەوەی لەناخی کارەکتەرەکەدا هەیە ڕەنگە لە ڕابوردوودا بێت، یاخود داهاتوو یان ئێستا هەربۆیە((کات لە مەنەلۆگدا دیارو دەستنیشانکراو و دەست بەسەرداگێڕاو نییە ڕابردوو یان ڕانەبردوو لەوانەیە زیاتر لەداهاتوودا بێت، بەهۆی زۆر بیرکردنەوەوە لە ڕابردوو و داهاتوو زەین پەرشوبڵاوو لەبازداندا دەبێ، لەم بیر بۆ ئەو بیر و خستنە ڕووی هۆشی ناوەوەی کارەکتەرە لەلایەن گێڕەرەوەلە ڕێی ڕوونکردنەوە و شیکردنەوەو ڕاڤەکردنەوە بێئەوەی خۆی تێکەڵ بکات، هەروەکو دایەلۆگی دەرەکی ڕاستەوخۆیە، بەڵام لە دایەلۆگی دەرەکیدا دەبێ قسەکەر گوێگر هەبێ)) (موفتی، ٢٠١٢، ٢٣٤).

لێرەدا واتە لەم جۆرە مۆنۆلۆگەدا کارەکتەر ئەو شتانەی، کە لەمێشکی خۆیدا هەڵیگرتووە دەیدرکێنێت، چونکە لێرەدا ((کارەکتەر بەڕاستگۆیانە جیهانی ناوەوەی خۆیدەردەبڕێ بەبێ سڵەمینەوە لە هیچ سانسۆرێک دەربڕینەکان وەک خۆیان بێ دەسکاری و دووری لە پابەندبوون بە ڕێزمان وخاڵبەندین، هۆش لەمەنلۆگدا لەحاڵەتی هەڵچوندایەو هزرێک بەهزرێکی دیکە دەبچڕێ ونووسەریش هیچ ڕۆڵێکی نییە و تەعلیق

له مەنەلۆگ نادات لەم تەکنیکەدا ڕۆڵی گەواهیدەرێک دەبینێ گوێ بۆ قسە وباس و گۆشەنیگای کارەکتەرەکانی شل دەکات و بەچاوی ئەوان دەبینێ و بەجێناوی قسەکەر(م) دەدوێ ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی لەدڵ ودەروونیکارەکتەر نزیکتر بێت)) (هەمان سەرچاوەی پێشوو، ٢٣٤ -٢٣٥). لێرەدا کارەکتەرەکان ڕێگەپێدراون،کە ڕۆڵێکی بەرچاویان هەبێت. لەگەڵ ئەوەشدا هەرچەندە لەجۆری مۆنۆلۆگی ڕاستەوخۆدا ((گرنگی بەدەست تێوەدانی ڕۆماننووس یاخود گێڕەرەوە نادرێت. حیساب بۆ بوونی هیچ گوێگرێکیش ناکرێت. واتە نووسەر هەوڵ دەدات ئەو بیرۆکانەی لەزەینی کەسایەتییدا دەخولێنەوە وبوونیان هەیە. وەکو خۆیان بۆناودەقی ڕۆمانی بگوازێتەوە. هەر لە بەر ئەو هۆیەشە بە مۆنۆلۆگی ڕاستەوخۆ ناسراوە))(صالح، ٢٠٢٠، ٢٧٣).

بەم پێیە دەبینین ،کە هەست بە بوونی ڕۆماننوس ناکەین لەنێو ڕۆمانەکەدا، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدائەو زانیارییانە دەگاتە خوێنەر، کە نهێنییان نەزاندراوە ئەمەش، لە ڕێگەی ئەو حاڵەتە دەروونیەوەیە، کە تووشی کارەکتەرەکە دەبێت. دەیدرکێنێ و ئاشکرای دەکات بەڕووی خوێنەردا. ئەمەش دوای بیرکردنەوەیەکی قووڵی کارەکتەر سەبارەت بەو ڕووداوانەی بەسەریدا هاتووە ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی پێوەندییەکی توندوتۆڵ لە نێوان بیرو کارەکتەرو گێرانەوەکەدا هەبێت.

لەڕۆمانی (داگیرکردنی تاریکی)دا ئەم جۆرەی مۆنۆلۆگی ڕاستەوخۆیە بەرچاو دەکەوێ، ئەگەر سەرنج بدەین کارەکتەری نێو ڕۆمانەکە، کە دوای ئەوەی توشی ئەو حاڵەتە دەروونیە نالەبارە دەبێت. بەهۆی بیرچوونەوەی زمانەکەی، کەزمانی تورکی بوو و هەمیشە دەکەوتە بیرکردنەوە لەو بارودۆخەی، چونکە عیسمەت نەی دەزانی بۆچی ئاوای لێ بەسەر هاتووە بۆ نموونە لە پەرەگرافێکدا گێڕەرەوە دەڵێت: ((**گوێبگرە عیسمەت، لەسەرخۆبە، تکایە زۆر لەسەرخۆبە. ئێستا دەبێت باش بیربکەینەوە. ئێستا جارێ دەبێت لەخۆت بپرسیت: تۆ کێی؟. لەخۆت بپرسیت تۆ کێیت و بۆ ئەو زمانە قسەدەکەیت؟**))(عەلی، ٢٠٢٠، ٥٤).

ئەگەر لێرەدا وردبینەوە دەبینین کارەکتەر بەشێوەی پرسیار دەکەوێتە گفتوگۆ لەگەڵ خودی خۆیدا. بە پرسیارکردن لەخۆی بەم شێوەیە مۆنۆلۆگە ڕاستەوخۆکە ئەنجامدەدات. بێگومان ئەمانە هەموو، لەگەڵ خودی خۆیدا ئەنجامدەدات لەخۆی دەپرسێ کێیە؟ بۆچی بەزمانێکی دی قسەدەکات؟چی بۆتە هۆی ئەم حاڵەتە؟ خۆشی هۆکارەکەی نازانێ، بۆ وای لێهاتووە ئەو قسانەی خۆی دەڵێت و لەبەر خۆیشییەوە چەندپاتی دەکاتەوە. لێرەدا ئەو زانیارییەی کارەکتەر دەیگەیەنێت بەخوێنەر ئەوەیە، کە بیرچوونەوەی زمانەکەیەتی، کە ئەم کارەکتەرەی خستۆتە دوودڵی و دڵەڕاوکێوە، هەروەها زانیارییەکی دیکە دەخاتە بەردەم خوێنەر. ئەویش ئەوەیە، کە لەخۆی دەپرسێ من کێم؟ کەواتە عیسمەت گومان لە تورکبوونی خۆی دەکات. وگێڕەرەوە دەیەوێ لەم ڕێگەیەوە

پێمان بڵێت کارەکتەر ئەو زمانەی، کە قسەی پێ دەکات. زمانێکی دیکەیە، کە زمانی زگماکییە و زمانی دایکێتی، کە کوردییە. ئەویش زانیارییەکی ناوەوەییە بۆ خوێنەر ئاشکرا دەکات.

لە پەرەگرافێکی دیکەدا گێڕەرەوە دەڵێت: ((**تەنیا دکتۆر دەتوانێت بڕیار لەحاڵی من بدات. ئوەی لەئویزار تێناگەم یان ئویزار لەمن تێناگات، کۆتایی دونیا نییە، ڕەنگە بتوانم لە پزیشکەکە تێبگەم یان ئەو تێمبگات. یاخود خەڵکی تر... لەوانەیە بتوانم لەخەڵکی ترتێبگەم وتێمبگەن**))(هەمان سەرچاوەی پێشوو، ١٠).

لێرەدا کارەکتەر کەوتۆتە بارو دۆخێکەوە، کە نازانێت هۆکار چییە، کە ئاوای بەسەر هاتووە، ئەویش بیرچوونەوەی زمانەکەیەتی، کە کەس لێی تێناگا هەموو ئەمانە لەگەڵ خۆیدا تاو توێ وگفتوگۆی دەکات لەگەڵ خۆیدا، چونکە لێرەدا بە خۆی دەڵێت: خۆ کۆتایی دونیا نییە، ئەگەر ئویزار تێمنەگات، کە خێزاننەتی ئەوا پزیشکەکە تێمدەگات گفتوگۆکە لەگەڵ خۆیدا بەردەوام دەکات دەڵێت: ئەگەر ئەویش تێناگات خەڵک تێدەگات ئەمانە بە خودی خۆی دەڵێت، کە بەڕاناوی یەکەمی تاک (من) مۆنۆلۆگەکەی ئەنجامدەدات لێرەدا زانیارییەک ئاشکرا دەکات. بۆ خوێنەر ئەویش خۆڕاگری وبەهێزی کارەکتەرکەیە بەرامبەر ئەم دۆخەی تێی کەوتووە هەر بەمشیوەیە مۆنۆلۆگێکی ڕستەخۆ هاتە بەرهەم، کەتێیدا گێڕەرەوە بوونی نییە یاخود هەست بە بوونی ناکرێت.

## ب- مۆنۆلۆگی ناڕاستەوخۆ:

ئەم جۆرە مۆنۆلۆگەیە، کە گێڕەرەوە بوونی هەیە و دەنگی دەبیسترێت ((کەسایەتی نێو ڕۆمان خۆی هەڵناسێت بە پێشکەش کردنی پرۆسە زەینییەکانی، بەڵکو کەسێکی دیکە ئەم ئەرکە لەئەستۆ دەگرێت، دیارە ئەویش خودی ڕۆماننووسە. واتە لەمەنەلۆگی ناڕاستەوخۆدا کەسایەتی لەژێر دەسەڵاتی ڕۆماننووس دایە. چونکە ئەوە دەنگی ڕۆماننووس یاخود گێڕەرەوەیە، کە بۆ وەرگر دەدوێت و هەڵوێست وکردارە شاراوەکانی دەخاتە ڕوو، بەڵام لە ڕێی زمانی کەسایەتیەکەوە ئەم کارە ئەنجام دەدات. هەربۆیە خوێنەر لەکاتی خوێندنەوەی ڕۆمانەکەدا هەست دەکات، کە نووسەر ئامادەیە و ئاگای لەهەموو لایەنەکانی دەروون و زەینی کەسایەتییەکەیە))(صالح ،٢٠٢٠، ٢٧٩). لەم جۆرەدا گێڕەروە یاخود ڕۆماننووس زانیارییە شاراوەکان، کە لەهۆشی کارەکتەرەکەدایە دەیگەیەنێتە خوێنەر، کە دەنگی خۆی دەخاتە پێش دەنگی کارەکتەر.

هەرچەندە لێرەدا ئەم جۆرە مۆنۆلۆگە لە ڕووی بەکارهێنانی جێناوەکانیشەوە جیاوازە لە مۆنۆلۆگی ڕاستەوخۆ، چونکە لێرەدا ((لەبری جێناوی کەسی یەکەم، جێناوی کەسی دووەم و سێیەمی تێدا بەکاردەهێنرێ. واتە بە پێچەوانەی ڕاستەوخۆوە، ئەمیان ئەو ئیحایە دەدا بە خوێنەر، کەخۆشی و نوسەریش لە کایەدان . جگە لەوەی وەسفکردن و لێکدانەوەی پەیوەندی نێوان شتەکان و، یەکی

شییاو هۆیەکانیان و هەستکردن بە واقیع تیایاندا بەکاردەهێنرێ. واتە لەمیانە نووسەر خۆی لە زمانی کەسەکەوە دەدوێ و، شۆڕدەبێتەوە بۆ قوڵایی دەروونی و، ئەگەر چی زۆر بەوردی و لەنزیکەوە، رازو نیاز و خواست و ئاوات و شتە نهێنییە حەشار دراوەکانی لە ڕوو دەخا، بەڵام خوێنەر هەست بەبوونی خۆی ونووسەر دەکاو، کەمو زۆر لێی بەئاگایە))(عارف، ٢٠٠٢، ١٥٠).

مۆنۆلۆگی ناڕاستەوخۆ پێچەوانەی مۆنۆلۆگی ڕاستەوخۆیە، چونکە هەست بەبوونی ڕۆماننووس یان گێڕەرەوە دەکرێت، کە لە مۆنۆلۆگی ڕاستەوخۆ هەستی پێنەدەکرا وە ڕۆڵی نەبوو، بەڵام لەمۆنۆلۆگی ناڕاستەوخۆدا ((ئەو ئیحایە دەگەیەنێت، کە خوێنەر و نووسەریش لە کایەدان، جگە لەوەی وەسفکردن و لێکدنەوەی پیوەندی نێوان شتەکان ویەکێتیان و هۆیەکانیان و هەستکردن بە واقیع تێیاندا بەکاردەهێنرێت. کەواتە لە مۆنۆلۆگی ناڕاستەخۆدا، دەربڕینەکان لە ڕستەیەکی تەواو و وتاداردا پێشکەش بەخوێنەر دەکرێت))(صالح، ٢٠٢١، ٢٧٩) .

لەمۆنۆلۆگی ناڕاستەوخۆدا ((جێناوی (تۆ، ئەو) بەکاردێت، نووسەر ئاگاداری کارەکتەرە))(جەمیل، ٢٠٢١، ٣٠٠) هەرچەندە لێرەدا ((گێڕەرەوە خۆی گوزارشت لە بۆچوونەکان دەکات، کە لە ناو هۆشی کارەکتەرەکاندایە و ڕێگەی نادات کارەکتەرەکان بە بیرکردنەوەی خۆیان گوزارشت بکەن بەبێ گەڕانەوە بۆ گێڕەرەوە. وێنەو دەنگی کارەکتەر پیشان دەدرێت، کە ئەوە ناو تەوژمی هۆشی کارەکتەرە، چی گێڕەرەوە دەستکاری کردووە ودووبارە خۆی دای دەڕێژێتەوە. وەک زانراوە تەوژمی هۆش لە هونەری دەقە چیرۆکئامێزەکاندا گرنگییەکی زۆر بەجیهانی ناوەوەی کارەکتەر دەدات و ترس و دڵەڕاوکێ و هەست و سۆزەکان ئاشکرا دەکات. ئەو دوودڵییەی بەر لە ئاشکراکردنی هەستەکانی کارەکتەر دروست بووە، کە جیهانی ناوەوەی کارکەتەر لەگەڵ جیهانی دەرەوەی یەکانگیر نابێت، یان پێی شەرمە یان ناکرێت بگوترێت. ئەم جۆرە هونەرە بەکاردێت بۆئەوەی حاڵەتە دەروونییە، کە پێشکەش بکات لە کاتێکدا بە دیالۆگ ناتوانرێت گوزارشت لەناخی نووسەرو کارەکتەر بکات ئەم هونەرە لە دایک دەبێت))(هەمان سەرچاوەی پێشوو، ٣٠١)، کەواتە گێڕەرەوە زانیاری تەواو دەخاتە بەردەم خوێنەر، کە ئەو زانیارییانە پێشتر نەزنراون گێڕەرەوە لێرە ڕۆڵێک دەگێڕیت، وەک ئەوەی دیوی ناوەوەی مێشکی کارەکتەرەکە ببینێ و یەکەیەکە گوزارشتیان لێ بکات. لەم جۆرە مۆنۆلۆگەدا کاتێ گێڕەرەوە دەکەوێتە وەسفی ناوەوەی کارەکتەرەکە ئەوا ((مۆنۆلۆگە، کە نووسەری هەمووشتزان بابەتێکی گوتراو پێشکەش دەکات بەشێوەیەک وەکو ئەوەی لە زەینی کارەکتەر پێکەوەبێت))(خاڵەدیوە، ٢٠١٠، ٢١٤).

لێرەدا بۆمان دەردەکەوێ، کە ئەم جۆری مۆنۆلۆگە ناڕاستەوخۆیە ((پێوەندی بە شێوازی گێڕانەوەی بابەتییەوە هەیە))(صالح، ٢٠٢٠، ٢٨٠). ئەم جۆرەی مۆنۆلۆگە زانیاری دەبەخشێ، بەڵام بابەتیانەیە هەرچی مۆنۆلۆگی ڕاستەوخۆیە بەهەمان شێوە زانیاری دەبەخشێ، بەڵام ئەو خودییانەیە.

شێوازی گێڕانەوەی مۆنۆلۆگی ناڕاستەوخۆ لە نێو ڕۆمانی (داگیرکردنی تاریکی)دا بەرچاو دەکەوێ، بۆ نموونە گێڕەرەوە دەڵێت: ((**لە تەکسییەکەدا کاتێک سەیری ڕێوارەکانی دەکرد، سەیری پەڵەهەورە سپییەکانی دەکرد، سەیری دوکانەکان و عەرەبانەکان و ژەندرمەکانی دەکرد، هەستیکرد زمانێکی تر لە ناویدا لە دایکدەبێت، زمانێک بەجۆرێکی سەیر لەناخیدا، لە سەریدا، لە خەیاڵیدا گەورە دەبێت. بەڵام لەبری ئەوەی ئارام بێتەوە، ترسەکەی گەورەتر بوو. پرسیارەکەی ئەوە بوو، چۆن ئوینزار تێبگەیەنێت شتەکان کتوپڕ ناوێکی تریان هەیە، چۆن بڵێت هەستێکی تری بە شەقامەکان و ڕێگاکان هەیە، وەک ئەوەی غەریبەیەک بێت و ئێستا لە شارێکی دییەوە هاتبێت**)) (عەلی،٢٠٢٠، ٩).

ئەگەر سەرنج بدەین گێڕەرەوە، یاخود ڕۆماننووس بارودۆخی ئەم کارەکتەرە ئەخاتە بەرچاو دەیگێڕێتەوە لێرەدا کارەکتەر خۆی قسەناکات واتە هەست بەبوونی ناکەین تەنها لەسەر زمانی گێڕەرەوە مۆنۆلۆگەکە ئەنجامدەدرێت. هەرچی شتە شاراوەکانی نێو ناخی کارەکتەرەکەیە بەشێوەیەکی مۆنۆلۆگی ناڕاستەوخۆ بەڕێوە دەچێت، چونکە ئەوەمان بۆ دەگێڕێتەوە کارەکتەر بەدرێژایی ئەو ڕێگایەی، کەدەیەوێت بیبڕێت بیردەکاتەوە، کە چۆن وشە بدۆزێتەوە، بۆ ئەوەی گفتوگۆبکات لەگەڵ هاوسەرەکەیدا. بیری دەکردەوە چۆن بەهاوسەرەکەی بڵێت شتەکان ناوێکی دیکەیان هەیە. چون پێی بڵێ هەموو شتێک نامۆیە هەست بەتەنیایی و نامۆی دەکات. هەموو ئەمشتانە لەمێشکی کارەکتەرەکەدایە شاراوەیە. ئێمە ناتوانین بیبینین یان خود بیبیستین، بەڵکو لە ڕێگەی ڕۆماننووس یاخود گێڕەرەوە بەئێمە، یاخود خوێنەر دەگات هەر ئەویش ڕۆڵی هەیە لە گەیاندنی هەموو زانیارییە شاراوەکانی نێو ناخی کارەکتەر، واتە ئەو زانیارییانە دەبەخشێت، کە کارەکتەر چۆن زمانی بیرچۆتەوە هەر ئەمەش وای کردووە هەست بەترس و دڵەڕاوکێ بکات. کەواتە گێڕەرەوە بەناخی کارەکتەرەکەدا ڕۆچۆتە خوارەوە ئەو هەستە شاراوەو خواست و ویستەی، لە ڕێگەی زمانەکەوە بۆ خوێنەر دەگەیەنێت و بەو شێوەیە گێڕانەوەی مۆنۆلۆگی ناڕاستەوخۆی ئەنجامداوە.

گێڕەرەوە لە پەرەگرافێکی دیکەدا دەڵێت: ((**ئەحەمەد ئۆکتای لەبەردەم مەولوددا ترسەکانی خۆی دەرنەخست، بەڵام هەستێکی ناوەکی پێ گووت گەر هۆی نەخۆشییەکەی عیسمەت پەیوەندی بە کارێکی ئابڕووبەرانەوە هەبێت، چاکترە ئەو ڕێگایە نەگرم شتێکی تر بدۆزمەوە زیانی بۆ ناوبانگی خانەوادەکەمان نەبێت. ئاوا بوو ئەحمەد لای خۆیەوە بڕیاریدا پێداگریی لەسەر ئەو چیرۆکە بکات، کە دەشێت عیسمەت هەر لە ماڵی خۆیدا دەرمانخوارد کرابێت یان کەسێکی نزیکی سیحری لێ کردبێت**))(هەمان سەرچاوەی پێشوو، ١٧).

لەم پەرەگرافەدا یەکسەر گێڕەرەوە دەکەوێتە گفتوگۆکردن و گێڕانەوە بەجۆرێک هەست بە بوونی دەکرێت. هەموو ئەم باس وخواستانەی کارەکتەر لەگەڵ خۆیدا ئەنجامی دەدات، چونکە باسی کارەکتەرێک دەکات، کە لەگەڵ خۆیدا کەوتۆتە گفتوگۆکردن و بیرکردنەوەو چارەسەرکردنی ئەم

کێشەیەی، کە براکەی تێی کەوتووە بەجۆرێک هیچ زیانێک بەر خێزانەکەی نەکەوێت، بۆیە هەستێ، کە لەناوەوەی کارەکتەرە گێڕەرەوە یان ڕۆماننووس پێمان دەڵێت جۆرێک، لە ترس و دڵەڕاوکێ لەناخی دا هەبوو، چونکە دەیزانی، ئەگەر ڕاستی بابەتەکە بدرکێنێ ئابووری خێزانەکەی دەکەوێتە مەترسی و بەچاوێکی دیکە سەیر دەکران هەر بۆیە بیری دەکردەوە دەبێت چی بکات، هەربۆیە خۆی بەخۆی وت دەبێت بڕیاربدەم، کە ڕێگایەکی دیکە بدۆزمەوە، کە ئابووری و بژێوی خێزانم بپارێزم، بۆیە چیرۆکەکەی گۆڕی و تا ئەوەی بڵێت ئەم بارودۆخەی براکەم پێوەندیی بە خێزانەکەیەوە هەیە یان کەسێکی دی. لەسەر زاری گێڕەرەوە دەردەچێت.

هەموو ئەمانە وامان لێدەکات، کە ئێمە هەست بەبوونی ڕۆماننووس یان گێڕەرەوە بکەین ولەهەمان کاتیشدا گێڕەرەوە کۆمەڵێک زانیاری بە خوێنەر دەگەیەنێت، ئەویش کارەکتەر ئەحمەد نەیدەویست ئابڕووی خیزانەکەی لەکەدار بێت، هەروەها ئاشکراکردنی زانیارییەکی هەڵە ئەویش دەرمان خواردکردنی کارەکتەر لەماڵی خۆیدا، کە لەڕاستیدا ئەمەڕووی نەدابوو بەس مەبەستی کارەکتەر ڕزگارکردن ومانەوەی شکۆی خێزانەکەی بووە، هەر بەم پێیە ئەم جۆرە گێڕانەوەیە گێڕانەوەیەکی مۆنۆلۆگی ناڕاستەوخۆیە، کە لەسەر زاری گێڕەرەوە یان ڕۆماننووس زانیارییەکان دەگاتە خوێنەر، هەر بۆیە خوێنەر لە نێو دەقی ڕۆمانەکەدا هەست بە بوونی ڕۆماننووس یان گێڕەرەوە دەکات.

لەپەڕەگرافێکی دیکەدا گێڕەرەوە دەڵێت: ((**عیسمەت بیریکردەوە، لە جێگایەکدا بیستوێتی یان خوێندوێتییەوە گوایە جۆرە کەللە سەرێکیان هەیە دووهێنەی ڕەگەزەکانی تر زانیاری لەخۆی دەگرێت. دڵنیانە بوو ئاخۆ ئەوەی لەڕۆژنامەدا خویندۆتەوە یان یەکێک لەهاورێکانی لەحیزبی (میللەتچی هەرکەت پارتیسی) بۆی باسکردوە هەرئەوەی بیرکەوتەوە زۆر دڵخۆش بوو**))(هەمان سەرچاوەی پێشوو، ٤٤).

ئەگەر سەرنج بدەین گێڕەرەوە گێڕانەوەکە ئەنجامدەدات و پێمان دەڵێت عیسمەت واتە ئەو، زانیارییەکی لەسەر شکڵ وشێوەی جەستەی تورک بیستووە، کە گوایە کەللەی سەریان زۆر جیاوازە هەر ئەم زانیارییە دەگەیەنێتە خوێنەر لەڕێگەی ئەمەشەوە هەست و سۆزی ناخی شاراوەی کارەکتەر دەردەکەوێ، چونکە گێڕەرەوە پێمان ڕادەگەیەنێ، کە کارەکتەرەکە واتە عیسمەت چەند دڵخۆشە، کە گوایە ئەویش تورکێکی ڕەسەنە ئێستا پزیشکەکان لەوە تێدەگەن، کەواتە ئەم دڵخۆشییەی کارەکتەر، کەلەناخی شاراوەتەوە گێڕەرەوە لە ڕێگەی مۆنۆلۆگی ناڕاستەوخۆیەوە بەئێمەو خوێنەر ڕادەگەیەنێت مۆنۆلۆگەکەی پێ ئەنجامدەدات.

لە پەرەگرافێکی دیکەدا ئەم مۆنۆلۆگە ناڕاستەوخۆیە بەرچاو دەکەوێت وەکو گێڕەرەوە دەڵێت :
((**پرسیارێک چەند ڕۆژە لە سەریدا دەخولێتەوە ئەوەیە بۆ ئەتاتورک ئەم زمانەی قەدەغەکردووە؟**

**ئاخۆ لەو باوەڕەدا بوویێت، ئەگەر هەموو تورکی قسەیانکرد دەبن بەتورک؟ بەڵام ئەوەتا ئەم بە کوردی قسەدەکات و نەبۆتە کورد، عەلی ئیحسانی وەرگێڕیش کوردی جوان دەدوێت و نەبووە بەکورد ... ئاخۆ ئەتاتورک بۆ وای کردبێت؟ باشتر نەبوو چارەسەرێکی ڕیشەییتر بدۆزێتەوە، وەک ئەوەی ئەڵمانەکان بە جووەکانیان کرد. بیرێتی جارێک ژەنەراڵ هەقی سونای لە کۆبوونەوەیەکدا پێی گووتن هەندێ ڕەگەزی نزم هەن وەک کورد و جوو باشترە لەسەر ئەرز نەمێنن، ئەوە چارەسەری کۆتایی و بنەڕەتییە** ))(هەمان سەرچاوەی پێشوو، ٣٧٢).

لێرەدا گێڕەرەوە، یاخود ڕۆماننووس گفتوگۆیەکی شاراوەی خودی کارەکتەر، کە لەمێشکی دا ئەنجامی دەدات، بۆ ئێمە و خوێنەر دەگێڕێتەوە و ئاشکرا دەکات، واتە کارەکتەر ئەو پرسیارەی چەند ڕۆژە لە بیرو هۆش و هزریدا دەیهێنێت و دەیبات تاوتوێی دەکات، بۆ ئەوەی لە شتێک تێبگات ئەمیش ئەوەیە بۆ ئەتاتورک ئەم زمانەی قەدەغەکردووە نەی هێشتوە کەس بەکاری بهێنێ. واتە چەند پرسیارێکی شاراوە لەمێشکی کارەکتەرەکەدا هەیە گێڕەرەوە لەسەر زاری خۆی دەیانگێڕیتەوە ئاراستەی ئێمەی دەکات.

لەساتەوەختی ئەم پرسیارانەدا، هەر خۆشی وەڵامی خودی خۆی دەداتەوە، چونکە گفتوگۆکە لەنێو خودی خۆی و مێشکیدایە ،بۆیە دەڵێت ئەوەنییە عەلی ئیحسانیش کوردییەکی باش قسەدەکات، بەڵام نەبووە بەکورد، واتە دەیەوێ پێمان بڵێت ئەوەی بەزمانی دوژمن قسەی کرد، مەرج نییە ئیدی خۆشەویستی بۆ ئەم زمان و خاکەی هەیە!، چونکە لە ناخیدا هەر زمانی دایکەکەیەو باڵادەستەو خۆشەویستیشی هەر بۆ ئەو زمانە دەجوڵێت، دیسان کارەکتەر هەر بەخۆی دەڵێت ئەی باشتر نەبوو چارەسەرێکی ڕیشەیی و کۆتای بۆ ئەم بابەتە بدۆزنەوە واتە لێرەدا هەر، لەگەڵ خۆیدا دیسان گفتوگۆدەکات ئەمەش، لە ڕێگەی کۆمەڵێک پرسیارو وەڵام، کە هەرخودی خۆی پرسیارەکە دەکات و خۆشی وەڵام دەداتەوە.

ئینجا گێڕەرەوە دەستەواژەیەک بەکاردەهێنێ وەکو (بیریەتی)، واتە کارەکتەر شتێک هاتۆتە مێشکی وەقسە، لەگەڵ خۆیدا دەکات ئەویش ئەوەیەکە لەکۆبوونەوەیەکدا بیری هاتۆتەوە چیان پێ وتووە ئەوەی لە ڕەگەزێکی وەکو کورد بێت باشترە بوونی لەسەر ئەو زەمینە نەمێنێ هەموو ئەمانە و هەموو ئەم پرسیارانە، کە لێرەدا دەیکات یان بیرەکۆنەکانی، کە دێنەوە یادی بە سەرزاری گێڕەرەوە ئەنجامدەدرێت، کەواتە لێرەدا چەند زانیارییەکی شاراوەو نهێنی لە نێو مێشکی کارەکتەرە سەروکییەکەدا هەبوو بۆ خوێنەر ئاشکرابوو ڕۆماننووس یاخود گێڕەرەوە توانی بچێتە نێو مێشکی و ناخی کارەکتەرو زانیارییەکان بخاتە بەردەم خوێنەر، بەم شێوەیە توانیویەتی گێڕانەوەیەک لەجۆری گێڕانەوەی مۆنۆلۆگی ناڕاستەوخۆ ئەنجامبدات.

## ٣- شێوازی گێڕانەوەی بابەتی (objective):

ئەم شێوازی گێڕانەوەییە دەتوانین بڵێین گەیاندنی یاخود گەیەنەری هەموو ئەو شتانەیە یان ئەو ڕووداوانەیە، کە لە ڕۆمانەکەدا باسی لێوە دەکرێ لە نێوان کارەکتەرەکان و خوێنەردا ئەم شێوازە گێڕانەوەیە ((لە ڕووی مێژووی یەوە کۆنترین جۆری گێڕانەوەیە چیرۆک و حیکایەتە میلییەکان بەم شێوازە گێردراونەتەوە پێشکەشکراون، لەم شێوازەی گێڕانەوەدا، گێڕەرەوە هەوڵدەدات هەموو شتەکان بگێڕێتەوە بۆ سنوری دەسەڵاتی خۆی لە ڕێی نیشتەجێبوون و خۆشاردنەوە لە نێوان کەسایەتیەکانی ڕۆماندا، واتە لە کاتی گێڕانەوەو پێشکەشکردن ڕووداوەکانی چیرۆکێک یان بە سەرهاتێک، گێڕەرەوە هەوڵدەدات خۆی ڕووداوەکان بخاتە ڕوو، دەبێتە زمانحاڵی کەسێتیەکان وشارەزا لە کات و شوێنی ڕووداوەکان و جوڵەی کەسێتیەکاندا))(محەمەد، ٢٠٠٨، ١٥٩).

ئەم شێوازە ڕۆڵی سەرەکی گواستنەوەیە لەنوسەرەوە بۆ خوێنەر. ((جا ئەگەر هات و چیرۆکگێڕەرەوە لەدەرەوەی چیرۆکەوە بوو لە جۆری چیرۆکگێڕەوەیە بوو کەپێی دەگوترێت (چیرۆک گێڕەرەوەی هەمووشتزان) و تەنها لە ڕوانینی خۆیەوە تێبینی کەس و ڕووداوەکان بکات و سەرنجەکان ئاراستەبکات ئەوا شێوازی گێڕانەوەکەی بابەتی دەبێت هەروەها لەحاڵەتێکی دیکەشدا شێوازی گێڕانەوە بابەتی دەبێت ئەگەر (چیرۆک گێڕەروە کەم شتزان بێت)چیرۆکەکە بگێڕێتەوە، لەبەر ئەوەی تەنها لەدەرەوەی شتەکان دەبینێت و شۆڕنابێتەوە ناخی کەسەکان و ناچێتە شوێنیان و نازانێت بیر بەچی دەکەنەوەو هەست بە چی دەکەن بۆیە هەر لەدیوی دەرەوەی ئەوکەسانە دەوەستێت و بە شێوازێکی بابەتی چیرۆکەکە دەگێڕێتەوە))(سابیر، ٢٠٠١، ٢٤٢-٢٤٣). بەم شێوەیە نووسەری ڕۆمان لێرەدا ناخی کەسەکان و شتەکان ناخاتە ڕوو بۆ خوێنەر، بەڵکو گشتگیری کاردەکات.

((گێڕەرەوەی هەموو شتزان- الراوي العليم بكا شيء –کەسێکی ئاگادارە لە گشت کردارو ڕەفتارە کەسایەتییەکان وشارەزایە لە ڕەوشت و باری دەروونی و نزیکە لە ئێستاو ڕابردوو. بە پێچەوانەوە گێڕەرەوەی کەمشتزان ئەم جۆرە گێڕەرەوەیە لەیەک گۆشەنیگاوە دەڕوانێ و بەپێی زانینی گێڕەرەوە و پەیوەندی بەکەسایەتیی ئەوەی ناوە دەقەکە دیاری دەکرێت، چونکە گێڕەرەوەی کەم شتزان پشت بەکەسایەتییەکانی ناو ڕۆمانەکە دەبەستێت بۆ ئەوەی ڕووداوەکەکان لەلایەن ئەوانەوە ببیستێ و ببینێ بۆ ئەنجامدانی گێڕانەوەکەی بەم جۆرە دەگەینەئەوەی بڵێین، کە جۆری گێڕەرەوە پەیوەندی بە کەسایەتییەوە هەیە، چونکە کەسایەتیی هۆیەکە هەستی گێڕەرەوە لە خۆدەگرێت))(خدر، ٢٠٠٧، ٢١).

لەشێوازی بابەتییدا کارەکتەری نێو ڕۆمان ڕۆڵێکی بەرچاوی هەیە لەگەیاندنی زانیاریەکان و ئەفراندنی ڕووداوەکان، چونکە((شارەزای هەڵسوکەوتی کارەکتەرەکانی ناو چیرۆکەکەیەو تەنانەت بیرە نهێنی و شتە شاراوەکانیشیان شارەزایەو زانیاری لەبارەیانەوە هەیە، هەتا بیرە نهێنی و نهێنیەکانی کارەکتەری سەرەکیش بەهۆی ئەم شارەزاییەی گێڕەرەوە دەربارەی بیرەنهێنییەکان و کون و کەلەبەری چیرۆک و کارەکتەرو ڕووداوەکان، وای کردووە، کە گێڕەرەوە ڕۆڵی هەبێت لەدروستکردنی کارەکتەرەکانی ناو چیرۆک، چونکە گێڕەرەوە لە شێوازی گێڕانەوەی بابەتی دا بیروناخی کارەکتەرەکان دەخوێنێتەوە ))(حمد امین، ٢٠١٢، ٩).

گێڕەرەوە ،وەک پسپۆڕو شارەزا کاردەکات، کە کارەکتەریش ڕۆڵ دەبینیَ، واتە گێڕەرەوە ئەوزانیارییانە ئەبەخشێ بەخوێنەر، کە پێویستە بزاندرێت، کە ئەم شێوازە هەرلەسەرەتاوە پابەندە ،بە((جێناوەکانی کەسی سێیەمی تاک و دووەمی تاک و کۆ بەپێی پێویست بەکار دەهێنرێت، جاری وادەبێت هەردوو جێناوەکانی کەسی دووەمی دوێنراو – سێیەمی نادیار، لەناو یەک چیرۆکدا بەکاردەهێنرێت، لێرەدا سەرپشکی گێڕەرەوە لەبەکارهێنانی جیناوەکاندا، بۆ هەمەڕەنگکردنی گێڕانەوەکەی و دوورکەوتنەوە لە ڕۆتین، بەدیادەکەوێ لەمەی سەرەوەدا ئەوە بەدیاردەکەوێت، کە گێڕەرەوەی هەمووشتزان بەوە لە گێڕەرەوەی بەشدار جیادەکرێتەوە، بێ ئەوەی دیار بێت بیرو ڕاکانی دەخاتەڕو، جگە لەوەی دوورە لە بەکارهینانی جێناوی (من)، بوارێکی باشیشی بۆ ڕەخساوە تا شتی زیاتر لەبارەی کارەکتەرەکانەوە بزانێت))(موفتی ، ٢٠١٢، ١٧-١٨). لەم شێوازەی گێڕانەوەیەدا، کە (کەسی یەکەمی حیکایەتخوانی چیرۆک جۆگەلەیەکە، کە هەموو زانیاریەکانی ئەم داستانەی پێدا دەڕاوت))(Mosley، ٢٠٢١، ٣٣).

لەم شێوازی گێڕانەوەیەدا خوێنەر هەست بەبوونی نووسەر دەکات. لەنێو ڕۆمانەکەدا، چونکە لەم شێوازەدا جێناوەکان بەکاردێ، واتە وێنەیەکی خەیاڵی دروست دەبێت مەرج نی یە ئەو وێنەیە ڕاستەقینەبێت. ئەوەی لێرەدا مەبەستمانە پەلکێش کردنی خوێنەر ،بۆ ناو ڕەوتی ڕۆمانەکەو بەردەوام بوونیەتی، بەڵام ئەوەی لێرەدا گرنگە نابێت ڕۆماننووس یاخود گێڕەرەوە، بەیەکجار تەواوی زانیارییەکان بدرکێنیَ، چونکە گرفت بۆ ڕۆمانەکە دروست دەبێت بۆیە پێویستە قۆناغ بەقۆناغ لەگەڵ ڕەوتی ڕۆمانەکە بڕوات.

ئەم جۆرە شێوازە گێڕانەوەیە لەڕۆمانەکەدا بەرچاو دەکەوێت، بۆ نموونە گێڕەرەوە دەڵێت: **((ئویزار ژنێکی بە تەکبیر بوو، هەستیکرد یەکەم شت بیکات ئەوەیە ئەو جلەتەنکانەی شەو بگۆڕێت و جلە ئاساییەکانی بپۆشێت و چایەک لێبنێت هەوڵبدات وابکات عیسمەت بەرچایی بخوات و تێربێت و پشووبەک بدات و دوورنییە دوای ئەوە ئاسایی بێتەوە، بەئارامی دەستی خستە سەر نێوچاوانی،**

**پەنجەی خستە سەر دەماری دەستی و سەیری چاوی کرد. عیسمەت تای نەبوو، بەڵام دڵی خێرا لێیدەدا، چاوانیشی ترسێکی قووڵیان تێدا بوو**))(عەلی، ٢٠٢٠، ٧).

ئەگەر سەرنج بدەین دەبینین گێڕەرەوە هەمووشتزانە، چونکە زانیاری تەواوی لەسەر کارەکتەرەکە هەیە، وەکو ئاماژە بەجلە خەوەکەی دەکات، کە لەبەریەتی و چۆنیەتیی و تەنکیی جلەکەشی،ئەوەش دەگەیەنێتە خوێنەر، لەگەڵ ئەوەشدا ئاگاداری هەڵسوکەوتی کارەکتەرە. واتە ئویزار چ جۆرە ژنێکەو و هەروا چۆن دەست دەخاتە سەر نێوچاوانی پیاوەکەی، بۆ ئەوەی بزانێت باری تەندروستی چۆنە! ئایا گەرمە؟ یان ئاسایی؟! هەربەم زانیاریانەی گێڕەرەوە، کە دەیبەخشێتە خوێنەر، دەتوانین بڵێین سەرەداوێکە، بۆ ئەوەی بۆمان دەربخات، ئیدی لێرەوە بارودۆخی کارەکتەر عیسمەت ئۆکتای لە ڕووی دەروونییەوە بەرەوناڵەباری دەڕوات.

ئەمەش بۆخۆی سەرەداوێک بوو بۆ ئەوەی خوێنەر بەردەوام بگەڕێت وبەخولیاییەوە بیخوێنێتەوە تادەگاتە زانیاری زێتر دەربارەی بارودۆخی کارەکتەرەکە، چونکە کاتێک گێڕەرەوە لەو زانیاریانە دەخاتە بەردەستی خوێنەر، وەک ترسێکی قووڵ باڵ بکێشیت بەسەریدا، ئەمە خۆی لەخۆیدا زانیارییەکە، کە ئەم کارەکتەرە بەرەو نائارامی هەنگاو دەنێ و خوێنەریش لەو ڕێگەیەوە هەنگاوەکانی دەبڕێت و بەردەوام دەبێت.

لێرەدا ڕۆماننووس زێتر مەبەستێتی، تا خوێنەر بێ دابڕان بخاتە سەر ڕیچکەی ڕاستیی خوێندنەوەی ڕۆمانەکەو، چونکە ئەم زانیاریانەی لەسەرەوە پێماندراوە ودەڵێت ڕووداوەکان لەوە زێترە و گەورەتر دەبێت، چونکە گێڕەرەوە ناخی کارەکتەرەی خوێندۆتەوەو، بۆ خوێنەری خستووەتە ڕوو، هەر بەم پێیە ڕۆماننووس زۆر بەوردی و شارەزاییەو، توانیویەتی ئەم جۆرە شێوازە، کە شێوازی بابەتییە لە ڕۆمانەکەدا بەرجەستە بکات، وەکو وینەیەکی ڕاستەقینەش پێشکەشی بە خوێنەری بکات.

لەپەرەگرافێکی دیکەدا گێڕەرەوە بۆ نموونە دەڵێت: ((**ئەو دڵنیابوو ئاکانسو هێشتا زۆر شت دەربارەی بارودۆخی هەرێمەکە نازانێت. بەرپرسی خوێندنگاکان و ژمارەیەکی زۆر لەمامۆستایان بانگهێشتی کۆبونەوەکە کرابوون، لەوەش ئاگادار کرابوونەوە ئامادەنەبوون سزای قورسی دەبێت. ئەوە یەکەمین دەرکەوتنی تاریق ئەکانسو بوو لەبەردەم خەڵکی هەرێمەکەدا. دەبوو بەجۆرێکی وەها خۆی پیشانبدات هێزی دەوڵەتی تورکان بۆ خەڵکی بەرجەستەبکات نیشانەی ئەو شتانەی لەکۆتاییدا ڕوویاندا لە سەرەتاوە دیاربوون، وەسواسی بێسنوور ترسی تاریق لە شتێکی ناو نەنراو نەگێڕاو**))(هەمان سەرچاوەی پێشوو، ٦٩).

لێرەدا گێڕەرەوە زۆر بەوردی بۆمان دەگێڕێتەوە ،کەکارەکتەر ئاکانسو هیچ شتێک دەربارەی ئەم ناوچەیە نازانێ، واتە گێڕەرەوە لێرەدا پێمان دەڵێت: من زانیاریم لەسەر ئەم کارەکتەرە هەیە، کە هیچ شتێک دەربارەی هەرێمەکە ئاگادار نییە ئەمە جگە لەوەی، کە جێناوی (ئەو) ئاماژەیەکی بەرچاو ڕوونە، کە گێڕانەوەکەی کردووە بە گێڕانەوەیەکی بابەتی، کەواتە ئەو شتانەی دەیبینی یان هەستیان پێدەکات... دەیگێڕێتەوە. ئەم جێناوەش، کە بەکاری هێناوە، کردوییەتیە ئامرازێک، کە خۆی تێدا دەرنەکەوێ لە نێو ڕووداوەکاندا، لەگەڵ ئەوەشدا توانیویەتی زانیارییەکان بگەیەنێتە خوێنەر.

گێڕەرەوە بەناخی کارەکتەرە سەرەکیەکەدا ،واتە کارەکتەر ئاکانسۆ چۆتە خوارەوە، چونکە پێمان دەڵێت ترس و ڕاڕایی تاریق لە ئەوشتەیە ناوئەبراو نەگیراو بێ سنووربوو، خودی ترس، یاخود ڕاڕایی، نامۆی، ئازار هەتا دوای ئەمانە کۆمەڵێک دەستەواژەن لە ناوەوەی مرۆڤدایە ئێمە ناتوانین بیانبینین شتێکی نادیارە، بەڵام لێرەدا ڕۆماننووس یاخود گێڕەرەوە بەناخی ئەم کارەکتەرەدا چۆتە خوارەوە. وپێمان ڕادەگەیەنێ کەسایەتی و هەڵوێست و ناوەوەی کارەکتەر ئاشکرادەکات بۆ خوێنەر، کەگێڕەرەوە هەر لەسەرەتاوە چاودێریکەری ڕووداو کارەکتەرەکان بووە هەتا لەم پەرەگرافەدا ئاگاداری ئەو کۆبوونەوەیەشە، کەکارەکتەر چۆن خۆی بۆئامادە کردووە و هەڵوێستی و نیازی کارەکتەر، کەچۆن خۆی بۆ ئامادەکردووە و هەڵوێستی و نیازی کارەکتەر لەم کۆبونەوەدا چی بووە؟ گێڕەرەوە هەمووی بەڕوونی زانیاریەکان دەخاتە بەردەست، کە ئامادەبوونی کارەکتەر مەبەستی نیشاندانی هێزو دەسەڵاتی بووە لەم هەرێمەدا.

واتە نیشانیان بدات، کە دەسەڵاتی تورک ئەوەندە گەورەو بەهێزە دەستی دەگات بەگشت هەرێمەکان، هەر بەپێی هەموو ئەم زانیاریانە، کە گێڕەرەوە پێشکەشی بەخوێنەری دەکات گێڕانەوەکەمان دەبێتە گێڕانەوەیەکی بابەتی.

لەپەرەگرافێکی دیکەدا گێڕەرەوە دەڵێت: ((**تەرجومانەکە ماوەیەکی درێژ لە ماڵی تاریق ئاکانسو مایەوە. هەمیشە دەستێ جلی کۆنی لەبەردا بوو، پانتۆڵێکی خۆڵەمێش و چاکەتێک پێدەچوو نیو سەدە تەمەنی بێت، هەموو هەفتەیەک جارێک دەیشتن و لەدەرپێی و فانیلەیەکدا بێدەنگ دادەنیشت و چاوەڕوانی دەکرد تا وشکدەبوونەوە. بەئارەزوویەکی قووڵەوە مناڵەکانی فێری وشەکان و ڕستەکان و ناوی شتەکان دەکرد. لەوێ لە ژوورێکی تایبەتیدا دەژیا. پیاویکی بێدەنگ و غەمگین تەنیا لەوساتانەدا بەزمانەکەی خۆی دەینوسی و قسەیدەکرد شادی بە ڕوویەوە دەبینرا.**)) (هەمان سەرچاوەی پیشوو، ٢١٧).

ئەگەر لێرەدا سەرنج بدەین دەبینین گێڕەرەوە کۆمەڵێک زانیاریمان دەداتێ سەبارەت بەکارەکتەرەکە، لەپۆشینی جل و بەرگەکانی هەتا زانیاری لەسەر جۆرو ڕەنگی بەرگەکەی بۆ خوێنەر خستۆتەڕوو، وەک پێمان دەڵێت پانتۆڵێکی خۆڵەمێشی، هەروەها باسی چاکەتەکەمان بۆ دەکات، کە

تەمەنی ئەم چاکەتە بەڕای گێڕەرەوە نیو سەدە دەبێت. واتە لەوێدا کۆنیی چاکەتەکەیمان بۆ ڕوون دەکاتەوە، گێڕەرەوە هەر لێردەا زانیارییەکی دیکە دەدرکێنێ ئەویش شتنی جل و بەرگەکانی کارەکتەر، کە هەفتەی یەکجار دەیشوات و تەنانەت پێشمان ڕادەگەیەنێ، کە ئەوکاتەی جلەکانی دەشۆرد بەتاقە دەرپێ و فانیلەکەی دادەنیشت.

لەپاڵدا ئەوەشدا ئەو زانیارییە شاراوەیەش دەخاتە بەردەم خوێنەر، کە کارەکتەر هەر ئەم دەستە جل و بەرگەی هەبووە!، یان هەر ئەمەی پێبووە، لەماڵی ئاکانسۆ دیسان زانیارییەکی دیکە، کە گێڕەرەوە هەر لەم پەرەگرافەدا بۆ ئێمەی ئاشکرا دەکات ئەویش مانەوەی کارەکتەرە تەرجومانەکەیە، لە ژوورێکی ناو کۆشکەکەدا ژیانی دەکرد. دیسان گێڕەرەوە ناخی ئەم کارەکتەرە بە خوێنەر ئاشکرا دەکات، کە کەسایەتیەکی چۆنی هەیە ئایە توڕەیە؟ هێمنە؟ ئارامە؟ لەسەرە لاسارە؟ هەت دوای گێڕەرەوە پێمان ڕادەگەیەنێ، کە کارەکتەر خاوەن کە سایەتییەکی بێ دەنگ و ئارام و غەمگینە تەنیا لەو کاتانەدا بەشادی و خەندەوە دەبیندرا، کە بەزمانی خۆی، کەکوردییە... قسەی دەکرد، هەموو ئەمانە گێڕەرەوە، بۆ خوێنەری ئاشکرادەکات.

گێڕەرەوە شتێکی دیکە، بۆ خوێنەر ئاشکرا دەکات، وەکو زانیاری بەسود ئەویش سنورداركردنی کارەکتەرە لە چۆنییەتی هەڵس و کەوت و مامەڵەکردن و جوڵانەوە لەناو کۆشکەکدا. واتە کارەکتەر بۆی نەبوو بەئارەزووی خۆی لە کۆشکەکەدا مامەڵە بکات وەک ئەوەی خۆی دەیەوێت هەر بەم پێیە ئەم هەموو زانیاریانەی، کە گێڕەرەوە دەی بەخشێ بە خوێنەر چ لە ڕووی ناوەی یان دەرەوەی کارەکتەر بێت لێرەدا گێڕانەوەکە دەبێتە بابەتی.

## ٤- شێوازی گێڕانەوەی خودی:

ئەم شێوازی گێڕانەوەیە،بە پێچەوانەی گێڕانەوەی بابەتییەوەیە ((هەرچی گێڕانەوەی لە ڕێگەی خودییە، گێڕەرەوە بەشدارە لە ڕووداوەکان و جێبەجێکەرەو دروستکەری گێڕانەوەکەشە، لەڕێگەی جێناوی قسەکەرەوە ئەنجامی دەدات، ئەم جۆرە گێڕانەوە لەگێڕانەوەی ژیننامەو دان پیادانانەکان دەچێت، زۆرجار تۆمارکردنی یادەوەرییەکانی ڕۆژانەش ئەم شێوە نووسینە دەگرێتەوە. ئەگەر گێڕەرەوەی بابەتی بەهەمووشتزان بناسرێ، کەبەزۆری لەڕێگەی جێناوی نادیارەوە گێڕانەوەکە ئەنجام دەدات، ئەوا لە گێڕانەوەی ناوەکیدا گێڕەرەوە ڕۆڵی لە بەئەنجام گەیاندنی ڕووداوەکاندا هەیە چیرۆکەکە لەناوەوە دەگێڕێتەوەو بەبینینێکی خودیانە پێشکەشیان دەکات، زانیاریشی لەبارەی کارەکتەرەکانەوە زۆر نییە.))(موفتی، ٢٠١٢، ٢٨-٢٩) .

لێرەدا ئەوەمان، بۆ ئاشکرا دەبێت، یان بۆمان ڕوون دەبێتەوە، کە ڕۆماننووسین کارێکی ئەوەندە ئاسان نییە پێویستی بەشارەزای و پسپۆڕی خۆی هەیە، بۆئەوەی بتوانێ خوێنەرەکانی بەلای خۆیدا

پەلکێش بکات، و بەکام شێواز ڕۆمانەکەی پێشکەش بەخوێنەر کردوە هەندێ جار ڕۆماننووس زێتر لە دوو شێواز بەکاردەهێنێ، ئەوەش ئەو تەکنیکەیە، کە پێویستی بە شارەزایی و پسپۆڕی هەیە، چونکە ((ڕۆمان وەکو هونەریکی ئەدەبی پێویستی بە کارامەیی و لێهاتوویی تایبەت هەیە پێویستی بەکاتێکی زۆر دەبێ، بۆیە درەنگ تر لەشیعر بڵاو بووتەوە، چونکە لە ڕۆماننووسیدا پلان هەیە، بەڵام لەشیعردا کەچوبێتە ناویەوە، پلانێک نییە، دیارنییە و چۆن دەڕوات و چۆن ناڕوات))(رەحمان، ٢٠١٤، ٢١).

نووسەری ڕۆمان لەشێوازی خۆیدا بەشارەزای و پسپۆڕی بەشداری دەکات لە ڕووداوەکان، بەڵام هەرچەندە ئەم شێوازە زۆرتر نزیک دەبێت لە خوێنەر تا نووسەر، چونکە ئەم شێوازە ((بینینێکی خودی بە گێڕانەوەکە دەبەخشێت و وا دەردەکەوێت، کە کارەکتەرەکان لەگەڵ خوێنەر دەدوێن))(حمد أمین، ٢٠١٢، ١٠).

هەربەم پێیە گێڕەرەوە هیچ ڕۆڵێکی نابێت لەم شێوازەدا، چونکە کارەکتەرەکان خودی خۆیانن دەدوێن و زانیارییەکان دەدرکێنن ((حیکایەتخوان بەگویرەی ئەو زانیارییانەی، کە دەیبینێ و دەیبیستێ پرۆسەی گێڕانەوە بەزمانی (من) ی قسەکەر ئەنجام دەدات، واتە گێڕانەوە لەلایەن کارەکتەرێک یاخود کەسێکەوە ئەنجام دەدرێت ئەمەش وادەکات هەست بە ئێشو ئازاری کارەکتەری سەرەکی و کارەکتەری دیکە بکەین، جگە لەوەی لە سیستەمی گێڕانەوەی خودیدا بەدوای بەرەوپێشچونی پرۆسەی گێڕانەوەکەدا دەچین جا لە تێڕوانینەکانی حیکایەتخوانەوە بێ یاخود لەلایەن گوێگراوە بێت هەموو هەواڵێکیان لەلا دەست دەکەوێت کەی و چۆن حیکایەتخوان یان گویگر پێی زانیوە تایبەتمەندییەکانی حیکایەتخوان کەمشتزان لە گێڕانەوەی خودیدا ڕۆڵی ڕەنگدانەوە یان گواستنەوەی ڕووداوەکان ناگێڕێت، بەڵکو ڕۆڵی هێنانەکایەیان دەگێڕێت))(خاڵەدیوە،٢٠١٠ ،١٦٣)هەروەها((ڕووداوەکان لەسەر زمانی قسەکەر دەگێڕدرێتەوە، لە زۆربەی بارەکاندا ئەو پاڵەوانی چیرۆکەکەیە))(حوسێن، ٢٠٠٧، ٢١٧).

بەم شێوەیە دەبینین پێوەندییەکی توندوتۆڵ لەنێوان کارەکتەرو ڕووداو و خوێنەر هەیە. ((لەگەڵ ئەمەشدا شێوازی گێڕانەوەی خودیدا بنیات و تێڕوانینەکان هەمە جۆرن و ماوە دەدرێتە کارەکتەرەکان ڕاستەوخۆ ڕوو بەڕووی خوێنەر ببنەوە و قسەیان لەگەڵدا بکەن و بەبێ هیچ چاودێری و ئاراستەکردنێک لەلایەن کارەکتەرەکانی دیکەوە لەگەڵیان دەدوێن و بەربەستی و ئازادییەکی تەواوە وەخۆیان ئاشکرا دەکەن و بێ ئەوەی چاوەڕوانی ئەوەبن کە لایەنێک لەهەڵوێست و بیروڕاکانیان بشارنەوە))(حمد امین، ٢٠١٢، ١١).

ئەگەر گێڕەرەوە ،لەڕووداوەکانی نێو ڕۆمانەکەدا بەشداریکرد، ئەوا شێوازەکە خودییانەیە ((هەروەها لە شێوازی گێڕانەوەی خودیدا هەندێکجار گێڕەرەوە کەمشتزانە، چونکە گێڕەرەوەی

کەمشتزان بەستراوەتەوە بە شوێنەکەی لەسەر ئاستی ڕووداوەکان ئەگەر بەشدار بێ لە ڕووداوەکان و یەکیک بێ لە کاەکتەرەکان و شوێنی بکەوێتە ناوەوەو لە نزیکەوە کارەکتەرەکان هەڵسوڕێنێ و پەیوەندی پێیانەوە هەبێت ئەوا شێوازی گێڕانەوەکەی شێوازێکی خودی دەبێت))(هەمان سەرچاوەی پێشوو، ١١).

لەگەڵ ئەوەشدا ((لە سیستەمی گێڕانەوەی خودیدا، لەمیانەی چاوی گێڕەرەوەوە شوێن پێی گێڕانەوەکە دەکەوین، یان پێویستمان بە ڕاڤەکردنی هەموو هەواڵێکی دیاریکراو نییە و ناپرسین چۆن گێڕەرەوە یان گوێگر ئەمەیان زانیوە))(خدر، ٢٠٠٧، ٢٢). لەم شێوازی گێڕانەوەدا کارەکتەر پەیوەست بەگوێگرەو لە بەرجەستەکردنی زانیاری و ڕووداوەکاندا. ((تێیدا چیرۆکگێڕەرەوە لەناوەوەی ڕووداوەکانەوە گێڕانەوەکە لە سەر زاری ئەو دەگێڕێتەوە، کە بەزۆریش خۆی پاڵەوانی چیرۆکەکەیە، ئاستی زانیاریەکانی یەکسانە بەزانیاری کارەکتەرەکانی نیو چیرۆکەکە))(محمد، ٢٠١٥، ٢٦).

لێرەدا گێڕەرەوە خۆی لە زانیارییەکان بەدوور ناگرێ و وەک بینەرێک یان سەیرکەری ڕووداوەکان بێت، بەڵکو بەشدارە لەهەموو ئەو ڕووداوانەی، کە ڕوودەدەن، ئینجا جیاوازی نییە ئەم ڕووداوانە واقیعی بن یان خەیاڵی، لەگەڵ ئەوەشدا لەم جۆرەدا دەبێت گێڕەرەوە وردتر مامەڵە، لەگەڵ کارەکتەرو ڕووداوەکان بکات، بەجۆرێک چێژبەخش بێت. ((ئەم جۆرەی گێڕانەوەیە لەناوەکەیەوە دەردەکەوێت، گێڕانەوەکە لەلایەن کەسێکەوە ئەنجامدەدرێت، کە خۆی بەشیکە لە ڕووداوەکان و لە هەڵسوڕاندنیاندا ڕۆڵ دەبینێت. واتە گێڕەرەوەی ڕووداو بەسەرهاتەکان کەسێک نییە لەدەرەوەی چاودێری دروستبوون و بەرەو پێشچوونی ڕووداوەکان و هەڵسوکەوت و چالاکی کەسێتییەکان بکات، بەڵکو کەسیکە لەناو ڕووداوەکاندا دەژی و بەخولقاندنیان یاخود بەکاریگەربوون بە شوێنەوارەکانیان، بەشداری لەڕووداوەکاندا دەکات، هەر خۆشی ئەرکی گێڕانەوەی ڕووداوەکان دەگرێتە ئەستۆ))(محەمەد، ٢٠٠٨، ١٦٩).

هەروەکو چۆن کارەکتەرەکان و ڕووداوەکان جۆراوجۆرن هەربەم شێوەیەش گێڕانەوەکانیش جۆراوجۆر دەبن، ((لە گێڕانەوەی خودییدا، دەنگەکان جۆراوجۆرن تێڕوانینەکان جیاوازن و یەکناگرنەوەو هەڵوێستەکانیش دەربارەی ڕووداوو بەسەرهاتەکان هەمەچەشنەو تایبەتن، چونکە گێڕەرەوە لەم شێوازەدا خۆی لە ڕووداوەکاندا بەشدارە یان شاهیدە لەسەریان، هەروەها زانیارییەکانی لە سنورێکی بەرتەسکدایە و واقیعەکان بە پێی پەیوەندییان بەوگێڕەرەوەیە وە دەگێڕدرێنەوە، گێڕەرەوەکانیش، کەسێتییە بەشدارەکانی نیو دەقەکەن، چەند دانەیەکن و خاوەنی تێڕوانینن و جیهانی تایبەتن، لەبەر ئەوە خوێنەری ئەم جۆرە ڕۆمانانە پێویستی بە سەرنج و وردبینییەکی زیاتر هەیە بەراورد بەو ڕۆمانەی، کە گێڕەرەوەکەی گێڕەرەوەیەکی بابەتییە و ئەرکی گێڕانەوەی سەرجەم ڕووداوەکان دەگرێتە ئەستۆ))(هەمان سەرچاوەی پێشوو، ١٧٠). لێرە گێڕەرەوە لەم

جۆرەدا بریتی نیە لە تێڕامان و سەیرکردن، بەڵکو بریتییە لە بەشداریکردنی گێڕەرەوە لە نێو ڕۆمانەکەدا.

((ئەگەر گێڕەرەوە کارەکتەری سەرەکی بێت پێویستە (جێناوی کەسی یەکەمی تاک من – ئەز) سەروەر بێت))(حسێن ،٢٠١٣، ٢١) لێرەدا گێڕەرەوە دەبێتە دروستکەری ڕووداوەکان و تێکەڵبوونی ،بەو ڕووداو و کارەساتگەلانەی نێو ڕۆمانەکە.

ئەم جۆرە شێوازە زۆرتر لە ڕۆمانەکەدا بەچاو دەکەوێت و ڕۆماننووسیش زۆر بەشارەزاییەوە بەکاریهێناوە، بۆنموونە گێڕەرەوە لە پەرەگرافێکدا دەڵێت: ((**گوێبگرە کوڕم تاریق، نەجیب فتحی پیاوێکی ئاسان نییە. من چەند ساڵە دەیناسم ... دەرکەوتنی تۆ دۆخێکی دژواری لە حیزبدا بۆ دروست کردبوو، ئامۆژگارییەکت دەکەم، لێگەڕێ باکار بۆ حزبەکەی مەندەریس بکات. ئێوە هیچ کات هەردووکتان لەحیزبێکدا جێگەتان نابێتەوە. من ژیانم لە سیایەتدا بردۆتە سەر. هەندێ جارهەتا لەگوندێکی بچوکیشدا حیزب جێگای دوو کەسی بەهێزی تێدا نابێتەوە. نەجیب پیاوێکە حەزی لەوەنییە کەسی دووەم بێت**))(عەلی، ٢٠٢٠، ٢٢٢).

لێرەدا، ئەگەر سەرنج بدەین گێڕەرەوە خۆی بەشدارە لە گێڕانەوەکەدا، چونکە پرۆسەکەی بەزمانی (من) قسەکەر ئەنجامداوە چەندین جار ئەم پرۆسەیە دووبارە بۆتەوە، وەک من چەند ساڵە دەیناسم خوێنەر یان گوێگر کاتێک دەیخوێنێتەوە یان بیسەری دەبێت. واهەست دەکات خۆی لە نێو ڕووداوەکانە هەرچەندە لێرەدا گێڕەروە بەشیوەیەکی ئامۆژگاری گێڕانەوەکە ئەنجام دەدات، بەڵام هەر زوو خوێنەر هەست دەکات ئامادەی هەیە لە نێو ڕۆمانەکەدا لێرەدا ئەو زانیاریانەی، کە گێڕەرەوە ئەیدات بە کارەکتەر وەکو ئامۆژگاری ڕێک بەقەد زانیارییەکانی کارەکتەرەکەیە.

گێڕەرەوە توانیویەتی هاوبەشییەک دروست بکات، لە نێوان خودی خۆی و کارەکتەردا دەبێت ئەوەش لەیاد نەکەین ،ئەم زانیارییانەی، کە گێڕەرەوە دەیدرکێنێت تایبەتن واتە شتێکی گشتی نییە هەمەلایەن بێت و هەمووی گوێبگرێت و بەشداربێت لەو ئامۆژگاریانەی، کە گێڕەرەوە دەیگێڕێتەوە، بەڵکو تایبەتە بە کارەکتەرە سەرەکییەکە، کە تاریق ئاکانسوە، کە لەهەوڵی ئەوەدایە بڕوا بە تایف بهێنێ لەگەڵ یەکێک لە کارەکتەرەکانی دی تێنەکەوێت. ئەویش بەناوی نەجیب فەتحی غالیبە، کە زانیاری دەدات بە تاریق سەبارەت بەوەی، ئەم پیاوە ترسناکە هیچ کات حەزی لە هاوبەشی سیاسی و حیزبیدا نی یە. ئاگاداری دەکاتەوە، کە خۆی تێکەڵی بە کاروباری ئەو نەکات و لە یەک حیزب و هێزدا نەبن هەموو ئەم زانیاریانە، کە گێڕەرەوە دەیەوێت بیگەیەنێت تایبەتین کاتێک خوێنەریش گوێبیستی دەبێت واهەست دەکات پێوەندی بە ئەویشەوە هەیە لەگەڵ هەموو ڕووداوەکاندا هەست بەبوونی گێڕەرەوە دەکات، کە لە ڕێگەی ئەم ئامۆژگارییە زانیارییەکانی دەگەیەنێت بە خوێنەر.

گێڕەرەوە لەپەرەگرافێکی دیکەدا دەڵێت: ((**ئارسین ... تکایە دانیشە، نازانم لەگەڵ پیاوێکدا قسەبکەم بەردەوام وەستابێت من دڵنیام ئەوەی باوکم کردی کۆتایی پێهات، ئەو مێژوویە تاریق ئەکانسو لە کوردستان نوسییەوە کۆتاییهات. من دەمەوێت کۆشکەکەم بفرۆشم و ژیانێکی تر دەست پێبکەم. دەمەوێت واز لە ئیشی تەرجومانی بهێنم. دەزانم وەک هەمیشە باوەڕم پێناکەیت، دەزانم تۆ زیاد لە بیست ساڵە داوام لێدەکەیت وازبهێنم و ناتوانم، بەڵام گەر تۆ بێیت و کێشەی کۆشکەکە چارەبکەین، سوێند دەخۆم ئەم جارە دەمەوێت ژیانێکی تر دەست پێبکەم**))(هەمان سەرچاوەی پێشوو، ٥٦٥).

هەڵبەتە ئەم گێڕانەوەیە بەجێناوی کەسی یەکەمی قسەکەری (من) ئەنجامدراوە، چونکە لە نێو ئەم پەرەگرافەی ڕۆمانەکە (من) چالاکە هەڵبەتە گێڕەرەوەش ئەو زانیارییانەمان دەخاتە بەردەست، وەک ئەوەی کارەکتەر عەلی ئیحسان نیازی چی هەیە ئەیەوێت چی بکات و داوایی لە براکەی چییە؟ هەموو ئەمانە زۆر بە ڕوونی لە نێو ڕۆمانەکەدا گێڕەرەوە پێشکەش بەخوێنەری دەکات. بەجۆرێک خوێنەر هەست بە بوونی ڕۆماننووس ناکات لە نێو دەقی گێڕانەوەکەدا، چونکە هەر لە سەرەتاوە ئەگەر سەرنج بدەین گێڕەرەوە بەجۆرە ئیقاع و ڕیتمێک دەست پێدەکات، وەک ئەوە وایە خوێنەوە لە نێو ڕووداوەکەدا بێت و تەماشەکەری ئەم دیمەنەبێت.

هەڵبەتە ڕوونە، لەم پەرەگرافەدا کارەکتەر ئارسین ٢٠ساڵ داوای چی کردووە لە براکەی گێڕەرەوە زانیاری تەواوی نەخستۆتە ڕوو، بەڵام هەر دیارە داوای لەوە دەکات واز لە کاری جاسوسی و تەرجومانی بهێنێ، بۆ دەوڵەتی تورکی ئەمیش لە بەرامبەردا داوای ئەوە دەکات، کە لەگەڵی دابێت بۆ فرۆشتنی کاروباری کۆشکەکەو تاکو بتوانێ بەم بڕە پارەیە ژیانێکی دیکە دوور لە ژیانی سیاسی و تەرجومانی بۆ خۆی دروست بکات. هەموو ئەمانە وترا لێرەدا گێڕەرەوە لەم پەرەگرافە ئاماژەی پێنەداوە، بەڵام زانیاریە سەرەکیەکانی خستووەتە بەردەم تاوەکو خوێنەر تێبگات چی دەگوزەرێت چی مەبەستێکی هەیە، چونکە لەم جۆری گێڕانەوەیەدا زانیارییەکان سنوردار کراون بۆیە گێڕەرەوە بەم شێوە گێڕانەوە، کە ئەنجامداوە، کەخودی خۆی تێدا بەشدارە، کە خوێنەر دەنگی کارەکتەرەکان بەئاسانی دەبینێ و هەست بە بوونیان دەکات، هەر بەم پێیەش شێوازی گێڕانەوەکەمان، بە گێڕانەوەی خودی ئەژمار دەکرێت.

گێڕەرەوە لەپەرەگرافێکی دیکەدا گێڕانەوەی خودی ئەنجام دەدات، کە دەڵێت: ((**کوڕم، گورگە بۆرەکان هەموو خەڵکی تورک پەروەر و نیشتیمان پەروەرن، من چەندەها ئەفسەری پایەدار دەناسم سەربەگورگە بۆرەکانن. کوڕی خۆم ئەفەندم، تۆ کوڕی تاریق ئاکانسویت، دڵنیام بابت بمایە ئێستا لەگەڵ گورگە بۆرەکالندا بوو. دلنیابە ئیدیالیستەکان شتیک ناکەن ئاسایشی تورکیا تێکبچێت. دەوڵەت**

**دۆخی خراپە، گەر شتێک ڕوویدات و کار لەکار بترازێت، هیوایەک هەبێت یەکێک دۆخەکە بگێڕێتەوە هەر گورگە بۆرەکانن))**(هەمان سەرچاوەی پێشوو، ٥٧٥).

ئەگەر سەرنج بدەین لێرەدا گێڕەرەوە گێڕانەوەیەکی خودی بەهێز پێشکەش بەخوێنەر دەکات، چونکە هەم جیناوی کەسی سەربەخۆ و جێناوی لکاوی کەسی یەکەمی تاک زۆر بەکارهاتووە وەک (کوڕم، من، دەناسم، کوڕی خۆم، ئەفەندم، دلنیام) هەموو ئەمانە گێڕانەوەیەکی خودی بەهێز دەخاتەڕوو، هەروەها گێڕەرەوە زانیارییەک دەدرکێنێ، بۆ خوێنەر بۆ ئەوەی پێوەندیی خوێنەر بە ڕۆمانەکەوە بەردەوام بێت، ئەویش زانیاری دەربارەی گورگە بۆرەکانە، کە پێمان ڕادەگەیەنیت، لە ڕووی سیاسییەوە چ جۆرە کەسانێکن وچەند تورک پەروەرن!. واتە هەموو شتێک دەکەن لەپیناو تورکبوونیان.

گێڕەرەوە ئەو زانیییاریانە، بە شێوەیەکی ئامۆژگاری پێشکەش دەکات وە پێشیان ڕادەگەیەنێت، کە باوکی کارەکتەر تاریق ئەکانسۆ ئەوەندە تورک پەروەربوو، ئەگەر ئێستا ئەم دەستەی گورگەکان هەبوایە، ئەوا ئەو لەنێویاندا دەبوو. دیسان زانیارییەکی دیکە دەگەیەنێت ئەویش ڕەوشی دەوڵەتە، کە لەخراپبووندایە، ئەگەر کەسانێک هەبێت بۆ ڕزگاربونیان ئەوە گورگە بۆرەکانن.

هەموو ئەم زانیاریانە وایان کردوە هەر لەسەرەتاوە خوێنەر پەلکێش بکات بۆ نیو ڕۆمانەکە، چونکە خوێنەر زانیاری دوای زانیاری دەبیستێت، یەکێک لە چێژەکانی خوێنەریش لە کاتی خوێندنەوەی ڕۆماندا بەردەوام زانینی ڕووداوی تازە و زانیاری تازەیە، هەر ئەمەش وادەکات خوێنەر تاکۆتایی ڕۆمانەکە بەردەوام بێت، ڕۆماننووس لە نێو ڕۆمانەکەیدا بوونی بە ئاشکرا دیارە، دانەبڕاوە، هەر ئەمەشە، کە وایکردوە جۆر یان شێوازی گێڕانەوەکەمان خودیی بێت.

لە پەرەگرافێکی دیکەدا گێڕەرەوە دەڵێت: ((**بەڵام چۆن متمانە بەکاری وابکەین، چۆن لێگەڕێین تاوەنبارەکان خۆیان شەرحی حاڵی خۆیانمان بۆبکەن. ئەمە کێشەیەکی کەم نییە، ئەمە گرفتێکی ڕاستەقینەیە. ئێستاو لە پاشە ڕۆژیشدا پێویستمان بەتورکی ڕەسەن هەیە ئەم زمانە بزانێت و یارمەتی دەوڵەت بدەن لەم مەخلوقاتەنە تێبگەین. ناتوانم تاهەتاهەتایە بڕوای خۆم بەتەرجومانیک ببەخشم، خۆی سەر بەقەومی قەلەباچکە بێت و کەمێک تورکی فێر بوویێت، کاری دەوڵەت وابەڕێوە ناچێت. پیاوی عاقڵ بەچاویلکەی ڕەش سەیری ناو تاریکی ناکات))**(هەمان سەرچاوەی پێشوو، ٢٠٢).

لێرەدا گێڕەرەوە گێڕانەوەیەکی خودی ئەنجامدەدات، چونکە گێڕانەوەکە لە سەرزاری ئەوەوەیەو گێڕەرەوە لەنێو ڕۆمانەکەدایە. خوێنەر هەست بەبوونی دەکات لێرەدا گێڕەرەوە زانیاریەکان دەخاتە بەردەست، کە کێشەی دەوڵەتی تورکیایە لەبەر ئەوەی، کە تورکێکی ڕەسەنی دەست بکەوێت تەرجومانی زمانی کوردی بۆ تورکی بکات، چونکە ئەوان هیچ بڕواو متمانەیان بە کوردی نییە،

کەزمانی کوردی وەربگێڕێت بۆ تورکی، هەر بۆیە لە هەوڵ و تەقەلادان بۆ چارەسەرەکردنی ئەم گرفتە، کە دەوڵەتی تورکی بەدەستیەوە دەناڵێیت، چونکە سەدان کورد لە زیندانەکانی تورکیا گیرابوون بەبێ ئەوە بزاندرێت هۆکار چییە وبۆچی، هەر بۆیە داوای وەرگێڕێکی بەڕەگەز تورک دەکرد ئەمکارەیان بۆبکات، ئەم زانیاریانەش، کەوا لێرەدا دەخرێنە ڕوو، هیچی کەمتر نییە لەو زانیاریانەی، کە لەنێو ڕۆمانەکەدا هەیە.

زۆر بەڕوونی باسی بێمتمانەیی وەرگێڕە کوردەکانی بەرامبەر بەتورک دەکرد، چونکە گێڕەرەوە ئاماژەیەکی زۆر جوان بەکار دەهێنێ بۆ ئەم بارودۆخەو وەکو پیاوی ژیر یان عاقڵ بەچاویلکەی ڕەش سەیری نێو تاریکی ناکات. ئەمە خۆی لە خۆیدا مەبەستی ئەوەیە کورد، ئەگەر وەرگێڕی کورد بێت ،وەک ئەوە وایە تورکێکی پێ کوێر بکات و زانیارییەکان وەکو خۆی ناگات. ئەم کێشەیە هەر بۆ ئێستا ناخەتە بەردەم خوێنەر، بەڵکو خەمی داهاتووشە، چونکە لە هەمووکات و ساتێک ترسیان لە کورد هەبووە، هەروەها تورکەکان زانیاری تەواوی لە سەر کوردەکان ئەوەندە نی یە بۆیەش، هەروەک دڕندەیەک سەیرکراون بڕواو متمانەیان بە هیچ کوردێک نەبووە، هەر لێرەدا گێڕەرەوە کەمشتزانەو گێڕانەوەکەشی دەبێتە گێڕانەوەیەکی خودیی، و ئەمە جگە لەوەی ئەم ڕیتم و ئیقاعە لەپەرەگرافەکەدا بەدی دەکرێ و زێتر بە خودی کردووە، چونکە ڕاستی وا هەست دەکەین، کە ئێمە ئامادەی نێو ڕووداوەکانین.

## پاری دووەم: شێوازی گێڕانەوەی درامی ومونتاجیی و ڕەمزیی لەنێو ڕۆمانەکەدا:

### ١- شێوازی گێڕانەوەی درامی:

بەرجەستەکردنی ئەم جۆرە شێوازە گێڕانەوە دراميیانە، ئەرکیکی ئەوەندە ئاسان نییە، چونکە لیرەدا ڕۆماننووس لەم شێوازە هونەرییەدا، ڕۆڵ دەبینێ لە چۆنیەتی جولاندن و خەلقکردنی کارەکتەرەکانی ((هەمووان دەزانین شانۆو سینەما هونەری گۆ کردنن، بەلام لە ڕووی ڕستەسازی و ئەداو کاردانەوەکان و جۆری نمایشەوە جیاوزیەکی بەرچاویان هەیە، لە شانۆدا ئەکتەر پێویستی بە زۆرترین وزە هەیە تابوونی خۆی بسەلمێنێت و باشترین ڕۆڵ بەرجەستە بکات، بەلام بۆ ئەکتەری سینەمایی ڕەنگە بوترێت پێویستی بەوزەیەیەکی کەمترە، بەلام لێرەدا وزەی ئەکتەر لە چەندبارەکردنەوەی یەک گرتەدا دەبینرێتەوە، کە پیویستە لە کۆی گرتەکاندا هەمان هەستی هەبێت و بەهەمان تۆنی دەنگەوە بدوێت، کە ئەمەش بارگرانیەکی دەروونی زۆر بۆ کارەکتەر دروست دەکات، گەر ئامادەکاری پێویست بۆ هەر گرتەیەک نەکردبێت لە پێشتردا))(پایز، ٢٠٢٢، هەرێم).

لەشێوازی گێڕانەوەی درامی بینەر دەبێتە چاوی کامیرای دووەم، بێگومان ئەمەش لە ڕۆماندا جیاوازەو خوێنەر دەبێتە چاوی کامێرای دووەم، چونکە لەشێوازی گێڕانەوەی درامیدا بێگومان ئەرکیکی ئەوەندە ئاسان نییە، چونکە گێڕەرەوە لە چۆنیەتیی دروستکردنی ئەو تۆن و ڕەزمە بۆ کارەکتەرەکەی ئەرکێکی زۆری دەکەوێتە سەرشان.

((لەئەدەبدا ئەم وزە جەستەییە دەگۆڕێت بۆ وزەی نووسەر مامەڵە کردنی لەگەڵ کارەکتەرەکانیدا لە ڕێگەی زمانی نوسینەوە، کە دەبێت نوسەر بەر لە هەرکەسێ زۆر باشتر کارەکتەرەکەی بناسێت و بزانێت هەڵچون و داچونەکانی لە چ کاتیکدان، زۆر بەوریاییەوە مامەڵە لەگەڵ کەسایەتی کارەکتەردا بکات و ئەو هەستە بەخوێنەر بگەیەنێت، کە وشەکانی لە کوێیا دەڵێت و چۆن دەیڵێت و بەچ نەبرەو تۆنێک دەیڵێت، خوێنەر بەشدار بێت لە پێکەنین و گریانەکانیدا، تەواو هاوسۆز بێت لەگەڵ کارەکتەرەکانیدا))(هەمان سەرچاوەی پێشوو، ٢٠٢٢، هەرێم). هەڵبەتە لەدرامادا تۆنی کارەکتەر ڕۆڵێکی یەکجار زۆری هەیە لەبەرزو نزمی چۆنیەتی دەربڕینی تۆنەکان، بەلام لەنێو ڕۆماندا ئەو وزەیە دەکەوێتە سەرشانی ئەوکارەکتەرانەی، کەڕۆماننووس دروستی کردوون.

((لە کتێبی (واژەنامەء هنر داستان نویسی) بەمجۆرە باسی مەنەگۆلی درامی کراوە گێڕەرەوە وەکو ئەکتەرێت لەسەر سەکۆی شانۆ بۆ بینەران قسەدەکات و بەهۆی مەنەلۆگە دوورو درێژەکەیەتی، کە خوێنەر ئاگای لەبارودۆخی ئەودەبێت و خۆی لەناو شەپۆلی ڕووداوەکاندا

دەبینێتەوە و تاراُدەیەکیش ئەو موخاتەبە دەناسێت، کە لە ڕۆمانەکەدا بەدیدەکرێت هەروەها مەنەلۆگی درامیش بە دوو شێوە دەنووسرێت: ئەو مەنەلۆگە درامییەی بۆ خوێندنەوە دەنوسرێت، ئەو مەنەلۆگە درامییەی بۆکاری شانۆیی دەنووسرێت))(حەسەن، ٢٠٢١، ١١-١٢). ئێمە زێتر مەبەستمان مۆنۆلۆگی درامییە، کە بۆخوێنەوە دەنوسرێت نەک کاری شانۆییو سەرستەیج، کەتێیدا ڕابردوو دەگێڕێتەوە.

((دراما پیویستە ئێستا دەست پێ بکات و ئاماژە بە ڕابردوو بدات لە چوارچێوەی ئێستادا، لە بەر ئەوەی دراما یان لە حاڵەتێکی نالەباردایە یان لە باشترین حاڵەتدایە، بۆیە شانۆ هەر شتێکی بکەوێتە پاش وپێشی ئەم حاڵەتە فەرامۆش دەکرێت ئاماژە بە ڕووداوەکان دەکرێت لەکاتی دیالۆگی کارەکتەرەکان نمایش دەکرێت (ئێستا) یی بێت. شانۆکار لەسەر حاڵەتی ئێستا دەکات ناگەڕێتەوە سەر حاڵەتەکانی هەڵوێستی بەر لە ئێستا و هەڵوێستەکانی داهاتوو، چونکە شانۆ باس لەو بارە دەکات، کە ئێستا دەگوزەرێ، ئەگەر بۆ نووسەر ڕوون بوویەوە وەکە حاڵەتەکە قەیران یان نالەباری دروست ناکات، پێویستە فەرامۆش بکات، هەر بۆیە مەرجە لە شانۆدا نالەباری هەبێت))(جەمیل، ٢٠٢١، ٥٦-٥٧) .

لە شێوازی گێڕانەوەی درامییدا، گێڕەرەوە یاخود ڕۆماننووس ئامادەیە، واتە ڕۆڵی هەیە لە چۆنیەتی دروستکردنی وێنەی جوڵاو و گواستنەوەیان بەشێوەیەک، کە بتوانێ هەستی خوێنەر بەلای خۆیدا ڕابکێشێت، بەڵام لەدراماو لە سەرستەیج ((کەسایەتییەکان، ئەکتەرەکان لە ڕانانی درامادا دەور دەبینن، قسەو هەڵوێستەکانیان بەبێ ئەوەی نووسەر خۆیان تێهەڵقورتێنێ، بەرهەمەکە دێنێتە ناو. لێرەدا گێڕانەوەی وەسفی نییە. قسەی نووسەر لە درامادا، لە دەرەوە نییە بەندە بە دیمەنەکانەوە و یارمەتی دەریانە لە درامادا شوێن و کات و کەسایەتییەکان زۆر گرنگن، هەروها جارو بار زۆر بەکورتی وچڕی کەسایەتییەکان ڕوون دەکرێنەوە. بنەڕەتی دەقی دراما – زنجیرەی دیالۆگ (گفتوگۆ) و مەنەلۆگ و هەڵسوکەوتی کەسایەتییەکانی دراماکەیە.))(هاڵبێرگ، ٢٠١٠، ٥٠).

نمایشی شانۆ لەسەر ستەیج زۆر جیاوازە لەو شانۆییەی تێکستە و لە ڕێگەی نووسین و نێو ڕۆماندا دەخرێتەڕوو، چونکە ((هەموو ڕووداوێک ناتواندرێت پێشکەش بکرێت، بەتایبەتی ڕووداوی سێکسی. بەڵام ڕۆمان، چونکە بۆ خوینەدنەوەیە دەتواندرێ، هەموو بابەتێکی تیادا دەربخرێت))(حوسێن، ٢٠٠٧، ٢٨)، ئەگەرچی لەوێدا سێکس ناچێتە نێو خانەی ڕووداو، کە نووسەر کەوتووەتە نێو هەڵە و، بەڵکو سێکس کردەیەک یان پرۆسێسێکی غەریزەیی و جەستەیی کارەکتەرە یان کەسەکانە، نەک وەک ڕووداو بناسرێت!.

ڕۆماننووس دەتوانێت بەئارەزووی خۆی دیمەنەکان بگوازێتەوەو پێشکەش بەخوێنەری بکات، بەڵام لەشانۆدا لە سەرستەیج نوسەری شانۆ زۆر دیمەن هەیە بەشاراوەیی دەیهێڵێتەوە ((یەکێک لەماناکانی گێڕانەوەیەکی دراماتیک بریتییە لە دەرخستنی کەسایەتی و ڕووداوەکان و باری دەروونیی کەسایەتیەکان، لە ڕێگەی وتووێژی نێوان کەسایەتییەکانەوە یان لە ڕێگەی بیرکردنەوە و

سەرنجەکانی گێڕەرەوە لەسەر ڕووداوو کەسایەتییەکان بەشێوازێکی لە ڕواڵەتدا ئاسایی، بەڵام لە بنەڕەتدا دەروونناسانە))(سەجادی، ٢٠١١، ٧٠). شێوازی درامی، جگە لەو حاڵەتە دەروونییەی کارەکتەرەکان دەردەخات. خوڵقێنەری وێنەشە لای خوێنەر، کە ((زۆرکەم، چیرۆکنووس بەچەشنی نووسەری هەر شانۆگەرییەک قسەیەکی خۆی تێدا دەکات و، لایەنێک لە شوێنی خۆیدا ڕوون دەکاتەوە. یان دەتوانین ئەوەش بڵێین، کە دیالۆگی نێوان دووکەس یا زیاتری ناو ڕۆمانێکەو، لێی جودا کرابێتەوە))(عارف، ٢٠٠٢، ١٦٢).

ڕۆڵی گێڕەرەوە لەم شێوازەدا بێ هێزە، بەڵام بەمانای ئەوە نایەت، کەبەشدار نییە، چونکە گێڕەرەوە خوڵقێنەری کارەکتەرو تۆنەکانە، هەر بەم پێیە لە ((شانۆدا ڕۆڵی گێڕەرەوە بەلاواز دەردەکەوت بەوەی کارەکتەر ڕۆڵیان پێدراوە بۆ نواندن و گێڕانەوە لەسەر زمانی ئەوان شت دەبیستن، ئەمەش ڕێک وەک ئەو ڕایەی (ئەرستۆ) یە، کە پێی وایە لە ڕێگەی نواندنەوە گێڕانەوە پێشکەش بکرێت نەک حیکایەتخوان، گۆرانیش ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت لە ڕووی چێژ بەخشین بەخوێنەر/ بینەر))(جەمیل، ٢٠٢١، ٦١).

دەبێت ئەو ڕۆڵەی بەکارەکتەر دەدرێت ئەو جوڵەو توانایەی هەبێت، کە وا لە خوێنەر بکات کارەکتەر لەبەر چاوی بجوڵێت و هەڵسوکەوت بکات. ئەم دیمەنانەش وەکو ئەوە وابێت، کە لە بەرچاوی خوێنەردا ڕوویانداوە و بەوجۆرە ڕۆڵیان هەبێت، ئینجا ئەودەم گێڕانەوەیەکی درامی بەرهەم دێت، کە چێژێکی زێتر بە خوێنەر ببەخشێت و بەجۆرێک واهەست بکات، کە خۆی یەکێکە لە بەشداربووانی ڕووداوەکان.

لەم بارەیەوە (هایدان وایت) دەڵێت: ((گێڕەرەوە چیرۆکەکە دەزانی، ئێمە خوێنەر و گوێگر سەرەتا ئاشنا نین، گێڕەرەوە خۆی دەزانێ لەکوێ کۆتایی دێت، ئیمە دەبێ چاوەڕێی بکەین بۆیە خوێنەر کۆیلەیە تا کۆتایی دێت بەردەوام چاودوێری هەنگاوەکان دەکات، خۆی دەخاتە ژێر ڕکێفی گێڕەرەوەوە، چونکە ئەو دەسەڵاتدارە. گێڕەرەوە بەسەرهاتەکەمان پێشکەش ناکات بەزنجیرەی ڕێک وەک ئەوەی ڕووی داوە، بەڵکو واڕێکخستن بۆ ڕووداوەکان دەکات بۆ جوانیشاندانی. بۆ ئەوەی بەهای هونەری سەرنج ڕاکێشی هەبێت، بۆیە چەندین جۆر تەکنیک و شێوازی گێڕانەوە بەکاردێنێ لە نیشاندانی کات و شوێن و ڕووداوەکان و پاڵەواندا، بۆ ئەوەی کارە ئەدەبییەکەی بەجوانی دەرکەوێ، هەر بۆیە لەکاری شانۆ/دراما چڕکردنەوەی تەکنیکی گێڕانەوە زیاتر دەبینرێ لە چاو ڕەگەزە ئەدەبییەکانی تر))(هەمان سەرچاوەی پێشوو، ٦٣-٦٤).

واتە ئەو ڕۆڵەی گێڕەرەوە لەم شێوازەدا دەیبینێت، بریتییە لە ئیستاتیکاو جوانیی نیشاندانی کارەکتەرەکان بەجوانترین شێوازی هونەرییانە، کەسەرنجی خوێنەری پێ ڕادەکێشێت. دەبێت ئاماژە بەوەش بکەین، کە ((دیالۆگ و مەنەلۆگ دوو ڕەگەزی گرنگی درامان. ئەگەر دیالۆگ لە ڕێگەی

گفتوگۆکردنی ئەکتەرەکانەوە هەندێ لایەنی دراما پێکبێنێ ئەوا مۆنۆلۆگیش تەواوی دەکاو دنیای ناوەوە ناخی ئەکتەرەکەنمان، بۆ ڕۆشن دەکاتەوە. زمان دەورێکی کاریگەری هەیە لە خەملاندنی ئەم دوو ڕەگەزەدا، زمان دەبێ زیندووبێ، سەرنجی بینەر بۆلای خۆی ڕابکێشێ و دەربڕی ژیری و زووهاتنە گۆش بێ ... واتە زمان دەبێ بەناسکبێژی و نەستەقی بینەر بورووژێنێ ... هەروەها هەندێ جار (کۆرس) بەکاردێت، کە لایەنێکی بونیادی شانۆیە.))(هالبێرگ، ٢٠١٠، ٥٢). ئەم دایالۆگەی، کە لەنیوان کارەکتەرەکاندا ڕوودەدات دەبێت بەشێوازێک گێڕەرەوە پێشکەش بەخوێنەری بکات، کە وێنەیەکی جوڵاو بێت چ لە ڕووی هەڵسوکەوتی کارەکتەرەکانەوە چ لە ڕووی تۆنەوە بێت، کەئەمانە دەیکەن بە شێوازێکی درامی.

ئەم شێوازە، لە ڕۆمانی (داگیرکردنی تاریکیی)دا بەرچاو دەکەوێت و بۆئەم مەبەستە دەتوانین ئەم حاڵەتەش دەستنیشان بکەین، بۆنموونە گێڕەرەوە دەڵێت: ((**عیسمەت دەمناسی؟ منت بیرماوە؟ من ئارسین تاریق ئاکانسوم، پازدە ساڵ لەمەوبەر جارێک، لە کۆشکی ئاکانسو لەقەراغی شاری ئامەد پێکەوە بەرچاییمان خواردوە. هێی برا، هێی ... سێ مانگە بەدوای تۆ دەگەڕێم. عیسمەت کارژۆڵە سپییەکەی دانا و سەرسام سەیری ئەم میوانە کتوپڕەی کرد. میوانێکی سەیر لە جێگایەکی جوانی ناو سروشتدا، بەهێمنی پێی بەگیای بەهاردا دەناو بەرەو ڕووی دەهات.**))(عەلی، ٢٠٢٠، ٧١٨).

لێرەدا ،ئەگەر سەرنج بدەین گێڕەرەوە بە پرسیار و وەڵام دیالۆگێک ئەنجام دەدات بەجۆرێک کارەکتەر ئارسین خۆی پرسیار دەکات و خۆشی وەڵام دەداتەوە. واتە چاوەڕێی گوێگر یا خود کارەکتەری بەرامبەر، کە عیسمەتە ناکات، خۆی بەکارەکتەر عیسمەت دەناسێنێ و ئینجا لێرەدا گێڕەرەوە چەند دیمەنێکی جوان دروستدەکات باسی ئەو کۆشکە دەکات، کە لە چ شوێنێکدا بووە لە قەراغ شار پێکەوە نانی بەیانیان خواردوە ئەمە خۆی لە خۆیدا وێنەیەکی لە زەینی خوێنەردا دروستکرد وەکو شانۆیەک هەست بە جمو جوڵی ئەم کارەکتەرە دەکات، کە چۆن گێڕانەوەکە ئەنجامدەدات. دواتر وشەی (هێی) چەند جارێک لەڕستەیەک بەکار دەهێنێت، هەڵبەت ئەم وشەیە چەند ئیقاع و ڕیتمی تێدایە، بەواتە مۆسیقایەکی تێدایە، کەوا لە خوێنەر دەکات هەرئەوەی لە نێو ڕووداوەکەدا بوونی هەیە، کە ئەمیش بینینەوەی ئەم دووکارەکتەرە سەرەکییەو شادبوونەوەی ئەم دوو کارەکتەرەیە بەیەکدی، کە هەموو دەوڵەتی تورکیا بەدوایاندا دەگەڕان.

گێڕەرەوە ئەم وێنەیە پێشکەش بە خوێنەر دەکات، کە عیسمەت لەوکاتەدا، کە ئارسین دەبینێ چی دەکات؟، کە سەرنج بدەین عیسمەت کارژۆڵەیەکی سپی پێیە کاتێ ئارسین بانگی دەکات. گێڕەرەوە پێمان دەڵێت عیسمەت کارژۆڵە سپییەکەی داناو سەرسام بوو ئەمە وێنەیەکی چەند جوان و سەرنج ڕاکێشە. ڕێک وێنەی کارەکتەر دێتە بەرچاومان، کە کارژۆڵەیەکی پێ یەو سەیری میوانەکەی دەکات، لەجێگایەکی یان لەناو دیمەنە جوانەکەی سروشت، هەروەها پێمان دەڵێت، کە چ

وەرزێکە یەکدی دەبیننەوە ئەم دوو کارەکتەرە، چونکە ئاماژە بە بەهار دەکات. وەک ناوهێنانی ئەم وەرزە خۆی لەخۆیدا چەند وێنەی جوان لە خۆی دەگرێ وەکو وشەی(بەهار، سروشت) ئەمانە چەندین وێنەی سەرنج ڕاکێش دروست دەکەن و وەک شانۆیەک دێتە بەرچاوی خوێنەرو هەست، بە بوونی ئەمانە دەکات، وەک خۆی لەناو ئەم سروشتە یان بەهارەبێت. کاتێک گێڕەرەوە دەڵێت بەهێمنی پێی بەگیای بەهاردا دەنا ئەمە وێنەیەکی دیکەیە، کە لە زەینی کارەکتەرەکەدا دروستدەبێت، چونکە باسی چۆنیەتیی ڕۆیشتنی کارەکتەرەکە دەکات، کە بەهێواشی یاخود ورد ورد بەنێو گژوگیای بەهاردا دەڕوات.

هەربەم شێوەیە گێڕەرەوە، یاخود ڕۆماننووس توانیویەتی ئەم وێنە جوان و پڕ دیمەنانە بخاتە بەرچاوی خوێنەر. بەجۆرێک هەست بەبوونی جوڵەو ڕیتمی کارەکتەرەکان بکات و ئەمەش دەچێتە نێو خانەی شێوازی گێڕانەوەی درامی.

لە پەرەگرافێکی دیکەدا ئەم شێوازە بەجوانی بەرچاو دەکەوێ، بۆ نموونە گێڕەرەوە دەڵێت: **((ئارسین بەئەسپایی پرسی ئەی ئەوانەی لەگەڵیاندا دانیشتوون کێن؟. ئەوەی لای دەستەڕاستی مارشاڵ نایف، ناوی موحسین یازەچی ئۆغلوە، یەکێکە لە سەرانی گورگە بۆرەکانی مەرەش و ترسناکترینیانە، پێوەندییەکی زۆری بە (کۆماندۆکانی بروسکە) وە هەیە، ئەوانیش بەشێکن لە کۆنترا گەریلاکە ڕاستەوخۆ بە میت و بەسی ئای ئەیەوە بەستراون. ئەوی تر یان ئولکو ئوجاقلارییە بەرپرسی لاوانی گورگە بۆرەکان لەمەرەش، فاشیستێکی پلە یەکە))**(هەمان سەرچاوەی پێشوو، ٦٣١).

لێرەدا دەبینین، لە دیالۆگی نیوان دوو کارەکتەرەکەدا، بە پرسیارو وەڵام ئەنجامدەدرێت بەشێوەیەک کارەکتەر پرسیار دەکات و لەوەڵامدا کارەکتەر، بە شێوەیەکی شانۆ یاخود بڵێین بە وێنە وەڵام دەداتەوە، چونکە کاتێ ئارسین پرسیاردەکات دەربارەی ئەم کارەکتەرانەی، کە نای ناسێ لە وەڵام دا کارەکتەر ئاماژە بۆ لای ڕاست دەکات. ئەمە وێنەیەکە، کەدروستی دەکات بۆ خوێنەر واهەست دەکات خوێنەر بەژدارە لەم گفتوگۆیەو، بەبەرچاوی ئەوەوەیە سەیری ئەم دیمەنە دەکات. وەکاتێ باسی کارەکتەرەکە دەکات دەیەوێت بیناسێنێ بەشێوەیەکی ترسناک وەسفی دەکات ئەمەش وێنەیەکی دیکە دەخوڵقێنێ، کە ئەم کارەکتەرە ڕەنگە وێنەیەک لە زەینی خوێنەر دروست بکات، کە کەسانی ترسناک و ناڕاست و وێنەیەکی ناشرین یاخود ناچێتە دڵ ئەو جۆرە وێنانە لە زەینی خوێنەر دەخوڵقێنێ، بەم شێوەیە گێڕەرەوە دەیەوێت کارەکتەرێکی دیکە بناسێنێت ئاماژە بە وشەیەکی دیکە دەکات وینەیەکی دیکە دەخولقێنێ، وەکو ئەوە وایە وێنەکە یان کارەکتەرەکان لە بەرامبەر ئێمەدا دانیشتوون و، وەک ئەوەی پەنجە ڕاکێشێت یاخود بڵێت ئەوەی لای فلان فیسارکەسە ئەمەش وێنەیەکی پڕ جوڵەیە و هەست دەکەین لە بەرچاومان ئەم گفتوگۆیە ئەنجامدراوە. خوێنەر هەست بە دیمەنەکان دەکات وەک درامایەک سەیری ئەمان دەکات.

ڕۆماننووس مەبەستی بووە ئەم وێنەیە، کە چۆن لە ژیانی ڕاستەقینەدا هەیە بیگوازێتەوە بۆ نێو ڕۆمانەکە، چونکە لە ژیانی ڕاستەقینەدا هەزاران جار ئەم گفتوگۆیە دووبارە دەبێتەوە، کە ڕۆماننووسیش دەیەوێت ئەم دیمەنانە پیشانبدات، بۆ بەرەو پێشبردنی ڕووداوەکان. کەواتە دراما دەیەوێت گێڕانەوەیەکی واقیعی دوور لەخەیاڵ بەرجەستەبکات چێژێکی زێتر بە خوێنەر ببەخشێت، چونکە ڕووداوێک یان دیالۆگێک، کە وێنەی هەبێت یان دیمەنێکی واتایی هەبێت، چێژ بەخشترە لەوەی، کە هەر نووسین بێت.

لە پەرەگرافێکی دیکەدا گفتوگۆیەکی گەرمی نێوان دوو کارەکتەری سەرەکییە عەلی ئیحسان و تاریق ئەکانسۆی باوکی کاتێک تاریق ئاکانسۆ دەیەوێت کۆتایی بەژیانی خۆی بهێنێ، بەڵام بەوجۆرەی، کە خۆی دەیەوێت ئەویش بەدەستی ئاژەڵە دڕندەکانی ئەم کێوشاخانە بمرێت لێرەدا حاڵەتی دەروونی کارەکتەر زۆر لەباردا نی یە بۆیە عەلی ئیحسان لە وەڵامدا دەڵێت: ((**بەڵام ڕەنگە هیچ جانەوەرێک نەیەت، ئەوکات لەبرسا دەمرێت. من دەزانم درەنگ یان زوو دێت، لێرەن، لەم شاخانەن. دەمەوێت وێنەی لاشە هەلاهەلاکەم بگریت و پیشانی حاکمە تازەکانی ئەنکەرەی بدەیت، کارێک بکە وێنەی جەستەم، کە حەیوانە کێوییەکان پارچە پارچە دەکەن هەمووان ببینن، بۆ ئەوەی هەمووان بزانن ئەم سەرزەمینە هێشتا ترسناکە، دەبێت لاشەکەم شاهیدی ئەوەبێت، کە دڕندەکان ماون و دەشێت ڕۆژێک لە ڕۆژان بگەڕێنەوە و پەلاماربدەن، تێدەگەیت دەبێت وێنەی لاشە پارچە پارچەکەم بەهەموو تورکیادا بڵاوببێتەوە. دەبێت بە مردنی خۆم ئەو هەڵەیە ڕاستبکەمەوە، کە بەگرتنی پڵنگی تینوو بڵاومکردەوە. تەنیا لاشەی پارچە پارچەی تاریق ئاکانسو دەتوانێت بۆ تورکەکانی بسەلمێنێت، کە جەنگ کۆتای نەهاتووە. دەمەوێت بە پێوە بمرم ونەکەوم دەمەوێت بمبەستیتەوە تانەکەوم، تا پەلەقاژە نەکەم** ))(هەمان سەرچاوەی پێشوو، ٥٢٧).

سەرەتا دەبێت ئاماژە بەوە بکەین لێرەدا گفتوگۆیەکی دوورو درێژە ،بەپێویستمان زانی بیخەینە ڕوو، بۆ ئەم پەرەگرافە دوورە درێژە بەکارهات، چونکە یەکێک لە تایبەتییەکانی شانۆ بریتیە لە گفتوگۆیەکی دوورو درێژ هەم بۆ گەیاندن و بەرجەستە کردنی واتاو شێوازی گێڕانەوەی درامییەکە.

هەرچۆن دەبینین دوو کارەکتەری سەرەکی دایالۆگێک ئەنجامدەدەن، کەتێیدا یەکێک قسەدەکات یەکێکی دی گوێ دەگرێت. واتە گوێگر ئامادەی هەیەو وەڵامیش دەداتەوە دیارە کارەکتەر تاریق ئاکانسو بارودۆخی دەرونی تێک چووە باسی مردنێک دەکات، کە ئازایانە یاخود جوان بێت، بەڵام ڕاستی لە مردندا جوانی و ناشیرینی نییە مردن هەر مردنە، کە کۆتایی ژیانی مرۆڤ هات، ئیدی چ شتێک بەهای هەیە؟! لێرەدا ئاکانسو باسی مردنێک دەکات، کە چەندین وینەی ترس و پڕ خورافی پێشکەش بە بینەر دەکات، چونکە وێنەیەک دەکێشێ، کە لاشەی هەلا هەلایەتی بەدەستی ئەم ئاژەڵە

دڕندانەی، کەلە کێوەکاندا هەیە. لێرەدا خوێنەر وێنەی چەند ئاژەڵێ دەێتە بەرچاوی، کە چۆن پەلاماری جەستەی مرۆڤێک دەدەن و لاشەکەی دەشێوێنن.

گێڕەرەوە یاخود کارەکتەر باسی چۆنییەتی بەستەنەوەی جەستەی خۆی دەکات بەشێوەیەک بەپێوە بێت وە نەتوانێ پەلەقاژە بکات یاخود بەرگریی بکات، دیسان لێرەدا وێنەیەکی دیکەی خۆرافی دروستکردوە، چونکە ڕاستەوخۆ ئەم دیمەنە وەکو لەبەرچاوی خوێنەر لەسەر تەختەی شانۆبێت ئاوا گێڕانەوەکە ئەنجامدەدات باسی چۆنیەتی وەستان و نەکەوتنی دەکات. لێرەدا کارەکتەر مەبەستێکی هەیە بیگەیەنێت ئەویش نەکەوتنی دەوڵەتی تورکییە، کەبەدەستی کورد ناکەوێت، بەڵام کارەکتەر عەلی ئیحسان لە وەڵامدا بە باوکی دەڵێت، کە نەخۆشە و لەوێدا هەست بە تێکچوونی باری دەروونیی باوکی دەکات.

دیسان کارەکتەر ئاکانسۆ باسی زیندان و پەتی سێدارەمان بۆ دەکات، کە بەکوڕەکەی دەڵێت پێم باشترە، کە ئاوا بمرم نەک بەدەستی هاوڕێکانی خۆم لە سێدارەبدرێم ئەمەش دیسان وێنەیەکی دیکەی خستە نێو کرۆکی ڕووداوەکان و خستیە بەر دیدی خوێنەر. کەواتە لەم گفتوگۆیە دوورریژەدا چەندین وێنەی خرافی خرایە بەر دیدەمان و وەکودرامایەک، کە خوێنەر ئامادەبێت لەسەیرکردنی هەستێکی نائارام یاخود تا ڕادەیەک ناخ هەژێن لای خوێنەر بەرجەستە بووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەبێت ئەوەمان بیربێت ئەم بەرجەستەکردنی ئەم هەستە لەخوێنەرێکەوە بۆ خوێنەرێکی دیکە ئەگۆڕێت، بەڵام سەرئەنجام جوڵەیەک ئەخاتە ناخی خوێنەر کەم یان زۆر ئەم هەستە دەوروژێنێ.

لێرەشدا گێڕەرەوە دەنگی خۆی نابیستێ، چونکە گفوگۆکە لە نێوان ئەم دوو کارەکتەرەدایە خوێنەر هەست بە ئامادەیی هەردووکیان دەکات. کەواتە جوڵانەوەیەکی درامی لەم گفتوگۆیەدا هەستی پێ دەکرێت، کەمەبەستی ڕۆماننووسیش نیشاندانی یاخود گواستنەوەی ئەم دیمەنە یەو بەواقیعی کردنی ئەم ڕووداوانە، کە لە نێو ڕۆمانەکەدا پێشکەش دەکرێت.

گێڕەرەوە لە مۆنۆلۆگێکدا ئەم شێوازی درامیە بەرجەستە دەکات، بۆ نموونە گێڕەرەوە دەڵێت: ((**لە دڵی خۆیدا پرسی بۆ دەبێت گەر زمانێکی ترم هەبێت، وەک نەخۆش سەیرم بکەن؟ دەبێت ئەم کەوتبێتە دۆخێکەوە وەک دۆخی جانەوەرەکان یان باڵندەکان؟ دەبێت ئەو زمانەی ئێستا بیری پێدەکاتەوە، بیرکردنەوەی بچوک و تەسککردبێتەوە؟ بەڵام نەیدەزانی گیانداران و باڵندەکان چۆن بیر دەکەنەوە، ئەگەر بیزانیایە، دەیتوانی حوکمێکی ڕوون بدات بەسەر خۆیدا**))(هەمان سەرچاوەی پێشوو، ١٩).

لێرەدا، ئەگەر سەرنج بدەین کارەکتەر قسە لەگەڵ خوێدا دەکات. واتە پرسیار لەخودی خۆی دەکات، چونکە ئەم ڕووداوەی بەسەر کارەکتەرەکەدا هاتووە خۆشی هۆکارەکەی نازانێت، بۆیە، کە

لەگەڵ خۆیدا کەوتووەتە گفتوگۆ ،هەروەها ناشزانێت بەچ زمانێک قسەدەکات. واتە لەناخی خۆیدا خۆی وەک جانەوەرێک یاخود باڵندەیەک دەبینێت، دروستکردنی وێنەیەکی باڵندە، کە لەگەڵ یەکدی دەدوێن، چ جۆرە دیمەنێکی هەیە!. وێنەیەکی جوان و پڕ واتە!، بەڵام لەگەڵ ئەوەش کەس لەم گفتوگۆیەی باڵندەکان تێناگات و خودی خۆیان بۆ خۆیان دەدوێن، بەڵام زۆرجاریش هەندێک ئاماژە لەنێو باڵندەکاندا بەدی دەکرێت، کە هەندێک کەس لێی تێیدەگەن.

هەڵبەتە لێرەدا ئەم حاڵەتەی بەسەر کارەکتەرەکەدا هاتووە لە ئێستادایە، واتە ڕابردوو نییە، کە بارودۆخی خۆی دەخاتەڕوو بۆ خوێنەر خوێنەریش هەست بەدیمەنەکان و ڕووداوەکان دەکات، کەبەسەر کارەکتەرەکەدا هاتووە، کەبارودۆخی لەحاڵەتێکی پڕ دوودڵی و ترس دایە، چونکە نازانێت ئایا ئەو زمانەی فێری بووە چ زمانێکە، بۆیەهەڵسو کەوتی کارەکتەر بەشێوەیەکی درامی نیشاندەدرێت، کە چۆن پرسیار لەخودی خۆی دەکات و دۆخەکە دەگەیەنێتە خوێنەر وەک وێنەیەکی جوڵاو.

## ٢- شێوازی گێڕانەوەی مۆنتاجی:

بێگومان مۆنتاج یەکێکە، لەتەکنیکە ئاڵۆزەکان، لە نێو ڕۆماندا سەرەتاکانی دەگەڕێتەوە بۆ سینەما ((سەرەڕای ئەوەی، کە مونتاج بەپێی فەرهەنگی ئۆکسفۆرد بەسراوەتەوە بە فیلم و تەلەفیزۆنیەوە وەک پرۆسەیەک یان تەکنیکی هەڵبژاردن و بژاردەکردن بۆ پێکەوە بەستنی بەشە جیاجیاکانی فیلم پێکهێنانی تەواوی فیلمەکە))( ٩ ,٢٠١٥, Ojanen). دواتر ڕۆماننووسان توانیان سوود لەم تەکنیکە ببینن لە ڕۆمانەکانیاندا بەکاری بهێنن. ((هەرچەندە لێکۆڵینەوەکان زۆر نین لە بواری مونتاجی ئەدەبی، سەرەڕای ئەوەی، کە چرۆکردنی مۆنتاژ لە ئەدەبدا (ئەدەبی مۆنتاج) ناکرێت ڕوونبکرێتەوە لەسەر بنەمای پێشکەوتنی سینەما، چونکە ئەو ساڵانەی کە ڕۆمانی مۆنتاجی دەنوسران لە ساڵەکانی ١٩٢٠کان و سییەکاندا بوو))(Drach , ١٦٠ , cf .hum.ura.nl).

لە ڕۆمان وشێوازی گێڕانەوەی، مۆنتاجی ڕۆڵ و گرنگیی خۆی هەیە، بۆیە پێویستە ڕۆماننووس لە بەکارهێنانیدا ئاگاداربێت، چونکە چەندین دیمەن و وێنەی پچڕ پچڕ و جۆراوجۆر لەخۆ دەگرێت، ئەمەش دەکەوێتە سەرشانی گێڕەرەوەکە، کە چۆن ئەم دیمەن و وێنانە کۆدەکاتەوەو پێکەوە گرێیاندەدات ((لە (مۆنتاج) دا دەق لەسەر گێڕانەوەی دیمەن بەردەوام دەبێ، با کات و شوێن تەنانەت کەس و ڕووداویش بگۆڕێ، بەڵام لە (پێکهاتە - تولیف) دا ڕووداو دەوەستێ، یا ڕادەگیرێ و دیمەنێکی تر دەست پێ دەکات بەبێ ئەوەی بەزەرورەت پێوەندییەکی سەبەبیشیان لە نێواندا هەبێ، ئیتر هەموو شتێکیش قابیلی گۆڕانە تەنیا (کات – زەمەن) نەبێ، بەڵام دەبێ شوێن بگۆڕێ))(ڕۆژبەیانی، ٢٠١١، ٥٢).

ئەوە ڕوونە، کە بنچینەی مۆنتاج دەگەڕێتەوە، بۆ هونەرێک پێی دەوترێت: (هونەری سینەما)، هەرچەندە سینەما لەگەڵ مۆنتاج جیاوازیان زۆرە، چونکە ئەوەی لەسینەمادا نمایش دەکرێت، لە مۆنتاجدا ناتواندرێت. بۆنموونە ئێمە ڕوخساری کارەکتەر لەسینەمادا دەبینین و دەزانین چۆن وێنەیەک ئامادەکراوە، بەڵام لەمۆنتاجدا بەتایبەت لەنێو ڕۆماندا وێنەی کارەکتەر لەزەینی خوێنەر دروستدەبێت، ((لەپاش ئەوەی، کە قوتابخانەی ئەمریکی سینەما هەڵسا بەگۆڕینی شێوەی سینەما لەوێنەگرتنی ڕووداوە واقیعیەکان بۆ چوارچێوەیەکی دیکە، کە بریتیە لە گێڕانەوەی چیرۆک بەدۆزینەوەی یەکەم شێوازەکانی مۆنتاجی، کەبریتیە لە برین لە ڕێگەی سوتفەوە، بەشێوەیەک، کە لەدواتردا ئەم مۆنتاجی دەستپێدەکات))(طه، ٢٠١٦، ١٢). کاتێک ڕووداوێکی سەرەکی لە سینەمادا نمایش دەکرێت، لە هامان کاتدا چەندین ڕووداوی ناسەرەکی دێتە ئاراوە، بەو پێیەش ((مۆنتاج بەمانا سینەماییەکەی، بریتیە لەو ڕێوشوێنانەی بۆ ڕوونکردنەوەی بەیەکدا چوونی بیروڕاو شەپۆلدانیان بەکاردەهێنرێت، وەک تێپەڕبوونی دیمەنەکان بەخێرایی، یا دانانی دیمەنێک بەسەریەکێکی تردا، یا دەوردانی دیمەنێکی سەرەکی بەچەندانێکی ناسەرەکی، کە پێوەی بەندبن))(عارف و ٢٠٠٢، ١٥٥)، کاتێک گێڕەرەوە وێنەی ڕووداوێکی سەرەکی بۆ خوێنەر دەگوازێتەوە چەندین وێنەی ڕووداوی لاوەکی بەدەوریدا دەگوێزێتەوە لەپاشاندا دەگەڕێتەوە بۆ ڕووداوە سەرەکییەکە، هەر بەوجۆرەش مۆنتاج کاری خۆی لەچەسپاندنی دیمەن و وێنەدا دەبینێت((مۆنتاژ لەکات و شوێن دایە، واتە دوولایەنە، ئەو دیمەنانەی، کەلەشوێنێک وەستاوە، بەڵام کاتیان بەسەردەچی و تێدەپەڕێ، یاخود لەیەک کاتی وەستاودا چەند دیمەنێکی شوێن نیشان بدات. بێ گومان لەم جۆرە شێوازەدا، کە دیمەنەکان بەش بەش دەکرێت و بەیەک دەبەسترێتەوە بۆ دروستکردنی دیمەنێکی سەرەکی وتێیدا دەرخستنی کەسی چیرۆک لەکات و شوێنی جیاجیادا ئاڵۆزیەک دروستدەکەن لەو شێوازەدا لەگەڵ ئەوەشدا بەرپەرچ دانەوەیەکی یاخود وەرگێڕانێکی شێوازی گێڕانەوەی کۆنە حیکایەتخوانی و دەرخستنی دیمەنی جەنجاڵ و جۆراوجۆری واقیعی نوێی کۆمەڵ هۆنانەوەی ئەو شێوازە پێویستی بەتواناو هونەری زۆرهەیە بۆ لەیەک بەستانی کارەکاستەکان و دروست کردنی وێنەی هەمەجۆر )) (سالح، ٢٠٠٥، ١١٢-١١٣).

لەم شێوازی گێڕانەوەیەدا کات و شوێن ڕۆڵ دەبینن، چونکە گێڕەرەوە ڕووداوێک ڕەنگە لە ئێستادا ڕوویدابێت دەیوەستێنێت دەچێتە سەر ڕووداوێکی دی و چەندین ڕووداو لە شوێنێکی دی تێکەڵ بەبابەتەکەی دەکات، ئەمە جگە لەوەی، کە خوێنەر پەلکێش دەکات وای لێدەکات تامەزرۆی خوێندنەوەی ڕۆمانەکە بێت.

لەگەڵ ئەوەشدا ئەو دیمەنەی یان ئەو ڕووداوەی دەبێتە هۆی ((شێوازی سەرەکی ئەم جۆرە تەکنیکەن، کە ئەگەر چی ئەمە سەرزاری جۆرە ئاڵۆزی و ئاژاوەیەک دەگەیەنێ، بەڵام لەڕاستیدا ڕووی ڕاستەقینەی ژیان دەنوێنێ و، زیاتر نزیکبونەوە لەدینامیکییەتی ئەوواقیعەی، شێوەی هەقایەتخوانی

بەهەناسە برکێ بەدوایدا ڕادەکاو پێی ڕاناگا. واتە دەتوانین بڵێین: ئەگەر شێوەی هەقایەتخوانی گیرخواردن بێ لە پەراوێزی واقیعیی زیندووی ژیاندا، شێوەی مۆنتاج تەقەلادانی خۆهاویشتنە بۆناوجەرگەی ئەو واقیعەو، هەوڵدانی زەفەربردنە بەزۆرترین ژمارەی نهێنییەکانی هەر کارەساتێکی ڕۆژانەی ژیان بگرێت، لەهەرەساکارییەوە بۆ هەرە ئالۆزی، گەڵی لەوە جەنجاڵ و ستەمترە ))(عارف، ٢٠٠٢، ١٥٥-١٥٦).

ڕۆماننووس دەچێتە بنجو بناوانی ڕووداوەکان، هەرگێڕەرەوە ئەم لق وپۆپانەی کەلە ڕووداوەکە دەبنەوە کۆیان دەکاتەوە دەیگەیەنێ، ڕۆماننووس ((بەم تەکنیکە دەیەوێت دیمەنێک لە ژیان بەوپەڕی زیندووییەوە وێنە بگرێ و، بچێتە بنجوبناوانی نهێنیەکانییەوەو، ئینجا تێکەڵ لەباری سەرنج و بۆچوون و تێگەیشتنی تایبەتیی خۆی و، بەپێی تواناو دەسەڵاتی ئیستاتیکی خۆی بیخاتەوە پێش چاوی خوێنەرو، بەوە زانیارییەکی تازەی بەهاداری پێببەخشێ، کەلەوەبەر خۆی نەیتوانی بێ زەفەری پێبەرێ))(هەمان سەرچاوەی پێشوو، ١٥٦). گێڕەرەوە لەوکاتەدا یاخود لەو شوێنەدا نەیتوانیوە بەو هێز و دەسەڵاتەی، کەهەیەتی یاخود بەشێوەیەکی واقیعی زانیارییەکان بگەیەنێت، ئیدی بەم شێوازە چۆتە ناوەڕۆکی زانیاریەکان و خستویەتە بەردیدەی خوێنەر.

بێگومان ئەمە یەکێکە، لە شێوازە پەرش و بڵاو ئالۆزەکان، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا لەڕۆمانی داگیرکردنی تاریکییدا ڕۆماننووس زۆر بەجوانی و لێهاتوویی توانیویەتی بەرجەستەی بکات، بۆ نموونە گێڕەرەوە دەڵێت: ((**نزیکی بەرەبەیان پۆلیسەکان هەواڵی کوژرانی سەلمایان بە زەینەب هانم ڕاگەیاند، کە بەدرێژایی شەو چاوانی نەچووبوونە خەو. زەینەب هانم بەو بەرەبەیانە، لەگەڵ پۆلیسەکاندا چوو بۆ ناسینەوەی تەرمی کیژەکە. هەر لەدورەوە کراسە سەوزو شەپقە ڕەشەکەی بینی، سەلمای چارەڕەشی ناسییەوە. کچەکە بەزیاد لە بیست خەنجەر لەشوێنی جیاجیای جەستەیدا پێکرابوو، دواتر یەکێک بەپەنجە و بەخوێنی قوربانییەکە لەسەر زەویەکە بەکوردی نوسیبوی خائین**))(عەلی، ٢٠٢٠، ٢٢٣).

سەرەتا دەمانەوێت ئاماژە بەو دیمەنە بکەین، کە ڕۆماننووس خوڵقاندوویەتی، دیمەنێک پڕ لە ترس و بەزەیی و تاوان کاتێک گێڕەرەوە پێمان دەڵێت کراسی سەوز و شەپقەی ڕەش، کەبۆتە هۆی ناسینەوەی سەلما ئەمە خۆی لە خۆیدا دیمەنێک دەخاتە بەرچاوی خوێنەر، کە وێنەی ئەم کچەیە کوژراوە، هەروەها چۆنیەتی کوشتنی کارەکتەرەکە دەخاتە ڕوو هەتا ئاماژە بەژمارەی ئەو خەنجەرانە دەکات، کەچەند جار لەشوێنی جیا جیای جەستەیدا لێیدراوە، ئەمەش دیمەنێکی ناخ هەژێنە، کە پێشانی خوێنەری دەدات، بەجۆرێک هەست وسۆزی خوێنەر بۆخۆی ڕادەکێشێت، لەگەڵ هەموو ئەمانەدا ئەو وێنەیە دروستدەکات، کەچۆن کارەکتەری نێو ڕۆمانەکە هەستاوە بەئەنجامدانی تاوانەکە بەخوێنی کوژراوەکە دەنوسێ خائین. ئەمەش وێنەیەکی پڕواتا دەگوێزێتەوە، لەگەڵ ئەو هەموو وێنەیەی

ڕۆماننووس دروستیکردووە، لێرەدا گێڕەرەوە ڕووداوەکە دەوەستێنێت، واتە باسی هۆکاری کوشتنی کارەکتەرەکە ناکات واتە بۆمان ناگێڕێتەوە کێ ئەم کیژۆڵەیەی کوشتووە؟!، گێڕەرەوە لە پڕ دەچێتە سەر وێنەیەکی دیکە لەکاتێکی دیکەدا، واتە لێرەدا کات جوڵە پێدەکات بۆ نموونە گێڕەرەوە دەڵێت: ((**کاتێک تاریق ئاکانسو هەواڵی ئەوەی بیست، یەکێک هاتووە قوتابخانەی کردۆتەوە وزمانی کەڕولاڵەکان فێری خەڵک دەکات وەڕێنماییان دەکات چۆن زمانی ئاماژە بەکاربهێنن، بەجۆرێکی وەها تورەبوو تا ئەودەمەکەس ئاکانسوی لە دۆخی وەهادا نەبینیبوو. دیاربوو مامۆستاکە ناوی (مەتین بوستانچی) بوو**))(هەمان سەرچاوەی پێشوو، ٢٣١).

ئەگەر سەرنج بدەین دوابەوای وێنەو ڕووداوی سەلما دێینەسەر وێنەیەکی دیکە، کە هاتنی مامۆستایەکە بەمەبەستی ئەوەی، کە خەڵکی لەبری ئەوەی فێری زمانی تورکی بن فێری زمانی ئاماژەیان دەکات. تەنها بۆئەوەی بەزمانی تورکی قسە نەکەن دواتر گێڕەرەوە دێتە سەر دیمەنێکی دیکە و کوژرانی یەکێک لە ئەفسەرەکانی تاریق ئەکانسۆیە بەدەستی ئەم مامۆستایە، بۆ نموونە گێڕەرەوە دەڵێت: ((**ئاکانسو چووە سەر تەرمی ئەفسەرە کوژراوەکەو بینی لە خوێنی خۆیدا کەوتووە، ئەوە یەکەم جاری بوو پلەدارێکی باڵای تورک بەکوژراوی ببینێت، ئەفسەرەکە گەرچی کورتەبنە بوو، بەڵام تەرمەکەی بەشێوەیەکی ناسروشتی بچوک و چەماوە و لاواز دەینواند. دیمەنەکە یەک شتی دەردەخست لاوازی**))(هەمان سەرچاوەی پێشوو ٢٣٢).

دیسان ئەگەر سەرنج بدەین گێڕەرەوە دیمەنی کوژران و ڕووداوێکی دیکە دەگێڕێتەوە،کە لە شوێنێکی دیکەو لەکاتێکی دیکەدا دوور، لە کوژرانی سەلما ئەم ڕووداوە ڕووداوێکی لاوەکییە و گێڕەرەوە لێرەدا مەبەستی هێزی لاوازی ئاکانسۆ نیشانی ئێمە بدات. ئاوا وێنەی بۆ خوێنەر کردووە دواتر گێڕەرەوە دێتە سەر گێڕانەوەی مامۆستا مەتین و چۆنیەتی ئازارو ئەشکەنجەدانی مەتین لە لایەن ئاکانسۆوە، هەر بەم شیوەیە دەبینین گێڕەرەوە چەندین ڕووداوی جۆراوجۆرو لاوەکی سەرەکی تێکەڵ بەیەکدی دەکات. چەندین دیمەن و وێنە دەخاتە بەرچاوی خوێنەروو ئینجا دەگەڕێتەوە، بۆ سەر ڕووداوەسەرەکییەکە، کە کوشتنی سەلما بوو ،وەکو دەڵێت: ((**پیاوەکە لەژێر ئەشکەنجەدا دانی بە ڕێزێک تاواندا نا لە سەرداوای مەمەد ئوێندەر ئەنجامیداون، یەکیک لەوانە کوشتنی سەلما بوو. مەمەند ئوێندەر یەکێک لە پیاوە هەرە نزیکەکانی نەجیب فەتحی غالیب بوو**))(هەمان سەرچاوەی پێشوو، ٢٦٠).

لێرەدا ئەگەر سەرنج بدەین گێڕەرەوە گەڕاوەتەوە سەر ڕووداوی کوشتنی سەلما، واتە لەپێشتردا ڕووداوەکەی قرتاندبوو چەندین ڕووداوی لاوەکی دیکەیەی تێکەڵکرد لەدوای ئەوە گەڕایەوەسەر ئەم ڕووداوەو بکوژەکەی سەلما بۆ خوێنەر ئاشکرا دەکات و هۆکاری کوشتنەکەی لێرەدا دەخاتە بەردەم خوێنەر و زانیاریان دەخاتە بەردەست ، کوشتنی سەلما بۆ ئەوە بوو، کە

دەسەڵاتی تاریق ئاکانسۆی پێ لەق بکەن و لاوازی بکەن، چونکە نەجیب فەتحی غالیب هێزێکی سەرەکی هەبوو لەو ناوچەیە ویستی هەرخۆی وەکو دەسەڵاتی سەرەکی لەم ناوچەیەدا بمێنێتەوە.

ئەوەی لێرەدا گرنگە ڕۆماننووس توانیویەتی بەسەلیقەیەکی زۆر بەهێز بەم شێوازی مونتاجە لەنێو ڕۆمانەکەدا بەرجەستەبکات، چونکە هەر لەسەرەتای کوژرانی سەلما، کە لەنێو ڕۆمانەکەدا لەلاپەڕە(٢٢٣) باسی دەکات بۆمان دەگێڕێتەوە دوای هێنانە ناوەی چەندین ڕووداوی دیکە تاکو لاپەڕە (٢٦٠) ئینجا دەگەڕێتەوە سەر ڕووداوە سەرەکییەکە، کە هۆکاری کوشتنی بکوژەکەی بۆ خوێنەر ئاشکرا دەکات، ئەمەش خۆی لەخۆیدا ڕاکێشان و پەلکێشکردنی خوێنەرە بۆ نێو ڕۆمانەکە، چونکە کاتی وێنەی کوژرانی سەلما دەخاتە بەر دیدە، خوێنەر بەردەوام دەبێت بۆ ئەوەی بزانێت و زانیاری وەربگرێ لەسەر چۆنیەتی و هۆکاری کوژرانی ئەم کارەکتەرە. ئەمە یەکێک بوو لەو شێوازە ئاڵۆزانەی ڕۆماننووس، کە لەنێو ڕۆمانەکەیدا بەرجەستەی کردوون.

ڕۆماننووس یاخود گێڕەرەوە لەپەرەگرافێکی دیکەدا ئەم شێوازە بەرجەستەدەکات بۆ نموونە کاتێک کارەکتەری سەرەکی تاریق ئاکانسو نایەوێت بەدەستی تورکەکان ژیانی کۆتایی بێت یاخود دەست بەسەربێت، بۆیە داوا لەکوڕەکەی عەلی ئیحسان دەکات، کە لەچیاکان بیبەستێتەوە ببێت بەژەمە خواردنی ئاژەڵە کێویەکانی ئەم ناوچەیە بۆیە گێڕەرەوە دەڵێت: ((**ئێستا توند توند بەدرەختەکەوە شەتەکم دەدەیت توند توند. بۆبابە .. بۆ؟ عەلی ئیحسان لەژێر لێویەوە بەئەسپایی پرسیاریکرد. بمبەستەرەوە جارێ، دواتر پێتدەڵێم. عەلی ئیحسان ماوەیەکی درێژ هەرسەیری پەتەکانی دەکردو دوودڵ بوو. عەلی ئیحسان ئەوە دواکارە بۆمنی بکەیت، من ناگەڕیمەوە بۆ دیاربەکر بەدیلی و دەست بەستراوی بمنێرن بۆ زیندانێک لەئەنکەرە، تکایە، ئەوە دواکارە بۆ باوکتی بکەیت. عەلی ئیحسان بەگومانەوە، بەخاوی، بە نیگایەکی پڕ پرسیارەوە کەوتە شەکەتدانی باوکی بەدرەختەکەوە**))(هەمان سەرچاوەی پێشوو، ٥٢٧).

لێرەدا ئەگەر سەرنج بدەین ڕووداوەکە کۆتایی ژییانی کارەکتەرە سەرەکیەکەیە، کە دەیەوێت کۆتای بەژیانی خۆی بهێنێ نەک وەک دیل بمێنێتەوە لەژێر دەستی ئەم تورکانەی چەندین ساڵە خزمەتیان دەکات، ئینجا لێرەدا گێڕەرەوە ڕووداوەکە دەوستێنێ چەند ڕووداویکی دیکە دەهێنێتە پێشەوە بێ ئەوەی کۆتای ڕووداوی مردنی ژیانی ئاکانسۆمان پێبڵێت. واتە هیچ باس مردن و کۆتای گیانی کارەکتەرەکە ناکات دەوەستێت و دەچێتە سەر چەند ڕووداوێکی دیکە ئەویش ڕووداوی ڕزگارکردنی ورچەکەیە، کە چەندین ساڵ بوو تاریق ئاکانسۆ لەقەفەزێک دا زیندانی کردبوو،هەروەها ڕزگارکردنی ئارسینی کوڕی تاریق ئاکانسۆ هەر باوکی زیندانی کردبوو چەند ساڵێک ڕزگار کردنی ئەم دوانەش لەلایەن عەلی ئیحسانەوە بوو، کە دوای کردنی ئەم کارە، کەباوکی داوای لێکرد بۆی بکات، واتە دوای بەستنەوەی باوکی هێنانە پێشەوەی ڕووداوێکی دیکەو لە شوێنیکی دیکەوە، کە

ماڵەکەی ئاکانسۆیە بۆ نموونە گێڕەرەوە دەڵێت: ((**هەر ئەو شەوە کۆتەکانی ورچەکەو کۆتەکانی ئارسینی شکاند. ئارسین هیچی نەگوت، هەتا هەستی بەوەش نەکرد پێویستە سوپاسی عەلی ئیحسان بکات. دەیزانی تاریق ئاکانسۆ کۆتاییهاتووە، گەر ئەو زیندووبایە عەلی ئیحسان نەیدەوێرا ئازادی بکات**))(هەمان سەرچاوەی پێشوو، ٥٣٠).

ئەوە یەکێکی دیکە لەم ڕووداوانەی گێڕەرەوە بەرلەوەی ئەنجامی یاخود مردنی تاریق ئاکانسۆ بگێڕێتەوە ئەوەمان بۆ دەگێڕێتەوە، کە ڕزگاربوونی ئەم دوو زیندانییەیە، کە چەندین ساڵە لای ئاکانسۆ زیندانی کرابوون. جگە لەم ڕووداوە گێڕەرەوە ڕووداوێکی دیکە دێنێتە پێشەوەو دەیگێڕێتەوە ئەویش ڕووداوی جێهێشتنی ماڵەکەی ئاکانسۆیە لەلایەن ئارسینەوە مانەوەی عەلی ئیحسانە بەتەنها لەکۆشکەکە بۆنموونە گێڕەرەوە دەڵێت: ((**دوای نیو سەعات لەوە ئارسین بەخێرایی بەرەو دامێنی گردەکە بەخۆی وباوەڵێکی بچوکەوە دەهاتە خوار. تریفەی مانگە شەو هەموو زەوی ڕوناککردبووەوە. لەوساتەدا هەمان ئەو هەستەی هەبوو وەک چەندین ساڵ لەمەوبەر کاتێک بەسوار ئەسپێکەوەو بەغار لە کۆشکی ئاکانسۆ هەڵهات**))(هەمان سەرچاوەی پێشوو، ٥٣١). لێرەشدا، ئەگەر سەرنج بدەین گێڕەرەوە باسی ڕووداوێکی دیکەدەکات ئەویش ڕۆشتنی ئارسینە بەجێ هێشتنی ماڵەکەی. ئەمەش ڕووداوێکی دیکەیە، کە گێڕەرەوە دەیگێڕێتەوە و دەهێنێتە پێشەوە. واتە چەند ڕووداوێکی تێکەڵکرد ڕووداوەسەرەکیەکەی وەستاند. بێگومان نابێ ئەوە لەبیر بکەین هێنانەوەی ئەم چەند نموونانە، بۆ ئەوەیە یەک بەدوای یەک ڕووداوەکان بخرێنەڕوو مەبەستی شێوازی مۆنتاجی بخەینە ڕوو.

دوای ئەم ڕووداوانەی، کە گێڕەرەوە گێڕایەوە ئینجا دووبارە دەگەڕێینەوە سەر ڕووداوە سەرەکیەکەو مردنی ئاکانسۆ دەخاتە ڕوو بۆ نموونە گێڕەرەوە دەڵێت: ((**بەرلەوەی ڕاستەوخۆ لاشەی مردوەکە ببینێ، تێگەشتن تاریق ئاکانسۆ لەم دونیایەدا نەماوە تا ئەوساتەش بەدامێنی چیاکەدا سەرکەوت و بەو ڕێ باریکەدا گیشتە ترۆپکات، هور ئومێدێکی کزی هەبوو باوکی بەزیندوویی ببینێتەوە، بەڵام هەر ئەو بۆنە چوو بەسەریدا دلنیا بوو تاریق چەند ڕۆژێکە مردوە. لەئەسپەکەی دابەزی و جەڵەوەکەی بەچڵێکەوە بەستەوە و بەرەو لای درەختەکە ڕۆی. دیمەنەکە سامناک بوو لاشەکە هەلا هەلا کرابوو بەشی زۆری ئێسکەکانی ڕووت و مەیلەو بۆر لەو ناوەدا کەوتبوون. لاشەکە واهەڵوەشاو ولێکترازابوو پێدەچوو دەیان قەساب یاخود دەیان ئاژەڵی دڕ پێکەوە پەلاماریان دابێت**))(هەمان سەرچاوەی پێشوو، ٥٤١).

گێڕەرەوەدوای هەموو ئەو ڕووداوانەی پێشوو گەڕایەوە سەر ڕووداوە سەرەکیەکە و بۆمان دەگێڕێتەوە، کە چۆن چۆن بەچ شێوازێک تاریق ئاکانسۆ دەمرێت و کۆتایی بەژیانی خۆی دێنێت. بەشێوەیەک دیمەنی مردنی کارەکتەرەکە وەک وێنەیەکی تراژیدیی دەخاتە بەردەم خوێنەر!، هەر بەم

شیوەیە ڕۆماننووس یاخود گێڕەرەوە توانیویەتی زۆر بە لێهاتوانە و شارەزایانە ئەم شێوازەش لە ڕۆمانەکەیدا مۆنتاج بکات و بەکاری بهێنێت، کە یەکێکە لە شێوازە ئاڵۆزو گرانەکان لە نێو ڕۆماندا، هەر بەم شێوەیە لەم ڕووداوەدا خوێنەر ئینجا تێگەیشت، کە کارەکتەری سەرەکی نەماوە، بەڵام سەرەتا هەوڵێک بوو بۆ کوشتنی، کە ڕۆماننووس ڕایگرتبوو خوێنەر هیچ زانیارییەکی نەبوو لەسەر مان ونەمانی ئاکانسۆ، بەڵام لەم پەرەگرافەی سەرەوەدا ئەنجامی دا بەدەستەوە، کە کارەکتەر لەژیاندا نەماوە و دواهەمین ئەنجامی دا بەدەستەوە ،ئەمەش ئەم شێوازە بوو، کە ڕۆماننووس لەنێو ڕۆمانەکەدا بەرجەستەی کردووە.

## ٣- شێوازی گێڕانەوەی ڕەمزیی:

بەکارهێنانی ڕەمز لەگێڕانەوەدا گرینگی و تایبەتمەندی خۆی هەیە، کە زۆربەی ڕۆماننووسەکان پەنای بۆدەبەن، چونکە ڕەمز یاخود هێما دەلالەتێکی هەمەلایەنەی هەیە لە نێو ڕۆماندا، کە ئەم ڕەمزەش یاخود هێمایە ((ڕەمز بریتی یە لەوەی وشەیەک لە ڕووی واتاوە شوێنی واتا یا دەلالەتێکی تر بگرێتەوەو ئەو بیرەی، کە لەوانەیە ڕووکەش یا ئاشکرا خۆی نیشان بدات، یان لەهێمنییەکی قووڵدا بێت، دەشێ حاڵەتەکەی بەهۆی بەکارهێنانی ڕەمز بگۆڕدرێت بۆ بیرێکی پڕ جووڵەو چالاکی و بەهۆیەوە ڕەهەندی تر وەربگرێ، کەپێش بەکارهینانی ڕەمز نەیبیسوبێ))(حەمەد، ٢٠١٢، ٢٢).

لەڕەمزدا وشە ڕۆڵێکی گرنگی هەیە، لەبەخشینی واتە دەلالیەکانی نێو ڕۆمان، چونکە هەندێک وشە چەندین واتای دەلالی لەخۆ دەگرێت ((تاڕادەیەکی گەورە پشت بە توانای وشە لەدەربڕیندا دەبەستێت، کە ئەمیش لای خۆیەوە لەسەرتاپای دەقەکەدا ڕەنگدەداتەوە. هەندێ جار(وشەکە) بەواتایەک دێت و مەبەستیش تێیدا واتایەکی دیکەیە، بەواتای ئاشکرای شتەکە دێت و مەبەستیش واتای شاراوەی شتەکەیە))(سەعید، ٢٠١٣، ٩٢).

دەتوانین بڵێین، هەر بەم پێیە ڕەمز بەتەنیا لە ڕۆماندا بوونی نییە، بەڵکو لە چیرۆک و شیعردا بوونی هەیە و ئەوەش مەبەستی شاعیرە یان ڕۆماننووسە بەچ هۆکارێک بەکاری دەهێنێت؟،هەرچەندە ((زاراوەی((لیڵی)) ئیحای گومان و سەرسوڕمان دەبەخشێ، بۆیە (فیلیب و یلرایت) لەبری ئەمە پێشنیازی زاراوەی ((زمانی ئیشارەت))یا (زۆری دەلالەت) ی کرد. لەگەڵ ئەوەشدا تەمومژی دەلالەتیش هەیە، کە لێکۆڵەرە نوێخوازەکان لەسەر دیاری کردنی دوو جۆر واتە ڕێککەوتوون ئەوانیش: (واتای فەرهەنگی و واتای سیاقی)ن، کە سیاق زۆر سێبەرو ڕەنگاوڕەنگی بە واژەکان دەبەخشێ، بە شێوەیەک واتە ((فەرهەنگی)) یەکە لەبەرامبەریا کەمتەرخەمە لەگەیاندنی ئەو دەلالەتەی شاعیر مەبەستێتی))(هەمان سەرچاوەی پێشوو،٢٢-٢٣).

ڕۆماننووس ئەو ڕەمزانەی، کەبەرجەستەی دەکات لەنێو ڕۆماندا لای خوێنەر چەندین واتای دەلالی بۆ دەکرێت، ڕەنگە زۆرجار خوێنەر نەتوانێ بگاتە واتای فەرهەنگی یاخود ئەو واتایەی، کە ڕۆماننووس مەبەستێتی، بەڵکو بەپێی خوێندنەوەی خۆی واتایەک بۆ ئەم ڕەمزە دادەنێت، هەڵبەتە دەبێت ئەوە لەبیر نەکەین ئاستی خوێنەر لە خوێنەرێکەوە بۆ خوێنەرێکی دیکە دەگۆڕێت.

((ڕەمز گوزارشتە لە شتێک، گوێگر واتا نادیارەکەی وشەکە لێکدەداتەوە، کەواتە کەسی نێرەر واتایەکی شاراوەی لەپێش وشەکانەوە شاردووەتەوە، ئەویش بەهۆی دەستەواژەو هێمای تایبەت، بۆ ئەوەی گوێگر بتوانێ لە ڕێی لێکدانەوەی ئەو دەستەواژەو هێمایانە، واتا شاراوەی ڕەمزەکە ئاشکرا بکات. ڕەمز دەربڕینی دەنگێکی نزمە وەک بەچپە دوان، هاوکات جوڵاندنی لێوەکانە بەوشەی ناڕوون، دەربڕینێکی شاراوەیە بەدەنگ وەکو ئاماژەدان بە لێوەکان، گوتراوە ڕەمز نیشان و ئاماژەیە بەچاو، برۆ، دەم و لێوەکان لە زۆربارردا ڕەمز کۆد و نهێنی پەیڤینە، بۆ ئەوەی بەرانبەرەکەی لەو پەیامەی هەیەتی بیگەیەنێ، کە ناتوانێ بەڕاستەوخۆ دەریببڕێت))(مەنتیک، ٢٠١٩، ١١٦-١١٧). کە زێتر لێرەدا ئاماژە بەزمانی جەستەدەکات. واتە جوڵاندنی بەشەکانی جەستەو ئاماژەکردنی پێی ئەمانە هەموو ڕاستە واتایەکیان هەیە بەرامبەر و لەم دەستەواژانە تێدەگات، ئەگەر بەنووسینیش بێت، وەکو پەنجە خستنەسەردەم بەواتای بێ دەنگییە ئەمە هەم خوێنەر هەم گویگر تێدەگات، لێرەدا هیچ تەمو مژێک یان لێڵێک نییە بۆیە پێویستە بەتەواوی لە ڕەمز تێبگەین، لێرەدا چەند پێناسەیەک دەخەینەڕوو ((گۆستاف یۆنگ بەهۆکارێکی درکپێکردنی دادەنێ، چونکە مرۆڤ ئارەزووی لە هێمایە دەبینین هەموو شتە درکپێکراوەکانی بە هێماو ڕەمز گۆڕیوە. بۆیە دەروونناسان لە ڕێی لێکدانەوەی ڕەمزەکانی ناو خەونەوە لێکداوەوە بۆ خەونی مرۆڤ دەکەن. مێژوونوسان و ئارکیولۆژیستەکان لە ڕێی ڕەمزەکانەوە دەیانەوێ زانیاری لە بارەی مرۆڤ و شارستانیەت کۆنەکان دەستەبەربکەن))(هەمان سەرچاوەی پێشوو و ١١٧).

ڕەمز هەر لەکۆنەوە بەکار هاتووە بەتایبەتی، لە نێو ڕۆمان و چیرۆک و شیعردا. هۆکار و بەکارهێنانەکەشی زۆرجار دەگەڕێتەوە، بۆ بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی، چونکە ڕۆماننووس مەبەستی بووە پەیامەکەی بە کۆمەڵ بگەیەنێت، بەڵام ڕەوشی نالەباری سیاسی ڕێگەی پێنەداوە دواتر پەنای بردۆتە بەر بەکارهینانی ئەم ڕەمزە لەپێناوی گەیاندنی پەیامەکەی.

هەر سەبارەت بە ڕەمز بۆدلێر دەڵێت: ((دنیا پێشەیەکی لێوانلێوی هیماو ئاماژەکانە، حەقیقەت لەخەڵکی ئاسایی شاراوەیە و پەنهانە و تەنیا شاعیر بەزەبری ئەو ئیدراکەی هەیەتی، لەڕێگەی تەفسیرو ڕاڤەو شرۆڤەی ئەو هیماو ئاماژانە هەستی پێدەکات))(هەمان سەرچاوەی پێشوو، ١١٨).

بەکارهێنانی ڕەمز لە ڕۆماندا پەیوەستە بەهۆش و هزری ڕۆماننووسەوە هەر بۆیە پێویستە ڕۆماننووس زۆر وریابێت لەبەکارهینانیدا، چونکە نابێت ڕەمزێکی ئەوەندە ناڕوون و لێڵ بەکاربهێنێت،

کە خوێنەر نەتوانێت تەنانەت ڕووکەشەکەشی بدۆزێتەوە و ناشبێت ڕەمزێکی ئەوەندە ڕووکەش بەکاربهێنێت، هەموو کەسێک لەواتاکەی تێبگات، چونکە ((بەهێماکردن بۆ قوڵیی و گەورەیی بیرۆکەکەی دەگەڕێتەوە، بەڵام بەمەرجێک ئەم قوڵییە دژی ئەو (ڕوون) یە بەوەستێتەوە، کە مەرجیکی سەرەکی بەهیماکردنە. واتە، بەهێماکردن دەبێت ئاماژە بۆ ئەو واتایە تێدابێت، کە لە پێناویدا بەکارهاتووە، بەواتایەکی دیکە، بەهێماکردن نەدەبێت ئەوەندە قووڵ بێت، کە پڕبێت لەتەمومژی نەدەشبێت ئەوەندە ڕوون و ئاشکرا بێت، کە بواری لێکدانەوەی جیاوازی تیدا نەبێت. مەرجی هیماو ڕوونییەکەشی پەیوەستە بەپلەی نزیکی و دووریی هێماکە لەواقیعەوە، بۆ گوزارشتکردن لەکێشەگەلێکی بابەتی، کەڕەنگدانەوەی ئەوقۆناغە مێژووییە بێت، کەنووسەر تێیدا دەژی، دەبێت ئەوەش بڵێین، کە بەهێماکردن پرۆسەیەکی ئاڵۆزەو پێویستیی بەلێهاتوویی و زیرەکی ڕۆماننووسە لەدەربڕین وداهێنانی ئەدەبییدا))(سەعید، ٢٠١٣، ٩٤).

هەرچەندە ڕۆمان بابەتیکی دوور و درێژە، بەڵام زۆرجار ڕۆماننووس بۆ کورتکردنەوەی ڕووداوێک لەنێو ڕۆمانەکەدا، یاخود کاتەکەی دیاریکراوە و کورتە بۆیە پەنادەباتە بەر ڕەمز، ئەمەش یەکێکی دیکەیە لەمەبەستەکانی ڕۆماننووس، لە بەکارهێنانی ئەم شێوازەی گێڕانەوەیە.

((نووسەر دەتوانێ پەنابباتە بەرتەکنیک و هونەرێک بەشێوازێک بەکەمترین وشەو ڕستە وەسفی کەسیەتی پاڵەوان بکات یان لە ڕووداوەکە بدوێ، هەربۆیەش لەکورتە چیرۆک دا دەبینین بەکەمترین ڕستەو وشە بەکاردێت هەر لە پێناو ئەوەشدا زۆرجار پەنادەبرێتە بەر بەربەکارهێنانی (ڕەمز) لەچیرۆکدا، چونکە ڕەنگە ئەو دەرفەتەش نەڕەخسێت کەوا بەدرێژی و بەئاشکرا باس لە ڕووداوێک بکرێت، پێویستە لەسەر خوێنەر بە ووردی لە ڕستەو ماناکانی بگات))(ساڵح، ٢٠٠٥ ،١٠٠).

ئەم ڕەمزە نەک هەر لەکورتە چیرۆکدا بەرچاو دەکەوێت، بەڵکو بەپێی ویست وحەزی ڕۆماننووس لەچیرۆکی درێژو ڕۆمانیشدا بەکارهاتووە، دەربارەی ڕەمز میرصادقی دەڵێت: ((ڕەمز لەئەدەبییاتدا بەواتای شتێک دێت، کە لەجیاتی شتێکی دیکە بەکاردێت بەواتایەکی دیکە ڕەمز، بە وشەیەک دەگوترێت، کە جگە لەواتای ڕاستەقینەی خۆی واتای دیکەش بدات و بۆ واتایی دیکەش دەست بدات))(عەلی، ٢٠١٧، ٢٤٢).

(سابیرڕەشید) لەبارەی ڕەمز لەچیرۆکدا دەڵێت: ((ڕەمز یا چەڤەنگ یا هێما وەک هۆکارێک چیرۆکنووس بەکاری دەهێنێت بۆ پەردەپۆشکردنی هەندێک لەوشتانەی کەدەیەوێ بیڵێ و ناتوانێ ڕاستەوخۆ دەریببڕێت))(هەمان سەرچاوەی پێشوو ٢٤٢). هەڵبەتە هۆکاری بەکارهێنانی ئەم ڕەمزە لەنێو ڕۆماندا مەبەست و ئامانجی ڕۆماننووسە، چونکە ((ڕەمز زۆرجار بۆ شاردنەوەی (ناو) ی کەسەکان بەکارهاتووە وەک دانانی پیتێک بۆ ناوی کەسەکە یان شوێنێک، هەندێ جاریش ناوونیشانی چیرۆکەکە بە ناونیشانێک نوسراوە، بەڵام بۆ مەبەستێکی دی بوە، زۆرجار چیرۆکی ڕەمزی بۆ لەیەک

چواندنی دوو حاڵەت بەکارهاتووە لە ڕووی ناوەڕۆکەوە ڕووداوگەلی گەلێکی دەسەڵاتدار یاخود گەلێکی چەوساوەو دور لە شوێنی نوسەر کراوە بەکەرەستەی چیرۆکی کورت، بەڵام لەواقیعدا باس لەچەوسانەوەی گەلە ژێر دەستەکان دەکات، چونکە نوسەری گەلی ژێردەستە ناتوانێت بەئاشکرا ئەم چەمکە دەربڕێت ناچار دەبێت بەڕووداوێکی تر دەری دەبڕێت))(ساڵح، ٢٠٠٥، ١٠٤). میللەتی کوردیش هەمیشە گەلێکی ژێردەستە بووە، بۆیە لەنێو ڕۆمانی کوردیدا ڕەمز زۆر بەرچاو دەکەوێت.

لەساڵانی ((پێش ١٩٧٠ ڕەمز بەکارهاتووە لەچیرۆکی کوردیدا، بەڵام بەشێوەیەکی سادە و ساکار لەم قۆناغەدا تاپێش سەرهەڵدانی ڕاپەڕین چیرۆکنووسان بەهۆی بارودۆخی نالەباری سیاسی و نەبوونی ئازادی ڕادەربڕین، پەنایان دەبردە بەر ڕەمز و لەم ڕێگایەوە، مەبەستی خۆیان بەخەڵک و خوێنەر دەگەیاند، ئەوە خوێنەری زیرەک بوو، کەلەمەبەستی چیرۆکنووس تێدەگەشت، بەڵام لەدوای ڕاپەڕین، کەسەرهەڵدانی قۆناغێکی نوێی ژیانی کورد بوو کورد خۆی بووە خاوەنی بڕیارو چارەنووسی خۆی تاڕادەیەک ئازادی ڕادەربڕین بەرپابوو، ئەم گۆڕانکارییە کاریگەری لەهەموو بوارەکانی ژیان و لەئەدەبیش بەتایبەتی بەجێهێشت لەبواری چیرۆکیشدا بەگشتی و لەبەکارهێنانی ڕەمز بەتایبەتی مەبەست و هۆکاری بەکارهێنانی لەلای چیرۆکنووس گۆڕانی بەسەرداهات، واتە لەدوای ڕاپەڕین چیرۆکنووسان پەنایان بۆ ڕەمز بردووە هەم بۆ دەربڕینی مەبەستی سیاسیان و هەمیش بۆ جوانکاری و بەرگێکی نوێی گێڕانەوە))(عەلی، ٢٠١٧، ٢٤٥)، چونکە لەلایەک ئیستاتیکایەک بەڕۆمانەکە دەبەخشێت لەلایەکی دیکەش بیرو هۆشی خوێنەر بەلای خۆیدا دەجوڵێنێت تا لە گەڕان بەدوای واتا ڕاستەقینەکەیدا وێڵبێت،لەهەمان کاتدا کۆکردنەوەی بیرۆکە جیاوازەکان لەنێوان خوێنەراندا دەووروژێنێت.

دەتوانین بڵێین بەکارهێنانی ڕەمز لەنێو گێڕانەوەدا هەتاکو ئێستاش لای ڕۆماننووسان و چیرۆکنووسان پەیڕەو دەکرێت و فەرامۆش نەکراوە، چونکە ((ئەگەر پێش ڕاپەڕین چیرۆکنووسان ڕەمزیان، وەک هۆکارو ئامرازێک بۆ گەیساندنی مەبەستی خۆیان، کە لەوکاتەدا بەزۆری مەبەستی سیاسی وکۆمەڵایەتی بووە، بەکارهێناوەو هەوڵیان دا لەم ڕێگاوە خەڵک هۆشیار بکەنەوە، ئەوە لەدوای ڕاپەڕیندا چیرۆکنووسان ڕەمزیان هەم بۆ مەبەستی بەخشینی جوانی وئیستاتیکا و هەم بەخشینی وێنە و مۆرکێکی نامەئلوف و ناواقیعی کردنی چیرۆک سوودیان لێ وەردەگرن و ئەو مەبەستەیان، کەهۆکارە کۆمەڵایەتی یان ئاینییەکان بەربەستن لەبەرامبەر دەربڕینی ڕاستەوخۆیان، پەنادەبەنە بەر ڕەمزو لەم ڕێگایەوە فەزایەکی فەنتازیای بەدەقەکەیان دەبەخشن))(هەمان سەرچاوەی پێشوو، ٢٤٥).

هەربەم پێیە زۆرجار ڕۆماننووس لەڕێگەی بیروفکرو هزری خۆیەوە لەڕێڕەوی گێڕانەوەکەیدا ڕەمزیک لە ڕۆمانەکەیدا دەچێنێت و بەرجەستەی دەکات، بەڵام لەهەمان کاتدا مەرج نییە هەموو

ڕۆماننووسێک لە سازدانی ڕەمزدا ئەو وتوانا و سەلیقەیەی تێدابێت، چونکە لەکاتی گێڕانەوەکە وەکو گێڕانەوەی ڕووداوێک یاخود شوێنێک یان وەسفی کارەکتەرێک، خوێنەر بەئاسانی دەتوانێت واتای ڕەمزەکە ئاشکرابکات، کە خودی ڕەمز بەواتای چەندین مانای دەلالی دێت.

سەرەتا، ئەگەر لەناونیشانی ڕۆمانەکە دەستپێبکەین دەبینین ڕۆماننووس ڕەمزیکی زۆر جوانی، بۆ ئەم ناونیشانە داناوە و ئەم ڕەمزە چەندین واتاو دەلالەتی جیاجیا لەخۆ دەگرێت. ناونیشانەکە (داگیرکردنی تاریکی) یە هەرچەندە ئەگەر هەر لەسەرەتادا دەیخوێنیتەوە مێشکی مرۆڤ ئاڵۆزدەکات مرۆڤ بەلادا دەبات، بەڵام لەگەڵ خوێندنەوەی ڕۆمانەکە خوێنەر لەبەکارهێنانی ئەم ڕەمزە تێدەگات بۆچی ڕۆماننووس بەکاری هێناوە. بەر لەهەموو شتێک گوزارشتە لەنەتەوەی کورد زمانی کورد خاکی کورد، کەنەتواندراوە لەلایەن تورکی فاشیزمەوە داگیر بکرێ لەلایەکی دیکەوە هەوڵی ڕۆماننووسە بۆ دەرخستنی ئەم زوڵم وستەمەی بەرامبەر بەکوردو زمانەکەی کراوە. لەلایەکی دیکە پیشەو مەبەستی ناساندنی تورکی فاشیزمە، کە چ بوونەوەرێکن، کەواتە هیماو ڕەمز و دەلالییەکان زۆرن، هەر خوێنەر بەخوێندنەوەی ڕۆمانەکە لەم ڕەمزە تەمومژەوە تێدەگات و پەردەی لەسەر لادەدات، بەڵام دەبێت ئەوەش لەبیر نەکەین هەر خوێنەرێک بەجۆرێک گوزارشت بۆ ڕۆمان دەکات، واتە هەرکەسەو بەجۆرێک خوێندنەوە بۆ ڕۆمان و ڕەمزەکان دەکات، ئەمەش لەنێوان ئاگایی و نائاگاییدا پەیوەستە بەهزرو هۆشی خوێنەرەوە، ئەگەر خوێنەر لە ڕووی ڕووکەشیە کەیەوە سەیری بکات تێنەگات. ڕەنگە دەروونی مرۆڤ تەنگ بکات، چونکە باسی تاریکیی و خامۆشی، کە حاڵەتێکە مرۆڤ توشی بیرو دڵتەنگی دەکات، بەڵام ،ئەگەر خوێنەر لە ڕووە ڕووکەشیەکەیەوە تێگەیشت دەزانێت، و تێدەگات، کە ئەم تاریکییە دەبێتە بڵێسەی ئاگرێکی ڕۆشن و هەموو چواردەوری خۆی ڕووناک دەکاتەوە. ئەو تاریکییە بروسکەیەکی پڕ لە ڕۆشنایی بوو پڕ لە شادی بوو هەربۆیە ڕەمزێکە بۆ مانەوەی کورد و مانەوەی زمانە پاراوەکەی.

ئەم شێوازە ڕەمزییە، لە ڕۆمانی (داگیرکردنی تاریکی) دا. لەچەند شوێنیکی دیکەدا بوونی هەیە، کە ڕۆماننووس زۆر بەلێهاتوویەتی و شارەزایی توانیویەتی، لە نێو ڕۆمانەکەیدا بەرجەستەی بکات. بۆ نموونە کاتێ کارەکتەری سەرەکی تاریق ئاکانسۆ ڕەوانەی دیاربەکر دەکرێ بەمەبەستی بنبڕکردنی زمانی کوردی و چەسپاندنی زمانی تورکی بۆیە گێڕەرەوە دەڵێت: ((**تاکە کەسێک بۆ سەرانی جمهورییەت باوەڕیان پێبوو کاری وەها بدەنە دەست، بینێرن بۆناو شارە زەردەواڵەکە و دڵنیابن، کەدەتوانێت بەسەرکەوتوویی بگەڕێتەوە و ساڵەهای ساڵ لەئەنکەرەو ئەستەبنوڵ بەڕێوەبەریی بیرۆیەکی تایبەت و سەرۆک لێژنەیەکی بەدەسەلات بوو، بەناوی (لیژنەی ئەمنییەتی زمانەوانی) فەرمانی بوو لەڕێگای پاککردنەوەی زمانی تورکییەوە لەهەموو وشە گەلێکی بێگانە**))(عەلی، ٢٠٢٠، ٣٣).

لێرەدا گێڕەرەوە یاخود ڕۆماننووس پێمان دەڵێت، کە کارەکتەر خۆی ئەندامی لیژنەی زمانەوانی تورکی بووە بۆ پاککردنەوەی، لە زمانی بێگانە بەهۆی ئەم شارەزایی و لێهاتوویەی ناردراوە بۆ دیاربەکر چەسپاندنی زمانی تورکی، لەم ناوچەیەدا ڕۆماننووس لەم ڕۆمانەدا ڕەمزێکی بۆ شاری دیاربەکر داناوە. ئەویش شاری زەردەواڵەکەیە، واتە لەبری ئەوەی ناوی شاری دیاربەکر بهێنێ ڕەمزێکی بۆ داناوە ئەمە چەند مانایەکی لە خۆ دەگرێ، کە دەلالەت لەبەهێزی شارەکەو بوێری شارەکەدەکات، هەروەها دەلالەت لەیاخی بوون و بەرپەرچدانەوە دەکات لەلایەن خەڵکی ئەم شارەوە دەلالەت لەبێ دەنگ نەبوونی ئەم شارەو کاریگەری ودیفاع کردن لەخودی شارەکە خۆی، چونکە زەردەواڵە کاتێ شانەکانی تێک دەدەیت چی ڕوودەدات؟، زەردەواڵەکان بەرگری لەو شانە دەکەن هێرش دەکەنە سەر کەسەکەو پێوەی دەدەن.

دەتوانین بڵێین ڕۆماننووس ڕێک ئەم شارەی بەم شانە زەردەواڵەیە چواندووە، ڕۆماننووس یاخود گێڕەرەوە لە ڕێگەی ئەم ڕەمزەوە کۆمەڵێک زانیاری پێداین سەبارەت بەئەم شارە، کە چەند بوێرانە بەرگری لە خاک و زمانەکەیان دەکەن. بێ کاردانەوە دانانیشن. کە ئەم ڕەمزە بوبە سومبولێک بۆ چوونە نێو دونیای ئامەد-دیاربەکر و بەخشینی زانیاری لەسەر کارەکتەرەکان و زمان و هەڵوێستیان.

ڕۆماننووس، لە ڕێگەی ئەم ڕەمزە بەرچاو ڕوونییەکی بەخشی بەخوێنەر هەڵبەتە ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ خودی ڕۆماننووس لەبەکارهێنانی ڕەمزەکەدا، چونکە زۆر جار ڕەمزێ بەکاردێ خوێنەر زۆر ماندوو دەکات یاخود هەر ناتوانێ واتەدەلالەتەکانی بدۆزیتەوە خۆ ڕاستە ڕەمز لێڵیە یاخود تەم و مژە، بەڵام نابێت بگات بەئاستی ئەوەی خوێنەر نەگات بەواتاکەی، بەڵام لێرەدا ڕەمزەکە بەجۆرێکە خوێنەر بەئاسانی مانا دەلالیەکانی دەست کەوێت. کەواتە زەردەواڵە بوو بە ڕەمز بۆ شاری دیاربەکر یان ئەو ناوەی، کە کوردەکان هەر لەدیرۆکەوە پێیدەڵێن و یان پێیانگوتووە:(ئامەد).

ڕۆماننووس لە پەرەگرافێکی دیکەدا ئاماژە، بە ڕەمز دەکات و بەکاری دەهێنێت بۆ نموونە دەڵێت: ((**ئەمیر هات دوای دە ڕۆژ لە وەرگرتنی پۆستەکەی، جێگرەکەی خۆی بانگ دەکات، کە جێگری بەکر ئۆغڵۆش بوو، سەرسامی خۆی لە ژمارە کوژراوەکان و شێوەکانی ئەشکەنجەو دۆخی زیندانەکان دەردەبڕێت. جێگرەکە بە زەردەخەنەوە دەڵێت جەنابی کوڕ ژەنەراڵ، ئەم خۆرهەڵاتی ئەنادۆڵە بەدرێژایی مێژوو شوێنێکی نەفرەت لێکراو بوو، قەت نەبوو بۆ ماوەی درێژ ئاشتی و ئاسوودەیی بەخۆیەوە ببینێت. ئیتر خاکی جنۆکەکانە**))(هەمان سەرچاوەی پێشوو، ٢٩٧).

لێرەدا کارەکتەرێکی لاوەکی، کەناڕەزایی خۆی یاخود بڵێین سەرسامیی خۆی دەردەبڕێت سەبارەت بە کوژراوەکان و ئەشکەنجەدانی کوردەکان لە کونجی زیندانەکاندا کارەکتەر (ئەمیر) تازە پۆستەکەی وەرگرتووە زۆر زانیاری لەسەر بارودۆخی کوردەکانی ئانادۆڵ نییە، بەڵام جێگرەکەی

کاتێک وەڵامی دەداتەوە بەپێکەنینەوە ئاماژە بە ئەم کوردانە دەکات، کە ئەمانەی لەم خاکەدا دەژین وەک جنۆکە ناویان دەبات، واتە بەخاکی ئانادۆڵ دەڵێت خاکی جنۆکەکان.

لێرەدا گێڕەرەوە یاخود ڕۆماننووس ڕەمزێکی بەکار هێناوە، بۆ ئەم خاکە، کە پڕیەتی لە کورد لێرەدا هەموو کوردەکانی چواندووە، بە جنۆکە وەکو هونەریکی ڕەوانبێژی لێکچواندنی بەکارهێناوە، ڕۆماننووس مەبەستێتی ئاماژە بەوە بکات. کوردەکان وەک غەیب وان زۆر دەرناکەون، چونکە جنۆکە ڕەمزێکی غەیبە دەلالەتە لەنادیاری و ترس و بیمەوە دەلالەتە لەمرۆڤ بوون لە سەر ئەم زەمینە، لەگەڵ ئەوەشدا لەواقیعیەتدا بوونی هەیە، یەکێک لەخاسیەتەکانی جن ئەوەیە کاتێ ئازاری دەدەیت بەبێ وەستان ئازارت پێدەگەیەنێت. بەهەر جۆرێک بێت ئەوەندە پڕ ترس و خۆفە جنۆکە لە توانایدایە بۆ شتێ دیکەی وەک ئاژەڵان خۆی بگۆڕێت، بۆ نموونە (مار یاخود پشیلەی ڕەش) زۆرجار دەچنە جەستەی مرۆڤەکانەوە زۆر جار دەگاتە ڕادەی تێکچونی دەروونی مرۆڤ، هەر بۆیە هەموو ئەوانەی لەخاکی ئەنادۆڵ دادەنیشن چواندویانن بەم جنۆکەیە وەک ڕەمزی ئەم کوردانەی ئەم ناوچەیە ڕۆماننووس توانویەتی زۆر وریایانە ئەم ڕەمزە بەکار بهێنێت و زانیارییەک بخاتە بەردەستی خوێنەر بەشیوەیەکی تەمومژاویی، کە کوردەکانی ئەنادۆڵ وەک جنۆکە خاوەن دەسەلاتن شایەنی ترسن شایەنی خۆفن هێزیکی شاراوە لەنێویاندا هەیە، هەروەک چۆن لەناو جنۆکە کاندا هەیە. ئەم شوێنەی ڕۆماننووس ویستویەتی ناوی بهێنێت لەشوێنیدا ڕەمزێکی بۆ داناوە، بەڵام ڕەمزێک هەرکەسێک بیخوێنێتەوە دەزانێت باسی کوێ دەکات، واتە ڕەمزێکە نابێتە هۆی بێزارکردنی خوێنەرو تێڕامان و ماندووکردن و بیرکردنەوە، بەڵکو ڕەمزێکی ئاشکراو تەنها جوانی و ئیستاتیکای بەدەقی نێو ڕۆمانەکە بەخشیوە ئەوەش مەبەستی ڕۆماننووسە لەبەکارهینانی ڕەمزەکە.

لەپەرەگرافیکی دیکەداڕۆماننووس ڕەمز بەرجەستە دەکات، کە گێڕەرەوە یاخود ڕۆماننووس توانیویەتی ئەم ڕەمزە بۆ شوێن بەکار بهێنێت، بە جۆرێک کاتێک یەکێک لەکارەکتەرەکانی نێو ڕۆمانەکە بۆکار دەگەڕێت، شاری خۆی جێ هێشتوە ڕووی کردووەتە ئەستەنبووڵ بەدوای کاردا دەگەڕێت، بۆیە کاتێک جەوهەر سیزار کاری دەست دەکەوێ گێڕەرەوە دەڵێت: ((**ئەوکات بەهۆی گەورەبوونی خێرایی شارەکانی تورکیاو زۆر بوونی قوتابخانەکانی مۆسیقاو زۆر بوونی گروپە مۆسیقیەکانەوە، بازاڕی تار فرۆشتن گەرمبوو. خاوەن وەرشەکە باوەڕی نەدەکرد لەکاتی وا سەختدا باشترین وەستای مەملەکەت ئەوها لەدۆخێکی هەلاکەتباردا، بێکارو نەناس لە ئەستانبوڵ لەشاری ئەژدیهایە، کردی بەسەرکاری وەرشەکەی**))(هەمان سەرچاوەی پێشوو، ٣٦١).

لێرەدا ،ئەگەر سەرنج بدەین (ئەژدیها) خۆی لەخۆیدا ناوی ئاژەڵێکی زۆر دڕندەیە لەهەمان کاتدا گەورەو زەبەلاحە هەر بەناو هێنانی هەمووان هەست بەترس و خۆف دەکەین، جا ڕۆماننووس زۆر بەلێهاتویی ئەم ڕەمزەی بۆ شاری ئەستانبوڵ بەکارهێناوە، چونکە شارێکی گەورە و قەرەباڵغ و پڕ لە

مرۆڤی جۆراو جۆرە، ئەم جۆرە شارانەش هەمیشە جێگای چاک و خراپەکارانی تێدا دەبێتەوە ڕۆماننووس ئەو ڕەمزەی بەکارهێناوە بۆ ئەو شارە، بەواتە شارێکی بەهێزو دەسەڵات و ترسناکە و، کەهەمیشە خەونی بەوەوە دەبینی، کە کورد لە بنەڕەتدا کۆتایی پێ پێبهێنێت، خۆ ڕۆماننووس دەی توانی ڕەمزیکی دیکە بۆ ئەم شارە دانێ وەک ناوهێنانی ڕەمزێکی دیکە وەک (شێر، پڵنگ ... هتد)، بەڵام ڕۆماننووس زۆر بەزیرەکی و لێهاتووی ئەم ڕەمزەی داناوە، کە پڕ بەشارەکەیە.ئەژدیهاش دەلالەتە لە گەورەیی بەهێزی و دەسەڵات ڕۆماننووس توانیویەتی ئەم ڕەمزە بۆ ئەم شوێنە وشێوازی گێڕنەوەیە بپێکێت.

گێڕەرەوە، لەپەرەگرافێکی دیکەدا ڕەمزێکی دیکە بەکاردەهێنێت بۆ نموونە کاتێک تورکەکان کوردەکان زیندانی دەکەن یان بۆ هەتا هەتای دای دەڕزێنن یاخود بۆ ئەوە بەرەڵای دەکەن ،تاکو بیکوژن هەر بۆیە گێڕەرەوە دەڵێت : ((**لە ناخی دڵەوە حەزیدەکرد بیگرن، گەر بیگرن لەزینداندا پارێزراو تر دەبێت، بەڵام گەر نەیگرن ئەوە نیشانەیەکی ترسناکە دەیان جار لە زیندانەکاندا ئەوەی دیبوو، زیندانێک بەریان دەدا بۆ ئەوەی لەسەرجادەکان تەقەی لێبکەن و بیکوژن هەندێک لە ئەفسەرەکان سوپا بە پێکەنینەوە ئەو کەسانەیان ناو دەنا (کۆتری مەشق) واتە وەک ئەو باڵندانەی بەرەڵایان دەکەن تا کەمێک بەرزببنەوەو چەند جارێک باڵبدەن بەیەکداو تۆزێک بفڕن، ئینجا نیشانەیان لێدەگرن**))(هەمان سەرچاوەی پێشوو، ٦١٦).

لێرەدا ،ئەگەر سەرنج بدەین گێڕەرەوە یاخود ڕۆماننووس (کۆتری مەشق) کردۆتە ڕەمز بۆ ئەو زیندانیانەی ئازادیان دەکەن و دواتر دەیانپێکن و دەیانکوژن، لە ئەساسە کۆتر خۆی ڕەمزی ئاشتی یە ڕەمزی پاکی یە ڕەمزی ئازادی یە ڕەمزی شادی یە و ڕەمزی پێکەوەژیان و جوانی یە، بەڵام لێرەدا بۆتە ڕەمزی مردن و دەبێتە نیشانەگری دەستی تورکەکان تیریان تێدەگرن و دەیان پێکن لێرەدا ئەم کۆترە وەکو دەلالەتێکی بێگوناح و بێ دەسەڵات دەردەکەوێت، چونکە هەر زیندانیەکی کوردی چواندوە بەو باڵندە یان ئەو کۆترە پاکەی، کە لە ئاسماندا دیمەنێکی جوان دەبەخشێ دەی پێکن و لەناوی دەبەن بەهەمان شێوەش کوردەکان دوای یەک هەنگاو لە ئازادییان دەیان کوژن.

ڕۆماننووس ئەم ڕەمزەی بەکارهێناوە، بۆ مرۆڤ واتە هەر زیندانیەکی بە کۆتر چواندووە و دواتر شەهید دەکرێت، ئەمەش زێتر مەبەستی ڕۆماننووسە لە ڕێگەی ئەم ڕەمزەوە بەئێمە یاخود خوێنەر ڕابگەیەنێت، کە کوردان بێتاوان بەدەست دەوڵەتی فاشیزمی تورک، چۆن دەناڵێنن و، چۆن شەهید دەکرێن و دەبنە ئەو کۆترە سپی وپاکانەی. کە بەرەو ئاسمان لەشەقەی باڵ دەدەن ڕۆماننووس مەبەستی خۆی لەم ڕەمزەدا بە خوێنەر دەگەیەنێت، کە مەبەستی لە بێگەردیی و پاکیی کوردە.

## ئەنجام

**لەکۆتایی ئەم توێژینەوەیەدا، گەیشتینە ئەم ئەنجامانەی خوارەوە :**

١- ڕۆماننووس لە ڕووی زمانەوە، نەیتوانیوە زمانێکی ستاندارد بەکاربهێنێت، هەڵبەتە مەبەستمان زمانی گێڕەرەوەیە، نەک کارەکتەرەکان، چونکە کارەکتەر بەزمانی ناوچەیی خوی دەدوێت، ئەمەش لە ڕۆماندا کارێکی ئاساییە ،بەواتە ڕۆماننووس پەنای بۆ بکارهێنانی زمانێکی سادەو ڕەوان بردووە، تا ئەوەی ئاستی گەیاندنی بۆ خوێنەر ئاسانو سادەو ساکاربێت، هەر چەندە لەنێو ڕۆمانەکەدا لەپاڵ زمانی ناوچەیی، زمانی بێگانەش دەبینرێت، وەکو زمانی تورکی، کەیەکێکە لە فشارە سیاسییەکان بۆسەر زمانە کوردییەکە .

٢-ڕۆماننووس لە گێڕانەوەی ڕووداوی سەرەکی ڕۆمانەکەیدا، پێڕەوی لە بنیاتی بازنەیی کردووە ،واتە سەرەتای ڕۆمانەکە بەکۆتایی ڕووداوەکانی ڕۆمانەکە دەستپێدەکات لە کۆتایشدا دەگەڕێتەوە سەر هەمان خاڵ.

٣-ڕۆماننووس لە گێڕانەوەی ڕووداو و وەسفی کارەکتەرەکانیدا، بەمەبەستی پڕکردنەوەی کەلێنەکان پەنا دەباتە بەر درێژدادڕی، کە ئەمەش لەتەکنیکی نووسینی ڕۆماندا بەوەسفی درێژ ناو دەبرێت وئامانج تیایدا پێدانی زانیاری وردو زۆرە لەسەر کارەکتەرەکان وشتەکان و شوێن و ڕووداوەکان.

٤- ڕووداو زۆرتر لە ڕۆمانی داگیرکردنی تاریکیدا، بریتیە لە ڕووداوی مێژوویی و واقیعی میللەتی کورد ڕۆماننووس وەک بیرخەرەوەیەک دەیەوێت گێڕانەوەی ڕووداوە مێژووییەکانی میللەتی کوردە بخاتە بەردیدی خوێنەرەکانی، کەچۆن تورکەکان لەمێژووی کۆن و نزیکدا بەسەریاندا هێناون و دەهێنن.

٥- (شوێن و کات) لای ڕۆماننووس، سەرەتا شوێن لە ڕۆمانەکەدا پانتاییەکی زۆری داگیرکردووە، بەتایبەتی لە جۆری شوێنی واقیعی، کە لەڕۆمانەکانی دیکەی بەختیار عەلی کەمتر لەم شێوەیە بەرچاو دەکەوێت،بەڵام (کات) ڕۆڵێکی بەرچاوی هەیە، چونکە نووسەر یاری بەکات و ڕووداوەکانی نێو ڕۆمانەکەدەکات ،ئەمەش بۆخۆی لایەنی سەرکەوتوویی ڕۆماننووس نیشاندەدات.

٦- لە ڕۆمانی (داگیرکردنی تاریکی) دا زێتر ڕۆمانێکی فرەشێوازییە لە گێڕانەوەدا، بەختیار عەلی وەک ڕۆماننووسێکی کوردو بەتوانا و بەسەلیقە، زێتر چەند شێوازێکی بەکارهێناوە،کە بەوردی لە نێو ڕۆمانەکەیدا بەرجەستەی کردوون، ئەم ڕۆمانەشی جیاوازە لە ڕۆمانەکانی دیکەی، کە بەردەوام لە دوو شێواز یان سێ شێواز خۆی بینیوەتەوە، لێرەدا کردەی نووسینی جیاوازە و خۆی لە چەندین شێواز دەبینێتەوە، ئەوەش لایەنی سەرکەوتوویی کارەکەی دەستنیشاندەکات.

٧- شێوازی دراماییش یەکێکە لەسیما دیارەکانی نێو ڕۆمانەکە، کە ڕۆماننووس زۆر بە وریاییەوە توانیویەتی وێنەکان بخاتە بەردەم خوێنەر و جوڵە بخاتە ڕۆمانەکەوە.

٨- ئیستاتیکاو گێڕانەوە دیارترین خەسڵەتن لە نێو ڕۆماندا، چونکە ئیستاتیکا بۆ گێڕانەوە بنەمای هونەری و ئەدەبی و سەلیقەی ڕۆماننووس نیشاندەدات، کە جیای دەکاتەوە لەهەر بابەتێکی دیکەی ڕۆژانە، ئەمە وێڕای ئەوەی لە شیعر و چیرۆک یان هەربابەتێکی دیکەی ئەدەبی ڕۆڵی هەیە بێگومان ڕۆمانیش یەکێکە لەو ژانرە ئەدەبیەی کە تێیدا گرنگیی بە ئیستاتیکا دەدات و بەختیار عەلییش لەم مەیدانەدا لێهاتوویی خۆی نیشانداوە.

٩- یەکێک لەشێوازەکانی ناسینەوەی ڕۆمانەکانی بەختیار عەلی، دەتوانین بڵێین (ناونیشان)ە، چونکە ناونیشان یەکێکە لە کلیلەکانی ڕۆمان، ڕۆماننووس ناونیشانێکی پڕ ئاماژەو ئیحای بەکارهێناوە، کە ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی خوێنەر بیرو هۆشی بجوڵێنێت و بگاتە ئاستی تێڕامان.

١٠- بەکارهێنانی تەکنیکی شەپۆلی هۆش، یەکێکە لەتایبەتمەندییەکانی نێو ئەم ڕۆمانەی بەختیارعەلی، کە ئەم تەکنیکەش بریتییە لە مۆنۆلۆگی ڕاستەوخۆ تا خوێنەرانی بەناخی کارەکتەرەکانیدا ئاشنابکات و بەمەش ئاستیی هونەریی ڕۆمانەکەی هێندەی دی دەوڵەمەندکردووە.

١١- ڕۆماننووس ئەو ڕەمزانەی، کە لەنێو ڕۆمانەکەیدا بەکاری هێناون، شێوازێکی سادەو ڕەوانی هەیە، خوێنەر بەئاسانی دەتوانێت دەست بەسەر ڕەمزەکەدا بگرێ و شیکردنەوەی بۆ بکات، ئەمەش یەکێکە لە سەرکەوتنەکانی ڕۆماننووس، چونکە نابێت ڕەمز لە ڕۆماندا تاکۆتایی پەنهان و ناڕوون بێت، چونکە وا لەخوێنەر دەکات هەر لە پشتی پەردە بمێنێتەوە و نەتوانێت بێتە دەرەوە و ئەودەم وەرسییەک بۆ خوێنەر درووستدەبێت.

# سەرچاوەکان :

## أ-کتێب

### - زمانی کوردی :


- ئاشنا، ئومێد (٢٠٠٧). شێوە و ناوەڕۆک – کۆمەڵێک لێکۆڵینەوە لە ئەدەبی کوردی. چ١. دەزگای هەولێر. چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس.
- ئەحمەد، پەخشان (٢٠٠٩). شێوازی شیعری گۆران. سلێمانی. چاپخانەی ڕەنج.
- ئەحمەد، محەمەد (٢٠٠٤). بونیاد زمانگەری لەخوێندنەوەی ڕۆماندا .چ١. سلێمانی. چاپخانەی خاک.
- ئەحەمەد، صافیە (٢٠١٤). شێوازی شیعرە کوردییەکانی پیربالّ مەحموود . چ١ . هەولێر . چاپخانەی ڕۆژهەلات.
- ئەرستۆ (٢٠٠٤). هونەری شیعر(شیعر ناسی) عەزیزگەردی. سلێمانی. چاپخانەی گەنج.
- ئەلڕەحمانی، د.ئەحەمەد(٢٠٢١).تیۆریەکانی ڕەخنەیی ئەدەب و پراکتیزەکردنیان. (پ.د.سەردار ئەحەمەد گەردی). چ١. هەولێر.ناوەندی ئاوێر.
- ئەڵەونی، د.نەجم (٢٠١١). لێکۆڵینەوەی ڕەخنەیی شیکاری لە بارەی ڕۆمانی کوردیەوە . چ١. هەولێر. چاپخانەی ئاراس.

- ئەڵوەنی، پ.ی.د. نەجم (٢٠١٧). تیۆری کۆمەڵناسی ڕۆمان. چ١. هەولێر. چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین.
- ئەڵوەنی، د.نەجم(٢٠٠٤) بینای کات لە سێ نموونەی ڕۆمانی کوردی دا ژانی گەل. شار. ڕاز. سلێمانی.دەزگای چاپ وپەخشی سەردەم.
- ئیسماعیل، سەباح (٢٠٠٩). چەمک و ئیستاتیکای شوێن لەئەدەبدا.چ١. هەولێر. دەزگای چاپ و بڵاوکراوەی ئاراس.
- بلّشن، ئەدوارد، تبنايد، داياناد‌ا (١٩٨٢). ڕۆمان و پیشەی نووسینی ڕۆمان. ئەژی گۆران. بەغدا.
- بەسیر، پ.د. کامل(٢٠١٥). مێژووی ڕەخەنسازی. چ١. سلێمانی.چاپخانەی تاران.
- بودەخە، د. مەسعود (٢٠٢١). شێوازناسی و تایبەتمەندییەکانی زمانی شیعرییەت. د. صافیە محەمەد ئەحەمەد. چ١.سلێمانی.
- جلال، میران(٢٠٠٩).بنیاتی ڕووداو لە ڕۆمانی کوردیی باشوری کوردستاندا. سلێمانی. چاپخانەی ڕەنج.
- جەمیل، هاوکار (٢٠٢١). گێڕانەوە لەداستان و شانۆدا. چاپی یەکەم. هەولێر. چاپخانەی مەم وزین.

- حسێن، جەبار (٢٠٠٨). ئیستاتیکای دەقی شیعری کوردی-کوردستانی عێراق (١٩٥٠-١٩٧٠). چ١. سلێمانی. چاپ و پەخشی سەردەم.
- حەسەن، محەمەد (٢٠١٢). ئەزموونی چیرۆکنووسین. چ١. سلێمانی. چاپخانەی لەریا.
- حەمەد ،د. پەخشان (٢٠١٢). ڕەمز لەشیعری هاوچەرخی کوردی کرمانجی خواروی کوردستان. هەولێر. چاپخانەی هاشم.
- حوسێن، پ.ی.د هیمدادی (٢٠٠٧). دەروازەیەک بۆ ڕەخنەی ئەدەبی کوردی. دەزگاو توێژینەوەو بڵاوکردنەوەی موکریان.
- خاڵەدیوە، ڕێزان (٢٠١٠). بنیاتی چۆرەکانی ڕووداو لە ڕۆمانی کوردی باشووری کوردستاندا ساڵی (١٩٨٥-١٩٩٠). چ١. هەولێر.
- خزر، ئەسوەد، سەعدە (٢٠١٧). هونەری نووسین. دڵشاد مەلا عەولا. چ١. سلێمانی. چاپخانەی کەنج.
- ڕەحمان، عەبدوڵلا (٢٠١٤). بنیاتی گێڕانەوە. چ١. هەولێر. چاپخانی موکریان.
- ڕەزا، ئەحمەد(٢٠٠٧).هونەری شیعر نوسین. بەرگی یەکەم. سلێمانی. چاپخانەی شەهیدئازاد هەورامی.
- ڕەسول، د. شوکریە (٢٠٠٥). تەکنیکی گێڕانەوە لە چیرۆکەکانی (مارف بەرزنجی)دا. چ١. هەولێر. چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە.
- ڕەسوڵ، ڕەسوڵ (٢٠١٣). جیهانبینی لە ڕۆمانی کوردیدا کرمانجی خواروو ساڵی (٢٠٠٠-٢٠١٠)ز. سلێمانی.چاپخانەی کەمال.
- ڕەشید، سابیر (٢٠١٦). چیرۆکی کوردی و ڕەخنەو لێکۆڵینەوە. چ١. هەولێر. ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوکراوە.
- ڕەئوف، پ.ی،د. لوقمان (٢٠٢٢). شێوازو شێوازگەری لە شیعرەکانی شێرکۆ بێکەس دا. چ١. سلێمانی.
- ڕۆژبەیانی. زاهیر (٢٠١١). کاروباری گێڕانەوە. چ١. هەولێر.چاپخانەی ئاراس.
- سابیر، پەرێز (٢٠٠١). بنیاتی هونەری چیرۆکی کوردی لە سەرەتاوە تاوەکو کۆتاییجەنگی دووەمی جیهانی. سلێمانی. دەزگا و چاپ و پەخشی سەردەم.
- ساڵح، سەلیم (٢٠٠٥). شێواز لە کورتە چیرۆکی کوردیدا. سلێمانی.چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری.
- سدیق، شاخەوان (٢٠٢٠). تێگەیشتن لە ڕۆمان. چ١. سلێمانی. چاپخانەی کارۆ.
- سەعید، جەلال (٢٠٠٩). تەکنیکی گێڕانەوە لە ڕۆمانی (ئێوارەی پەروانە)ی (بەختیار عەلی) دا. سلێمانی. چاپخانەی کەمال.

- سەعید، د.جلال(٢٠١٣). گفتوگۆ لە ڕۆمانی کوردی کرمانجی خوارووودا. سلێمانی. چاپخانەی کەمال.
- شاکەلی، فەرهاد (٢٠٢٠). گێڕانەوەی مۆدێرنی کوردی.محەمەد خزری ئەقدەم. چ١. سنە. وەشانخانەی مادیار.
- صاڵح، د. ئاوارە (٢٠٢٠). شێواز لە ڕۆمانی کوردیدا (ڕۆمانەکانی کاروان عومەر کاکە سوور) بەنموونە. چ١. هەولێر. ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوکدرنەوە.
- عارف، حسەین (٢٠٠١). چیرۆکی هونەری کوردی. ١٩٢٥-١٩٦٠. چ١. هەولێر. چاپخانەی ئاراس.
- عارف، حسێن (٢٠٠٢).نووسینەکانم لەبواری ڕەخنەو لێکۆڵینەوەدا ساڵانی ١٩٥٥بۆ١٩٨٨.چ١. سلێمانی. دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم.
- عارف، حەمە کەریم (٢٠٢١). دەروازەیەک بۆ جیهانی چیرۆک و ڕۆمان. چ١. سلێمانی.ناوەندی ڕۆشنبیری ڕەهەند.
- عارف، حەمەکەریم (٢٠٠٩). پەیڤستانی من. سلێمانی.چاپخانەی شڤان.
- عەبدوڵا، کانیاو (٢٠٢١). کۆتایی ڕووداو لە کورتە چیرۆکی کوردیدا ساڵانی (١٩٩٠-٢٠٠٠). چ١. کەلار. کتێبخانەی خاک بۆ چاپ وبڵاوکرنەوە.
- عەلی، بەختیار (٢٠٢٠). داگیرکردنی تاریکی. چ١. سلێمانی. چاپخانەی ناوەندی ڕەهەند.
- عەلی، بەختیار (٢٠٢١). زنجیرەکانی دۆن کیشۆت. چ١. سلێمانی. چاپخانەی ئەڵوەن.
- عەلی، حسێن (٢٠١٢). ڕەنگدانەوەی ڕیالیزمی سیحری لە ڕۆمانەکانی کاکە مەم بۆتانیدا. سلێمانی. چاپخانەی لەریا.
- عەلی، ڕوناک (٢٠١٧). هونەری فەنتازیا (لەچیرۆکی نوێی کوردیدا). چ١. هەولێر. چاپخانەی ڕۆژهەڵات.
- عەلی، ئومێدحەمە (٢٠٢١). ڕەمزییەتی بوونێکی نەگیراو((داگیرکردنی تاریکی))وەک شەڕی وەهمییانەی سیستمی فاشیستی. چ١. سلێمانی. چاپخانەی نوا.
- عوسمان، جەبار (٢٠٢١). زمانی جادوویی یان ئۆنتۆلۆجیای زمان لە گێڕانەوەدا. چ١. سلێمانی.چاپخانەی کارۆ.
- عومەر، د. موحسین (٢٠٠٥). فەرهەنگی زاراوەی ئەدەبی _ بەرگی یەکەم. چ١. هەولێر. دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس.
- عومەر، د. موحسین (٢٠٢٢). بەراوردی ئەدەبی. چ١. چاپخانەی سلێمانی.چوارچرا.
- عومەر، ئاسۆ (٢٠٠٩). بەها ئیستاتیکییەکانی شیعر لای پیرەمێرد و شێخ نوری شێخ ساڵح گۆران. چ . چاپخانەی خانەی.

- کاکی، حەمە نوری (٢٠٢٠). شێواز لە شیعری کلاسیکی کوردیدا نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەیەم. چ٢. سلێمانی. چاپخانەی کارۆ.
- کەریم، پ.د. زاهیر و فوئاد مەستی، پ.د.نیان. (٢٠١٨). بونیادە گێڕانەوە گەرییەکان لە ڕۆمان و چیرۆکەکانی گەلاوێژدا. چ١. سلێمانی. چاپخانەی کارۆ.
- کەسنەزانی، بوشرا (٢٠١٢).پلۆت لەچیرۆکی کوردیدا ساڵی١٩٩٥_٢٠٠٥. سلێمانی.چاپخانەی لەریا.
- محمد، عبالقادر (٢٠٠٨). بنیاتی کارنامەیی لەدەقی نوێی کوردیدا. چ . سلێمانی.چاپخانەی تیشک.
- مستەفا، نەزیرە (٢٠٢١). پراگماتیک و شێوازگەری. چ١. هەولێر. ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە.
- مەجید، د.دیار(٢٠٢١). شەپۆلی هۆش لە ڕۆمانی کوردی باشوری کوردستان بەدیالێکتی کرمانجی ناوەڕاست.چ١. کەلار. ناوەندی خاک بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە.
- مەحمود، د. ئازاد (٢٠٠٩). بونیاتی زمان لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا ١٩٨٥-٢٠٠٥. هەولێر.چاپخانەی حاجی هاشم.
- مەنتک، د. حەمە(٢٠٠٩). سیمیۆلۆژای گیڕانەوە هەقایەتی ئەفسانەی فۆلکلۆری کوردی بەنموونە. چ١. سلێمانی. چاپخانەی سەردەم.
- مەنتک، د.حەمە(٢٠١٨). هونەرەکانی چیرۆکنووسین. چ١. هەولێر. چایخانەی تاران.
- مەنتک، د.حەمە(٢٠٢١). ئارکیۆلۆژیای پۆلێنی ڕۆمانی کوردی. چ١. سلێمانی. چاپخانەی سەردەم.
- مەنتک، حەمە (٢٠١٣).تەکنیکی فرەدەنگی لە ڕۆمانی کوردیدا (کرمانجی خواروو ساڵی ٢٠٠٠-٢٠١٠ز. سلێمانی.چاپخانەی دەریا.
- مەنتیک، د. حەمەد(٢٠٢١). گێڕانەوەناسی دەروازەیەک بۆ تیۆرەکانی گێڕانەوە.چ١. هەولێر. نوسینگەی تەفسیر.
- مەنتیک، د.حەمە(٢٠١٩).سیمیۆلۆژیای گێڕانەوە حەقایەتی ئەفسانەیی فۆلکلۆری کوردی بەنموونە. چ١. سلێمانی. چاپخانەی سەردەم.
- مەولود، پ.ی.د. ڕێزان (٢٠٢١). ئەندێشە لەئەدەبدا بەنموونەی شیعری ڕێبازی کلاسیزم و ڕۆمانسیزمی کوردی. چ١. هەولێر. ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ وبڵاوکردنەوە.

- موفتی، د.پەری (٢٠١٢). گێڕانەوە لەچیرۆکەکانی ئەحمەد محەمەد ئیسماعیلدا. هەولێر.چاپخانەی حاجی هاشم.
- هاڵبێرگ، پیتەر (٢٠١٠). تیۆری ئەدەبی و شێوازناسی. ئەنوەر قادر محەمەد. چ١. سلێمانی. مەڵبەندی کوردۆلۆجی.

- یاقووب، عەلی (٢٠١٩). ڕۆمان ژانری تەکنیکەجوانەکان و ڕەنگە فرە ڕەهەندەکان. بەرگی یەکەم. سلێمانی.چاپخانەی سەردەم.

یاقووب، عەلی (٢٠٢١). ڕۆمان ژانری تەکنیکە جوانەکان و ڕەگەزە فرە ڕەهەندەکان. بەرگی دووەم. چ١. سلێمانی.چاپخانەی سەردەم.

- یۆسا، ماریۆ (٢٠٠٨). ١٢ نامە بۆ ڕۆماننووسێکی لاو. شیرین چ١. چاپخانەی بینایی.
- Walter Mosley (٢٠٢١). هونەری نوسینی ڕۆمان، مستەفا ڕابەر. چ١. سلێمانی. چاپخانەی تاران.

## -زمانی عەرەبی :

- إسماعيل, الدكتورعزالدين (٢٠١٣). الأدب وفنونه دراسة ونقد. ط٩. قاهرة.دار الفكر العربي.
- بحراوي, حسن (١٩٩٠). بنية الشكل الروائي . بيروت .المركز الثقافي العربي .
- الحميداني، حميد (٢٠٠٣). بنية النص السردي من منظور الأدبي. ط٣. المركز الثقافي العربي. الدار البيضاء.
- عودة, زعرب, صبيحة (٢٠٠٦). غسان كنفاني جماليات السرد في الخطاب الروائي. ط١. دار مجدلاوي للنشر والتوزيع.
- يقطين, سعيد (١٩٩٧). الكلام والخبر مقدمةالسرد العربي. ط١. المغرب.المركز الثقافي العربي دار النشر
- يوسف, د. أمنة (٢٠١٥) . تقنيات السرد في النظرية والتطبيق , ط٢. بيروت. المؤسسة العربية للدراسات والنشر.

## -زمانی فارسی :

- میرصادقی، جمال (١٣٨٨). واژه نامه هنر داستان نویسی نوکته. چ٢. تهران. کتاب مهناز.

## -زمانی ئینگلیزی :

- BALDICK , CHRIS, (٢٠٠٧).The concise oxford Dictionary of Literary Terms , uk , OXFORD UNIVERSITY PRESS.
- Dowling, David (١٩٩١). Dalloway: mapping streams of ISBN g٧٨-٠-٨٠٥٧-Consciousness. Twayne publishe/s.
- Fludernik,Monika (٢٠٠٩). An Introducion to Narratology . first. pubished London. by Rout ledge .
- Hornby ,H,S,(sixth . Edition ٢٠٠٥)OXFORD ADVANCED LEARNERS DICTIONARY of CURRENT English ,oxford university .

**ب.گۆڤار:**

**-کوردی**


- ئەحمەد، پ.ی.دکەیفی (٢٠٢١). بنیاتی وەسف لە ڕۆمانی (هێلانە)دا. ژمارە(٢).١٠٦-١١٩.
- پاشا، ئارام (٢٠١٣).تەکنیکیپێسکەوتنی ڕووداو.٢٠١٣.ژ.٦٠.ل. ٧.

- جەمال، جەبار (٢٠١٢). چیرۆکەکانی ناو تەورات و شیکاری گێڕانەوە. ژ ٥٨١٠ ٢٠١٢/٦/٢١ ل١٥.
- حاجی خدر، شەفیقی (٢٠٢١). زمان، ناسنامەی مانەوە. خوێندنەوەیەک بۆ ڕۆمانی (داگیرکردنی تاریکی). ژ . ٣ . ٢٠٢١ . ل ٧٤ .
- حەسەن، پ.ی. فەرهاد(٢٠٢١). مەنەلۆگ لە ڕۆماندا . ١ . ل . ٥-٦.
- سەجادی، د. بەختیار (٢٠١١). گێڕانەوەی نوێکارانە و پێکهاتەی هونەری لە ڕۆمانی کوردیدا خوێندنەوەی گرەوی بەختی هەڵاڵەی عەتای نەهایی. تشرینی یەکەم. ٢٠١١ . ژ ٥٣ . ل . ٧ .
- سەرابی، شوان (٢٠٠٧)تەکنیکی هونەری لە ڕۆمانی (ماڵئاوا گوڵی خەم). ٢١٨.ل٨٥.
- سەراج، عەبدوڵلا (٢٠١٢) . زمان، ڕۆمان و جوانییەکانی گێڕانەوە. پووشپەڕ. ٢٠١٢. ژ . ٧٧ . ل . ٨ .
- سەعید ڕەواندزی، سدیق (٢٠٢١). خوێندنەوەیەک بۆ ڕۆمانی (خانمی شەوە ئەردوانییەکان). ژ (٢٨١-٢٨٢) ٥/٣-٢٠٢١/٤.ل١٤٩.
- عەبدوڵلا، عەبدولموتەڵیب (٢٠١٠). بوون کات/گێڕانەوە . ژ . ٢٤٢ . ٢٠١٠ . ل٧ .
- عوسمان، هەرێم (٢٠١٣). نەبوونی ڕەخنە دەبێتە هۆی مردنی ڕۆمان تەوەری ڕۆمانی کوردی. ژ ٥٩٨٦ پێنج شەممە ٢٠١٣/١/٢٤ . ل ٢١ .
- عوسمان،هەرێم(٢٠٠٩).تەکنیک لەسێ چیرۆکی ئارام کاکەی فەلاحدا. ٢٠٠٩ .ژ٤٤.ل١٣.
- زەنگەنە، عەبدوڵلا (٢٠١١). زمانی دیالۆگ لە ڕۆماندا . ٢٠١١ . ئاب ٢٠١١ . ژ٨١٠، ل١١-١٢ .
- سەراج، عەبدوڵلا (٢٠١٢). ڕووداو ڕەچەڵەکی سەرەکی ڕۆمانە. ژ٧٢ . ٢٠١٢ . ل١٠ .
- محمد، ئاوات (٢٠٠٣). گێڕانەوە و ئاماژە نادیارەکانی، بەر لە ڕەوینەوەی تەمی سەر خەرەند . ژ ٤٤ . ل٤٧ .
- مستەفا،ساڵح (٢٠٠٧) شوێن لەڕۆمانی شاری مۆسیقارە سپییەکاندا . ژ . ٢٢٠ . ٢٠٠٧ . ل . ٦ .
- مەنتک، د. حەمە (٢٠١٨). دابەشکاری کارەکتەری گێڕانەوەیی ڕۆمانی (سەردەمی گریانی بەلقیس)ی جەبار جەمال غەریب بەنموونەوە. ژ . ٩ ساڵی سێیەم کانوونی یەکەم ٢٠١٨ . ل ٧٩ .

### پ.ڕۆژنامە:

### -کوردی


- چۆمانی، سۆران (٢٠١٢). گێڕانەوە وەکو بونیادی سەرەکی (چیرۆک . ڕۆمان)٢٠١٢. ژ . ٥٦-٥٧ . ژل . ٥٤-٥٥ .
- حسێن، د. بەیان (٢٠١٣). نەبوونی ڕەخنە دەبێتە هۆی مردنی ڕۆمان ڕۆمانی تەوەری ڕۆمانی کوردی. ٢٠١٣ . پێنج شەممە ٢٠١٣/١/٢٤ . ل ٢١ .


### ت.نامەی ئەکادیمی :

### ـــزمانی کوردی

### -نامەی دکتۆرا :


- حەسەن، مەریوان عومەر (٢٠٠٩). سیماو خەسڵەتی کارەکتەر لە کورتە چیرۆکی کوردی نێاون (١٩٢٥-١٩٥٠) دا. سلێمانی .
- محەمەد،کاکە، بوشرا (٢٠٢١). ئیستاتیکای گێڕانەوە لە ئەدەبی کوردیدا . سلێمانی.


### -نامەی ماستەر :


- ئیبراهیم، سەمیر(٢٠٠٧). هونەرەکانی گێڕانەوەلەڕۆمانەکانی (خەسەرەو جاف)دا.هەولێر.
- حمد أمین، معتصم (٢٠١٢). بنیاتی توخمەکانی گێڕانەوە لە چیرۆکەکانی (شێرزاد حەسەن)دا. کۆیە
- خدر، ڕێزان (٢٠٠٧). تەکنیکی گێڕانەوە لە ڕۆمانەکانی (عەبدوڵڵا سەراج) دا. هەولێر.
- سابیر، ئەردەڵان (٢٠٠٩). تەکنیکی گێڕانەوە لە ڕۆمانە شیعریەکانی (شێرکۆ بێکەس)دا .هەولێر.
- سعید، سەیوان (٢٠١٣). بنیاتی هونەری لە چیرۆکەکانی دکتۆر کاوس قەفتان دا. سلێمانی.
- شێخانی، جەوهەر (٢٠١٣). بنیاتی کارەکتەر لە ڕۆمانەکانی (حسێن عارف) دا. هەولێر.
- عەبدوڵڵا، محەمەد ئەمین (٢٠٠٠). شاکەس لە ڕۆمانی کوردی – کوردستانی عێراق دا (١٩٩٠-١٩٩٧). زانکۆی سەلاحەدین. هەولێر.
- فەرەج، سنور (٢٠١٢). تەکنیک لە کۆمەلە چیرۆکی ((گوڵی ڕەش))ی شێرزاد حەسەن دا. سلێمانی.
- محمد، هێمن (٢٠١٥) هونەری گێڕانەوە لە چیرۆکی فۆلکلۆری کوردیدا (چیرۆکی منداڵان بە نموونە). هەولێر.
- محەمەد، شەیدا (٢٠١٦). شێواز لە شیعرەکانی ((شێرکۆ بێکەس)) دا قۆناغی دوای بزوتنەوەی ڕوانگە. سلێمانی.

–زمانی عەرەبی:

–نامەی ماستەر :

- بوقرة، حنان (٢٠١٦). جماليات المكان والزمان في رواية الفضيلة لمصطفى لطفي المنفلوطي. جامعه محمد بوضياف بالمسيلة. جزائر.
- طه، محمد (٢٠١٦). طبيعة الدور التعبيري الإتصالي للمونتاج في الافلام السينمائية. جامعة الشرق الأوسط .

–نامەی دکتۆرا:

- الونسة، فادية مروان (٢٠٠٤). السرد عند الجاحظ الموصل. كلية الاداب.
- عثمان، الدكتور رؤوف (٢٠٠٨). محي الدين زنكنتي روائيا دراستي و نقد. بغداد.
- فرخي، عليمه و عرجون، فضيلة (٢٠١١). البنية السردية في رواية قصيد في التذلل للطاهر و طار. جامعة منتوري قستنطينية.
- محمد أبو جاموس، محمود هلال (٢٠١٨). البناء الفني للقصة القصيرة الأردنية (٢٠٠٠م-٢٠١٤م). جامعة اليرموك.

–زمانی ئینگلیزی:

- Ojanen, martti : (٢٠١٥) . the modernist Mandate of Montage: John Dos passos' ' Soviet Film Theory. and the Novel' U.S.A. University of Tampere School of Language. Translation and Literary Studies English Philology Second Subject Thesis April ٢. U.S.A.

ج.پێگەی ئەلیکترۆنی:

_کوردی:

- پایز، سارای (٢٠٢٢). پەیوەندی نێوان ئەدەب و شانۆوسینەما. دەست دەکەوێت لە ماڵپەڕی harem news.com. ٢٠٢٢/٥/٩.
- حەسەن ،حەمەفەریق (٢٠١٧). شوێن لەئەدەبی گێرانەوەدا. سایتی ڕووداو(Online) دەست دەکەوێت لە:rudaw.net.٢٠٢٢/٥/٩. https://www.rudaw.net/sorani/opinion/culture-and-literature/
- کمال، ژاڵە (٢٠٢٠). شوێن وجۆرکانی شوێن (لەڕۆمانی بەڕێگاوە)دڵشاد کاروانی. سایتی دەنگەکان (Online).دەست دەکەوێت لە dengekan,info. ٢٠٢٢/٥/٩.

_عەرەبی:

- طعمة، تمام (٢٠٢٠). تقنيات السرد الروائي. سايتى سطور. (Online)دەستدەکەوێت لە : http://ww.baddesigns.com /file.html. ٢٠٢٢/٤/١٧ .
- علا , جندية (٢٠٢٠). مفهوم الشخصية في العمل السردي. مقالة على الأنترنيت : الموقع: https://www.rqiim.com/ola٧-g-١٩٨٧/%Dg٪٨٥٪


**– ئینگلیزی:**


- christopoulos,T.Demetris , (june١٦,٢٠١٤, A simple de-nition of time , National and kapodistrian university of Athens. Department of Economics . published on research gate .https://www.researchgate.net/publication/.٢٦٣١٠٤٦٣٠-A-simple-definition-of-Time
- Drach,lnna. The Difference between cinematic and montage Novels and the Nature of Literary montage . RUSSIAN STATE UNIVERSITY for the Human ities ,Moscow,.https://cf.hum.uva.n١/harratology/ issue /٧/pdf/١٦٠-١٦٥Druch. Pdf cf . hum. Uva.nl.
- Jahn,Manfred .(٢٠٢١).narrutology ٢٠٣ : A Guide to the Theory of Narrative . English perartment , university of cologne URL. WWW.uni-koeln . de/~ame ٠٢/pppn . pdf .
- Margolin ,uri (٢٠١٢).Narratov.pu blished on the living . hand book of nurratology . (http://www,/hn . Uni-hamburg.de) , p.١
- saar , maarja and palang , It annes . (٢٠٠٩).The Dimensions Meanings living Rev. Lands caps Res . ,٣, The dimensions of Place meaning. http://www.tIu.ee/
- written by the masterclass staff,(last updated:Aug٢٣,٢٠٢١).٢٠٢١/٤/١٧. https://www. Masterclass.com/articles/what-is-a-flashback H٣-exam ples-of-flashbacks-in literature.

# ملخص

يلعب السرد دورا رئيسيا في الأدب، لأن كل المعلومات التي تصل القارئ تتم من خلال هذا المبدأ الفني المهم، وهذا السردية له أسلوبه الخاص، بحيث تختلف من الروائي إلى روائي الاخر، بالطبع يجب الاننسى ذلك فالسرد لها تاريخ طويل و نتمكن ان نقول هي أقدم من التاريخ، لأنها منذ البداية الإنسانية، حاول الإنسان أن يروي ما رآه وسمعه، فالسرد يعني الرواية والرواية تعني الحياة، لذلك, لايمكن ان تتكون الرواية بدون السرد و عرض جميع عناصر اخرى للرواية من خلال السرد, لذلك فان دور و اهمية السرد في الرواية مهما و جدا و ان مهمته هي إيصال اللذة للقارئ و هي أيضًا مهمة جمال النص وجمالياته. مسرح الأحداث، فالاضافة الى اظهار مشهد الاحداث للقارئ, فانه يصبح ايضاً وسيلة لايصال الرسائل للقارئ, لذلك نربط اليوم نجاح اي عمل ادبي الى حد ما بالسرد, اذن ان السرد هو فن, وهذ الفن يحدد الاشكال المختلفة للسرد التي يختص بها للكاتب.

عنوان رسالتنا: {أساليب السرد في رواية غزو الظلام (بختيار علي)} يتكون هذا البحث من ثلاثة أجزاء :

الجزء الأول .. هو مناهج السرد من الناحية النظرية ويتكون من ثلاثة أجزاء والجزء الأول هو مفهوم ومصطلحات وتعريفات السرد ووظيفة السرد وأهميته في الرواية. الجزء الثاني أسلوب السرد ودور الراوي وجماليات السرد والعقدة في الرواية. والجزء الثالث تقنيات الفلاش باك والوصف في الرواية.

الجزء الثاني هو ارتباط السرد بأنواع فنية أخرى في رواية احتلال الظلام والتي تتكون من جزئين، جزءالأول هو مقدمة موجزة لتعريف نص الرواية غزو و ظلام بختيار على) كذلك وجزءالثاني هو علاقة السرد بعناصر الفنية مثل (حادثة, ممثل, الوقت, المكان, الزمان) في النظرية والتطبيق.

الجزء الثالث هو نمط من أنماط السرد المختلفة في رواية غزو الظلام, التي تتكون من جزأين

الجزء الأول هو الأسلوب السردي للحوار، والمونولوج، والذات، والموضوعي في الرواية غزو الظلام من ناحية النظرية والتطبيق. والجزء الثاني هو اسلوب السرد للدرامي, المونتاجي, الرمزي في غزو الظلام من حيث النظرية والتطبيق والتي عملنا عليها وفق أسلوب النقد (الوصفي والتحليلي)

كلمات مفتاحية: سرد، رواية، أسلوب بختيار علي.

# Abstract :

Narration plays a major role in literature, because all the information that reaches the reader is done through this important technical principle, and this narration has its own style(special style), so that it differs from one novelist to another. since, because from the beginning of humanity, the man tried to narrate what he saw and heard. Narration means the novel and the novel means life. Therefore, the novel cannot be formed without narration and presenting all other elements of the novel through narration. Therefore, the role and importance of narration in the novel is important and Its duty (mission) is to convey or transfer the pleasure to the reader, and it is also the mission of the beauty and aesthetics of the text. However the scene of events, in addition to showing the scene of events to the reader, it also becomes a means of communicating messages to the reader, So today we associate the success of any literary work to some extent with narration. Therefore the narration is an art , and this art determines of various styles of the narration that special to the writer .

The title of our thesis: {Methods of narration in the novel the Conquest of Darkness (Bakhtiyar Ali)} This research consists of three parts:

The first part is the narration approaches in theory and it consists of three parts. The first part is the concept, terminology and definitions of narration, the function of narration and its importance in the novel. The second part is the narration style, and the role of the narrator, the aesthetics of narration and the knot in the novel.and the third part is the flashback techniques and description in the novel.

The second part is the connection of narration with other artistic genres in the novel the Occupation of Darkness, which consists of two parts, the first part is a brief introduction to the text of the novel ,the Invasion and Darkness of Bakhtiar Ali) as well as the second part is the relationship of narration with artistic elements such as (incident, actor, time, place, time) in the theory And the Application .

The third part is a pattern of different narrative styles in the novel ,the Conquest of Darkness, which consists of two parts.

The first part is the narrative method of dialogue, monologue, subjectivity, and objectivity in the novel Invasion of Darkness from the point of view of theory and practice. The second part is the narrative style of the dramatic, montage, and symbolic in the conquest of darkness in terms of theory and application, which we worked on according to the method of criticism (descriptive and analytical).


Keywords: Narration , novel, Bakhtiar Ali style.